زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
Salahaddin university-Erbil

# سوریالیزم لە کورتە چیرۆکی کوردی لە بەرهەمەکانی (فەرهادی پیربال و عەبدوڵڵا سەڕاج) ساڵانی 1990–2000

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە کراوە لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردی

لەلایەن

**شاخەوان باوەدین کەریم**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی

بە سەرپەرشتیاری

**پ. ی. د. سلیم رەشید صالح**

هەولێر کوردستان

ئاب 2015

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەر نامەیە کە ناونیشانەکەی بریتیە لە (سوریالیزم لە کورتە چیرۆکی کوردی لە بەرهەمەکانی (فەرهاد پیربال و عەبدوڵڵا سەڕاج) ساڵانی 1990-2000) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان تۆژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم، بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە .

واژوو:

ناوی قوتابی : شاخەوان باوەدین کەریم

بەروار:   /   /2015

**پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار**

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆری ئەدەبی کوردی من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەی ئێستا پێشکەش لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو: پ.ی.د.سلیم رەشید صالح واژوو:

بەروار: / /2015

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوەو هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: د.گۆران سۆران فەیزی

سەرۆکی بەشی کوردی

بەروار: / /2015

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە رازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلیژ

ناو:

بەروار: / /2015

هەواڵنامەی کتێب

**بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە**

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەر نامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە: (سوریالیزم لە کورتە چیرۆکی کوردی لە بەرهەمەکانی (فەرهاد پیربال و عەبدوڵلا سەراج) ساڵانی 1990-2000) خوێندەوە و قوتابیەکەمان کە ناوی (شاخەوان باوەدین کەریم) بوو، لە ناوەرۆکەکەی تاقیکردەوە، ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی ئەدەبی کوردی تێدایە.

واژوو:

ناو: پ.ی.د.عوسمان حمد خضر

ئەندام:

بەروار: / / 2015

واژوو:

ناو: پ.ی.د.محمد امین عبدالله

ئەندام

بەروار: / / 2015

واژوو:

ناو: پ.ی.د.سلیم رشید صالح

ئەندام و سەرپەرشتیار

بەروار: / / 2015

واژوو:

ناو: پ.د.هیمداد حسین بکر

سەرۆکی لیژنە

بەروار: / / 2015

واژوو

ناو: پ.ی.د.ادریس محمد طاهر هرکی

ڕاگری کۆلیژی پەروەردە

بەروار: / / 2015

هەواڵنامەی کتێب

پێشکه به :

- ❖ بەو کەسەی هەمیشە گەورەترین پشتیوان و هاندەرم بووە لە ژیانمدا...... باوکم .
- ❖ میهرەبانترین و بەخشندەترین قوتابخانەم......... دایکم
- ❖ خۆشەویستانی ژیانم، هاوسەرەکەم (بنار) و جگەرگۆشەکەم (شیار) .
- ❖ براو خوشکەکانم .....

هەواڵنامەی کتێب

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس و پێزانینم بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی پەروەرد- بەشی زمانی کوردی و سەرجەم سەرجەم مامۆستایانی ئەو بەشە، بەتایبەتی ئەو مامۆستایانەی لە قۆناغی ماستەر وانەیان پێ ووتوم .
- سوپاس و ڕێزی تایبەتیم بۆ بەڕێز (پ.ی.د.سلیم رەشید صالح) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەو نامەیەیی گرتە ئەستۆ و لەگەڵمدا ماندوو بوو و بە ئامۆژگاری و پێشنیازەکانی ڕێی بۆ ڕۆشن کردم .
- ڕێز و خۆشەویستی بێ پایانم بۆ باوکی ئەزیزم بۆ یارمەتیدانم لە وەرگێڕانی سەرچاوە عەرەبییەکان و ئامۆژگاریە بەسوودەکانی .
- سوپاسی بێ کۆتام بۆ هەریەک لە بەڕێزان (م.صباح کریم مولود، م.احمد محموود، م.حەمە مەنتک، محمد جلال) کە لە بەدەست خستنی سەرچاوەکاندا یارمەتیان دام .
- زۆر سوپاسی بەڕێزان (عباس عبدوڵلا یوسف، صباح رەنجدەر) دەکەم، کە بێبەشیان نەکردم لە سەرچاوەی بەسوود و ڕێنمایەکانیان .
- زۆر سوپاسی بەڕێز (م.بەختیار عومەر فتاح) دەکەم کە لە وەرگێڕانی سەرچاوە ئینگلیزیەکان یارمەتی دەرم بوو .

هەواڵنامەی کتێب

## پوختەی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە ناونیشانی (سوریالیزم لە کورتە چیرۆکی کوردی لە بەرهەمەکانی (فەرهاد پیربال و عەبدوڵلا سەڕاج) سالانی 1990–2000)ی هەڵگرتووە، تیایدا باسی ڕێبازی سوریالیزم کراوە، وەک یەکێک لە ڕێبازە ئەدەبیە نوێیەکانی ئەوروپا و چۆنیەتی کاریگەریی ئەم ڕێبازە لەسەر کورتە چیرۆکی کوردی باشوری کوردستان، دواتر لێکۆڵینەوەکەمان تەرخانکردووە بۆ بەرهەمی دوو چیرۆکنووسی کوردی باشوری کوردستان، ئەم دوو چیرۆک نووسە چیرۆکەکانیان لەسەر شێوازی قوتابخانەی سوریالیزم نووسیوە و بەرهەمەکانیان وەک نموونە بەکارهاتوون لە لێکۆڵینەوەکەدا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە کە لە چەند خاڵێک چڕکراونەتەوە، دواتریش لیستی ئەو سەرچاوانە دێن کە لە نوسینی لێکۆڵینەوەکەمان سودمان لێوەرگرتوون، دوا بەدوای ئەم لیستەش پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی تۆمارکراوە .

بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە تیۆریە و باس لە (چەمک و خاسیەت و ڕەگەزەکانی سوریالیزم) دەکات و دابەشکراوە بەسەر سێ پاردا .

پاری یەکەم : پێناسە و چەمکی سوریالیزم خراوەتە ڕوو .

پاری دووەم: خاسیەت و ڕەگەز و ئامانجەکانی سوریالیزم باسکراوە .

پاری سێیەم: تەرخانکراوە بۆ باسکردنی سەرچاوەکانی سوریالیزم و وێنەی سوریالی .

بەشی دووەم : ئەم بەشە تایبەتکراوە بە (سەرهەڵدانی سوریالیزم و هۆکارەکانی) لە ئەوروپا و باشوری کوردستان، دابەشکراوە بەسەر سێ پاری سەرەکیدا .

پاری یەکەم : سەرهەڵدانی سوریالیزم لە ڕۆژئاوا .

پاری دووەم : سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردی و ڕەنگدانەوەی سوریالیزم تیایدا .

پاری سێیەم : سەرهەڵدانی سوریالیزم لە باشوری کوردستان .

بەشی سێیەم : بە شێکی پراکتیکیە بەناوی (سوریالیزم لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربال و عەبدوڵلا سەڕاج) دابەشکراوە بەسەر دوو پاردا .

پاری یەکەم : بنەماکانی سوریالیزم لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربال .

پاری دووەم : بنەماکانی سوریالیزم لە چیرۆکەکانی عەبدوڵلا سەڕاج .

## ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەڵێننامە | II |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | III |
| بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە | Iv |
| پێشکەشە | V |
| سوپاس و پێزانین | VI |
| پوختەی لێکۆڵینەوە | VII |
| ناوەرۆک | IX |
| لیستی کورتکراوەکان | |
| پێشەکی | 1 |
| بەشی یەکەم: پێناسەو چەمک و خاسیەت و ڕەگەز وئامانجی سوریالیزم | 41-4 |
| پاری یەکەم : پێناسە و چەمکی سوریالیزم | 5 |
| تەوەری یەکەم: پێناسەی سوریالیزم | 5 |
| تەوەری دووەم: چەمکی سوریالیزم | 7 |
| پاری دووەم: خاسیەت و ڕەگەز و ئامانجەکانی سوریالیزم | 11 |
| تەوەری یەکەم : خاسیەتەکانی سوریالیزم | 11 |
| ڕەتکردنەوەی واقیع | 11 |
| گرنگیدان بە ناوەرۆک | 13 |
| بەرپاکردنی شۆڕش | 13 |
| نوێخوازی لە شێوازی دەربڕینی هونەریدا | 13 |
| لە شانۆ پابەندنەبوون بە یەک قالب | 14 |
| پشت بەستن بە خەون و خەیاڵ و وێنە | 14 |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| 16 | لێکۆڵینەوە لە شێتی |
| 17 | پشت بەستن بە ڕێکەوت و ئۆتۆماتیکیەتی دەروونی و بوونی خاڵی باڵا |
| 19 | بوونی ئۆرگانی تایبەت |
| 19 | ئەفراندنی جیهانی سەیرو سەمەرە و سەرسوڕهێن |
| 20 | گیانداران لە دیدی سوریالیدا |
| 20 | تەوەری دووەم: ڕەگەزەکانی سوریالیزم |
| 20 | بنەما هونەریەکانی سوریالیزم |
| 21 | ئازادی |
| 21 | سەرسوڕهێن و گاڵتەی سوریالی |
| 23 | خۆشەویستی |
| 24 | حەزو ئارەزوو |
| 25 | جوانی |
| 25 | تەوەری سێیەم: ئامانجەکانی سوریالیزم |
| 25 | دەربڕینی واتا |
| 25 | دەربازبوون لە یاساکانی هونەر |
| 26 | گەڕان بەدوای نا ئاگایدا |
| 26 | دژە لۆژیک |
| 26 | وێرانکردنی واقیع |
| 26 | دروستکردنی سەیروسەمەرە |
| 26 | بەرپاکردنی خەونی هەمیشەیی |
| 27 | دژایەتیکردنی بەرهەمە کۆنەکان |
| 27 | یەکخستنی ڕاستیەکانی دەرەو ناوەوە |
| 27 | گەڕان بەدوای جوانی سوریالی |

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| کارکردن لەگەڵ ئەفسانە و دێو و درنج | 27 |
| چێژ وەرگرتن لە شتەکان | 27 |
| پاری سێیەم: سەرچاوەکانی سوریالیزم و وێنەی سوریالی | 29 |
| تەوەری یەکەم: سەرچاوەکانی سوریالیزم | 29 |
| واقیع بینی و عەقڵ | 29 |
| وشیاری و نا وشیاری | 30 |
| خەون | 32 |
| خەیاڵ | 35 |
| هەڵکەوت | 36 |
| شێتی | 37 |
| تەوەری دووەم: وێنەی سوریالی | 39 |
| بەشی دووەم: سەرهەڵدانی سوریالیزم و هۆکارەکانی لە ڕۆژئاواو باشوری کوردستان | 76-43 |
| پاری یەکەم: سەرهەڵدانی سوریالیزم لە ڕۆژئاوا | 43 |
| تەوەری یەکەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سوریالیزم | 43 |
| کاریگەری کەسایەتیەکان | 43 |
| کاریگەری چەند بزاڤ و ڕێبازێک | 47 |
| چەند ڕووداوێک | 50 |
| تەوەری دووەم: سەرهەڵدانی سوریالیزم | 51 |
| قۆناغی یەکەم: 1920-1924 | 53 |
| قۆناغی دووەم: 1925-1930 | 55 |
| قۆناغی سێیەم: 1930 بەدواوە | 57 |
| تەوەری سێیەم: بڵاوبوونەوەی سوریالیزم لە وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمریکادا | 58 |

| | |
|---|---|
| 60 | تەوەری چوارەم: کۆتایی سوریالیزم |
| 60 | پاری دووەم: سەرهەڵدانی سوریالیزم لە باشوری کوردستان |
| 69 | پاری سێیەم: چیرۆکی هونەری کوردی و ڕەنگدانەوەی سوریالیزم |
| 139–78 | بەشی سێیەم: سوریالیزم لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیرباڵ و عەبدوڵڵا سەڕاج |
| 78 | پاری یەکەم: بنەماکانی سوریالیزم لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربال |
| 108 | پاری دووەم: بنەماکانی سوریالیزم لە چیرۆکەکانی عەبدوڵڵا سەڕاج |
| 141–140 | ئەنجامەکان |
| R158-R142 | سەرچاوەکان |
| XII | لیستی کورتکراوەکان |


هەواڵنامەی کتێب

## لیستی کورتکراوەکان

هێما کورتکراوەکان بۆ سەرچاوە کوردییەکان

| | |
|---|---|
| د | دکتۆر |
| ل | لاپەڕە |
| و | وەرگێڕان |

هێما کورتکراوەکان بۆ سەرچاوە عەرەبییەکان

| | |
|---|---|
| ج | جزء |
| ط | طبعة |
| هـ | هجری |
| م | میلادی |
| مج | مجلد |
| ت | ترجمة |
| ب.ت | بدون تاریخ |

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

ڕێبازی سوریالیزم یەکێکە لەو ڕێبازە ئەدەبی و هونەریانەی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە ئەورووپا سەریهەڵدا، دواتر وردە وردە ئەم ڕێبازە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بڵاوبۆوە، هەر لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە کاریگەریی ئەم ڕێبازە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە گەیشتە ناو ئەدەبی کوردی، بەتایبەتی لە ڕێگای گروپە نوێخوازەکانەوە، دواتریش لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 ڕاستەوخۆ ئەم ڕێبازە هاتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

هەندێ لە ئەدیب و هونەرمەندانی باشووری کوردستان بە تەکنیکەکانی ئەم ڕێبازە ئاشنا بوون و پەیڕەویانکرد، بەتایبەتی (فەرهاد پیرباڵ و عەبدوڵڵا سەڕاج) ، بۆیە ئێمەش ئەم لێکۆڵینەوەیەمان تەرخان کردووە بۆ باسکردنی سوریالیزم لە بەرهەمی ئەم دوو نووسەرە.

**هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە :**

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە :

1- ئەم ڕێبازە لە باشوری کوردستان نوێیە و شایانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمیە.

2- دوو چیرۆکنووسمان هەڵبژاردووە کە بەڕای ئێمە لە چیرۆکنووسانی تر زیاتر کاریگەریی سوریالیزمیان بەسەرەوەیە، کە ئەوانیش (فەرهاد پیربال) و (عەبدوڵڵا سەڕاج)ن، هەر دوو چیرۆکنووس لە دوو قۆناغی جیاوازدا بەشداربوون لە نوێکردنەوە و بەرەو پێشبردنی چیرۆکی هونەری نوێی کوردی فۆرم و تەکنیکی نوێ و وشەی نوێیان لەناو چیرۆکەکانیاندا بەکارهێناوە.

چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەمان بریتیە لە باسکردنی سوریالیزم لە ڕۆژئاوا و سەرهەڵدانی لە باشوری کوردستان و ڕەنگدانەوەی لە کورتە چیرۆکی باشوری کوردستاندا، لە چیرۆکەکانی ئەم دوو چیرۆکنووسەی باسمان کردن، تەنها ئەو چیرۆکانەیان دەکەوێتە نێو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەمان، کە لەنێوان ساڵانی (1990 – 2000)دا بە شێوەی سوریالی نووسراون.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە :**

ئامانج لە لێکۆڵینەوەکەمان ، ناساندنی سوریالیزمە لە ڕۆژئاوا و لە باشوری کوردستان، چونکە کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی تر لە نوێکردنەوەی ئەدەبیاتی خۆیدا سوودی لەم ڕێبازە

وەرگرتووە و چەندان بەرهەم لە شیعر و ڕۆمان و چیرۆک و کورتە چیرۆک بە پەیڕەوکردنی ئەم ڕێبازە نووسراون.

**گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە :**

لەکاتی کارکردنمان چەند گرفتێکمان هاتە پێش ، لەوانە :

1ـ کەمی لێکۆڵینەوە لە بابەتی سوریالیەتی کورتە چیرۆک بەزمانی کوردی، جگە لەبوونی چەند وتارێکی کورت دەربارەی سوریالیزم بەگشتی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان کە ئەمانیش زۆربەیان وەرگێڕدراوبوون.

2ـ نەبوونی سەرچاوەی تایبەت کە باس لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ڕێبازە بکات لە کوردستان، بۆیە ناچار بووین چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەدا ئەنجام بدەین کە لەو سەردەمەدا بەو ڕێبازە ئاشنابوون و نووسیویانە.

هەواڵنامەی کتێب

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :**

بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەمان بە شێوەیەکی ئەکادیمی ڕێبازی وەسفی شیکاریمان هەڵبژاردووە، چونکە ئەم ڕێبازە لە ڕێبازەکانی تر لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەماندا باشتر دەگونجێت.

**ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە :**

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکیەک و سێ بەش و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە کە لەچەند خاڵێک چڕ کراوەتەوە، لە دوای ئەمەش لیستی سەرچاوانەمان تۆمارکردووە کە لە لێکۆڵینەوەکە سوودمان لێوەرگرتوون، لە کۆتایشدا پوختەی لێکۆڵینەوەکەمان بەزمانی ئینگلیزی نووسیوە.

هەربەشێکیش لە لێکۆڵینەوەکەمان دابەشکراوە بەسەر چەند پارێکدا بەم شێوەی خوارەوە :

بەشی یەکەم، بەشێکی تیۆریە و (چەمک و خاسیەت و ڕەگەزەکانی سوریالیزم)ی تیادا ڕوون کراوەتەوە و ئەم بەشەش دابەشکراوەتە سەر سێ پار.

پاری یەکەم : لەم پارەدا (پێناسە و چەمکی سوریالیزم) خراوەتەڕوو.

پاری دووەم : تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی (خاسیەت و ڕەگەز و ئامانجەکانی سوریالیزم).

پاری سێیەم : تایبەتکراوە بۆ باسکردنی (سەرچاوەکانی سوریالیزم و وێنەی سوریالی).

بەشی دووەم : باس لە (سەرهەڵدانی سوریالیزم) دەکات لە ئەوروپا و لە کوردستان، ئەم بەشەش دابەشکراوە بەسەر سێ پاردا هەر پارێکیش چەند لق و تەوەرێک لە خۆ دەگرێت .

پاری یەکەم : تەرخانکراوە بۆ باسکردن و خستنەڕووی (سەرهەڵدانی سوریالیزم لە ڕۆژئاوا) لەگەڵ دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی دەرکەوتنی سوریالیزم لە ڕۆژئاوا.

پاری دووەم : ئەم پارەش باسی سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردی و ڕەنگدانەوەی سوریالیزم لە چیرۆکی هونەری کوردی دەکات.

پاری سێیەم : (سەرهەڵدانی سوریالیزم لە باشوری کوردستان) ، تەرخانکراوە بۆ باسکردنی کاتی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی سوریالیزم لە باشوری کوردستان .

بەشی سێەم : لە دوو بەشەکەی پێشووتر کەمێک جیاوازی هەیە لەڕووی زۆری لاپەڕەکانییەوە، چونکە بەشێکی پراکتیکییەو ناونیشانی (سوریالیزم لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربال و عەبدوڵلا سەڕاج )ی هەڵگرتووە، لە دوو پاردا لایەنی پراکتیکی خراوەتەڕوو .

پاری یەکەم : (بنەماکانی سوریالیزم لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربال)، لەم پارەدا چەند چیرۆکێکی چیرۆکنووسمان وەرگرتووە و بنەماکانی سوریالیزممان تیادا دیاریکردوون.

پاری دووەم : (بنەماکانی سوریالیزم لە چیرۆکەکانی عەبدوڵلا سەڕاج )، لەم پارەدا چەند چیرۆکێکی عەبدوڵلا سەڕاجمان وەرگرتووە و بنەماکانی سوریالیزممان تیادا دیاریکردوون .

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان لە چەند خاڵێکدا چڕ کردۆتەوە و تۆمارمان کردوون کە لە دووتوێی لێکۆڵینەوەکەمان پێیان گەیشتووین.

## بەشی یەکەم: پێناسە و چەمک و خاسیەت و ڕەگەز و ئامانجی سوریالیزم

پاری یەکەم: پێناسە و چەمکی سوریالیزم
پاری دووەم: خاسیەت و ڕەگەز و ئامانجەکانی سوریالیزم
پاری سێیەم: سەرچاوەکانی سوریالیزم و وێنەی سوریالی

**بەشی یەکەم : چەمک و خاسیەت و ڕەگەزەکانی سوریالیزم**
**پاری یەکەم / پێناسە و چەمکی سوریالیزم :**

لەم پارەدا سوریالیزم دەناسێنین و چەمکەکەی ڕوون دەکەینەوە بەم شێوەی خوارەوە.

**تەوەری یەکەم : پێناسەی سوریالیزم**

پێش هەموو شتێک پێویستە ئەوە بڵێین کە سورياليیەکان هەموو پێناسەیەکیان بۆ کارەکانیان ڕەتدەکردەوە، چونکە دیاریکردن و پێناسەکردنی کارەکانیان بە تێکدان و لغاوکردنی ئازادیەکانیان دەزانی(امين صالح ، السوريالية2010،ص21)، بەڵام ئێمە ناچارین چەند پێناسەیەک بخەینە ڕوو.

لەکاتی گەڕان بەدوای پێناسەی سوریالیزم بۆمان دەرکەوت هەرلێکۆڵەرێک لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە دەڕوانێتە بابەتەکە وپێناسەی دەکات، بۆیە سوریالیزم پێناسە گەلێکی زۆری بۆکراوە، کە زۆربەیان لەیەکتری دەچن، لەوانە:

ـ بریتۆن دەڵێت : سوریالیزم ((بریتیە لە خۆکاریەکی دەروونی تەواو ، کە مرۆڤ دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە دەربڕین بکات ، یان بە زار یان بە نوسین یان بەهەر ڕێگایەکی تری دەربڕین بێت ، دەربڕین لە بیری ڕاستەقینەیە کە بیر دەهاوێتە مێشکمانەوە دوور لە هەموو چاودێریەک کە عەقڵ بیکات یان دوور لە هەموو گرنگی پێدانێکی جوانی و ڕەوشتی))( ميشيل كاروج(1973)، اندرية بروتون و...،ص136) .

ئەم پێناسەیە پێناسەیەکی گشتگیرە و بەشێوەیەکە زۆربەی تایبەتمەندیەکانی ڕێبازی سوریالیزمی تیادا کۆکراوەتەوە، لایەنەکانی خۆکاری و دەروونی و دوورکەوتنەوە لە کۆنترۆڵی عەقڵ و دورکەوتنەوە لە گرنگی جوانی و ڕەوشتی، کە ئەمەش خاسیەتێکی تری سوریالیزمە کە لایەنی جوانی و ڕەوشتی بەلاوەناوە لە کاتێکدا ڕێبازەکانی پێش خۆی گرنگیان بەلایەنێک لەم دوو لایەنە داوە.

سوریالیزم Surrealism لەزمانی فەرەنسیدا ناوێکی مێینەیە لە دوو بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەمیان(Sur)، واتا سەرەوە، یان ئەودیو، یان بان، بەشی دووەمیش (realism)ڕیالیزم کە بە واتای واقیعە، کەواتە واتای هەردوو بەشەکە بەیەکەوە دەکاتە (سەرووی واقیع)، یان ئەودیوی واقیع، یان پشتی واقیع، یان (نا واقیع)(إبراهيم فتحي1986، معجم المصطلحات،ص204)، واقیعیش ئەو شتەیە کە ڕاستەوخۆ

مـرۆڤ لـە جیهـانی دەرەوەدا هەسـتی پێدەکات، سـوریالیەکان ئـەم واقیعـەیان ڕەتکـردەوە، بـەدوای واقیعێکی تری نادیار دەگەڕان کە لەناو قوڵایی ناخی مرۆڤدا بوونی هەیە و هەستی پێناکرێت، هەر لەبەر ئەمەش بوو ئەم سوریالیانە هەوڵیان دەدا دوو واقیعی دژ بەیەک لەگەڵ یەکتری کۆبکەنەوە کە عەقڵ نەتوانێت لێکیان نزیک بکاتەوە، بەڵام ئەوان لەم دوو واقیعە واقیعێکی نوێیان دروست دەکر(اندرية بروتون(1978) ، بيانات السوريالية،ص196)، کە بەلای ئەوان زۆر لە واقیعی هەست پێکراو جوانترە.

- سوریالیزم ڕێبازی سەروو واقیعە و یەکێکە لەو تەوژمانەی لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم خۆی سەپاند ، یان ڕێبازێکە وا دادەنێ کە ئۆتۆکاری دەروونی تەواوە، هۆیەکە بۆ دەربڕینی نەست و چوونە ناو جیهانی بێ ئاگایی، بۆیە هەموو چاودێریەکی عەقڵ ڕەت دەکەنەوە لەگەڵ هەموو گرنگی پێدانێک بە هونەر و ڕەوشت(سالم الحمداني (د)1989، مذاهب الأدب..،ص315).

ئـەم پێناسـەیە زیـاتر گرنگـی بەلایـەنی دەرونزانـی داوەو ڕێبازەکـەی بـەرەو لایـەنی دەرونزانـی ئاڕاستەکردووە ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وەک پێناسەکەی سەرەوەیە، بەڵام بەشێوەیەکی جیاوازتر داڕێژراوەتەوە.

ـ سـوریالیزم ((ئـەو ڕێبازەیـە کـە چـەمکی ترادیسـیۆنی مـرۆڤ دەخاتـە گومانـەوە و بـۆ جێگـۆڕکێ پێکردنـی، پشـت بـە دوا دۆزینـەوەکانی توێژینـەوەی دەروونـی دەبەسـتێ))(کـامینیۆس(1997)، سوریالیزم،ل43)، ئەم پێناسەیەش وەک پێناسەکانی پێشوو زیاتر جەخت لەسەر گۆڕینی واقیع و پشت بەلایەنی دەروونزانی دەبەستێ.

ـ سـوریالیزم ((بزافێکـە بـۆ خـۆ ڕۆشـنکردنەوە بـە ڕۆشـنایەکی نادیـار و ڕۆشـنایی ڕوح یـا هـزر (Esprit) هەوڵـدەدات کـاری ڕاسـتەقینەی ئـەم هـزرە بدۆزێتـەوە))(هربر ريد(1986)، حاضر،ص20)، ئـەم پێناسـەیان زیـاتر لـە دیدێکی دەروونشـیکاریەوە ڕوانیوەتیـە سـوریالیزم و لایەنـەکانی تـری پشـتگوێ خستووە، لەوانەیە هۆکارەکەشی بۆ ئەمە بگەڕێتەوە کە لە سـەرەتادا ڕێبازەکە بەرەو لای دەروونزانی چووە پاشان بەرەو لایەنی ئەدەب و هونەر گەڕاوەتەوە.

- سوریالیزم ((ڕێبازێکـە وا دادەنـێ کـە ئۆتۆکـاری دەروونـی تـەواو، هۆیەکـە بـۆ دەربڕینـی نەسـت و چوونە ناو جیهانی بێ ئاگایی، ئەوانە هەموو چاودێریـەکی عـەقڵ ڕەت دەکەنـەوە لەگـەڵ هـەموو گرنگـی دانێـک بـە هونـەر و ڕەوشـت))(سـالم احمـد الحمـداني (د)1989، مـذاهب الأدب..،ص315)، بۆیـە سـوریالیەکان زۆر

بەخێرایی بە ئازادیەکی ڕەهاو زۆر بەپەلە پێش ئەوەی بزانن پێشتر چیان نووسیوە نووسینیان ئەنجام دەدا نەوەک خەون و خەیاڵەکەیان بپچڕێ و بەئاگا بێنەوە، چونکە دەبێ هونەرمەندی سوریالی خۆی بخاتە حاڵەتی نائاگایی و پەیوەندی بە جیهانی ماددیەوە نەمێنێ(حەمە مەنتک(2011)،ل32) ،ئەم پێناسەیەش وەک پێناسەی ژمارە یەکە، جەخت لەسەر ئۆتۆکاری دەروونی و چۆنیەتی دەربڕین دەکاتەوە.

لە ئەنجامی ئەم کۆمەڵە پێناسەیە بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەیان لەیەکتری دەچن ، بۆیە بەگشتی دەتوانین بڵێین سوریالیزم (ئۆتۆکارێکی دەروونییە پشت بە خەون و خەیاڵ دەبەستێ، و پشت لە عەقڵ و لۆژیک دەکات ، جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە دژ بەدابونەریت و دەیەوێ کاری ڕاستەقینەی هزر بدۆزێتەوە)، یان دەتوانین بڵێین (سوریالیزم هەڵاتنە لە کۆت و بەندەکانی کۆمەڵگا و خۆ بەدوور گرتنە لە زەبروزەنگی دەسەڵات و هەوڵدەدات لە ڕێگەی خەون و خەیاڵەوە جیهانێکی تایبەت بۆ مرۆڤایەتی دروست بکاو شتە نهێنیەکانی ئاشکرا بکات، هۆکاری هانا بردنی بۆ خەون و خەیاڵیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەون و خەیاڵ هیچ کەسێک ناتوانێ سانسۆری بخاتە سەرو مرۆڤ تیایدا بەتەواوی ئازاد و سەربەستە)، کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین سوریالیزم ڕێچەکەیەکە دەیەوێ پەردە لەسەر بەشە شاراوەکانی واقیع لاببات و ئەو دیوی واقیع بخاتە ڕوو(مهتاب نسائی(1387) تأثیر...،ص134).

**تەوەری دووەم : چەمکی سوریالیزم**

سوریالیزم لە زانستی ئەدەبدا ئەو قوتابخانە ئەدەبی و هونەریەیە، کە لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم 1914 – 1918 و دوای ڕێبازی دادایزم لە ساڵی 1924 لە پاریس دەرکەوت(سیماداد، فرهنگ(1390)، ص297)، وردە وردە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا و ئەمریکا و پاشان زۆربەی دنیای تەنیەوە(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل259)، لەسەرەتادا سوریالیزم سوریالیزمی دەروونی بوو، دواتر چووە ناو بوارەکانی ئەدەب و کۆمەڵایەتی و ئابوری و هونەر، سوریالیەکان ئاواتیان گەڕان بوو بەدوای بەرنامە دانراوە ماددیە بینراوەکان، کە بگونجێت بۆ پەرەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان، ئەوان واتێدەگەن کە شێوەو وێنە لە بێ ئاگایی باشتر دروست دەکرێت بەبێ بیرکردنەوە بە هەستێکی خۆڕسکی تەواو لە ڕێگای ڕێکەوتەوە، چونکە واتێدەگەیشتن

هەواڵنامەی کتێب

دنیا و ژیان، تەنها شتە ماقووڵ و لۆژیک و ڕێکوپێکەکان نییە، بەو شێوەیەی کە زیهنی هۆشیاری ئێمە تێی دەگا(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل260)، سورریالیەکان واتێدەگەیشتن بەم پرۆگرامە دەتوانن جیهانێکی تر لەبواری هونەر و ئەدەب دروست بکەن، کە زۆر جوانتربێت لەم جیهانە ڕاستەقینەیەی تێیدا دەژین ، بەم ڕێگایەش سوریالیەکان دەتوانن بینەر و خوێنەر توشی شۆک بکەن(منهج الأدب المقارن، ص536).

سوریالیەکان داوای نمونەیەکی دەروونیان دەکرد کە تواناکانی نائاگایی تیادا ڕەنگبداتەوە لەگەڵ هەڵڕشتنی شیعریەتێکی ڕامالێنەر بەسەر واقیعدا بۆ ئەوەی بیشێوێنێ(ابوبکر العیادي(2014)، قرن من..)، سوریالیەکان ئامانجیان لابردنی بەربەستە سروشتی و دەروونیەکان بوو لەنێوان ئاگایی و بێ ئاگایی بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو دیاردەکانی ژیان(امین صالح ، السوریالیة2010،ص55)، ئەم جوڵانەوەیە لەو کاتەدا سەریهەڵدا کە هێندێک لە نوسەرەکان لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لە فەرەنسادا کەوتبوونە ژێر کاریگەریی فرۆید و وەحشیەتی جەنگ تۆقاندبوونی، بۆیە وێنە هونەریەکانی خۆیان بەناڕێکی و لەڕێگای جەخت کردنەوە لەسەر کاریگەریە لاوەکیەکان بە پەرشوبڵاوی دەهێنا کایەوە(إبراهیم فتحي1986، معجم المصطلحات،ص204).

(بریتۆن) کە بە دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە دادەنرێ پێیوایە دەبێ سوریالیزم کار لەسەر ئۆتۆماتیکیەتی مێشک بکات، چونکە ئامانجی سوریالیزم بیرکردنەوەیە دوور لە عەقڵ و یاساکانی جوانیناسی و عەقڵانیەت بۆ ئازادکردنی بیر و عەقڵ(امین صالح ، السوریالیة2010،ص24)، بۆیە ووتراوە سوریالیزم: ((هاواری ئەو هزرەیە کە دەیەوێت بۆ خودی خۆی بگەڕێتەوە یان دەربڕینی غەریزەکانی مرۆڤ و پێداگری دەکات لەسەر تێکشکانی هەموو ئەو کۆت و بەندانەی کەهەن لە ڕێگای توندو تیژیەوە))(موریس نادو(1992)،ص91)، کەواتە سوریالیزم دەیەوێ هەموو جوڵەیەکی تری خودی دەروونی بڕوخێنێ جگە لە خەون و خەیاڵ(سالم احمد الحمداني (د)1989، مذاهب الأدب..،ص315)، چونکە سوریالی شورشێکە لە ڕێگای نەست و خەو بینینەوە ئەنجام دەدرێت(احسان عباس(1978)، اتجاهات الشعر،ص204)، بۆیە سیمایەکی ڕەسەنایەتی پێوەدیارە بەرامبەر ئەو قوتابخانە ئەدەبیانەی تر کە لە پاش ئەودا بەشێوەیەکی لاسایی کردنەوە پەیدابوون(کامینێوس(1997)، سوریالیزم،ل42)، بۆیە بە سوریالیەکان دەوترێ پێشەنگی بیری نوێ و شورشگێری بێ وچان و دژە جەنگ، لەبەر ئەوە خۆیان بەلای

ماددیەتی مارکسی شکاندەوە و بوونە دوژمنی بەهێزی دینداری و ڕۆحیانەت و گشت دابونەریتەکان، هەر لەبەر ئەوەیە دەقەکانیان پڕن لە شتە سەیر و دەگمەنە دژبەیەکەکان(فردینان آلیكة(1978)،ص67).

سوریالیەکان باوەڕیان بە واقعێکی سەرو سروشت هەیە، کە پێشتر تا هاتنی ئەوان پشت گوێ خرابوو، بۆیە دەیانویست واقیع ڕەتبکەنەوە بۆ گەیشتن بە سەروی ئەم واقیعەی تیایدا دەژین، بۆیە دەوترێ سوریالیزم وەک شنە بایەکی دەرەکیە مزگێنی گەڕانەوەیەکی هەستیار دەدات بۆ هەستە سەرەتاییەکان بەو چارەنووسەی کە ماددەو مرۆڤ بەیەکەوە دەبەستێت(میشیل كاروج(1973)، اندرية بروتون و...،ص328)، کەوامان لێدەکات زۆر خێرا بۆ ناو خودی خۆمان شۆڕببینەوە و شوێنە بزرەکانی ناو دەروونمان ڕوناک بکەینەوە و شوێنەکانی تر تاریک بکەین، (اندرية بروتون(1978) ، بيانات السوريالية،ص120)، چونکە ((سیحری سوریالیزم لەوەدایە کە ئێمە دەزانین لەو دیو دیاردەکانەوە چەند شتێکی تری شاراوە هەن))(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل262)، کە پێویستە ئاشکرا بکرێن، کەواتە سوریالیزم، خۆراکی خۆی لە ژیان وەردەگرێت هەموو ئەو شتانە بەکاردەهێنێت کە نهێنیەکانیان هەڵگرتوە لە داهێنەرەکان و شێتەکان و شۆڕشگێڕەکان(موريس نادو(1992)، تاريخ السريالية، ص76)، بۆ دۆزینەوەی نهێنیە شاراوەکانی ناخی مرۆڤ و گەیشتن بە نهێنیە شاراوەکانی خەون و خەیاڵ شتی سەیرو سەمەرەو سەرسوڕهێن ، کەواتە سوریالیزم گوێ بە ژیری و ئایین و دابونەریت نادات.

سوریالییەکان دژایەتی خۆیان بەرامبەر بە ڕژێمی عەسکەرتاریەت و کۆنەپەرستی و دەمارگیری ڕاگەیاند، بەمەش دۆسیەی هونەر و دۆسیەی شۆڕشیان تێکەڵکرد، چونکە بڕوایان وابوو دەکرێ هونەر وەک چەکێک بەکاربهێنرێت(فردینان آلیكة(1978)،ص42)، لە سوریالیدا ((ئەدیب دەکەوێتە نێوان جیاوازی خودی و وتووێژێکی توند لەناو خودی خۆیدا لە نێوان هەستێکی بەهێز، کە پاڵی دەنێت بۆ فڕین لە جیهانی خەونەکاندا، لەگەڵ هەستێکی تری بەهێز لە نەتوانین و ڕەشبینی))(لطيف محمد(د)(2012)، جدليه الحيات، ص33).

سوریالیزم شۆڕشێکی توندوتیژە لە گۆڕەپانی ئەدەب و هونەردا ((دەیانەوێ دیاردەکانی عەقڵی ناوەوە سەربکەوێت بەسەر عەقڵی بەئاگایی لە کرداری تێکەڵکردن لەنێوان تاقیکردنەوەکانی هەردووکیان))(سالم احمد الحمداني (د)1989، مذاهب الأدب..،ص315)، بەڵام سوریالیەکان خۆیان پارچەیەکی یەکگرتوو نەبوون، چونکە لە چەند کەسایەتیەکی جیاواز لە چەند چینێکی جیاواز پێکهاتبوون(موريس

نادو(1992)، تاريخ السريالية، ص96)، دوو دروشمی سەرەکیان هەبوو، ئەوانیش:(ژیان بگۆڕە)ی(ڕامبۆ)و (دنیا جۆراوجۆرکە)ی مارکس بوو، بەو دوو دروشمەش نەخشەی بەرزکردنەوەی هەستە مرۆییەکانیان کێشا(مهتاب نسائی(1387) تأثیر..،ص131) .

لە کۆتایی باسکردنی چەمکی سوریالیزم ئێمە واتێدەگەین کە سوریالیزم شێتی نییە، بەڵام ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەیە دژی دابونەریت و کۆمەڵگاو ئایین و شتە باوەکانی ناو کۆمەڵە و هەمیشە هەوڵی ڕوخاندیان دەدات بۆ دووبارە دروست کردنەوەیان بە شێوەیەکی سوریالیانە و جوانتر لە پێناو مرۆڤایەتیدا.

هەواڵنامەی کتێب

**پاری دووەم : خاسیەت و ڕەگەز و ئامانجەکانی سوریالیزم**

ڕێبازی سوریالیزم وەکو هەموو ڕێبازە هونەری و ئەدەبیەکانی تر خاسیەت و ڕەگەز و ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە ، کە ئەمانەن.

**تەوەری یەکەم : خاسیەتەکانی سوریالیزم :**

هەر ڕێبازێکی ئەدەبی چەند خاسیەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە پێی دەناسرێتەوە، سوریالیزمیش وەک هەر ڕێبازێکی تری ئەدەبی ئەم خاسیەتانەی خوارەوەی هەیە :

**1ـ ڕەتکردنەوەی واقیع :**

یەکێک لە خاسیەتە هەرە گرنگەکانی سوریالیزم ڕەتکردنەوەی واقیعە، چونکە واقیع پڕە لە ناماقوولیەت و بێ مانایی، کە هیچ لۆژیکێکیان نییە و ناتوانرێ چارەسەر بکرێن(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل260)، بۆیە لە واقیع دووردەکەتنەوە و گشت بەها لۆژیکی و عەقلانیەتەکان لەنێوان شتەکاندا دەسڕیەوە و  و دژەکانیان لەگەڵ یەکتری کۆدەکردەوە، وەک (بەستنەوەی جیهانی واقیع و خەون و ژیان و مردن و ڕاستی و خەیاڵ و ئێستاو ڕابردوو دیارو نادیار)، هەروەها سوریالیەکان دەیانویست لەهەموو بەهایەکی ڕەوشتی و ئاینی دووربکەونەوە و شتە دژەکانی ژیانمان یەکبخەن، چونکە ئاواتیان ئەوە بوو غەریزە و ویستە کپکراوەکانی ناو دەروونی مرۆڤایەتی ئازادبکەن(لوقمان باپیر(2013)، سوریالیزم و زمان،ل27)، بۆیە سوریالیەکان بە قسەو بەکردار دژی هەموو ڕەوشت و ئاین و کلتورێکی بۆماوەی کۆمەڵایەتی بوون(لەتیف هەڵمەت(2010)، لە دادایزمەوە تاوەکو، ل6)، چونکە پێیان وابوو ئەگەر زەینی مرۆڤ لە دەسەڵاتی عەقڵ و لۆژیک و دابونەریت ڕزگاری ببێت دەکەوێتە ناو جیهانێکی نوێی پڕ لە وەهم و جوانی و وێنای ڕەنگین و ڕازاوەی خەیاڵی کە لەواقیع جوانتر و ڕاستتربن(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل264)، هەر لەبەر ئەوەبوو ئەوان بەدوای جیهانێکی خەیاڵیدا دەگەڕان، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ جیهان بنیات بنێنەوە ، لەم ڕووەوەش توانیان زۆر شت بکەن، لەوانە هەوڵیاندا پەیوەندی نێوان ئەو شتانە بدۆزنەوە، کە دوورو نزیک پەیوەندیان بەیەکەوە نەبووە، مەسەلەی (موستەحیل) یان ڕەتکردەوە(هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل222)، هەروەها ئەو ئەدەبەشیان ڕەتکردەوە، کە هەموو لایەنەکانی مرۆڤ ناگرێتەوە ، دەیانووت ئەو ئەدەبە بێکەڵکە مادام ناتوانێ خودی ئاگایی و نائاگایی

هەولێرنامەی کتێب

بگرێتەوە(والاس فاولي(1981)، عصر السريالية، ص204)، دروشمیشیان ئەوە بوو: ئەی نوسەر بۆ دواوە، بەم کارەشیان دەیانویست بگەنە سەرووی واقیع(موریس نادو(1992)، تاريخ السريالية، ص71)، سەروی واقیعیش ئەو خاڵەیە کە لەناو عەقڵی مرۆڤدا بوونی هەیە، هەروەک بریتۆن دەڵێت: ((لەناو عەقڵی مرۆڤ خاڵێک هەیە کە لەناو ئەو خاڵەدا هەموو دژەکان یەک دەگرن، وەک ژیان و مردن و حەقیقەت و خەیاڵ))(شکری عیاد(د)(1993)، المذاهب الادبیة، ص186)، بۆیە لە بەرهەمەکانیاندا شتی سەیروسەمەرەیان دەهێنا کایەوە، وەک وشەو دەستەواژەی دژبەیەک،

جگە لەمانەی باسمانکردن سوریالیەکان هەمیشە هەوڵیاندەدا زمانی باو و یاساکانی تێکبشکێنن(لوقمان بایپر(2013)، سوریالیزم و زمان،ل27)، بۆیە زۆر پابەند نەبوون بەیاسا ڕێزمانیەکان و هیچ بایەخێکیشیان بە پەیوەندی نێوان وشە و دەستەواژە و ڕستەکان نەدەدا(عوسمان حمد(د)(2015)، ڕۆڵی گرووپی، ل22)، لە بری گرنگیدان بە زمان داوای تەقاندنەوەی زمانیان دەکرد.

لە شیعرەکانیاندا پەیوەندی نێوان دەستەواژەکان نەدەماو، زمانیش یاسا ڕێزمانیەکانی خۆی لەدەست دەدا ، هیچ پەیوەندیەک لەنێوان ڕستەو دەستەواژە شیعرەکاندا نەدەما(حەمە مەنتک(2011)،ل16)، خاڵبەندیشیان بەکارنەدەهێنا، چونکە دەیانویست خۆیان لەژێر هەموو دەسەڵاتێکی عەقڵ دەرباز بکەن(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل245)، بەم جۆرە لە شیعر و نوسینەکانیاندا تێکشکاندنی زمان و فۆرمەکانیان کردبووە خوو، ئەم کارەشیان دەبووە هۆی جوانی و نوێخوازی(سالم احمد الحمداني (د)1989، مذاهب الأدب..،ص319)، بەم جۆرە سوریالیەکان شۆڕشێکیان بەرپاکرد دژی زمانی باو بۆ هێنانەکایەی زمانێکی نویێ(قحطان بیرقدار، ئینتەرنێت)، کە لە نەریت و شتە باوەکان دەرچووبێ و خاوەنی وزەیەکی زۆربێت و پەیوەندی شتە شاراوەکان دەرببڕێ و لە سیحر نزیک بێت، چونکە سوریالیەکان بەباشی دەیانزانی کاتێک زمانێکی تازە پێشنیاز دەکەن، ئەوا ئەوان گۆڕینی ژیانی خەڵک پێشنیاز دەکەن(مالکم برادبری(2008)و مۆدێرنیزم، ل306)، کەواتە شۆڕشی سوریالی شۆڕشکردن بوو دژی زمانی باو و هێنانەکایەی زمانێکی تری نویێ(قحطان بیرقدار، ئینتەرنێت)، چونکە تێکشکاندنی زمان، یان تەقاندنەوەی دەبێتە هۆی داهێنانی ئەدەبی(هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل222)، کەواتە سوریالیزم تێکشکێنەری یاساو فۆرمەکانە و ڕەتکردنەوەی لۆژیکە، بۆیە گشت یاساکانی زمانیان

پشتگوێ دەخست، دەیانووت لە ووشە گەڕێ با قسەبکات هەرچیەکی دەوێت بیڵێت (تاريخ السريالية، ئینەتەرنێت).

## 2. گرنگیدان بە ناوەرۆک :

لەبەر ئەوەی سورياليەكان تەنها ناوەرۆکیان لەلا گرنگ بوو، بۆیە هیچ گوێیان بە وەسفی ڕوخساری دەرەکی نەدەدا، هەرلەبەر ئەوە بوو تابلۆکانیان ناڕوون و ئاڵۆزبوون، چونکە ئەو ناوەڕۆکە هزری و هەڵچوونەیان هەڵدەگرت کە هەردەم پێویستیان بەشیکردنەوەو لێکدانەوەی بینەر هەبوو بەگوێرەی لێکدانەوە و تێگەیشتن و شارەزایی ڕابردووی خۆی، ئەو هەڵچونانەی سوریالیزم پشتیان پێدەبەستێت ئەو شتانە دەردەخات کە دەکەونە ئەو دیوی ڕاستییە بینراو و دیارەکان، چونکە شێوەی دەرەوەی شتەکان هەموو ڕاستییەکان نییە، هێندێک شتی تریش هەیە کە لە ناو دەروونی مرۆڤ شاردراونەتەوە(المدرسة السريالية، ئینتەرنێت).

## 3. بەرپاکردنی شۆڕش :

سروشتی سوریالیزم سروشتێکی شۆڕشگێڕانەیە، چونکە بیری شوعیەت و مارکسیەت کاریگەری گەورەیان لەسەریان هەبوو، بۆیە داوایان لە هەموو کەسێک دەکرد ببێتە شۆڕشگێڕ و شۆڕش بەرپابکرێت دژی هەموو شتێکی باو، ئامانجیشیان گۆڕینی کۆمەڵگا بوو بە بەکارهێنانی هەموو جۆرە توندوتیژیەک(ابوبكر العيادي(2014)، قرن من..)، هۆیەکی تری ئەم شۆڕشگێڕیەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سوریالیزم لە بنچینەدا ((لەسەر یاخی بوون دامەزرابوو ، یاخی بوون دژی فەلسەفەکان و دینەکان و دامەزراوەکان و ڕۆژنامەکان و سیاسەتمەدارەکان)) (فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل230)، بۆیە شۆڕشی ڕەهایان بەرپاکردو کۆمەڵگایان تێکەڵ بە سیاسەت کرد(میشيل كاروج(1973)، اندرية بروتون و...،ص117).

## 4. نوێخوازی لە شێوازی دەربڕینی هونەریدا :

سوریالیزم گرنگی زۆری دەدا بە پێشکەشکردنی کاری هونەری و ئەدەبی نوێ و بەشێوەیەکی نوێ ، چونکە هونەر لەلای ئەوان لەوەدابوو کە هونەرمەند چۆن، یان تا چەند دەتوانێ بەناو ناماقووڵ و نا لۆژیکیدا قووڵ ببێتەوە و بیکات بە هونەر(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل261)، بۆ ئەم مەبەستەش هەڵدەستان بە وێناکردنی خەونەکان و ویستە کپ کراوەکانی مرۆڤ و تێکەڵکردنی

ئەزمونەکانی ئەقڵی ئاگایی و ئەقڵی نا ئاگایی، چونکە دەیانویست ڕاستیەکانی ناوەوە و دەرەوە لە یەک ڕاستیدا بەیەکەوە تێکەڵ بکەن(فائق مصطفى(د)و عبدالرضا علي(د) (1989)،ص83).

**5. لە شانۆدا پابەند نەبوون بەیەک قالب**(ئەحمەد مەحموود(2013)،سوریالیزم لە شیعر،ل77).

**6. پشت بەستن بە خەون و خەیاڵ و ورێنە :**

کاتێک مرۆڤ بەهۆی جەنجاڵی ژیان و ژاوەژاو و بیرکردنەوە ماندوو دەبێ پەنا بۆ نووستن دەبات و لەوانەیە خەون ببینێت، ئەم خەونەش دنیایەکی ئازادە، ئازادیەکی ڕەها، چونکە بەهۆی خەونەوە مرۆڤ دەفرێ بۆ جیهانی سەرو واقیع، ئەمەش ڕێک ئەو جیهانەیە کە سوریالیەکان دەیانویست و پەنایان بۆ دەبرد(حەمە مەنتک(2011)،ل29)، لای شاعیرانی سوریالیستی واقیعیەتی باڵا هەمان واقیعیەتی کۆمەڵگایە، کە لە قووڵایی (نەست)ی مرۆڤەکان شاردراوەتەوە و تەنیا لە خەون و ورێنەکانی مرۆڤەوە بەدیار دەکەوێت ، لەبەر ئەوە پێویستە شاعیر لەکاتی هۆنینەوەی شیعردا لەدۆخێکی نێوان خەون و بێدارییدا بێت و لەوکاتەدا قەڵەمی لەدەست بگرێ و ئەوەی بە خەیاڵی دادێت بیخاتە سەر کاغەز، بۆ گەیشتن بەو مەبەستە ، یەکێک لە ئامرازەکانی کاری شاعیر و نووسەری سوریالیستی (نووسینی ئۆتۆماتیکی)یە کە بەهۆیەوە شاعیر سەرکەوتوو دەبێت لە تۆمارکردنی ورێنەو خەونەکانی خۆی لەکاتی دەرکەوتنیدا(سیماداد، فرهنگ(1390)،ص297)، کەواتە تۆمارکردنی خەون و ورێنەکان مرۆڤ پێویستە دووربێت لە دەسەلاتی هەست، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەمی هونەری سوریالیستی شێوەیەکی گاڵتەئامێز بپۆشێ ، بەم کارەش نووسەر دەچێتە ناو جیهانی سەرووی واقیع ، کەواتە خەون یەکێکە لە بنەما هەرە گرنگەکانی سوریالیزم، چونکە پەیوەندی بە سەرووی واقیع و هەستی نائاگاوە هەیە ،بۆیە لەلای سوریالیەکان خەون بە بەنرخترین دۆزینەوەی ڕاستی دادەنرێت و هەمان بایەخی عەقڵ و لۆژیکی لای ڕیالیستیەکانی هەیە و ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە مەعریفە(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل230)، چونکە خەون وەک نەخۆشیەکانی دەروونی، یان شێتی بەقولی ژیان دەردەبڕێ، بۆیە ئاگایی هیچ باشتر نییە لە خەوبینین، خەیاڵیش لەواقیع کەمتر نییە، چونکە دەکرێ هێندێک لە خەیاڵ بگۆڕدرێن بۆ واقیع و هێندێک واقعیش دەبن بە خەیاڵ، لەبەر ئەمە پێویستە هونەرو ئەدەب بەسەربەستی چالاکیەکانی خەیاڵ دەرببڕن(فائق مصطفى(د)و عبدالرضا علي(د)(1989)،ص84).

هێندێک لە زاناکان دەڵێن زۆربەی داهێنانەکان لە چرکەکانی بۆرژان دێت، کە دەکەوێتە نێوان خەون و ئاگایی، لەم چرکەساتەدا مرۆڤ لە واقیع جیادەبێتەوە و یاساکانی لۆژیک و ماقوڵیەت لاواز دەبن و مرۆڤ زۆر شت دەبیستێ و زۆر شتی سەیرو ناباوی دێتە بەرچاو، هەر لەکۆنەوەش پێشینەکان دەیان ووت (( لەنێوان خەولێکەوتن و بە ئاگاییدا ئەوە و ئەوەم بینیوە))(فهد عامر، العبقرية السريالية، ئینتەرنێت)، ئەبوحەیانی تەوحیدیش دەڵێ ((ئەوحاڵەتەی دەکەوێتە نێوان خەولێکەوتن و بەئاگایی تیایدا هێندێک شت بۆ مرۆڤ ڕاڤە دەکرێت کە نەیبینیوە))(نعمان بن محمود(1981)، جلاء العينين،ص179)، غەزالیش دەڵێت ((بزانە دڵ دوو دەرگای هەیە بۆ زانست ، یەکێکیان بۆ خەونەو ئەوەی تریان بۆ جیهانی بەئاگاییە، ئەوەی لە نێوان خەولێکەوتن و بەئاگایی دەبینرێ زۆرباشترە بۆزانین لەوانەی بەهەستەکان دەبینرێن))(ابو حامد محمد(ب.ت)،احياء علوم الدين،ص21).

خەون لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش گرنگی زۆری پێدراوە، چونکە لە خواوەیە بەڵگەش ئایەتی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەرە ، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بە خەولێکەوتن و بۆرژان ئارامی هاویشتۆتە ناو دڵی هاوەڵەکانی پێغەمبەر، کە دەفەرمووێ **[إذ يغشيكم النعاس أمنة]**(سورة الانفال، الاية11)، کەواتە خودا ئارامی و ئاسایشی لە ڕێگای خەوتنەوە خستۆتە سەر دڵی کەسەکان، هێندێک جاریش خوای گەورە زۆرێک لەڕووداوەکان بۆ خاوەن دڵە پاکەکان لەکاتی بۆرژاندا ئاشکرا دەکات، کە زۆربەیان کەوتونەتە نێوان خەون و بەئاگایی(نظام الدين حسن(146هـ)،غرائب،ص296)، بۆیە زۆر شت لەخەودا بۆ موسڵمانان دەرکەوتووە، ئەمەش مزگێنیەیەکە بۆ موسڵمانەکان، ئەوانەی کە خەونەکانیان وەک بە ئاگایی وایە، ئەم ئیلهام و ئاشکرا کراوانە لەدوای پێغەمبەرەکانەوە تەنها بۆ وەلیەکانە کە لەنێوان خەون و بۆرژان بۆیان ئاشکرا دەبێت(اسماعيل حقي(ت1127هـ)،روح البيان،ص61)، پێغەمبەر (د. خ) فەموویەتی ((خەونی باش لە خواوەیە و بەشێکە لە پێغەمبەرایەتی))(مالك بن انس(2004)،الموطأ،ص1394).

(بریتۆن)یش دەڵێت : ((ڕەنگە خەونەکەی دوێنێ شەوی من درێژەی خەونەکەی پێرێ شەوبێت ، بەڵام ئایا ئەو خەونەی ئەم شەویش بەهەمان گڕوتینی شەوانی پێشوتر بەردەوام دەبێت؟))(رەزا حسینی(2006)،قوتابخانە ئەدەبیەکان،ل229).

زۆر جار سوریالیەکان لەنێوان ساڵانی (1922 و 1924) هانایان بۆ خەواندنی موگناتیسی دەبرد، کەسێکیان دەخەواند و شارەزایەک دەیدواند ، کەسەکە بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت دەکەوتە قسەکردن و وتووێژکردن(قحطان بيرقدار،تقنيات السريالية،ئینتەرنێت)، ئەمەش بۆ ئەوە بوو بچنە ناو ناخی ئەو مرۆڤەوە بەبێ چاوەدێری عەقڵ بیدوێنن، چونکە باوەڕیان بەو پێچاوپێچیە (متاهە) هەبوو کە لەناو خەون و ڕاستیدا هەیە(مارک شورد و جوزفین(2005)، النقد، ص230)، چونکە ((دەیانویست ئەو وەلامانەی کە کەسێک لە حاڵەتی خەوی موگناتیسیدا دەیداتەوە تۆماربکەن و ئەو وەلامانە لەگەڵ ئەو ڕستانەی کە لە جیهانی بێداریدا لە ڕێگەی نووسینی خۆبەخۆوە دەستیان هێنابوو لەبەرانبەر یەکدابخەن و پەیوەندی نێوانیان کەشف بکەن))(رەزا حسینی(2006)،قوتابخانە ئەدەبیەکان،ل228).

**7. لێکۆڵینەوە لە شێتی :**

خەیاڵ لە دونیای شێتەکاندا فەرمان ڕەوایەکی بێڕکابەرە، چونکە شێتایەتی ڕزگاربوونە لە کۆت و بەندەکانی عەقڵ، بۆیە زەینی شێتەکان بەبێ کارە بێسەروبەرەکاندا بە سەرخۆشی تێدەپەڕێ، جیهانی شێتانیش گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووە و پڕە لە جوانیەکانی نائاگایی و نا هۆشیاری(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل265)، چونکە شێتەکان ژیانی ئاسایی ڕۆژانەیان لەدەست داوە، بەلام لەجیهانی خۆیاندا لەوانەیە لە ئێمە ڕێکوپێکتر و پخوتەتربن، ئەم شێتانەی وڕێنە دەکەن لە واقیعمان دوور دەخەنەوە و ئاسۆی زانین بۆ ئێمە والا دەکەن، لەوانەیە زۆر لە کەسە عاقڵەکان ئاگادارتربن و بتوانن هەندێ شتمان بۆ ئاشکرا بکەن کە بەبێ ئەوان چارەسەرکردنی مەحاڵبێ، بۆیە هیچ گوێ نادەنە ئەو ڕەخنانەی لێیان دەگیرێت، چونکە ئەوان لە قوڵترین کەیفی دەروونیدا دەژین(رەزا حسینی(2006)،قوتابخانە ئەدەبیەکان،ل231)، بۆیە هەردەم شێتەکان دڵشادن، چونکە بە شێتیەتی دەروون سەربەست دەبێت و وڕێنەش ڕێنیشاندەری دەکات بۆ چوونە ناو قولایەکانی خود(تاريخ السريالية، ئینتەرنێت)، لەبەر ئەم شتانەیە سوریالیەکان لێکۆڵینەوەی زۆریان لە شێتیەتی کردوە، هەڵسوکەوتی شێتەکانیان تێبینی کردووە بۆ ئەوەی ناخی دەروونی ئەم شێتانە بزانن، چونکە شێتی خەونێکی درێژکراوەیە، کە نەخۆش پێوەی پەیوەست دەبێت بۆ هەلاتن لەو واقیعەی ڕەتی دەکاتەوە ، لەدواییدا ئەم خەونە لەلای ئەم شێتە دەبێتە ڕاستی و ڕێگا دەدات شەپۆلێک لە ئارەزووە کپ کراوەکان بە ئازادی هەڵبقوڵێن(قحطان بيرقدار،تقنيات السريالية،ئینتەرنێت)، هەر لەبەر ئەوەیە سوریالیەکان ((پێیان وابوو



هەوالنامەی کتێب

شێتی و دێوانەیی لە حاڵەتێکدا کە نوسەر بتوانێ شرۆڤەیان بکات و تاوتوێیان بکات، دەکرێ جوانی دەر ببڕن ، بۆیە دەبینین سوریالیستەکان بۆ ئەم مەبەستە سوودیان لە حاڵەتی شێتی و تەنانەت دروستکردنیشی وەرگرتووە))(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل230).

## 8 ـ پشت بەستن بە ڕێکەوت و ئۆتۆماتیکیەتی دەروونی و بوونی خاڵی باڵا :

سوریالیەکان باوەڕیان بەڕێکەوت هەبوو، دەیانویست هێندێ پەیوەندی نوێ و ناوەڕۆکی تازە کە لە واقیعی سونەتی وەرگیرابن بیانخەنە ناو کارە هونەریەکانیان ، جا ئەم ناوەرۆکانەش لەکاتی بەئاگایی وەرگیرابن، یان لەکاتی خەوبینیندا(قحطان بیرقدا،وجهة النظر، ئینتەرنێت)،ڕێکەوت (صدفە)ش کە توخمێکی لاوازبوو لە ڕۆمانە ئاساییەکان، لەلای ئەوان بوەتە توخمێکی گرنگ، هەروەها هانایان دەبرد بۆ جیهانی دێوو درنج و بەرەڵابوونی خەیاڵ(تاریخ السریالیة، ئینەتەرنێت). سوریالیستەکان لەزۆر شت پشتیان بە ڕێکەوت بەستووە بۆ ئەنجامدانی هەندێک لە کارەکانیان، وەک نووسینی ئۆتۆماتیکی کە نوسەر بە تەواوی جڵەو بۆ خەیاڵی خۆی شل دەکات و لە بێ ئاگاییەکی تەواودا بۆچوونەکانی خۆی دەنوسێتەوە بەبێ کۆنترۆڵی وشەکان، یان بەشەکانی ڕستەکە، لەپڕ دەگەنە هۆش و کەشفی چالاکی عەقڵ و نەست دەکەن(عبدالمطلب عبدالله،پرۆسەی نوسینی شیعر،ل9)، کە لەوانەیە دەقێکی ئەدەبی بێت بەبێ ئەوەی بابەتەکە دیاری بکرێت و بەبێ هیچ چاوەدێریەکی جوانی و لۆژیکی، بەبێ هیچ کۆنترۆڵێکی ڕەوشتی و مەعنەوی(جمیل نصیف(د)(1990)،المذاهب الادبیة،ص335)، بۆ ئەم مەبەستەش (بریتۆن) دەڵێ: ((لەشوێنێکدا دانیشن، کە بەتەواوی بۆ تەرکیزی هزرتان لەباربێ، ئەوسا کاغەز و قەڵەم بگرنە دەست، خۆتان بخەنە حاڵێک کە هەر کاریگەریەک قبوڵ بکەن، دەربارەی هونەری خۆتان و هونەری کەسانی دی بیر مەکەنەوەو ئەوانە لەبیری خۆتان ببەنەوە، لەبەرخۆتانەوە ئەوە دووبارە بکەنەوە کە ئەدەبیات ڕێگایەکی مەترسیدارەو مرۆڤ بۆ هەموو شوێنێک ڕادەکێشێت، بێ ئەوە پێشوەختە بابەتێکتان دا بێتە بەرچاو بەلەز دەست بە نووسین بکەن. یەکسەر و بەخێراییەکی ئەوتۆ بنووسن کە دەرفەتی دووبارە خوێندنەوەی ئەو شتەتان نەبێ کە نووسیوتانە. ڕستەی یەکەم لە خۆیەوە دێ و پاشان ڕستەێن دیکە))(ڕەزا حسینی(2006)،قوتابخانە ئەدەبیەکان،ل222-223)، کەواتە نوسینی ئۆتۆماتیکی ئەنجام دەدرێت بەبێ ئەوەی بابەتەکە دیاری بکرێت و بەبێ هیچ چاوەدێریەکی جوانی و لۆژیکی، و بەبێ هیچ کۆنترۆڵێکی ڕەوشتی و مەعنەوی(جمیل نصیف(د)(1990)،المذاهب

الادبية،ص335)، چونکە هێرشێکە بۆ سەر جۆرەکانی بیرکردنەوەی ئاسایی و زمانی ئاسایی، چونکە بەڕای ئەوان نوسینی ئۆتۆماتیکی ڕێگایەکە بۆ دۆزینەوەی جیهان لەلایەن مرۆڤەوە(میشیل کاروج(1973)، اندرية بروتون و...،ص13)، سورياليەکان وامان لێدەکەن باوەڕ بەوە بکەین کە خاڵێک لەناو هزردا هەیە، لەم خاڵەدا هەستکردن بەو دژانەی لەنێوان ژیان و مردن و واقیع و خەیاڵ و ڕابردوو ئێستا و لەنێوان ئەوەی پەیوەندی قبوڵ دەکات و ئەوەی پەیوەندی قبوڵ ناکات نامێنن، لەگەڵ گرنگیدان بە دۆزینەوەی خاڵی لێکتێگەیشن و یەکگرتنی نێوان دژەکان کە لەم خاڵەدا هەموو پەیوەندیە کاتی و شوێنیەکان نامێنن کە لەوێدا ڕاستەوخۆ جیهانی هزر و هەست بەیەک دەگەن(فائق مصطفى(د)و عبدالرضا علي(د)(1989)،ص82)، ئەمەش پێی دەوترێ خاڵی لوتکە، چەمکی خاڵی لوتکەش بەردی بناغەیە بۆ زانستی جیهانی سوريالی، ئەم خاڵەش پشت بە توانا سەرو سروشتیەکانی دەبەستێت کە لەناو خەون و کاری هۆشەکی لەخۆوەدا هەیە، بریتۆن دەڵێت هەموو شتێک وامان لێدەکات کەواتێبگەین خاڵێک لەبیری مرۆڤدا هەیە کە لەو خاڵەدا هەستی جیاوازی کردن لەنێوان ژیان و مردن و واقیع و خەیاڵ و پڕوپووچ و ڕابردوو و داهاتوو نامێنێ(میشیل کاروج(1973)، اندرية بروتون و...،ص19-20)، بۆ گەیشتن بەم خاڵە سورياليەکان لە کەشێکی پڕ لە فەوزا کۆدەبنەوە، وەک سەرخۆشەکان و شێتەکان وڕێنە دەکەن بێ ئەوەی هیچ سنورێک بۆ بینینە خەیاڵیەکانیان دابنێن، لەوێدا تووشی حاڵەتی (**شطح**) دێن، یان ئامادەکاری بۆ دەکەن)(محمد بن محمد(ب.ت)،تاج العروس،ص506) و(ادونيس(2010)الصوفية و السريالية،ص123)، بەم کارەشیان دەیانەوێ بزوێنەرەکانی دەروونی تێک بشکێنن تا سوريالیزم شوێنی بگرێتەوە، هەر وەک (ژۆرژ هۆنیە) لە شیعری (لاشەی خۆشگەوار شەرابێکی تازە دەنۆشێ) دەڵێ ئێمە چەند شاعیرێک لە دەووری یەکتر کۆدەبووینەوە و هەریەکەمان ڕستەیەکمان دەنوسی، ئەوەی تریش شتێکی لەسەر زیاد دەکرد، بەبێ ئەوەی ئاگای لە ئەوەی پێش خۆی بێت کە چی نووسیوە، نوسینەکەی ئێمە بەم شێوە هاتە کایەوە، ڕستەی یەکەمی ئێمە بەم شێوەبوو (لاشەی خۆشگەوار شەرابێکی تازە دەنۆشێ)(هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل229)، یان هەندێ جارچەند شاعیر و نوسەرێکی سوريالی کۆدەبوونەوەو چەند پرسیارێکی جۆراو جۆریان لەسەر چەند پارچە کاغەزێکی بچوک دەنوسی و دواتر وەڵامی پرسیارەکانیان بە نوسین لەسەر چەند پارچە کاغەزێکی تری بچوک دەنوسیەوە و دەمودەست پرسیار و وەڵامەکانیان تێکەڵ دەکرد و دواتر پرسیار و

وەڵامـەکانیان هـەڵاوێـر دەکـردو بەرامبـەر بەهـەر پرسـیارێک (بەشـێوەیەکی رەمـەکی) وەڵامێـک لـە وەڵامـەکانیان دادەنـا(لـەتیف هەڵمـەت(2010)، لـە دادایزمـەوە تـاوەکو،ل6)، ((لـە کۆتایـدا تێکسـتێکی عەنتیکـە و سەمەرە دەردەچێت ، کە زۆرجار لە تێکستی ئاسایی جوانترە))(فەرهاد پیربـاڵ(د)(2009)،ڕێبـازە ئەدەبیـەکان، ل267)، کەواتە نوسینی ئۆتۆماتیکی نوسینێکە خۆکردە و کـار بۆنـەکراوە ، نوسـینێکی ئـازادە لـە لۆژیـک و عەقڵ و بەربەستەکانی ، وا لەنوسەر دەکات بۆ ئەوەی لـە شـتە باوەکـان بگـات دەبێ بچێتـەە دەر بـۆ فەزایەکی تـر(ادونیس(2010)الصـوفیة و السریالیة،ص133)، کەواتـە نوسینی ئۆتۆمـاتیکی یەکێکـە لـەو هـۆ و شـێوازانەی هەوڵـدەدا دەنگـی نـاوەوەی مـرۆڤ بـەڕەڵابکات، بـۆ ئـەوەی لـە دیلیـەتی عـەقڵ و لۆژیـک ڕزگاری بکات، بۆ ئـەوەی هێزەکـانی نـاوەوەی مـرۆڤ ئـازادی جووڵـەی تـەواوی بـدرێتێ و ببێتـە هـۆی ئەوەی وێنە ژێر ئاگاییەکان بەبێ بەربەست بەسەربکەون و دەربڕین ئەنجام بدرێت.

**9. بوونی ئۆرگانی تایبەت :**

سوریالیەکان ئۆرگانی تایبەت بە خۆیان هەبوو وەک مەڵبەندی سوریالی، یان سەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـوریالی، لەگـەڵ بڵاوکردنـەوەی گۆڤـاری تایبـەت بـەخۆیان ، ئەمـەش وای دەکـرد گەشـە بکەن و داهێنانی پتر و سەیرتر و جوانتر بهێننە کایەوە(کامینیۆس(1997)، سوریالیزم،ل43).

**10. ئەفراندنی جیهانی سەیروسەمەرە و سەرسوڕهێن :**

سـوریالیەکان لـە کـارو کردەوەکانیانـدا ، هـەموو کـات بـەدوای شـتی سـەیروسـەمەرەدا دەگـەڕان کـە لەگەڵ عـەقڵ و لۆژیـک نـەگونجێ، ئەمـەش لەبـەر ئـەوە بـوو ئـەوان سـەیروسـەمەرەیان بـە واقیـع شـکێن دادەنـا و پێیـان وابـوو دەبێتـە بورکانێـک بـۆ تێکشـکاندنی ئـەو ڕاسـتیانەی لـە نـاو واقیعـدا هـەن، لـەلای سـوریالیەکان سەرسـامکردنی خـەڵکی و وروژانـدنیان یـەکێک بـوو لـە ئامانجـە هـەرە گرنگـەکانیان، دەیانویست بە شکاندنی سنوورە باوە کۆمەڵایـەتی و ئاینییـەکان و وێرانکردنـی بـوون و جیهـانی بینـراو خـەڵک سەرسـام بکـەن، لـەم ڕووەوە ((جارێکیـان هونەرمەنـد و نوسـەری سـوریالی (جـاک فاشـیە) دەمانچـەی لـە پیاوێکی کەشـخەو پۆشـتە هەڵکێشـاو پیاوەکـە خـەریک بـوو لەترسـا زراوی بچـێ و ئیتـر دەسبەجێ جـاک فاشـیە بـە کـابرا کەشـخەکەی گـوت: کـاتژمێر چەنـدە؟ کـابرای کەشـخە کـە زمـانی بـە ئاسـتەم گـۆی دەکـرد بەوپـەڕی سەرسـوڕمانەوە پێـی گـوت کـاتژمێر ئەوەندەیـە و ئیتـر جـاک فاشـیە دەمانچەکەی خستەوە باخەڵی و هەردووکیان بڵاوەیان لێکردو ئیتر ئـەم هەواڵـە گەیشـتە کـۆڕ و جڤـاتی

شـاعيران و هونەرمەنـدان و بەسەرسـامييەوە باسـدەكرا و لـەم كـەين و بەينـەدا جـاك فاشـيە گـوتی دەمانچە بەدەستەكە من بوم و ويستومە بەم رەفتارە سەرسامی بوروژێنم))(لەتيف هەڵمەت(2010)، لە دادايزمەوە تاوەكو، ل6).

سەيروسەمەرە يەكسانە بە ناڕوونی ، بۆيە دەبێتە نيشانەيەك لە نيشانەكانی دەقی داهێنەرانە(بسام قطوس(د)(2002)،تمنع النص،ص48)، لەبەر ئەوە سورياليەكان بەردەوام دەچوونە ناو جيهانی سەير وسەمەرە و سەرسوڕهێنەر بۆ هێنانەدی دەقێكی داهێنەرانە ، هەردەم ئاواتيان ئەوە بوو شتە دژبەيەكەكان لەتەنيشت يەكتری دابنێن كە بەيەك گەيشتنيان سەيروسەمەرە و ئەستەم بوو ، لە جيهانی عەقڵ و لۆژيک ڕێگا بەم بەيەكگەيشتنە نەدەدرا بەم كارەشيان جيهانێكی نوێيان دادەهێنا كە ڕەنگكرابوو بە سەيروسەمەرە(تاريخ السريالية، ئينەتەرنێت).

**11. گيانداران لە ديدی سورياليدا :**

هەموو گياندارەكان لەلای سورياليەكان يەكسان بوون لەپەيامی بێ ئاگايی(ميشيل كاروج(1973)، اندرية بروتون و...،ص179).

بەڕای ئێمە سەرەكيترين تايبەتمەندی سورياليەكان تەنها مرۆڤ بووە، چونكە تەنها مرۆڤ و تواناكانی مرۆڤ لەلايان گرنگ بوو، دەيانويست هەموو مرۆڤێک ئازادبێت و سەربەست بێت، چۆنی بوێ ئاوا بژی جا هەر جۆرە مرۆڤێک بێت، يان لەهەر بارێكدابێت، بە هەر جۆرە ئامرازێک بێت، چونكە سورياليەكان هەرچيەكيان كردبێت، يان ويستبێتيان بيكەن هەر لە پێناوی مرۆڤدا بووە، بۆيە دەتوانين بڵێين سورياليەكان هيومانستی بوون.

## تەوەری دووەم : ڕەگەزەكانی سورياليزم :

### بنەما هونەريەكانی سورياليزم :

ڕێبازە هونەرييەكان چەند بنەمايەكی هونەرييان هەيە، كە بە كۆی گشتيان بنەمای ڕێبازەكە پێكدەهێنن ، ڕێبازی سورياليش چەند بنەمايەكی هەيە كە بريتين لە :

**1. ئازادی :**

سورياليييەكان لە واقيع و كۆت و بەندە باوەكان ياخی بوون و دژيان وەستانەوە، بۆيە داوای ڕوخانی هەموو ئەو بەهايانەيان دەكرد، كە لەناو كۆمەڵگادا باو بوو تەنها بۆ ئەوەی ئازادبن، چونكە ئازادی غەريزەيەكی قووڵە لەنا(فەرهاد پيربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبييەكان، ل246)و ناخی مرۆڤدا، بۆيە دەيانويست هەموو ئەو شتانە بپچڕێنن كە بە جيهانيانەوە دەبەستێ، وەک ياساكانی ئايين و خێزان و كۆمەڵ و وڵات(امين صالح ، السوريالية2010،ص77)، چونكە سورياليستەكان هەردەم بە ئاراستەی نوێبوونەوە و بووژانەوە و ڕۆشنگەری دەڕۆيشتن، ئامانجيشيان گەيشتن بوو بە كێڵگەكانی جوانی و ئازادييە ڕەهاكان(عوسمان حمد(د)(2015)، ڕۆڵی گروپی، ل24)، هەر لەبەر ئەوەش بوو وشەی ئازادی دەنگدانەوەيەكی گەورەی هەبوو لە زۆربەی ئاسەوارە گرنگەكانی سورياليدا (والاس فاولي(1981)، عصر السريالية، ص212).

ئێمەش پێمان وايە ئەم ڕێبازە لە بنچينەدا تەنها بۆ ئازادی مرۆڤ دامەزراوە، بۆيە هەر شتێكيان كردبێت تەنها لە پێناوی ئازادی مرۆڤ بووە، دەتوانين بڵێين سورياليەكان پەيامبەری ڕاستەقينەی ئازادين.

(بريتۆن)يش لە بەياننامەی يەكەمی سورياليدا جەخت لەسەر واتای وشەی (ئازادی) دەكاتەوە، ودەڵێت: ((وشەی (ئازادی) بەتەنها هەموو ئەو شتانەيە تائێستا حەماسەتم دەوروژێنێ ، چونكە ئازادی پاڵنەری سەرەكی چالاكی سورياليه))(امين صالح ، السوريالية2010،ص77).

**2. سەرسوڕهێن و گاڵتەی سوريالی :**

گاڵتەكردن يەكێكە لە ئامرازەكانی كات بەسەر بردن ، سەيروسەمەرە ، وەكو (شێوەی پێكەنين و، نهێنی و، سيفەتی غەريبی) كاتێک قاڵبێكی سەيروسەمەرە و سەرسوڕهێن وەردەگرن، دەبنە شتێكی سروشتی لە ڕێبازی سورياليزمدا(هيمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبييەكان، ل229)، چونكە سورياليستەكان دەيانويست بەرگێكی پێكەنيناوی بەبەر شتەكاندا بكەن، بۆ ئەوەی ئەو شتانەی لە جيهاندا هەن ببنە بابەتێكی گاڵتەجاڕی و خەڵكی لە شێوازە كۆنەكان كە لەسەری ڕاهاتوون دووربكەونەوە(هيمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبييەكان، ل229).

سـورياليیەكان گاڵتـەیان لـەناو دەقـە ئەدەبییەكانیانـدا بـەكاردەهێنا بـۆ تیـرو تـوانج گـرتن لـە داب و نـەریت و كۆمـەڵگا، لـەناو دەقـە دیارەكانییانـدا دەقێكـی تـری شـاراوەیان دادەنـا، كـە بەشـاراوەی و بـە نهێنییـەكی تـەواو جوڵـەی دەكـرد ، چونكـە خاوەنەكـەی نەیدەویسـت هـەموو شـتێك بـە ڕاشـكاوی بڵێت(بسام قطوس(د)(2002)،تمنع النص،ص44-45)، لێرەدا ئێمـە پێمـان وایـە نـەدەبوو سـوریالیەكان شـت لەناو دەق بشارنەوە ، چونكە ئەوان لە هیچ شتێك سڵیان نەدەكردەوە و بە ئاشكرا دژایـەتی خۆیـان بـۆ هەموو دابوونەریت و ئایین و یاساكانی كۆمەڵ دەردەبڕی.

كەواتـە گاڵتـە یەكێكـە لـەو هێزانـەی كـە دەتـوانێ كۆمـەڵگا بهـەژێنێ و ئـەو دیوارانـە بڕوخێنـێ كـە عەقڵانیـەت و دابونـەریت دایاننـاون(امین صالح ، السوریالیة2010،ص85)، چونكـە پێكـەنین باشـترین چەكـە بـۆ هەژانـدنی كۆمـەڵگا، لەبـەر ئـەوەی بـە پێكـەنینی پـلار ئـامێز لـە بەربەسـتە كۆمەڵایەتیـەكان مـرۆڤ چێـژ وەردەگرێ و ئازادبێت(هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەكان،ل228)، چونكـە پێكـەنین باشـترین چەكـە بۆ یاخی بوون دژی بێ نرخی پەیوەندیەكان و هۆیەكە بـۆ سـەركەوتن بەسـەر جیهانـدا تەنانـەت ئەگـەر بۆ ماوەیەكی كورتیش بێت، بۆ ڕزگاربوون لەهەموو پاڵەپەستۆ كۆمەڵایەتیەكانی هێزی جیهـان(امین صالح ، السوریالیة2010،ص84-85)، بۆیـە سـوریالیەكان هـەردەم بـەرگێكی پێكـەنیناویان بەبـەر شـتەكاندا دەكـرد، بـۆ ئـەوەی ئـەو شـتانەی كـە لـە جیهانـدا هـەن ببنـە بابـەتێكی گاڵتـەجاڕی، ڕەنگـە ئەمـە ڕێگەیـەك بێـت بـۆ جۆرێـك لەسـەر ئـاوەڵاكردنی ژان و غەمـە پـەنگ خواردوەكـانی مـرۆڤ (هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەكان، ل228-229).

مرۆڤـی سـوریالی گاڵتـە بـە جیهـان و كۆمـەڵگا دەكـات، گاڵتـە بەخۆشـی دەكـات، گاڵتـە بـەبێ هیـوایی خۆی دەكات، ئەو كاتەی دەیەوێ گاڵتەی ڕەش ئـەنجام بـدات جـۆرە قەرەبوویـەك دەدۆزێتـەوە، چونكـە بەهۆی گاڵتەوە مرۆڤ لە ئاستێكەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئاستێكی تر، كە شێوەیەك لـە شـێوەكانی هـەڵاتن پێشـكەش دەكـات(امین صالح ، السوریالیة2010،ص87)، چونكـە گاڵتـەكردن ئـامرازێكی زۆر باشـە بـۆ وتنـی ڕاسـتیەكان و جوڵانـدنی ویژدانـی مرۆڤـی سـادە، كـاتێ فشـاری زۆری لەسـەربێ یـان توشـی ئـازار بووبێ(قحطان بیرقدار،تقنیات السریالیة،ئینتەرنێت)، بۆیـە سـوریالیەكان گاڵتـەكردن وەك ئامرازێـك بـەكاردێنن بـۆ نـاڕەزایی دەربـڕین لەسـەر واقیـع و وێرانكردنـی و هێنانەكایـەی واقیعێكـی نـوێ لەشـوێنیدا، چونكـە

لەلای ئەوان لەیەک کاتدا گاڵتەکردن کرداری لەناوبردن و بیناکردن بەیەکەوە ئاوێتە دەکات(امین صالح ، السوريالية2010،ص88).

سوریالییەکان لە ڕێگەی وروژاندنی شۆک و سەرسوڕمان هەوڵیاندەدا وا لە کەسانی دیکە بکەن ئاگایان لەهەموو ئەو شتانە بێت، کە لە پشت نەریت و زاراوەکاندا خۆیان مەڵاسداوە، چونکە شتە ئاسایی و باوەکان، کاتێ لە گۆشەیەکی نوێی سوریالیانەوە دەخرێنەڕوو، دەبنە شتی وروژێنەر و سەرسوڕهێنەر(لوقمان باپیر(2013)، سوریالیزم و زمان،ل25).

### 3. خۆشەویستی :

لەلای سوریالیەکان خۆشەویستی ڕێگا دەکاتەوە بۆ دەربازبوون لەهەرسێ جۆرەکانی بوون (شێتی و، خەون، و نوسین)، لە خۆشەویستیدا بوونەوەر دەگاتە حەقیقەتی خۆی و لە هەموو دابونەریتێک ڕزگار دەبێت(ادونيس(2010)الصوفية و السريالية،ص109)، بۆیە خۆشەویستی هەردەم لە جووڵەی بەردەوامدایە، چونکە لە ویست و هیوا و نائومێدی پێک دێت، بۆیە مرۆڤیش هەرگیز لە خۆشەویستی جێگیر نابێ، چونکە ئەم جووڵەیە لەگەڵ خۆیدا ئەیبات بۆ ئەو شوێنەی کە نایزانێ و پێشبینی ناکات(امين صالح ، السوريالية2010،ص77).

لەلای سوریالیەکان خۆشەویستی دەبێتە ئامرازی وێناکردنی جیهانی داهاتوو ، چونکە ئامرازی زانینە، لەگەڵیدا هەموو قەدەغەکان ڕێپێدراو دەبن و لەگەڵ هیواو ئاوات کاردەکات، بەهۆی ئەوەشەوە جیهان نوێ دەبێتەوە(تاريخ السريالية، ئینەتەرنێت).

لە خۆشەویستیدا بوونەوەر لەگەڵ خودی خۆیدا یەک دەگرێ و دەگاتە حەقیقەتی خۆی و لە هەموو ئەو کۆت و بەندانە ئازاد دەبێ کە دەست و پێیان بەستووە و ناهێڵن بڕوا بۆ ئەو گەردوونە فراوان و خۆشەی کە دەیبینێ، بۆیە خۆشەویستی بەسەرچاوەی سەرەکی ئیلهامی سوریالیەکان دادەنرێ، چونکە دەتوانێ هەموو دژەکان یەک بخات ، دەبێتە هۆی نەهێشتنی جیاوازیەکانی نێوان خود و بابەت، ژن و پیاو، ژیان و مردن(امين صالح ، السوريالية2010،ص79).

(والاس ڤاولی) دەڵێ خۆشەویستی بوو وایکرد (بریتۆن و ئیلوار) زۆربەی بەرهەمە باشەکانیان بەرهەم بهێنن(امين صالح ، السوريالية2010،ص80).

(بریتۆن)یش کە یەکێکە لە ڕابەرەکانی سوریالی، لە شیعرەکانیدا خۆشەویستیەکی بێ سنووری بۆ ژن و شیعر هەبووە، و لە بەرهەمی (یەکێتی ئازاد)دا دەڵێ: ((ئەگەر قەسیدە کۆتایی هەیە ، ئەوە گوناهی شاعیر نییە، چونکە ژن هەروەکو شیعر بێکۆتاییە، خۆشەویستی (خوداوەندمە))(هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل223)،

لەلای سوریالیەکان خۆشەویستی چەند جۆرێکی هەیە، یەکێک لەم جۆرانە خۆشەویستی شیتانەیە وەک (بریتۆن) ناوی ناوە، (ئەراگۆن) دەڵێ خۆشەویستی جۆرێکە لەو هەستکردنەی کە بە هەتککردنی شتە حەرامەکان ڕاناوەستێ و گاڵتەکردنە بە شتە بڤەکان ، یان ئەو زۆر خۆشەویستیە کە عەقڵ پێی ڕێکناخرێ و تێیناگا(امین صالح ، السوریالیة2010،ص81).

لەلای سۆفیەکانیش خۆشەویستی پێناسە ناکرێ، بەڵام بە (ذوق) هەستی پێ دەکرێت، بەڵام خۆشەویستی بەگوێرەی ئەنجامەکانی و ئاسەوار و پێداویستیەکانی پێناسە دەکرێ، بۆیە ئەگەر بمانەوێ بزانین خۆشەویستی چییە پێویستە بیچێژین(ادونیس(2010)الصوفیة و السریالیة،ص95).

گشت سوریالییەکان خۆشەویستی شکۆدار سەرفراز دەکەن و وەکو کردەیەکی نموونەیی سوریالی، بە باڵایدا هەڵدەڵێن ، ئەمەش لەبەر ئەوەی بە بەردەوامی ئەو هاوکێشەیە نوێدەکاتەوە، کە نکۆڵی لە ژیان دەکات ، هاوکێشەی نێوان بە سوود و باشە، هەروەها بەدیارکەوتنی شکۆمەندانەی بنەمای لەزەتە(مالکم برادبری(2008)و مۆدێرنیزم، ل312–313).

ئێمەش وای بۆ دەچین خۆشەویستی سەرەکیترین بنەمایە لە بنەماکانی سوریالیزم، چونکە هەموو ئەو کارانەی سوریالیەکان ئەنجامی دەدەن لە پێناوی خۆشەویستیە، وەک خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤایەتی و خۆشەویستی پیاو بۆ ژن و خۆشەویستی بۆ وڵات و جیهان.

**4. حەزو ئارەزوو :**

فرۆید ئەوەی دۆزیەوە کە (ئارەزوو) هەوڵدەدا ڕێگایەک، یان شوێنێک بدۆزێتەوە تا بە ڕێگایەکی پێچاوپێچ، یان ناڕاستەوخۆ لەناو مرۆڤدا کاری خۆی بکات، کەواتە ئارەزوو تاکە پاڵنەری نهێنی یەکەمی مرۆڤە و توخمی سەرو سروشتە (خارق)، کە هەموو کاتێ کاریگەری و هێزی کێشکردنی هەیە، هەرخۆشی پاڵنەری گەورەو یەکگرتوی گەورەیە، هەر ئەویش گەوهەری مرۆڤ دیاری دەکات، بۆیە سوریالییەکان هەوڵ دەدەن بە ڕێگای ئارەزووە کپکراوەکان کەسایەتی مرۆڤ پەرە پێبدەن و

تـاک ئازادبکـەن لـە هەسـتکردن بـە گونـاه، شۆڕشـی ڕاسـتەقینەش لـەلای سـوریالیەکان سـەرکەوتنی ئـارەزوو و تێکشـکانی ئـەو کـۆت و بەندانەیـە کـە کۆمـەڵگا بەسـەر چالاکیـە ئازادەکـانی هەسـتیدا دەیانسەپێنێت(امین صالح ، السوریالیة2010،ص82-83).

**5. جوانی :**

سـوریالییەکان هـەموو پێوانـە باوەکـانی جوانیـان ڕەتکـردەوە، جگـە لـەجوانی ژن نـەبێت کـە زۆر لەلایان پیرۆز بوو، وایان دادەنا جوانی ژن هـەتا هەتاییە و نـەمرە(امین صالح ، السوریالیة2010،ص84)، بۆیـە هـەردەم ژنیـان بـە پیـرۆز زانیـوە بەشـێوەی پەرسـتن، بـە بوونـەوەرێکی هـەڵبژێردراوی دەزانـن، ژن لــەلایان فریشــتەیە، هــەر ژنــە بــۆ شــاعیر دەرگــای بەهەشــتی شــێوەکان و بونــەکانی بــوون دەکاتەوە(ادونیس(2010)الصوفیة و السریالیة،ص110)، بۆیە ئافرەت لە شیعر و تابلۆکانیاندا بـە شـێوەیەکی زۆر بڵاو بەرچاو دەکەوێ، ئەوان بایەخێکی زۆریان بـە ئـافرەت دەدا، تەنانـەت خۆشەویسـتی ئافرەتیـان گەیاندۆتـە ئاسـتی شـیعر، بـە شـیعریان چوانـدووە، ڕایـان وابـوو ئەگـەر ئـافرەت نەبوایـە شـیعریش نەدەبوو(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل37)، لەلای سوریالیەکان جوانی لـەو ناماقووڵیـەت و بێ مانـایی و نـا لۆژیکیەدایـە ئەگـەر هونەرمەنـد بتـوانێ بیانکاتـە جـوانی ڕاچڵـەکێن، ئـەوان لـە قـوڵایی داهێنانەکانیانـدا ئامانجیان گەیشتن بوو بە کانگای جوانی و ئازادیە ڕەهاکان(ناڵە حەسەن(2009)، سوریالیزم و فرۆید،11).

**تەوەری سێیەم : ئامانجەکانی سوریالیزم**

سوریالیزم وەک ڕێبازێکی ئەدەبی چەند ئامانجێکی هەیە کە دەیەوێت بەدەستیان بهێنێ و پەیڕەویان بکات، کە ئەمانەن :

**1. دەربڕینی واتا :**

سوریالیەکان ئامانجیان دەربڕین بوو چ بە نووسین، یان بەهـەر شـێوەیەکی تـر لـە ڕێگـای نەسـتەوە، بەبێ چاوەدێری عەقڵ (عزالدین اسماعیل(2004)، ادب وفنونه،ص30).

**2. دەربازبوون لە یاساکانی هونەر :**

سوریالیەکان ئامانجیان دەربازبوون بوو لەگشت یاساکانی هونەر و دەیانویسـت مـۆرکی تاکەکەسـی و تاکڕەوی بەبەر ژیان و هونەردا بکەن(کامل بصیر(د)(1983)،ڕەخنەسازی،ل113-114).

**3. گەڕان بەدوای نا ئاگاییدا :**

سوریالیەکان ئامانجیان گەڕان بوو بەدوای نا ئاگایی و شاراوەکانی دەروون و نەستی مرۆڤدا(ئەحمەد مەحموود(2013)،سوریالیزم لە شیعر،ل80)، چونکە ئەو شتانەی کە بە پێنج هەستەوەرەکان (Senses) درکی پێدەکەین ناتەواون، لەبەر ئەوەی جیهانی تریش هەیە کە بە پێنج هەستەوەرەکە درک ناکرێن(عەبدوڵلا سەراج(2007)،بەرەو ئاستانە،ل262).

**4. دژە لۆژیک :**

سورپالییەکان ئامانجیان دژە لۆژیک بوو، دەیانویست لە نالۆژیکەوە سەیری ژیان بکەن و چێژو جوانیان لە نالۆژیک وەردەگرت(سالم احمد الحمداني (د)1989، مذاهب الأدب..،ص321)، بۆیە دژی هەموو شێوەیەکی ڕێکوپێکی ئەدەبی و هونەری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسی باو بوون، دەیانویست پەیوەندی لەگەڵ زەینی لۆژیکی خۆیان بپچڕێنن بۆ ئەوەی بتوانن بەهرە لە گەنجینەکانی نا هۆشیاری خۆیان وەربگرن(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل265-266).

**5. وێرانکردنی واقیع :**

ئامانجیان وێرانکردنی واقیع بوو، دەیانویست لە واقیع یاخی بن و ئەو واقیعەی هەیە بیگۆڕن و هەستە کپکراوەکان بەرەڵا بکەن و بەدوای واقیعێکی باڵاتردا بگەڕێن(هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل221).

**6. دروستکردنی سەیروسەمەرە :**

دەیانویست جیهانێکی نوێ دروست بکەن بەهۆی سەیرو سەمەرەو لادان لە هەموو شتێکی باو، مەبەستیان بوو گوێگر تووشی شۆک بکەن و ڕاییکێشن(کامل بصیر (د)(1983)،رەخنەسازی،ل113-114)، بۆیە هێندێک جار وەک کۆمەڵێک جادووگەر دەردەکەوتن و هێندێک جاریش وەک کۆمەڵێک چەتەی ڕێگر، هێندێکجاریش وەک شانەیەکی شۆڕشگێڕ(قحطان بیرقدا،وجهة النظر، ئینتەرنێت).

**7. بەرپاکردنی خەونی هەمیشەیی :**

ئامانجیان بەرپاکردنی خەونێکی هەمیشەیی بوو، چونکە جیهانی خەون بەلایانەوە جیهانێکی باڵاو بە بەهابوو(هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل221)، دەیانویست خەون و غەریزە و هەستی نا

هۆشیاری و ئارەزووە چەپێنراوەکان بسەپێنن بەسەر عەقڵ و لۆژیکدا(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل227).

**8. دژایەتی کردنی بەرهەمە کۆنەکان :**

ئامانجیان هێرشکردنە سەر هەموو بەرهەمە کۆنەکان بوو(موریس نادو(1992)، تاریخ السریالیة، ص68)، بە تایبەتی ڕۆمان ، چونکە وایان دادەنا لەبەر ئەوەی ڕۆمان چیرۆکە، لە ژێر کاریگەری عەقڵ و لۆژیک نوسراوە ، بۆیە دژی دەوەستان (ناڵە حەسەن(2009)، سوریالیزم و فرۆید،ل11).

**9. یەکخستنی ڕاستیەکانی دەرەوە و ناوەوە :**

ئامانجیان یەکخستنی ڕاستیەکانی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤ بوو بۆ هەتا هەتایە، چونکە ئەو ڕاستیانەی لە سەردەمی ئەوان هەبوون دژی یەکتر بوون، ئەوانیش وایان دەزانی ئەم دژایەتیەیە بۆتە هۆی بەدبەختی مرۆڤ(فائق مصطفى(د)و عبدالرضا علي(د) (1989)،ص83).

**10. گەڕان بەدوای جوانی سوریالی :**

سوریالییەکان ئامانجیان بوو بەدوای جوانیەکدا بگەڕێن کە دوور و نزیک پشت بە عەقڵ و لۆژیک نەبەستێت، لە بری عەقڵ و لۆژیک پشت بە هەستی نا ئاگایی و خەون و توانا شاراوە و چەپێنراوەکانی ناو ناخ ببەستێ و بیان تەقێنێتەوە(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل227).

**11. کارکردن لەگەڵ ئەفسانە و دێو و درنج :**

ئامانجیان کارکردن بوو لەگەڵ ئەفسانە و دێو و درنج و خەون و وتە نابەجێکانی خەیاڵ، پشتیان بە هەندێک شێوازی نا زانستی دەبەست، وەک (ئاوی گەنج بوونەوە) و (بەردی فەیلەسوفەکان) و هەوڵدان بۆ بەزێڕکردنی کانە بێسوودەکان(قحطان بيرقدار،المدرسة السريالية،ئینتەرنێت)، ئەوەتا (بۆدلێر) و (مالارمیە) وا تێدەگەن کە جۆرە پەیوەندیەک هەیە لەنێوان شیعر و فاڵگرتنەوە و جادوگەری و نوشتەی جادوویی (Sortilege) ئەمەش وادەکات سوریالیەکان بە عەقڵ و لۆژیک نا ئاشنابن (والاس فاولي(1981)، عصر السريالية، ص43).

**12. چێژ وەرگرتن لە شتەکان :**

سوریالییەکان ئامانجیان چێژ وەرگرتن بوو لە گشت شتەکان، جا بەهەر شێوەیەک بێت، یان بە هەر ئامرازێک بێت(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل233).

کەواتە سورياليەکان دەيانويست جيهانێکی نوێ بنياد بنێن، بۆ ئەوەی جێگای ئەم جيهانە بگرێتەوە، بەڵام نەياندەويست ببنە قوتابخانەيەکی ئەدەبی و هونەری، چونکە ئاواتی زۆر لەوە گەورەتر و زياتريان هەبوو، دەيانويست ژيانێکی نوێ دابهێنن، بۆيە نەست و خەونی سەير لەناو شيعر و نيگارەکانياندا ڕەنگی دەدايەوە، لەبەر ئەوە دانيان بەبەهرە ئەدەبييەکاندا نەدەنا(هيمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبيەکان،ل226).

سوريالييەکان ((دەيانويست لە ڕێگای وشەو هونەر و کردار و رەفتاری سەيرو هاڤييەو سەرنجی کەسانی دی رابکێشن و پێيان بڵێن ئێمەش هەين لەم جۆرە جياکارييەوە دامەزرێنەری سورياليزم ، ئەندريە بريتۆن دەڵێ : ئێمە وەکو ڤۆڵتير رەخنە لە جيهان ناگرين بەڵکو دەکەوينە ئەوەی دەسدرێژی لێبکەين))(لەتيف هەڵمەت(2010)، لە دادايزمەوە تاوەکو، ل6)، بۆيە هەوڵيان دەدا هەرچی لە ژياندا هەيە تێکی بدەن و بيروخێنن تا لەشوێنی ئەودا جيهانێکی نوێ و جياواز بنيات بنێن(سالم احمد الحمداني (د)1989، مذاهب الأدب..،ص316)، چونکە ئەوان دژی واقيع بوون، بۆيە هەوڵياندەدا لە قوڵايەکان خۆيان نوقم بکەن بۆ ئەوەی لەواقيع تێپەڕن(موريس نادو(1992)، تاريخ السريالية، ص5)، تاکە مەبەستيان وێرانکردنی ئەم جيهانە گەندەڵە وێرانە بوو، باشترين چەکيشيان بۆ دژايەتی کردنی ڕياو درۆ و دەلەسە تەوس بوو بۆ ڕزگاربوون لە کۆت و بەندی کۆمەڵايەتی.

## پاری سێیەم : سەرچاوەکانی سوریالیزم و وێنەی سوریالی

### تەوەری یەکەم : سەرچاوەکانی سوریالیزم

### 1. واقیع بینی و عەقڵ :

ئێمە بۆ واقیع پشت بەیەک لێکدانەوە دەبەستین ، کە ئەویش لێکدانەوەی عەقڵی و لۆژیکیە، تەنها هەست پێکراو درک دەکەین، واقیعی ڕۆحی هەست پێناکەین(ابو حامد الغزالي(ب.ت)،تهاتف الفلاسفة،ص252)، سوریالییەکان واقیع ڕەتدەکەنەوە، چونکە زۆر لێکدانەوەی جۆراوجۆری تر هەیە جیایە لە واقیع، دەکرێ خاوەنەکەی بڵێ واقیعە، هەروەک (ئاراگۆن) دەڵێت: ((لەولای دونیای واقیعی ئێمەدا پەیوەندی گەلێکی دیکە هەن کە زیهنی بێدار بە ئاسانیەوە دەتوانێ دەرکیان پێ بکات، بایەخی ئەم پەیوەندیانەش هیچیان کەمتر نییە لە واقیعەکەی دەرەوە)) (فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل262)، کەواتە واقیعیەت لە هەموو چەمکەکان نادیارترە، لەبەر ئەوەی واقیع چەندان بێمانایی و ناماقووڵی تێدایە بۆیە پێویستە بگۆڕدرێت، لەبەر ئەوە بوو سوریالیەکان بە تەنها پشتیان بە واقیع و لۆژیک نەدەبەست، چونکە ((خۆیان ناشیرینیەکانی ناو ژیانیان دەبینی و گەورەترین ناشیرینی ئەو کاولکارییەی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی بوو کە جیهانی وێران کرد))(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل15-16)، هەر لەبەر ئەوەیە سوریالییەکان ویستیان واقیعێکی نوێ بە دیدێکی نوێی سەرسوڕهێنەر پێشکەش بکەن، هەوڵیاندا یەکەیەکی سۆز بدۆزنەوە لەنێوان هەردوو جیهانی واقیع و سەرو واقیع ، بەهۆی وەهم و سەیرو خەون و ڕێکەوت، بۆ ئەوەی بگەنە خاڵی سەرو واقیع هەموو چەمکەکانیان تێکەڵ دەکرد و ئاسۆیەکی هاوبەشیان دروست دەکرد لەنێوان ئایینەکان و شیعر و سحر (جادو) لە ڕێگای خەون و خەیاڵ(امین صالح ، السوریالیة2010،ص53-54)، سوریالییەکان وا تێدەگەیشتن شیعر و فاڵ و جادووگەری و خەون و خەیاڵ پەیوەندیان بە یەکتریەوە هەیە(والاس فاولي(1981)، عصر السريالية، ص43)، بۆیە سوریالیەکان چەند پەیوەندیەکی نوێیان لەنێوان توخمە لێک دوورەکان فەراهام کرد(امین صالح ، السوریالیة2010،ص56)،ئەوان واتێدەگەیشتن واقیع شتێکی بچووکە و زۆر شتی تری نهێنی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا وەک خەون کە نابێت وەلا بنرێت(امین صالح ، السوریالیة2010،ص62).

## 2ـ وشیاری و ناوشیاری

وشیاری و ناوشیاری سێ ئاستی جیاوازی هەیە، کە بەم جۆرەی خوارەوەیە :

أـ ئاستی پێش ئاگایی

ئاستی پێش ئاگایی ئەو ئاستەیە لە مێشکی مرۆڤدا، کە ڕووداو و شتە هەست پێکراوەکان بە ئاسانی دێنەوە یاد ئەوانەی کە بەیەکێک لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ هەستیان پێکراوە لە مێشکی مرۆڤ خەزن دەکرێن، دواتر لەکاتی پێویست دەتوانین بە ئاسانی بیانهێنینەوە ئاستی ئاگایی (هەست)ی(احمد الباليسانی(2013)،التفكير،ص38).

دەروونزانەکان دەڵێن: ((مێشکی پێش هەست : ئەو ئاستەیە کە مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێ ئەو شتانە بەبیری خۆی بخاتەوە کە مەبەستیەتی))(هیمداد حوسێن(د)(2010)،رەخنەی ئەدەبی،ل660).

**ب ـ ئاستی ئاگایی (وشیاری) :**

ئاگایی یەکەم ئاستی شعورە کە مرۆڤ هەستی پێدەکا، بەهۆی پێنج هەستەوەرەکان، وەک گەرمی و چێژ و دەنگ و دیمەنەکان(احمد الباليسانی(2013)،التفكير،ص38)، جۆرەها دەمامکو ڕووپۆش بەکاردێت بۆ ناسینەوەی هەستی ڕاستەقینە لەتەک نەریتە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیە باوەکان(بەهات قەرەداخی(1994)،گەمەی نێوان،ل49)، کەواتە ((مێشکی بە ئاگا ئەو بەشەیە مرۆڤ بەو پەڕی ئاگاییەوە کار و کردەوەکانی جێبەجێ دەکات و ڕاستەوخۆ بڕیاردەدات و پێویستی بە سەرخستنەوەی یادگارە کۆنەکان نییە))(هیمداد حوسێن(د)(2010)،رەخنەی ئەدەبی،ل659)، چونکە بەهۆی هەستەکانمانەوە زانیاری لە دەوروبەرمان وەردەگرین، ئەم زانیاریانەش بە ئاگایی پێکدەهێنن، کەواتە بەئاگایی حاڵەتێکی زەینی عەقڵانی لۆجیکییە، کە یارمەتیمان دەدا بۆ تێگەیشتن و جێبەجێکردنی ئەرکە ڕۆژانەییەکانمان(امين صالح ، السوريالية2010،ص54)، چونکە ((هەموو ئەزموونەکان کە لەئاستی ئاگاییدا دادەبەزن بۆ ئاستی پێش ئاگایی یا نیمچە ئاگاییەوە لەوێدا دەمێننەوە تاوەکو جارێکی تر بەهۆی هۆکاری ئاساییەوە بانگ دەکرێنەوە بۆ ئاستی ئاگایی))(شکري عزيز(د)(2010)،تیۆری ئەدەب،ل48)، کەواتە گێڕانەوەی ڕووداو و ئەزموونەکان و شتە بینراوەکان و بیرەوەریەکان هەموویان دەچنە خانەی (پێش هەست)ەوە(هاوژین صلێوە(د)(2013)، ڕەهەندی دەروونی،ل48-49)، ((جا بۆ پاراستنی ئەزموونەکانی ڕابردوو لە ئاستی نیمچە ئاگاییدا کاریگەری گەورەی هەیە لە ژیانی ئاسایی مرۆڤدا، چونکە ئەزموونەکانی ڕابردوو ئەگەر لەبیر

ببرانایە دەبوایە ژیانی عەقڵی سەر لەنوێ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چرکە لەدوای چرکە دووبارە بکرابایەوە و ڕابردووش دوورو نزیک هیچ کاریگەریەکی لەژیاندا نەدەبوو هیچ لەتواناییدا نەدەبوو سوود لە ئەزموونی ڕابردوو وەربگرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی داهاتووی))(شكري عزيز(د)(2010)،تیۆری ئەدەب،ل151)، کەواتە ((یادکردنەوەش پرۆسێسێکی مێشکییەو بریتییە لە تۆمارکردن و پاراستن و گەڕاندنەوەی شارەزایی و زانیارییە ڕابردووەکان))(کەریم قەرەچەتانی(د)(2008،چۆنیەتی سەعی کردن،ل161)، بێگومان ((ئەو زانیاریانەی کە لە تۆمارگەی یادی کورتخایەندا بۆ تۆمارگەی یادی درێژخایەن بنێردرێ، بەزۆر هەنگاو کاری لەگەڵ دا دەکرێ، تا دەگاتە تۆمارگەی یادی درێژخایەن کە بە درێژایی سالآن دەپارێزرێ و لەیاد دا دەمێنێتەوە))(ڕێبازعەزیز(2009)، فێربوونی سەرکەوتوو،ل21).

**پ ـ ئاستی بێ ئاگایی (ناهۆشیاری) :**

ئاستی بێ ئاگایی ئەو ئاستەیە، کە لە بێ ئاگاییدا کاری خۆی ئەنجام دەدات، چونکە (ئاگاداربە) جڵەوی گرتووە، بەلآم لە کاتی خەون بینیندا بێ هۆشی دەردەکەوێ، لەو کاتانەدا شتە قەدەغەکراوەکان دێنەدەرەوە(جاستون باشلار(1980)،جماليات المكان،ص210)، لە ڕێگەی ناهۆشیاریەوە دەیانەوێت جوانییە نائاگاییەکان بدۆزنەوە، کە خەیاڵ و وەهم هێزێکی مەزنیان پێ دەبەخشێت(عوسمان حمد(د)(2015)، ڕۆڵی گروپی، ل24)، چونکە ((لاشعور هەمیشە بەرەو لای کرداری ناشایستەو خۆپەرستی هانمان ئەدات ویژدانیش فێری زەبت و ڕەبت کردنی ڕەوشتی چاکمان دەکات))(فرانگ.س.کابرێز(2009)،دەروونزانی ڕەفتار،ل24)، کەواتە زۆرجار مرۆڤ هەندێ ئارەزوی هەیە کە ناتوانێ ڕەتیان بکاتەوە و جورئەتی بەئەنجام گەیاندنیشی نییە(تیری ئیگلتون(2004)،شیکردنەوەی دەروونی،ل30)، بۆیە ((لاشعور هەمیشە بەرەو لای کرداری ناشایستەو خۆپەرستی هانمان ئەدات، ویژدانیش فێری زەبت و ڕەبت کردنی ڕەوشتی چاکمان دەکات))(فرانگ.س.کابرێز(2009)،دەروونزانی ڕەفتار،ل24).

هەروەها هەندێ ئەزموونی تاڵ و ئازاراوی هەیە کە دێتە پێش مرۆڤ ((بە هۆکارە نائاساییەکانی وەک (خەون، خەواندنی موگناتیسی، شیکاری دەروونی، حاڵەتەکانی بێ ئاگایی و دۆشدامان، شیپرزەیی، دەمارگیری، شێت بوون) لەم حاڵەتە شازانەدا ئەو ئارەزووە کەبت کراوانە و ئەو بیرە

شاردراوانه دەردەچن و له ئاستی بێ ئاگاییەوە بەرەو ئاستی ئاگایی دەڕۆن و بەمەش گرێیە دەروونیەکان دەکرێنەوە))(شکري عزيز(د)(2010)،تیۆری ئەدەب،ل152).

هەر لەبەر ئەوەیە داهێنەران له خودی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان شتی نوێ دادەهێنن له ئەزمون و یادەوەریەکانیان به جۆرێکی نوێ که هەرگیز پەیوەندی بەهیچ لەمانەی پێشووترەوە نەبووە، ئەمیش له ڕێگای ئازار و ژانەکان دێنه ژماردن(عبدالمطلب عبدالله(1998)،پرۆسەی نوسینی شیعر،ل9)، (بۆدلێر)یش زۆر بەشان و باڵی بەنگ کێشەکانی هەڵداوە، گوایە بەنگ کێشان دەبێتە هۆی له دایک بوونی وێنەی بەهێز و جوان(معتصم سالەیی(1988)، سوریالیزم،ل128).

لای سوریالیستەکان ((ئەقڵی ناوەوە دەتوانێت زیاتر ڕاستیەکان ببەخشێت لەچاو ڕاستی عەقڵی ئاگا))(عبدالعزیز عتیق(د)(1972)، في النقد،ص64)، بۆ سەلماندنی بوونی عەقڵی ناوەوەش نەخۆشی و شت لەبیرکردن و زمان تەتەڵەکردن و سەرخۆشی و خەون بینین بەڵگەن(کەریم قەرەچەتانی(د)(2007)،سایکۆلۆژیا،ل312-313).

**3. خەون**

خەون لای سوریالییەکان بەبنەمایەکی سەرەکی دادەنرێ ، چونکه پێیانوایه ئەو کارەی که مرۆڤ ناتوانێت له واقیعدا ئەنجامی بدات، دەتوانێت لەڕێگەی خەونەوە پێی بگات(عوسمان حمد(د)(2015)، ڕۆڵی گرووپی وێران، ل21).

خەون پێناسەکراوە بەوەی کە ((پرۆسەیەکی فیسۆلۆژیە بۆ وەستانی جووڵە ناوەکییەکانی جەستە))(سعید محمد(2010)، سایکۆلۆژیای نووستن،ل106)، سوریالیستەکان زۆر گرنگیان بە خەون دەدا، چونکە ((ڕۆڵی عەقڵ لە کاتی خەوبینیندا نامێنێت، هەستیارەکان دەگۆڕێن بۆ دیدگا و وێنەی بێ چاودێر و بێ کۆنترۆڵ))(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل264)، چونکە لەڕێی خەونیشەوە بەشێک لە پێداویستیە جەستیەکانی مرۆڤ تێردەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی هاوسەنگی و فشاری دەروونیش کپ دەکاتەوە، بۆیە سوریالیەکان دەیانگووت ((ئێمە خۆمان دەکوژین وەک خەوبینین، بەڵام بەوشێوەیەش دەژین کە لە خەوندا هەیە))(موريس نادو(1992)، تاريخ السريالية، ص198).

میکانیزمی خەونەکان بریتین لە جێگۆڕکێ کردنی ماددە سەرەتاییەکان، لەگەڵ دۆزینەوەی شێوازی هەستپێکراو بۆ خستنە ڕووی ئەو خەونانە، یەکێک لە قۆناغەکانی کاری خەون کەپێی

دەوترێت "پیاچوونەوەی مامناوەندی بریتیە لە تازەکردنەوەو ڕێکخستنی خەون و پێشکەشکردنی لە قاڵبی گێڕانەوەیەکی گونجاو و تووندووتۆڵ و ڕوون(تیری ئیگلتون(2004)،شیکردنەوەی دەروونی،ل94-95).

هەر لە کۆنەوەش خەون جێگای بیرکردنەوەی زانایان بووە، کە دەیانویست بزانن خەون چۆن دروست دەبێت؟ هۆکارەکانی چین؟ ، هەرکەسەو بە بۆچوونی خۆی وەڵامی داوەتەوە(هاوژین صلیوە(د)(2013)، ڕەهەندی دەروونی،ل65)، چونکە ((خەون کردەوەیەکی بەرێکەوت و بەبێ مانا نییە ، بەڵکو کەم یا زۆر ئەخریتە خانەی مێشکەوە، لێکدانەوەی خەو یاری منداڵان نییە، بەڵکو ئەرکێکی مەنتیقی و زۆرجوانە)) (فرانگ.س.کابرێز(2009)،دەروونزانی ڕەفتار،ل58)، چونکە لە ئێستادا ((زانستی سەردەم لە ڕێگای ئامێرە پزیشکیەکانەوە توانیویەتی بگاتە ئەوەی کە مرۆڤی نوستوو لەدوای پێنج خولەک چاوەکانی بچوک دەبنەوەو بیرکردنەوەی پچڕاو دەبێت بەڵام دوای نیو کاتژمێر نووستنەکەی قوڵ دەبێت و پلەی گەرمی جەستەی دادەبەزێت و ڕێژەی لێدانی دڵ و هەناسەدانی دادەبەزێت، هەروەک چۆن ڕێژەی هۆرمۆنەکانی لە جەستەیدا کەم دەبێتەوە، بیر کردنەوەی کورت دەبینێت، کۆی هەموو ئەمانەش مانای ئەوەیە کە نووستن بریتیە لە حاڵەتی وەستانی کاریگەریەکانی هەست و جوڵەی لەگەڵ ژینگەدا، بەڵام هەندێ چالاکی هەر بەردەوامی دەبێت وەک جوڵەی جەستە و... ))(سعید محمد(2010)، سایکۆلۆژیای نووستن،ل105)، بەڵام لەکاتی خەوتندا ((مەودای وەرگرتنی زانیاریەکانمان فراوانیەکی زۆر بەخۆیەوە ئەبینێت، کاتێکی گونجاوە بۆ پەیبردن بە دەرەوەی هەستەکان (هەستی باڵا) لە زۆر حاڵەتدا لەکاتی خەوبینیندا .. بەشێوەی ڕەمز و سومبول هەواڵەکانمان پێ ئەگەیەنێت ، ئەوەی کە خەونەکان ڕوون و شەفاف بن یان ئاڵۆز، پەیوەستە بە ڕادەی خەونەکانمانەوە))(زاک مارتین(2009)،بەهێزکردنی توانا،ل143)، کەواتە ((یەکەمین و سەرەکی ترین بابەتێک کە لە خەونی گەورەکاندا بوونی هەیە ئەوە ئارەزوویەکە تێرنەکراوە، ئەم خەونانە لە گەورەکاندا زۆرجار ڕۆڵی خۆیان دەگۆڕن و بابەتی سەرەکی خەون کە هەمان ئارەزووی تێرنەکراوە لە بنەڕەت دا بەشێوەیەکی تر دەردەکەوێ))(فرۆید،پێنج وانە،ل94)، کە لەڕێی خەونەوە بەشێک لەو پێداویستیە جەستییانەی مرۆڤ تێردەبن، بەم شێوەیە هاوسەنگیەک دروست دەبێت ومرۆڤ بە هەندێ شت دەگات(هاوژین صلیوە(د)(2013)، ڕەهەندی دەروونی،ل67).

له ئاینی ئیسلامیشدا خەون زۆر گرنگی پێدراوە، بە بەشێک دانراوە لە پێغەمبەرایەتی، چونکە لە خواوەیە، سروشیش بە خەون دەستی پێکردووە نەک لە بەئاگایی(ادونیس(2010)الصوفیة و السریالیة،ص84)، پێغەمبەر دەفەرموێ ((پاش من پێغەمبەرایەتی هیچی نامێنێ تەنها مزگێنیەکان نەبێت، وتیان ئەی پێغەمبەری خودا مزگێنیەکان چین، وتی خەونی باشن کە مرۆڤی پیاو چاک دەیانبینێ یان پێی نیشاندەدرێ، ئەمیش بەشێکە لە 46 بەشی پێغەمبەرایەتی))(مالک بن انس(2004)،الموطأ،ص1394)، هەروەها دەفەرموێت ((خەونی باش لە خواوەیە))(علی بن الجعد(1990،مسند،ص237)، کەواتە خەون زۆربەیان ڕاستن و هەڵە ناکەن، تەنها ئەوانە هەڵە دەکەن کە خەونەکان لێک دەدەنەوە(ادونیس(2010)الصوفیة و السریالیة،ص85).

لە هەندێ واتای دیاریکراودا سوریالیەکانیش خەون بەڕاستتر دەزانن لە حاڵەتی ویژدانی بە ئاگابوون، چونکە وێنە خەونییەکان جاری وا هەیە زۆر ڕاستترن لە ڕووداوەکانی بێداری(کامینیۆس(1997)، سوریالیزم،ل43).

(ئەریک فرۆم) دەڵێ خەون ئەو میکرۆسکۆبەیە کە بەهۆیەوە تەماشای شتە ڕێککەوتەکان و ڕووداوە ناواقیعیەکان دەکەین کە بزرن لەناو دەروونماندا، لە خەون دا مرۆڤ پەیوەندی بە جیهانی بزرەوە دەکات، هەموو ڕووداوەکان بەگوێرەی ویستی تاک دەبێ(امین صالح ، السوریالیة2010،ص58-59).

لە بەیاننامەی یەکەمی سوریالی بریتۆن پێناسەی مرۆڤ بە خەوبینینی ڕەها دەکات و دەڵێت: ((کۆی کاتەکانی خەون بینین کەمترنییە لەکۆی کاتەکانی بەئاگایی ، بۆیە زۆر گرنگە ئەم بەشە بزرە بخرێتە بەر تاقیکردنەوە، چونکە جیهان تێکەڵاوە لە دوو دەفر ، یەکێکیان خەونە و ئەویتر بەئاگاییە، هەردووکیان بە بەردەوامی بەندن بەیەکەوە و بەشداری دەکەن لەچڕی یەکتر، بۆیە سوریالییەکان لە زۆربەی ئەو دەقانەی کە نوسیبوویان لە ساڵەکانی سەرەتایدا ئەو خەونانەیان دەنوسی کە بەڕاستی بینیبوویان لە خەودا و لە حاڵەتی تردا ، واش تێدەگەیشتن کە خەون خاڵی دەستپێکردنی دەقە))(امین صالح ، السوریالیة2010،ص61و66).

لە هەندێک خەوندا ئەو شتانە دێنە ناو دڵەوە کە لە داهاتوودا دێنە کایەوە یان لە ڕابردوودا هەبوون بەبێ وەرگرتن و پشت بەستن بە هەستەوەرەکان(ابو حامد محمد(ب.ت)،احیاء علوم الدین،ص21/3)، زۆرجاریش ڕاستییە کان جۆرەکانی سۆزی خۆیان دەخەنە سەر مرۆڤ بەشێوازی جۆراوجۆر، وەک

ناردنی (ئەمن) ئاسایش لەشێوەی خەووبردنەوە (النعاس) بۆ سەر پیاوچاکان و دەرخستنی گەوهەری ڕووداوەکان بۆ خاوەن دڵ و ئاشکراکردنەکان لە کانگای بۆرژان، کە زۆربەیان دەکەونە نێوان خەون و بەئاگایی(نظام الدين حسن(146هـ)،غرائب،ص296/2).

هەندێ شت لە خەودا بۆ کەسەکان دەردەکەوێت، کە لەوانەیە لە واقیع و بێداری هەمان شت دووبارە ببنەوە، ئەگەر خەون بەم جۆرە بوو دەوترێ ئەوانە خەونەکانیان وەک بەئاگایی وایە، (اسماعيل حقي(ت1127هـ)،روح البيان،ص61/4).

**4. خەیاڵ**

وەهم و خەیاڵ لەلای سوریالیەکان بەقەدەر جیهانی بێداری و عەقڵ و واقیع بەهاو گرنگی هەیە، ئامرازێکە بۆ مەعریفە و دۆزینەوەی ڕاستییەکان و دەربڕینی ئیستاتیکی(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل264-265)، بۆیە وەهم و خەیاڵ بە خاڵی سەرەتا دادەنرێ لەلای سوریالیەکان، زۆریان پێ خۆشبوو شتێک بێننە کایەوە کە مرۆڤ پێی نا ئاشنابێ، بۆیە چەند وێنەیەکیان بەیەکەوە دەبەست کە دژی لۆژیک و عەقڵ بن، دەیانویست بەم کارەیان مرۆڤ ئازادبکەن(www.khatab38.wordpress.com).

هەندێ جار فانتازیا لەگەڵ خەیاڵ و وڕێنەو وەهم یەک دەگرن و ڕێگا بۆ (نەست) خۆش دەکەن، ئینجا لە کاتی وەهم و وڕێنەدا دەرفەت لە بێئاگایی هۆش وەردەگرن، لە هۆش دەرباز دەبن بەرەو نادیار(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،بەرەو ئاستانە،ل64)، ئەوکات شتی زۆر جوان جوان دێتە کایەوە، چونکە هێزی خەیاڵ هەر چەند بوێرانەتر بتوانێ بەناو ڕۆح و زیهندا ئازادانە قووڵ ببێتەوە جوانتر واقیعی ژیانی مرۆڤ ڕوون دەکاتەوە(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،بەرەو ئاستانە،ل65).

خەیاڵ لای (ابن عربی) ئەو شتەیە کە وێنەی لە وانەکان قبووڵ دەکاو قبوڵی وێناکردنی هەموو ئەو شتانەش دەکات کە تا ئێستا بونیان نییە، بۆیە لە هەموو بونەوەرەکان فراوانتر و تەواوترە، لەگەڵ ئەوەشدا لە جووڵەی بەردەوام دایە لەنێوان بوون و نەبوون(ادونيس(2010)الصوفية و السريالية،ص76-77)، کەواتە هەرشتێک دەرکەوتنی مەحاڵ بێت لە خەیاڵ دەکرێ دەربکەوێ، بۆیە خەیاڵ پێوەری زانیاریەکانە، هەرکەس خەیاڵ و پلەکانی نەناسێ زانیاری باشی نابێ، لەناو خەیاڵدا شتە سەیروسەمەرەکان هەرگیز کۆتاییان نایە، کەواتە خەیاڵ ڕوناکیە هەرگیز تێکناچێ و حەقەو هەرگیز هەڵە ناکات، هەڵە تەنها لە عەقڵە(ادونيس(2010)الصوفية و السريالية،ص78-80)، هەر لەبەر ئەوەیە شاعیر

هـەوڵ دەدا بـەهێز و توانـای خـەیاڵ بگاتـە شـتە بزرەکـان (مجهـول) بـۆ بینینـی ئەوانـەی نـابینرێن نابیسترێن.

خـەیاڵ لـەلای (بـۆدلێر) هـەموو پیوەندییـە دوورەکـان دەپـارێزێ و لەگـەڵ ئـەو توانـا بـەرزەی کـە بەهۆیـەوە داهێنـەر بنیات دەنـێ و گـەردوون دەپـارێزێ، کەواتـە خـەیاڵ لـەلای ئـەو جیهـان دادەهێنـێ و فەرمان ڕەوایشی دەکات، بۆیە (والاس ڤاولی) دەڵێت: ((خەیاڵ ئەو هێزەیە کە بەقوڵایدا دەچێتە خـوارێ بۆ دۆزینـەوەی ئـەو بـاوەڕەی کە بـاوەڕی بـە یـەکێتی گـەردوون هەیـە، کەواتـە خـەیاڵ ئـەم هێزەیـە کـە توانـای هەیـە هـەموو توانـا نەسـتیەکان بـوروژێنێ ئەوانـەی چیرۆکـی ئـەو بـاوەڕە دەگێڕنـەوە و شـتە بڤەکانیش ببڕێ ڕێگامان پێبدات بچینە ئـەو شـوێنانەی کـە نـاتوانرێ بچینـە نـاوی، تـەنها بـە هاوڕێیـەتی خەیاڵ نەبێت، هەندێکیش دەڵێن زۆر خەیاڵ کردن وادەکات بە قووڵی لـە واقیـع بگـەین و بگەینـە ئـەودیو واقیع، بەهۆیەوە دەگەینە نەزانراوەکان ))(امین صالح ، السوريالية2010،ص55-56).

کەواتـە پرۆسـەی نوسـینی شـیعر لـە حاڵـەتی نائاگاییدا ئـەو وێنانـە دەگرێتـەوە کـەوا بـەر خـەیاڵ و زەین روونـی دەکـەون، تەتەڵـە کردنیشـیان مانـای گەڕانەوەیانـە بۆ پلـەی سـفر و پێش نوسـین بەمـەش پرۆسـەی نوسین لەساتی قەڵەم گرتنە دەست و ریزکردنـی وشـە لـە رووی کاغـەزدا دوای ساتەوەختی روونکردنـەوەی وێنـەو وشـەیە لەسـەر شاشـەی خەیاڵدا، هـەر لـەم روانگەیەشـەوە داکـۆکی لـە ئـازادی زمان دەکەین(عبدالمطلب عبدالله(1998)،پرۆسەی نوسینی شیعر،ل10).

ئەوتا بریتۆن دەڵێ : من تەنها خۆم تەسلیمی خەیاڵ دەکەم بـەبێ تـرس لـە هەڵـە، لـەلای (ئیلوار)یش خەیاڵ درۆناکا و تێکەڵیش نابێ لەگەڵ ئەو شتانەی دەبن یـان بـوون، (ئـەراگۆن)یش دەڵـێ خـەیاڵ تـەنها خۆی خەریکی کارە و چاوەکانی شاعیران و هونەرمەندانی سوریالی دەست کێش دەکاو لێشـاوی ئـەو وێنانەیان دەداتێ کە کۆتاییان (امین صالح ، السوريالية2010،ص57).

**5. هەڵکەوت**

هەڵکـەوت ڕۆڵێکـی بنچینـەی هەیـە کـە هـەرگیز پشـتگوێ نـاخرێ ، چونکـە هـەر ئەدەبـە بەیـەک گەیشتەوەکان ڕێک دەخاو، بڕیاری چالاکی و کردارەکان دەدا، نـە کـەس و نـە هـیچ شـتێک نـاتوانێ کـار لـە ئیشـەکانی بکـات و ڕای بگـرێ(امـین صـالح ، السـوريالية2010،ص68)، بۆیـە ئەنـدرێ بریتـۆن گرنگییـەکی تـەواوی دەدایـە ڕێکـەوت و رووداوە کتوپڕەکـان و واتایـەکی قووڵیشـی بـۆ دەدۆزیـەوە لـەو دیـوی

ڕێکەوتی لۆژیکی(کامینیۆس(1997)، سوریالیزم،ل44)، لە نوسەری ئەمریکی (مارک توین) پرسیارکرا : کێ گەورەترین داهێنەرە؟ وەڵامی دایەوە (هەڵکەوت)، بۆیە سوریالیەکان باوەڕیان وابوو زۆر ڕووداوی دەرەکی هەیە لەژێر دەسەڵاتی عەقڵ دەردەچێ و هەموو ڕووداوەکانیش لێکدانەوەی لۆژیک و عەقڵانی نییە، واقیعی ڕاستی ڕێکوپێک و لۆژیکی نییە، وەک بیرەوەریەکان و هەڵکەوتەکان و پێشبینی نەکراوەکان و توخمەکانی سەروو سروشت، بەڵام کاریگەریان لەسەر چالاکی مرۆڤەکان هەیەو دەیانجوڵێنن هەر لەبەر ئەوەشە خەڵک لەو ڕووداوانەی ڕۆژانە ناگەن کە ڕوودەدەن بەهۆی زنجیرەیەک هۆ کە نهێنیەکانیان نازانرێ ، ئەم هۆیانەش هیچ لۆژیکێکیان نییە(امین صالح ، السوریالیة2010،ص67-68)، هەر لەبەر ئەوەش بوو سوریالیەکان باوەڕیان بە هەڵکەوت (صدفه) هەبوو وەک هێزێکی تەواوی بوون لە کرداری داهێنان(امین صالح ، السوریالیة2010،ص69)، چونکە ڕێکەوت و سەرسوڕمان لە وێنەی نوێ، یان پێکداچوونی نوێی وێنەکانەوە دروستدەبن، کە شتێکی لە هێکڕایە، نابەوە و ناماقووڵە پڕاوپڕە لە جیاوازی و دژیەک و گاڵتەبازی، گاڵتەجاڕە و منداڵانەیە(لوقمان باپیر(2013)، سوریالیزم و زمان،ل25).

### 6. شێتی :

دنیای شێتایەتی زەمینەیەکی یەکجار گرنگی خوێندنەوە و توێژینەوەیە(عوسمان حمد(د)(2015)، ڕۆڵی گروپی وێران، ل24)،سوریالیزم گرنگی زۆریاندا بەلایەنە نهێنی و فەرامۆشکراوەکانی مرۆڤ و قووڵ بوونەوە بەناخیدا و گەڕان بەناو کۆڵانە تاریک و سامناکەکان، هەموو وڕێنەی شێتەکان و نەخۆشە دەروونییەکنیان تۆماردەکرد بەتایبەتی شێتی(ئەحمەد مەحموود(2013)،سوریالیزم لە شیعر،ل68-69)، کە ((دەبێتە دەربڕینێکی سوود بەخش ئەو (سوپەر واقیعە)، یان هەرشتێک کە ئازادبێت لەو کۆسپانەی کە کۆمەڵگا دروستیان دەکات))(محمد کاکەیی(1997)،سوریالیزم،ل44).

بریتۆن دەیگوت خەیاڵ ئەو شتەیە کە دەبێ بە حەقیقەت و شێتیەتیش هێزێکی لەبن نەهاتوی مرۆڤە کە یارمەتی دەدات لەدەست ئازار ڕابکات ، جارێکیان بریتۆن سەربازێکی بینی کە بەهۆی کارەساتەکانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە شێت بوو بوو وای دەردەبڕی کە جەنگەکەو کارەساتەکانی یارییەکی کۆمۆفلاجییە و برینداران و کوژراوانی جەنگ ماکیاج کارییەو بۆمباکان ئەکسسوارن و جەنگەکە هەموی نواندنێکە لەنێوانی دووتیپی شانۆییدا کە پێشتر ڕێکەوتون ئەو کارانە لەسەر شانۆ

وەکو گەمەیەکی چاو بەست و چەواشەکاری ئەنجام بدەن(لەتیف هەڵمەت(2010)، لە دادایزمەوە تاوەکو، ل6).

بریتۆن لە ئەزمونی ئەم شێتەوە دەیگوت شێتێتی چارەسەری هەمیشەیی و هێورکەرەوی هەمشیەیی حەقیقەتە پڕ ئازارەکانە ئەمەش ئەوپەڕی خەیاڵ بوو خەیاڵیش لەلای سوریالیزمییەکان پنتی دەستپێکی سوریالییەت بوو(لەتیف هەڵمەت(2010)، لە دادایزمەوە تاوەکو، ل6)، چونکە لە شێتیدا هەموو وێنە دژوار و ناعەقڵانیەتییەکان بەیەکەوە جوانی سەرسوڕهێنەر دروست دەکەن(ئەحمەد مەحموود(2013)،سوریالیزم لە شیعر،ل70).

هەر لەبەر گرنگی شێتیەتییە ئەفلاتون دەڵێت: ئەگەر یەکێک تووشی شێتی بوو پێویستە نەخرێتە بەرچاوی دانیشتوانی شار ، بەڵکو پێویستە لەسەر کەسوکاری ئەو کەسە بەباشترین شێوەی زانراو بە چاودێریکردنی هەڵبستن، ئەگەر کەمتەرخەمیشیان لێوە دەرکەوت، دەبێ غەرامە بدەن (خەسرەو میراودەلی(2006)،تێڕوانینی فەلسەفی،ل41).

زۆرجار شێتی کار لە خەیاڵ دەکات و خۆراک دەداتە چالاکی شیعری و داهێنان لە کارە هونەریەکان ئەنجام دەدات، شێتی هێزێکی کپکراوی ئازارکێشی ناوەوەیە کە پڕ لە واتایەو پڕە لە فەوزا، چونکە شێتی سنورێکی دیاریکراوی دیارنییە لەنێوان حاڵەتی داهێنانی شیعری و حاڵەتی شێتی لەبەر ئەوەی هەردوو حاڵەتەکە بەیەکەوە بەندن(امین صالح ، السوريالية2010،ص74).

کەواتە شێتی دەبێتە هۆی دەربڕینێکی سوودبەخشی (سوپەر واقیع)، یان دەبێتە هۆی ئازادی لەو کۆسپانەی کە کۆمەڵگا دروستیان دەکات، هەر لەبەر ئەم گرنگی پێدانە باشترین چیرۆکی ئەندرێ بریتۆن" Nadja "لەسەر بابەتی شێتی نووسراوە و ئەم نووسەرەش شانبەشانی Eluard لە بەرهەمی (پاکیزە کۆنسێپسن) وەک فۆرمی شیعری پێشنیاری دروستکردنەوەی وڕێنەی شێتە جۆراوجۆرەکان دەکات بەواتایەکی تر، سوریالیەکان بەدووای ژیانێک دەگەڕێن کە زۆر جودابێت لە ژیانی ئاسایی و هەوڵی ئەوە دەدەن ژیانێکی (سوپەر واقیع) دابین بکەن (ژیان بگۆڕن) (کامینیۆس(1997)، سوریالیزم،ل44).

**تەوەری دووەم : وێنەی سوریالی**

هەموو دەقێکی سوریالی پێکدێت لە کۆمەڵێک وێنە، هەر وەک (Max Ernst)لە collages)) دا کردوویەتی، چونکە فاکتەرە جیاوازەکان ، یەکەیەک پێکناهێنن، بەڵکو هەر یەکێکیان رووبەرووی ئەوی تر دەبێتەوە و لە ئەنجامدا رووبەرووبوونەوەیەک لەگەڵ بینەردا دروستدەکات(کامینێوس(1997)، سوریالیزم،ل45)، وێنەکانی سوریالی هەرگیز وەک وێنەیەکی ڕێکوپێک دەرناکەون، چونکە وێنەی سوریالی زمانێکە لە ژێرەوەی وشیارییە، کە پێویستە وشیاری فێربێ چۆن کۆدەکانی ئەو زمانە بکاتەوە تا لە توانایدابێ تەرجەمەی بکا بۆ زمانی خۆی کە لە وشەکان پێکهاتووە، لەبەر ئەوەی وێنەی سوریالی پڕاوپڕە لە سەیرو سەمەرەیی و لێکهەڵوەشان و دژیەکی و تەمومژ(لوقمان باپیر(2013)، سوریالیزم و زمان،ل23).

وێنەی سوریالی هەوڵدەدات گشت ئیدراکەکانی جەستەیی یەک بگرن لەگەڵ ئیدراکەکانی عەقڵ، هەر لەبەر ئەوەشە بەرەنگاری هونەری ئەبستراک دەبێتەوە کە مامەڵە لەگەڵ هەندێ واقیعدا دەکات زۆر دوورە لەم ئیدراکانە، لەبەر ئەم مەبەستە بەرهەمەکانی Miro ، یان Tanguy، کە (وێنە دەکێشن وەک چۆن خەو دەبینن) بریتیە لە جیهانێکی یاسایی جیاواز لە یاساکانی ئێمە(کامینێوس(1997)، سوریالیزم،ل45)، وێنە دووبارە پێکبەستنەوەی دنیایە لەو پارچە هەبووانەی خۆی ، بەلام بەپێی ئالیەتێکی نوێی ئازاد، هیچ ڕەقیب و چاودێرێک نەناسێ، بە خوایشێکی ڕەها دێتەوە، ڕێگە بۆ هەمە جۆری سەمەرە خۆشدەکات کەواتە دەکرێ وێنە بەزۆر یان بە ناچاری خۆی دەرخات(لوقمان باپیر(2013)، سوریالیزم و زمان،ل23)، چونکە وێنەکانی سوریالی لە کۆتوبەندە لۆژیکی و عەقڵیەکان دەردەچن و بەرەو نالۆژیکی دەچن پەیوەندیەکانیان ڕەهەندێکی دیکە وەردەگرن، چونکە کاریگەرترین وێنە ئەو وێنەیەیە کە پلەی هەرە بالای هەڕەمەکی بێت، دوور لە هاوبەندی سروشتی، بەهۆی ئەو نالۆژیکیەوە، شتە ئاساییەکان تا سنووری نامۆیی و سەرسوڕمان دەڕۆن(لوقمان باپیر(2013)، سوریالیزم و زمان،ل23-25)، بەم جۆرە هەموو وێنە بینراوە ڕاستەقینەکان داخان دەبن، یاخود سەرەو قوڵپ دەبنەوە، بەو بیانووەی کە لە ڕووانگای بێ ئاگاییەوە بۆ کارە هونەریەکان دەچن(معتصم ساڵەیی(1988)، سوریالیزم،ل127)، چونکە وێنەی سوریالی وەک وێنەی (ئەفیون) وایە مرۆڤ دروستی ناکات، بەڵام بۆخۆی لە خۆوە بە توندی دێت(اندریة بروتون(1978) ، بیانات السوریالیة،ص55).

کەواتە وێنەی سوریالی ئەرکی خستنەڕووی شتە باوەکان نییە لە ڕوانگەیەکی نوێوە، یان لە ڕوانگەیەکی نائاساییەوە، بەڵکو ئەرکی وێنەی سوریالی ئاشکرا کردن و دۆزینەوەی ئەو شتانەیە کە پێشتر بینراو نەبوون، بەمەش هاوسەنگیەکی ورد دروستدەکات لەنێوان عەقڵی و نا عەقڵی، لەنێوان لۆژیک و نا لۆژیک، کە لە پێکهاتەکەی وێنەی شیعری دەردەکەوێ، کە ئەویش بە ڕۆڵی خۆی توانای ئەوەی هەیە بەشێوەیەکی هەستپێکراو واقیع بگوازێتەوە(لوقمان باپیر(2013)، سوریالیزم و زمان،ل24)، لە وێنەی سوریالیدا کاتێک پاشەکەوتکراوی سەر شاشەی یادگار دەدەینە بەر تێڕوانینی خەیاڵیینانەوە هەموو ئەو خەسڵەت و سیفەتانەی کە پێشتر لەسەری گونجاو بوون سەرەولێژ دەکرێت و دوور دەخرێتەوەو سەر لەنوێ دەگەڕێتەوە پلەی سفر، بەمەش بێ بەری بوونی خۆی لە هەموو مانایەکی پێشو رادەگەیەنێت و بەتەواوی دەسەڵاتی خۆی دوور لە دەسەڵاتی (زمان) و دەسەڵاتی (نوسەر) پیادە دەکات. (عبدالمطلب عبدالله(1998)،پرۆسەی نوسینی شیعر،ل10).

وێنەی سوریالی تەنیا وەک سەرچاوەیەکی چێژی ئیستاتیکی سەیری ناکرێ، بەڵکو دەبێتە هۆکارێکی نوێ بۆ مەعریفەی میتافیزیکی، وێنە ڕسکانی - انطباع – بینین دروستدەکا، کە لە ڕێگەی ئەوەوە وەرگر دەتوانێ ئەو شتانە ببینێ کە نابینرێن(لوقمان باپیر(2013)، سوریالیزم و زمان،ل24)، هەر لەبەر ئەمەیە هونەرمەندە سوریالیستەکان گەڕانەوە سەر زمانی وێنەیی (شێوازی نیگارکێشانی دیار و بەرجەستە)، بایەخی زیادیان بەلایەنی ناواقیعیانە (سەروو یان بەدەر لە واقیع)ی وێنەو فۆرمەکان دەدا، بۆ یەکەم جاریش کەوتنە پیشاندانی وێنە (راستەکانی) خەون، لەو کاتەی کە خەون تەنیا مۆڵکی تایبەتی دنیای تاکە کەسان بوو، ئەم ڕەوتە سوریالیستە ڕێی بەرەو رەنگکردنی تەکنیکی دەدا، کە ئەمەش شێوازێکە نەست رەها دەکات بۆ دەرهاوێشتنی هەستگەلێکی نوێ و نا (باو) بۆ بینەران، بەم پێیە چەمکی زەمان و مەودا (الزمن و المسافە) بوونە دوو چەمکی کەسی و ڕێژەیی(تاریق کارێزی(1997)،ڕێبازە نوێیەکان،ل41).

وێنەی سوریالی شتی ڕاستەقینە و نموونەیەکی هەڵنەبژێردراو ناخاتەڕوو، بەڵکو شتێکمان دەخاتە بەرچاو کە پێشتر هەرگیز نەماندیوە، تەنانەت خودی ئەفرێنەری وێنەکەش نەیدوە، وێنەکەش بریتییە لە هونەری سەرکەشی، چونکە سوریالیزم بەهۆی وێنەی سوریالیەوە هەوڵدەدا نکاوییەک بۆ خوێنەر دروستبکاو تووشی سەرسوڕمانی بکات، بۆیە بەهاو گرنگیەکی زۆر بە وێنەکانیان دەبەخشن، بریتۆن

پێیوایە ژمارەیەکی یەکجار زۆری لەبن نەهاتووی وێنەی سوریالی هەیە، بەهێزترینیان ئەوانەن کە پلەیەکی بەرزی خۆکاویان (اعتباط) تێداییە و کاتێکی زۆریشی دەوێ تاکو بکرێتە زمانێکی پراکتیکی.

ئەراگۆن دەڵێ: ((سوریالیزم بەکارهێنانێکی تایبەتی وێنەیە، یان ئەو وروژاندنی خودی وێنەیە، لەو حاڵەتە هەیولاییانەی کە وێنەکە سروشی دەکا. هەر وێنەیەک لە هەر چرکەیەک، وامان لێدەکا کە دووبارە بە تێڕوانینی هەموو گەردووندا بچینەوە))(لوقمان باپیر(2013)، سوریالیزم و زمان،ل27).

# بەشی دووەم: سەرهەڵدانی سوریالیزم و هۆکارەکانی لە ڕۆژئاوا و لە باشوری کوردستان

پاری یەکەم: سەرهەڵدانی سوریالیزم لە ڕۆژئاوا
پاری دووەم: سەرهەڵدانی سوریالیزم لە باشوری کوردستان
پاری سێیەم: چیرۆکی هونەری کوردی و ڕەنگدانەوەی سوریالیزم

## بەشی دووەم: سەرهەڵدانی سوریالیزم و هۆکارەکانی لە ڕۆژئاوا و باشوری کوردستان

ئەم پارە سەرهەڵدانی سوریالیزم و هۆکارەکانی لە ئەوروپا و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی لە وڵاتانی تر دەخاتە ڕوو.

**پاری یەکەم : سەرهەڵدانی سوریالیزم لە ڕۆژئاوا**

**تەوەری یەکەم : هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سوریالیزم**

کۆمەڵگە و ژینگەو مێژوو (سەردەم) هەمیشە کاریگەریی زۆر گەورەیان هەبووە لەسەر دەرکەوتنی ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەکان، سوریالیزمیش یەکێکە لەو ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییانەی لەناو ئەدەبی ئەوروپی سەریهەڵدا، بۆیە ئەویش کاریگەری دەوروبەر و کۆمەڵگای ئەوروپای لەسەرە، ئەمە جگە لە کاریگەری چەند ڕووداوێک و چەند ڕێبازێکی ئەدەبی تر و چەند کەسایەتییەکی ئەدەبی و هونەری و زانستی، جا بابزانین ئەم ڕێبازە چۆن سەریهەڵداوە؟

**یەکەم : کاریگەری کەسایەتییەکان :**

زۆر کەسایەتی هەن بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەریان بەسەر سوریالیزمەوە هەبووە هەریەکە و بەشێوازێک لە شێوازەکان، لەم بارەیەوە (ئەندریە بریتۆن) دەڵێ مەرج نییە شاعیر لە سەردەمی سوریالیزمدا ژیابێت، بەڵکو سوریالیزم سێبەری هەموو سەردەمێکە، بۆیە توخم و گەرای دیدی سوریالیزم لەناو دید و بەرهەمی زۆربەی هونەرمەندانی پێش سوریالیزم بەدی دەکرێن، بەڵام نەکراوەتە میتۆدێکی سوریالیستی(میشیل کاروج(1973)، اندریة بروتون و....،ص43-44)، ئەمەش چەند کەسایەتییەکن کە کاریگەریان هەبووە لە سەرهەڵدانی سوریالیزم :

ـ لەساڵی 1855 بەرهەمەکانی (ئەدگار ئالان پۆ) لەلایەن (بۆدلێر)ەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەرەنسی(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل237)، ئەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری هەبووە لەسەر سوریالییەکان.

ـ زۆرجار (بریتۆن و لۆتریامۆن) رامبۆ و ئەپۆلێنێر و تەنانەت ڤیکتۆر هۆگۆشیان لەهەندێ بارودۆخدا بە سوریالیزم ناودەبرد(لەتیف هەڵمەت(2010)، لە دادایزمەوە تاوەکو، ل6).

بۆدلێر دەڵێت: ((من لێکچوون و پەیوەستەگی تونددوتۆڵ لەنێوانی ڕەنگ و دەنگ و بۆن و بەرامەدا بەدیی دەکەم و وای بۆ دەچم هەموو ئەم شتانە زادەی یەک پرشنگن و پێویستە لە سرودێکی سەرسوڕهێنی ئاواز تەبادا بەرجەستە بکرێن))(لەتیف هەڵمەت(2010 ، ل6).

ـ بریتۆن دەڵێت من سوریالیەت لە لای (دانتی، شکسپیر، یۆنگ، سویفت، ساد، شاتۆبریان، راب، بۆدلێر، ڕامبۆ، مالارمیە) دەبینم(فردینان آلیکة(1978)فلسفة السريالية،ص50)، ئەمە لەبەر ئەوە بووە شێوازی سوریالی لەناو شیعرەکانیان ڕەنگی داوەتەوە.

ـ یەکێکی تر لەو کەسایەتییانەی کاریگەرییان لەسەر سوریالیەکان هەبووە (مارکیس دی ساد)ە، کە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر سەردەمەکەی خۆی هەبووە و ڕەچەشکێن بووە(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل18).

ـ دەرکەوتنی زانای ئەڵمانی (ئەلبێرت ئەنشتاین) لە ساڵی 1905، کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر هاتنەکایەیی سوریالیزم ، چونکە ئەم زانایە (تیۆری نیسبیەت)ی داهێنا، بەپێی ئەم تیۆرە کات و شوێن و گەلێ دیاردەی تری ڕۆژانە ڕێژەیی و ڕەها نین، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گەلێ بیرو باوەڕی چەسپاوی کۆن بگۆڕدرێ(معتصم سالەیی(1988)، سوریالیزم،ل126).

ـ کاریگەریی شاعیر و نوسەر (جیرار دو نیرڤال)، ئەم شاعیرە زۆر کاریگەری لەسەر سوریالیزمەکان داناوە بەهۆی شیعرەکانی و هەڵسوکەوتەکانییەوە ، چونکە ئەم شاعیرە جیهانێکی سەروو واقیعی بۆ خۆی دروست کردبوو، لەم جیهانە واقعیەی ئێمەدا نەدەژیا (حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل18).

ـ ئاپۆلینەر (guilanme apolinaire) پێشەوای زۆر لە شێوازە ئەدەبیە نوێیەکانی فەرەنسایە و بەڕابەری سوریالیەکانیش دادەنرێ(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل245)، چونکە هەوڵیدا شیعر لە چوارچێوەی ڕۆمانسیزم و سمبولیزم رزگار بکات، ئەویش بەهۆی سڕینەوەی هەر جۆرە پەیوەندیەکی مەنتیقی لە نێوان ڕستەکان و وشەکاندا (حسن هنرمندي(د)(1997)،گیووم ئاپۆلینەر،ل41)، هەر ئەویش یەکەم کەس بوو لەساڵی 1917 دا لە کۆنفرانسێک لە بارەی (ڕۆحیانەتی نوێ) و هەروەها لە شانۆنامەیەکی خۆیدا بەناونیشانی (les manelles de Tiresias)وشەی سوریالیزمی بەکارهێنا(Browder(1976),P71)، بەڵام ئەپۆلینێر مەبەستی ئەوە نەبوو ئەم وشەیە بکاتە بناغەی

قوتابخانەیەکی تازە، تەنها ئامانجی ئەوەبوو جۆرە شیعرێکی خەیاڵی و فەنتازی نیشان بدات، دواتریش (بریتۆن و فیلیپ سووپۆ) ئەم زاراوەیەیان لە (ئاپۆلینەر) وەرگرت بۆ ئەوەی بەکاری بهێنن بۆ چالاکی دەروونی و عەقڵی خەون ئاسا(فیلیب سووپۆ(1997)،لە مەیدانە موگناتیسیەکان،ل36-37)، ئامانجیشیان ئەو هەلومەرجانە بوو کە دەرهاویشتەی ململانێکانی نێوان خەون و ڕاستین (Hopkins,David(2004),P18).

ـ لەساڵی 1918 (بریتۆن و لویس ئاراگۆن) لە قاوەخانەی (ڤال – دوو – گراس) جوانیی دیوانە شیعرە ناودارەکەی لۆتەریامۆنیان دۆزیەوە بەناونیشانی گۆرانییەکانی مالدۆرۆر( Les Chants maldoror) و شەیدای بوون(فیلیب سووپۆ(1997)،لە مەیدانە موگناتیسیەکان،ل35)، ئەمەش کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر سوریالیەکان.

ـ (کراڤان و ڤاشێ)یش کاریگەریان لەسەر سوریالیەکان هەبووە بەهۆی شیعرەکانیانەوە کە ڕچەشکێن بوون(هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل227).

ـ لە ساڵی 1922 (رۆبێرت دیسنۆس) چەند تێکستێکی بڵاوکردەوە کە، تیایدا یاری بە وشە کردبوو، بەهەمان شێوەش (مارسیل دوشامپ) لە نیۆیۆرک چەند تێکستێکی بڵاوکردەوە و کتێبەکەی (رایمۆن رووسێل)یش لەلایەن سوریالیستەکانەوە بڵاوکرایەوە(گۆڤاری وەرگێران،ژ.2(1997)،ل31).

ـ فەلسەفەی هێگڵ، کە داوای دەکرد ڕابردوو لەناو ببرێت بۆ ئەوەی داهاتوویەکی خۆش و شاد لەشوێنی دروست بکرێت بۆ بیناکردنی ژیانێکی بەختەوەرو تازە، دواتریش فەلسەفەی کارل مارکس، کە داوای ڕووخانی ڕژێمی سەرمایەداری دەکرد تا لەجێگەکەی ڕژێمێکی سۆشیالیستی و یەکسانی بنیات بنرێ(سالم احمد الحمداني (د)1989، مذاهب الأدب..،ص317-318).

ـ رامبۆ یەکەم کەس بوو شێوە گوزارشتێکی هێنایە کایەوە، کە جیابوو لە گوزارشتە سواوەکانی پێش خۆی، شیعرەکانیشی شۆڕشێکی گەورەبوون لەسەر پەرناسەکان و ڕەمزییەکان و سوریالیزمەکان(ئەحمەد مەحموود(2013)،سوریالیزم لە شیعر،ل31)، هەر لەبەر ئەوە سوریالیستەکان، (ڕامبۆ و لۆتریامۆن)یان بە باپیرە گەورەی خۆیان دەزانن، چونکە شێتی و سەرکێشی لەلای ئەم دوو نوسەرە، ببوونە سەرچاوە(فەرهاد پیربال(د)(2009)، ،ل228).

ـ له سالّى 1921 بريتۆن فرۆيد دەبينێت و بە تێروتەسەلی و بە قوولّی گفتووگۆ دەکەن(گۆڤاری وەرگێران،ژ.2(1997)،ل31)، ئەمەش زۆر كاریگەری هەبوو لەسەر هەڵسوكەوت و بیركردنەوەی سورياليیەكان، جگە لەمەش، بریتۆن پێشتر نوسراوەكانی فرۆیدی خوێندبۆوە و، ((هۆگری كردارە ناوبژیكەرەكان لە (بانگكردنی رۆحەكان) دەبێ. هەروەها دواتر سەبارەت بە زانیارییە شاراوەكان و غەیب دیتن مەیلێكی زۆر پیشاندەدات))(فیلیب سووپۆ(1997)،لە مەیدانە موگناتیسیەكان،ل35).

فیلیب سووپۆ كە كەسێكی دادایی بوو تا سالّی 1920، لە سالّی 1919دا بە هاوكاری (ئەندرێ بریتۆن و ئاراگۆن) ویستیان گۆڤارێكی وروژێنەر دەربكەن، پاشان بە پێشنیازی (پۆل ڤالێری) گۆڤاری (Littarature) یان دامەزراند كە مەبەستیان هاودژەكەی بوو(فیلیب سووپۆ(1997)،لە مەیدانە موگناتیسیەكان،ل33)، لە ژمارەی یەكەمیدا ئەزموونە شیعرییە هاوبەشەكەی ئەندرێ بریتۆن و فیلیپ سووپۆ بە ناونیشانی (مەیدانە موگناتیسیەكان) بەنوسینی ئۆتۆماتیكی بڵاوكرایەوە(مهتاب نسائی(1387) تـأثیر..،ص127)، ئەم دوو ڕووداوە دەبنە سەرەتا بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی سوریالیزم(فیلیب سووپۆ(1997)،لە مەیدانە موگناتیسیەكان،ل33)، ئەم گۆڤارە تا سالّی 1924 لە دەرچوون بەردەوام بوو كاتێك گۆڕدرا بە (شۆڕشی سوریالی)(امین صالح ، السوریالیة2010،ص18)، لە هەمان ساڵیشدا (بریتۆن) هێزو جوانیی (نوسینی ئۆتۆماتیكی – الكتابە التلقائیە) دۆزییەوە(گۆڤاری وەرگێران،ژ.2(1997)،ل30)، دواتر لە سالّی 1920 گۆڤاری ئەدەبیات لەلایەن تریستیان تزاراوە پێشوازیەكی گەرمی لێكرا (گۆڤاری وەرگێران،ژ.2(1997)،ل31).

لەبەر ئەوەی سوریالیزم لەسەر بنەمای تیۆری (سیگمۆند فرۆید) دامەزراوە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە عەقڵی نادیار و نەستەوە هەیە(Hopkins,David(2004),P18)، بۆیە گرنگترین كەسایەتی كە كاریگەری زۆر گەورەیان هەبووە لەسەر سوریالییەكان كەسایەتی (فرۆید)ە، كە باوەڕی بە بوونی نەستی تاك (لاشعور شخصی) هەبوو وای دادەنا خەون مەبەستی جێبەجێكردنی ئارەزووەكانی مرۆڤە(فروید(1962)،تفسیر الاحلام،ص47)، ڕونیشی كردبۆوە كە كار و كردەوەی مرۆڤەكان لەژێر ووزەی بیرە نەستیەكان ئاراستە وەردەگرن نەك لەژێر كاریگەری هەستەكانی ئاگایی(ناڵە حەسەن(2009)، سوریالیزم و فرۆید،ل12)، هەر لەبەر ئەوەیە بریتۆن (Breton) دەڵێ: ئێمە دەبێ زۆر سوپاسی (Freud) بكەین(اندریة بروتون(1978) ، بیانات السوریالیة،ص225)، چونكە زۆر سوودی بە ئێمە

گەیاندووە و زۆر بابەتمان لە زانستی دەروونناسی لێ وەرگرتوە، وەک (گرێی ئۆدیب) و گرێی ئێلکترا و نەرجسیەت و سادیزم، کە ئەمانە گوزارشت لە باری دەروونی ئاڵۆز دەکەن، دواتر ئەمانە بوونە مایەی داهێنانی سوریالیستی و شاکاری نایاب(ئەحمەد مەحموود(2013)،سوریالیزم لە شیعر،ل28).

(فرۆید و یۆنگ) کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر سوریالیەکان هەبووە، چونکە باوەڕیان وابوو "نەست" چالاک دەمێنێتەوە لەکاتی خەودا لە فۆڕمی خەوندا خۆی ئاشکرا دەکات و لە شێوەی هێماکان دەردەکەوێت(کارل یونغ(1997)،جدلیة الانا،ص12)، ئەمانە هەموویان کاریان کردە سەر سوریالییەکان، کە دواتر سودێکی زۆریان لە تیۆرییەکانی فرۆید و فەلسەفە دژە عەقڵیەکەی برگسۆن وەرگرت، کە لە ((لای ئەوان (سەرووی واقیع) واتە (ناهۆشیاری) و (خەون) : چرکە ساتێکی ئیلهام بەخشی ئەوتۆیە کە ناکۆکییەکان ونزیکایەتییەکانی نێوان خەون و واقیع دەسڕێنێتەوە : هونەر دروست دەکات ، بریتۆن ئەم فەلسەفەی لە ساڵی 1930 ، لە مانیفێستی دووەمی سوریالیزمدا زۆر بە ئاشکرا بەیان کردووە))(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل228)، بۆیە سوریالییەکان گرنگیەکی زۆریان بەلایەنی نەست و شوێنە نادیارەکاندا لە ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤدا، بە کاریگەری جەنگیش بوونە دژی دابونەریتەکانی کۆمەڵ، لەبەر ئەوە دەستیان کرد بە گەڕان بۆ دۆزینەوەی عەقڵی بزر لەناو جیهانی نەستدا(شکری عیاد(د)(1993)، المذاهب الادبیة، ص185)، هەر لەبەر ئەمانەیە لویس ئاراگۆن وای دەبینی کە ((لەو لای دنیای واقیعی ئێمەدا ، پەیوەندی گەلێکی دیکە هەن کە زیهنی بێدار بە ئاسانییەوە دەتوانێ دەرکیان پێ بکات. بایەخی ئەم پەیوەندیانەش هیچیان کەمتر نییە لەو واقیعەی کە لە دەرەوەیە))(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل230).

**دووەم : کاریگەری چەند بزاڤ و ڕێبازێک :**

زۆربەی بزاڤ و ڕێبازەکانی پێش سوریالیزم کاریگەری بەهێزیان هەبووە لەسەر دەرکەوتنی ئەم ڕێبازە، لەوانە :

- بزاڤی (مانرزم) (mannerism)، کە هەندێک لە توێژەران واتێدەگەن (مانرزم) دیدێکی سوریالی هەبوو بە تایبەتی دوای تاڵانکردنی ڕۆما(ارنولد هاورز(1984)،الفن و المجتمع،ص399)، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی سوریالیەکان چاوی لێبکەن.

ـ هێندێک لە توێژەران دەڵێن سوریالیزم خۆی درێژکراوەیەکی قوڵتر و بەهێزتری ڕۆمانسیە(شکری عیاد(د)(1993)، المذاهب الادبیة، ص184)، لەم بارەیەوە فەیلەسوف و زانای ئیستاتیکی ئینگلیزی (هێربێرت رید) دەڵێت: ((رۆمانسیزم ڕێگە خۆشکەرێکی سروشتی سوریالیزم بوو ، چونکە رۆمانسیزم لە واقیعەوە دەست پێدەکات و لە کەش و هەوای خەیاڵدا دەسووڕێتەوە ، ئەو خەیاڵەش جگە لە زاراوەی نوێی (نائاگایی – نەست) شتێکی تر نییە)) (هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل227)، چونکە رۆمانسیەکان لە واقیع ڕایان دەکرد، سوریالیەکانیش وەک ئەوان لە واقیع ڕادەکەن(هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل227).

ـ هەندێکیش لەتوێژەران دەڵێن ڕەمزیەکان ڕێگە خۆشکەربوون بۆ سەرهەڵدانی دادایزم و پاشان سوریالیزم، چونکە هەردووکیان لە هونەرو سیاسەتدا شۆڕشگێڕبوون(لەتیف هەڵمەت(2010)، لە دادایزمەوە تاوەکو، ل6).

ـ یەکێکی تر لەو ڕێبازانەی کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر سەرهەڵدانی سوریالیزم ڕێبازی دادایزمە، کە ئەویش جوڵانەوەیەکی هونەری بوو، کاردانەوە بوو دژی وێرانکاری و ئازارەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و شەرمەزارکردنی ئەم جەنگە، ئەم ڕێبازە کاتێک لە دایک بوو لەنێوان سالانی 1919 - 1920 وەک ئاگر بە ئەڵمانیای ژێر کەوتوو و فەرەنسای بریندار بڵاوبۆوە، دوای وەستانی جەنگەکەش دوولایەنی لەیەکتری جیاواز دەرکەوتن، لایەنی سەکەوتوو کە زۆر هەژار بوون، و لایەنی ژێرکەوتوو کە وەک لایەنی یەکەم لەوپەڕی هەژاریدا دابوون(موریس نادو(1992)، تاریخ السریالیة، ص10)، لەو سەردەمەشدا دورکەوتنەوە لە جیهانی دەرەوە و هەڵاتن بۆ جیهانی ناوەوە لەناو ئەدیب و هونەرمەندان زۆر باوبوو(عزالدین اسماعیل(2004)، ادب وفنونە،ص29-30)، کێشەی نائاشنایی مرۆڤیش لەگەڵ خودی خۆی و کۆمەڵگا حاڵەتێکی تایبەتی مرۆڤی ئەو سەردەمەبووا(اسامة الشمخاني(2006)،طرق علی،ص142)، دەیانەویست مرۆڤایەتی لەکۆتی عەقڵ و مەنتیق و زمان ڕزگار بکەن، بۆیە بەرهەمەکانیان لێڵ و ناڕوون بوو(رضا حسیني(1997)، دادایزم،ل78)، داوای تێکشکانی شێوازە کۆنەکانیان دەکرد لە دەربڕیندا بۆ هێنانەدی شێوازێکی نوێ(سالم احمد الحمداني (د)1989، مذاهب الأدب..،ص16)، هەوڵی لەناوبردنی شیعر و هونەری باویان دەدا، ئەم جوڵانەوەیە لە (زیوریخ) لە سیوسرا لەسەر دەستی کۆمەڵەی (تریستان تزارا و هلسانک و هانس ئارب) دەرکەوت، کە دواتر

جولانەوەکەیان ناونا (دادا)، ئەم داداییانە لە یەکەم بەیان نامەیاندا بانگەشەیان بۆ یاخی بوونی تەواو دەکرد دژی هەموو بەهایەک، و ڕزگاربوون لەهەموو پێوەرەکانی جوانناسی و ڕەوشت و یاساکانی هونەر و ئەدەب، ئەمەش شۆڕشێک بوو دژی هونەر و هەموو ڕێسایەک(تاریق کارێزی(1997)،ڕێبازە نوێیەکان،ل40)، دەیانویست هەموو شتێک بڕوخێنن، و هەموو داب و نەریتێکیش لەناو ببەن ، لۆژیک ڕەتکرایەوە ، چونکە لۆژیک هۆی هەموو شەڕو شۆڕەکان بوو کە (کەمال میراودەلی(1977)،ئیستاتیکا،ل306)، لەساڵی 1920 دا هەڵسووڕێنەرانی ئەم ڕێبازە بە ئاشکرا ڕایەنگەیاند کە ڕێبازی دادا (دژی ئەدەب) و (کۆتای هێنەری ئەدەب)ە، هەروەها لە یەکێک لەو بەیاننامانەیاندا کە بڵاویان کردەوە، بەم جۆرە نووسیان ((دادایی حەقیقەتی ئەوەیە کە لەگەڵ داداش موخالیف بێ))(رضا حسینی(1997)، دادایزم،ل66)، دواتر زنجیرەیەک گۆڤاری فەوزەوی و بچوکیشیان دەرکرد وەک (ئەدەب)و(خواردنی گۆشتی مرۆڤ)(میشیل کاروج(1973)، اندریة بروتون و...،ص9)، دواتر ئەم جولانەوەیە گوێزرایەوە بۆ فەرەنسا، دواتر وورده وورده بەرەو پوکانەوە چوو بەهۆی کێبڕکێی ناوەخۆ و هەڵوێستە دژەکانیان (امین صالح ، السوریالیة2010،ص14).

پاش جەنگی جیهانی یەکەمیش کاتێک (ژاک ڤاشێ و ئەندرێ بریتۆن) یەکتریان ناسی، بووە هۆی چەکەرەکردنی سوریالیزم، بەتایبەتی دوای دەرچوونی گۆڤاری (باکوری باشور) ی (پیرڕوردی)، کە (ئاپۆلینر و ماکس ژاکۆب ئەراگۆن) یارمەتیاندا، کە دژی ئەدەبیات بوو، مەسەلە بنەڕەتیەکانی سوریالیزم دەخرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، لەیەکەمین ژمارەی (ئەدەبیات)دا پرسیارێک خرایە ڕوو (بۆ دەنوسین؟)، ئەمە واتای ئەوەیە شرۆڤەو لێکدانەوە گرنگ نییە، ژیانی مرۆڤ گرنگە(رەزا حسینی(2006)،قوتابخانە ئەدەبیەکان،ل219).

کاتێک سوریالیەکان بینیان جولانەوەی دادایزم بێ کەڵکەو دروستکەر نییە و دوارۆژی نییە، پشتیان تێکردو مردنی دادایزمیان ڕاگەیاند و سوریالیزم لەدایک بوو بە دروشمی بنیاتنان و داهێنان و سەربەستی، بەم جۆرە لەناو خۆڵەمێشی دادایزم کە تامەزرۆی تێکدان و وێرانکردن بوون سوریالیزم لەدایک بوو(امین صالح ، السوریالیة2010،ص16).

سوریالیزمیش بۆخۆی جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ بزوتنەوەی داداییزمدا نییە، ئەوانیش وەک داداییەکان باوەڕیان وابوو کە ژیان دەبێ لە ڕەگ و ڕیشەوە بڕوخێ و لەسەر دار و پەردووی ئەو

وێرانەیەدا بە شێوەیەکی جوانتر بنیات بنرێتەوە(هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل226)، ئەمەش وای لە ئەدیبەکان کرد بەقوڵی بەرەو ئەو شوێنە نادیارانە بچن کە لەناو قوڵایی دەروونی مرۆڤایەتیدا هەیە(محمد فتوح(د)(1978)،الرمزية،ص53)، ئەمەش لەدەقە داهێنراوەکاندا دەردەکەوێ کە ڕەنگدانەوەی دەروونی نوسەرن(عمر الطالب(1993)،المذاهب النقدية،ص132)، ئەمانە هەموویان بەهۆی کارگەریەکانی جەنگەوە ڕوویانداوە، چونکە پیاو ماقوڵان و هونەرمەندان نەیانتوانی ڕێگەی لێبگرن(موريس نادو(1992)، تاريخ السريالية، ص11).

**سێیەم : چەند ڕووداوێک :**

ڕوودانی جەنگی جیهانی یەکەم کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر سوریالیەکان، چونکە زۆربەی زۆری سوریالیەکان بەشداریان لەم جەنگەدا کردووە و ئێش و ئازارەکانی ئەو جەنگەیان چەشتووە کە ملیۆنەها کەس تیایدا کوژران چەندەها شارو لادێ بەهۆیەوە وێرانبوون، بۆیە لە هەموو شتێک بێزاربوون(میشیل کاروج(1973)، اندرية بروتون و...،ص8)، ئەوان ئەو جەنگەیان بەدەرهاویشتەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا دادەنا (لەتیف هەڵمەت(2010)، لە دادایزمەوە تاوەکو، ل6)، دوای ئەم جەنگەش چەند گۆڕانکاریەکی گەورە لە جیهاندا هاتنەکایەوە، لەوانە گۆڕینی هێندێک بیر و باوەڕ و شوێن گرتنەوەی بە هەندێک بیر و باوەڕی تری نوێ، هەروەها باری مرۆڤیش گۆڕانکاریەکی گەورەی بەسەر داهات(عزالدين اسماعيل(2004)، ادب وفنونه،ص31)، ئەمەش کاری کردە سەر گشت بەها و ڕەوشتە کۆمەڵایەتیەکان، کە هونەریشی گرتەوە.

لە کاتی جەنگەکەشدا (ئەندرێ بریتۆن) خوێندکار بوو لە کۆلێژی پزیشکی، کاتێک کرا بە سەرباز لە ساڵی 1915 تەمەنی (20) ساڵ بوو، بەڵام ئەو کاتەی لە کۆلێژ بوو بە بنەماکانی تیۆری دەروون شیکاری (فرۆید) ئاشنابوو بوو، زۆریش پێی سەرسام بوو، هەرکاتێ مۆڵەتی سەربازی وەربگرتایە سەردانی پاریسی دەکرد، هەوڵیدەدا (ئەپۆلێنێر – پۆل ڤالێری – ئەندرێ جید) بەرامبەر بە فرۆید بوروژێنێ(هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل226).

لە کۆتایشدا دەتوانین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سوریالیزم لەم خاڵانەی خوارەوە چڕ بکەینەوە:

1. کاریگەری هێندێک لە کەسایەتییە هونەری و ئەدەبیەکان کە لە ژیانیاندا ڕەچەشکێن بوون.
2. کاریگەری هەندێک لە ڕێبازە کۆنەکانی پێش سوریالیزم، وەک مانیریزم و ڕیالیزم و دادایزم.

3. كاریگەری جەنگی جیهانی یەکەم و وێرانکاریەکانی، کە بەسەر مرۆڤی ئەوروپیدا هات کە دواتر بووە هۆی تێکدانی هەموو بەهاکان(سالم احمد الحمداني (د)1989، مذاهب الأدب..،ص317).

4. گەڕان بەدوای ئامرازی نوێ بۆ دەربڕینی نەست بەبێ چاوەدێری عەقڵ(فائق مصطفى(د)و عبدالرضا علي(د) (1989)،ص83).

5. بێ متمانەیی سوریالییەکان بەو ڕژێم و ڕێبازانەی کە لەناو کۆمەڵگادا باوبوون، کە بەڕای ئەوان ئەم ڕژێم و ڕێبازانە هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگ بوون(فائق مصطفى(د)و عبدالرضا علي(د) (1989)،ص82).

6. نالەباری شارستانیەتی ئەوروپی :

شارستانیەتی ئەوروپی لەلای سوریالیەکان وەک جاران شارستانیەتێکی نمونەیی نەبوو، ئەو یاسا سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کەهەبوون لەلایان قبوڵ نەبوو(فائق مصطفى(د)و عبدالرضا علي(د) (1989)،ص82)، بۆیە دەتوانین بڵێین سوریالی لە ئەنجامی ژێرکەوتن و پاشماوەکانی ژێر دەستی هاتۆتە کایەوە(احمد انور الجندي(1983)،المعارک الادبیة،ص191).

7ـ دەرکەوتنی فەلسەفە ڕووتەکان و هونەرە کلاسیکییەکان و ئەقڵیەتە بۆرژوازییەکان و بیردۆزە ئابورییە کرێکارییەکان(میشیل کاروج(1973)، اندریة بروتون و...،ص3).

**تەوەری دووەم : سەرهەڵدانی سوریالیزم**

وەک باسکرا سوریالییەکان میراتگری چەند قوتابخانەو ڕێڕەوێکی هونەری و ئەدەبی بوون کە لە ئەوروپادا سەریانهەڵدا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و گرنگترینشیان دادایی‌ەکان بوون(فائق مصطفى(د)و عبدالرضا علي(د) (1989)،ص81).

سوریالیزم لە پاریس لەدایک بوو، بەڵام هەر لەناو فەرەنسا قەتیس نەما، سنووری نەتەوەکانی تێکشکاند و پەلی بۆ وڵاتە جۆراو جۆرەکان هاوێشت و کاری لە نووسەرانی بەریتانیا و بەلجیکاو ئسپانیاو سویسراو ئەلمانیاو چیکۆ سلۆڤاکیا کرد(موریس نادو(1992)، تاریخ السریالیة، ص205)، بەڵام ئەوەی شایانی باسە لە پێش سوریالیزم چەند بزوتنەوە و ڕێبازی تر هەبوون وەک (شەشپاڵۆیی و داهاتوویەت و دادایی) کە جەختیان لەسەر فەلسەفەو زانستی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی دەکردەوە(والاس فاولي(1981)، عصر السریالیة، ص205)، ئەوانە هەموویان بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕێگایان بۆ لە دایک بوونی سوریالیزم خۆشکرد، بەتایبەتی ڕێبازی (دادا)ییەکان(إبراهیم فتحي1986، معجم

المصـطلحات،ص204)، ئـەم دادایيانـە زۆربـەيان گـەنجی سـەرکێش بـوون(فـەرهاد پيربـاڵ(د)(2009)،ڕێبـازە ئەدەبيـەکان،ل257)، واتێدەگەيشـتن زمـان بـەدرێژايی سـەردەمەکانی ڕابـردوو تـەنها لەخزمـەتی قسـەی پڕوپـوچ و بـێ واتـا دابـووە(جميـل نصـيف(د)(1990)،المـذاهب الادبيـة،ص329). ، دواي مردنــی دادايــزم ڕاگەيەندرا سورياليزم لەدايک بوو بە دروشمی بنيات نان و داهێنان و سەربەستی، بەم جۆرە لەناو خۆڵەمێشـی دادايـزم کـە تامـەزرۆی تێکدان و وێرانکـردن بـوون سـورياليزم لـەدايک بـوو(امـين صـالح ، السوريالية2010،ص16).

کەواتـە سـورياليزم لەوکاتـە لـە دايک بـوو، کـە قوتابخانـەکانی تـر توشـی شکسـت بووبـوون(رەزا حسينی(2006)،قوتابخانە ئەدەبيەکان،ل215)، لەسـەرەتادا سـورياليیەکان بـەهۆی دادايیەکانـەوە چارەسـەری ئــەدەبی و شــعری و شــێوەکاريان ڕەتکــردەوە و، خۆشــيان بــە قوتابخانــەيــەکی نــوێی ئــەدەبی دانەدەنا(موريس نادو(1992)، تاريخ السريالية، ص56)، وايان لە قەڵەمدا، کە نووسـين لـە بـارەی ئـەزموون چ سوودێکی نييە : پێويستە خەمی نووسەر و شاعير لە گرێدانی ڕاستەوخۆی نێوان هەست و نەست و گەردوون سەرچاوەی گرتبێ(مالکم برادبری(2008)و مۆدێرنيزم، ل293)، پێيان وابـوو کـە عـەقڵ لـە توانايدا نييە واقيع و ژيان شيتەڵ بکاتـەوە، ناشـتوانێ بـەو لۆژيک و عەقڵانييەتـەوە بژيت کـە بـەرەو هـەرەس و بەدبەختی و نامرۆڤايەتی و شەڕ دەمانبات (فەرهاد پيربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبيەکان،ل227).

(بريتـۆن) بينـی دادايیـەکان نـاتوانن بـە هـاوارکردن هـەموو شـتێک بەدەسـت بهێـنن، بۆيـە لەسـەريان پێويستە کاربکەن بەجۆرێک کـەمتر فـەوزای تێدابێت و چـالاکتر بێت، بۆيـە بانگـەوازی بـۆ کۆنگرەيـەکی نێودەوڵـەتی کـرد، بـۆ ديـاری کردنـی ڕێڕەوەکـانی هـزری نـوێ و بـەرگری لێکردنـی، بـۆ ئـەم مەبەسـتە چووە لای چەند کەسێک کە لـە پشـتگيری کـەرەکانی خـۆی نـەبوون(مـوريس نـادو(1992)، تـاريخ السـريالية، ص41-42)، بۆيە داواکەی ڕەتکرايەوە، (تزارا)ش لـە کۆنگرەکـەی ئامـادە نـەبوو، بـەم شـێوەيە لێکتـرازان کەوتە نێوان (بريتۆن و تزارا)، دوای ئەمەش، (بريتـۆن) و هاوڕێکـانی کـە پێشـتر دادايـی بـوون، وازايـان لە جوڵانەوەکە هێناو هێرشيان کردە سەر (تزارا) (گۆڤاری وەرگێران،ژ.2(1997)،ل31).

دواتر سـورياليزمەکان گۆڤـارێکی تايبـەت بـەخۆيان دەرکـرد کـە لـە گۆڤـارە ئەدەبييـەکانی تـر جياواز بـوو شـێوەيەکی هـەبوو کـە جديـەتی تێدانـەبوو، وەک گۆڤـارە زانسـتييەکان لـە چاپکردنيـدا زۆر خۆيـان پێوە ماندوو نەدەکرد، ناونيشانەکانيشی بێپێز بوون و مۆرەکانيشان سـەرنجڕاکێش نـەبوون ، لـە ژمـارە

دووی ئەم گۆڤارەدا کە لەساڵی 1925 دەرچووە بەیانێکی تێدابوو دەیوت (بەندیخانەکان بکەنەوە، سوپاکان بنێرنەوە ماڵەوە) (موريس نادو(1992)، تاريخ السريالية، ص86).

(ئەراگۆن) دەڵێ : کەس ناتوانێ توێژینەوە لە سوریالیزم بکات بەبێ ئەوەی لە چوارچێوەی سەردەمەکەی خۆیدا داي یبنێ(موريس نادو(1992)، تاريخ السريالية، ص9)، بۆیە واباشە سوریالیزم لە چوارچێوەی سەردەمەکەی خۆیدا دابنرێت ، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکە دروست دەربچێت، بۆیە ئێمەش لێکۆڵینەوە لە سوریالیزم دەکەین لەسەردەمەکەی خۆیدا.

لە سەردەمی خۆیدا سوریالیزم دیاردەیەکی نێودەوڵەتی بوو لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم پەیدابوو، لەیەکەم لە دایک بوونیدا بە دژایەتی تەواوی ڕژێمە کۆمەڵایەتییە دروستکراوەکان دەستی پێکرد، بەتایبەتیش کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم)(مارک شورد و جوزفين(2005)، النقد، ص196)، ئەم ڕێبازە لەبواری دەروونی مرۆڤ دەستی پێکرد ، دوایە چوونە ناو ئەدەب و هزرو سیاسەت و کۆمەڵایەتی و هونەر، پاشان چووە ناو بیرو باوەڕە ئاینیەکان و داب و نەریت و زمان(مالکم برادبری(2008)، مۆدێرنیزم، ل310)، ئەم ڕێبازە سەرکردەیەکی تیۆری حاشاهەڵنەگری هەبوو بەناوی ( Andre Breton )، کە ناسراوە بە (پاپای سوریالیزم)، هەر ئەندامێکی ئەم کۆمەڵەیە ئەگەر بهاتبایە بە پێچەوانەی ڕێنمایەکانی بجوڵایەوە یەکسەر دەردەکرا(کامینیۆس(1997)، سوریالیزم،ل43)، بە پێچەوانەی دادابیەکان کە هەموویان لەناو بزوتنەوەکەیاندا پێشەوا بوون(مالکم برادبری(2008)، مۆدێرنیزم، ل310).

بێگومان ئەم ڕێبازە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین سێ قۆناغی جیاوازی بۆ دیاری بکەین :

**قۆناغی یەکەم : 1920 – 1924 :**

لە ساڵی 1920 لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، کە پەیمانەکانی ئاشتی تیادا مۆرکرا چەند شۆڕش و ڕاپەڕینێک هاتنەکایەوە، جیهان بە تەواوەتی گۆڕا، بۆ سوریالییەکانیش ئەمە بووە قۆناغی یەکەمی جوڵانەوەکەیان، کە تیایدا جەخت لەسەر بەها هونەرییەکان و شێوازی چارەسەرکردنی ناوەڕۆکی نوێ کرایەوە، هەروەها جەخت لەسەر لایەنی سیاسی و گەڕان بەدوای بەرنامەیەکی نوێ کرایەوە (هيمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل227-228).

گرنگترین چالاکییە دیارەکانی سوریالیزم لەم قۆناغەدا نووسینی ئۆتۆماتیکی بوو، کاتێک کۆمەڵێک شاعیر لە دەوری بریتۆن کۆبوونەوە و ئەم جۆرە نووسینەیان ئەنجامدا، کە دواتر بوونە (کرۆکی یەکەمی) بزوتنەوەی سوریالی (امین صالح ، السوریالیة2010،ص18).

بەڵام ساڵی 1924 بە گرنگترین ساڵ دادەنرێ ، چونکە لەم ساڵەدا گەلێک ڕووداوی گرنگ ڕوویاندا کە بونە هۆی چەسپاندنی ڕێبازی سوریالیزم ، وەک ئەمانەی خوارەوە :

ــ لەم ساڵەدا لە شەقامێکی گەورەی پاریسدا (شەقامی 15 گرۆنیل) نوسینگەی لێکۆڵینەوەی سوریالیستی کرایەوە، بەم جۆرە کۆمەڵەکە شوێنی کارکردنیان بۆ پەیدابوو، ڕۆژنامەیەکیشیان دەرکرد بەناوی (شۆڕشی سوریالی)، ئەم ڕۆژنامەیە بڵاوکرایەوە بەهۆی ڕیکلامی بچوک بچوک کە هێندێک دەقی نارێک و سەیری تێدابوو لەگەڵ جنێوی ناشیرین دژی (ئەناتۆل فرانس) (موریس نادو(1992)، تاریخ السریالیة، ص67)، ئەوەی شایانی باسە بابەت و ناوەرۆکی ئەم گۆڤارە تا ساڵی 1929 بەردەوام بوو، لە یەکەم بەیاننامەی سوریالیزمیش کە بەپێنوسی (بریتۆن) لە یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (شۆڕشی سوریالیستی) بڵاوکرایەوە، لێکۆڵینەوەی تێدابوو لەسەر خەون و نوسینی ئۆتۆماتیکی(موریس نادو(1992)، تاریخ السریالیة، ص66).

ــ هەر لەم بەیاننامەیەدا پەیڕەو و پرۆگرامی ڕێبازەکە لەلایەن بریتۆن ئاشکراکرا، بەم شێوەی خوارەوە پێناسەی سوریالیزمی کردوو وتی: ((سوریالیزم ئۆتماتیکیەتی مێشکێکە کە دەخوازێ لە ڕێگەی زمان ، یان قەڵەم ، یان هەر ئاورازێکی دیکەوە ، ڕەوتی واقیعی کاری بیرکردنەوە و هزرین نیشان بدات و دەربڕێ ، سوریالیزم چەسپاندنی هزرینە بێ حوکمی ئەقڵ و بەدەر لە هەر جۆرە پابەندیەک بە یاساێن جوانی ناسی و پرنسیپی ئەخلاقی))(رەزا حسینی(2006)،قوتابخانە ئەدەبیەکان،ل222)، ڕوونی کردەوە کە ئەوان دژی لۆژیک و دابونەریت و هونەرن، کەواتە ((سوریالیزم بیرکردنەوەیەکە ، بێ گوێدانە هیچ جۆرە لەبەر چاوگرتنێکی عەقڵ، لە دەرەوەی هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی زیهنی جوانیناسی یا ئەخلاقی ، خۆی بەیان دەکات))(گۆڤاری وەرگێران،ژ.2(1997)،ل31)، بەم جۆرە سوریالیەکان گرنگی زۆریان بە نووسینی زاتی و خەونەکاندا، وخۆیان بەستەوە بەلایەنەکانی دەروون و ناهۆشیاری و خۆڕسک، کە دەکرێت ئەمانە هەموویان گوزارشتن بۆ لایەنە ڕاستەقینەکانی

ژیان(Jackman,rob(1989)P52)، بەم شێوەیە ساڵی 1924 بە مێژووی فەرمی لەدایک بوونی سوریالیزم دادەنرێ.

ـ پاشان هەر لەم ساڵەدا بریتۆن وێنەی سوریالی ڕوونکردەوە، کە (هاوتەباییە لەگەڵ دوو واقیعی جیاواز و لەیەک دوور) وەکچۆن لە دەربڕینە بەناوبانگەکەی لۆتەریامۆنیش هاتووە کە دەڵێ : ((جوانە، وەک بەیەکگەیشتنێکی بەڕێکەوت، پێشبیننەکراو، لەنێوان ئامێری دروومان و چەترێک لەسەر مێزی توێکاری پزیشکیدا))(لوقمان باپیر(2013)، سوریالیزم و زمان،ل25)، کەواتە وێنەی سوریالی چەمکی هاوسێتی ناعەقڵانی ئەو شتانە ڕووندەکاتەوە کە دوور لە یەک و پێچەوانەی یەکتر دەردەکەون (لوقمان باپیر(2013)، سوریالیزم و زمان،ل25).

ـ پاشان هەر لەم ساڵەدا دیوانە شیعرێکی ئۆتۆماتیکی بە ناونیشانی( poisson Solube ) بڵاودەکرێتەوە و بریتۆنیش کتێبی (لاشەیەک) دژی سەلەفیەتی ئەناتۆل فرانس بڵاودەکاتەوە(گۆڤاری وەرگێڕان،ژ.2(1997)،ل31).

ــ دواتر هەر لەم ساڵەدا کتێبەکەی (ئەراگۆن) خەون (شەپۆلی یەک بەدوای یەکی خەون) بڵاوکرایەوە، کە تیایدا چالاکییەکانی سوریالیزم پوختە کرابوو تا ڕۆژی لەدایک بوونی، هەر لەم ساڵەشدا گۆڤاری (ئەدەب) کە پێشتر لەنێوان سالآنی 1922 – 1923 گوزارشتی لە چالاکییەکانی سوریالیزم دەکرد بوو بە زمان حاڵی جولانەوەکە، چەند ناوێکی تیا بڵاوکرایەوە، وەک (بیکابیا، بریتۆن، ئەراگۆن، ئیلوار، بیریە، جاک بارۆن)، دوای ئەمانە چەند ناوێکی تریش هاتە ڕێزیانەوە، وەک (جۆرج لامبۆر، ئەندریە ماسۆن، جۆزیف دیلتای، ئەنتۆنین ئارتۆ، مانیاس و گەلێکی تریش)، ئەمانە هەموویان گەنج بوون بە گڕوتینی گەنجیەوە ویستیان بەسەر ئەم ڕێگایەدا بڕۆن کە بریتۆن وێنەی کێشابوو (موریس نادو(1992)، تاريخ السريالية، ص65).

**قۆناغی دووەم 1925 – 1930 :**

لەم قۆناغەدا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ئەو ئەدەبەی پشت بەکتوپڕی و لەخۆوە و دوور لە هەموو کۆت و بەند و قاڵبە کۆنەکان نەبەستێت ئەوە ئەدەبێکی بێسوودە .

لەساڵی 1925 یەکەم پیشانگای تابلۆی سوریالیست کرایەوە لە گەلەریی پییێغ Pierre، هەر لەم ساڵەدا ڕۆحێکی (شۆڕشگێڕانە) لای سوریالیستەکان دروست بوو، کۆمۆنیستەکان لێیان نزیک

بوونەوە، لە یۆگۆسلاڤیاش یەکەم چالاکیان دەست پێکرد (گۆڤاری وەرگێران،ژ.2(1997)،ل32)، هەروەها لە بەیاننامەی 27 کانونی دووەمی ساڵی 1925یش سوریالیەکان ڕایانگەیاند کە :

1. ئێمە هیچ ئیشێکمان بە ئەدەب نییە، بەڵام ئەگەر پێویست بکات وەکو هەر کەسێکی دیکە دەتوانین سوودی لێوەرگرین و بەکاری بهێنین(فائق مصطفى(د)و عبدالرضا علي(د) (1989)،ص83).

2- سوریالیزم ئامرازێکی دەربڕینی نوێ نییە، شتێکی سادەش نییە، هەتا میتافیزیکییەتی شیعریش نییە، ئامرازێکە بۆ ئازادکردنی تەواوەتی زەین و هاوشێوەکانی.

3. ئێمە نەخشە بۆ کودەتایەک دەکێشین.

4- ئێمە وشەی سوریالیزممان بە وشەی کودەتا لە ڕیزێکدا داناوە تا تایبەتمەندی دیمەن و بێ مەبەستی و تەنانەت ڕەسەنێتی کودەتا نیشان بدەین.

5. ئێمە هیچ پڕوپاگەندەیەکی گوزارشتکردنی شتێک لە هەڵەکانی مرۆڤمان پێ نییە، تەنیا دەمانەوێ نیشانی بدەین کە چ بیرو بۆچوونێکی سستی هەیە و خانووە لەرزۆکەکەی لەسەر چ خاک و زەمینێکی فشەڵ و پوچ دروستکردووە(مهتاب نسائی(1387) تأثیر..،ص135-136).

6- ئەم بانگەوازە ڕەسمییە لەناو کۆمەڵدا بڵاودەکەینەوە و بەهەر جۆرێک کە ئەو بزوتنەوانەی بەرامبەری دەوەستن ، ئێمە ئامانجی خۆمان وون ناکەین.

7. ئێمە پسپۆڕیمان هەیە لە شۆڕشدا، ئەگەر پێویست بکات هیچ کارێک نییە ڕێگریما لێبکات کە توانای ئەنجامدانیمان نەبێت(مهتاب نسائی(1387) تأثیر..،ص135-136).

لە ساڵی 1926یش چەندین نوسەر و هونەرمەندی وەک (پێرێ، تانگی، ژاک پریڤێر، ئەندرێ ماسۆن) بەرهەم و چالاکیی سوریالیستانەیان پێشکەش دەکەن، هەر لەم ساڵەدا گۆڤاری ( Nouvelle Litteratur) (ئەدەبیاتی نوێ) لەلایەن (ئاراگۆن و بریتۆن وپێرێ و ئەمانۆیەل بێرل) بڵاوکرایەوە، هەر لەم ساڵەشدا گروپێکی سوریالیستی لە بەلژیکا دامەزرا، دواتر لە ساڵی1927 زۆربەی سوریالیستەکان لە حیزبی کۆمۆنیست نزیک بوونەوە (گۆڤاری وەرگێران،ژ.2(1997)،ل32)، سەرەڕای ئەوەی بریتۆن چووبووە ڕیزیانەوە، بەڵام جێی ڕەزامەندیان نەبوو و وردە وردە لێیان دوورکەوتەوە (معتصم ساڵەیی(1988)، سوریالیزم،ل129).

لە 15ی دیسەمبەری ساڵی 1929 دا (بریتۆن) بەیاننامەی دووەمی سوریالیزمی لە گۆڤاری – شۆڕشی سوریالیزم – دا بڵاوکردەوە(لەتیف هەڵمەت(2010)، لە دادایزمەوە تاوەکو، ل6)، کە تیایدا هاتووە لە زەیندا خاڵێکی دیاریکراو هەیە چالاکەکانی هەوڵدەدەن بۆ دۆزینەوەی ئەو خاڵە(رەزا حسینی(2006)،قوتابخانە ئەدەبیەکان،ل224).

هەر لەم لە بەیاننامەیەدا بریتۆن وا بەباشدەزانێ کە باسی هەڵوێستی رامیاری و هونەری بکات کە لە کۆتایی ساڵی 1929 دا دەبێتە هەڵوێستێکی روون و دیار، لەوبارەیەوە باسی ئەوە دەکات کە سوریالیزم کەوتۆتە بەشداری کردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، بۆیە تانەو پلاری زۆری تێگیراو وا ناوزەندکراوە لە بازنەی دیاریکراوی خۆی دەرچووە (واتا لە جیهانی دەرونییەوە بازی داوەتە جیهانی کۆمەڵایەتی)(لەتیف هەڵمەت(2010)، لە دادایزمەوە تاوەکو، ل6) .

هەر لەم ساڵەدا (سلڤادۆر دالی و رینیە شار و بنوێل) هاتنە ناو ڕێبازی سوریالیزم(گۆڤاری وەرگێران،ژ.2(1997)،ل32).

لەساڵانی سیەکاندا شاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی سوریالیزم وەکو Eluard و Aragon و Breton لەلای خۆیانەوە، هەوڵی ئەوە دەدەن لەنێو esoteriswo (باطنیة)و سۆفیگەریەت و ئایدیا یۆتۆپیاکان وەکو بیروڕاکانی Fourier ڕێگایەک بەرەو واقیعی تر بدۆزنەوە(کامینیۆس(1997)، سوریالیزم،ل45).

**قۆناغی سێیەم 1930 – بەدواوە :**

قۆناغی سێیەم، کە ماوەی سییەکان دەگرێتەوە، ناسراوە بە میانڕەوی و گەڕان بە دوای نا ماقووڵ لەبەر ڕۆشنایی ماقووڵدا، بۆ ئەوەی مەیدانی ئەدەب نەبێتە جێگەی هەموو کەس، چونکە هەرچەندە کتوپڕی لەخۆڕا پەسندیش بێت، بەڵام دەبێ پابەندی هەندێ ڕێ و شوێنی تایبەت بێت(هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل228).

لە 1930دا گۆڤارێکی نوێ بڵاوکرایەوە بەناونیشانی (سوریالیزم لە خزمەتی شۆڕشدا)، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی کتێبێکی (مارکیز دو ساد) بەناونیشانی (بەدبەختی فەزیلەت) پێشکەش بە سوریالیستەکان کرابوو(گۆڤاری وەرگێران،ژ.2(1997)،ل32).

**تەوەری سێیەم : بڵاوبوونەوەی سوریالیزم لە وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمریکادا :**

دوای سەرهەڵدانی سوریالیزم لەبیستەکان زۆر بەخێرایی هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپای گرتەوە، لەگەڵ هێندێک لە وڵاتانی ئاسیا و ئەمریکا، ئەمەش بەهۆی سەفەرکردنی (بریتۆن) بوو بۆ زۆر وڵات تا ڕەواج بەبیروباوەڕی سوریالیزم بدات(ئەحمەد مەحموود(2013)،سوریالیزم لە شیعر،ل85)، ئەمەش هەندێک لەو وڵاتانەیە کە سوریالیزم تیایدا بڵاوبۆوە جگە لە فرەنسا:

لە ساڵی 1926 لە بەلژیکا گروپێکی سوریالیست دادەمەزرێ بەڕێبەرایەتی (مارگریت)، لەساڵانی سیدا سوریالیزم لە چیکۆسلۆڤاکیاش سەریهەڵدا(گۆڤاری وەرگێران،ژ.2(1997)،ل32).

لە ساڵی 1931یش سوریالیزم لە بەلگراد بڵاوبۆوە و یەکەمین گۆڤاری سوریالیست بە زمانی سربی بڵاوکرایەوە(گۆڤاری وەرگێران،ژ.2(1997)،ل32).

لەساڵی 1933 سوریالیزم گەیشتە سوید، یەکەم کەسیش(ئارتور لوندکوڤیست A. Lundkvist) بوو، کە بەرهەمی کۆمەڵێک لە شاعیرە سوریالیستەکانی وەرگێڕایە سەر زمانی سوێدی(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل242)، بەم جۆرە خوێنەرانی سوێدی بەم ڕێبازە ئاشنابوون، گەورەترین شاعیری سوریالیستیشیان (گونار ئیکیلۆڤ Cunar Ekelof)ە . لەساڵی 1935 (ئیمبیریکوس Embiricos) سوریالیزمی بردە یۆنان، دواتریش لە ساڵی 1935 سوریالیزم لە پراگ و دانیمارک بڵاوبۆوە(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل242).

بەڵام بەریتانیا زۆر کەم توانی بەکاریگەری و هێزر و جوانییەکانی سوریالیزم ئاشنابێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی 1936 پێشەنگایەکی نێودەوڵەتی فراوانی هونەری سوریالیزم لە لەندەن سازکرابوو(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل224)، بریتۆن شتە پیشاندراوەکانی تیادا پۆلێن کردبوو، بۆ تەنە سروشتییەکان و ئامرازە کانزاییەکان و گژوگیاکان(ابوبکر العيادي(2014)، قرن من..)، بەڵام (دیڤید گاسکوین) لەناو ئەم ڕێبازەدا دەستی بە کارکردن کردبوو لەساڵی 1935ەوە(، کتێبێکیشی بەناوی (دونیای هێماکان) لە بەریتانیا بڵاوکردەوە(Browder(1976),P71 )، لەساڵی 1938یش چواردە وڵات بەشداریان لە پێشانگای نێو نەتەوەیی سوریالیزم کرد، لەوانە (بریتانیا، بەلجیکا، ئیسپانیا، سویسرا، چیکۆسلۆڤاکیا، یوگۆسلاڤیا، ئەڵمانیا، ژاپۆن، مەکسیک، بەرازیل،

ئەمریکا)(ئەحمەد مەحموود(2013)،سوریالیزم لە شیعر،ل85)، لە ساڵی 1939ش سوریالیزم لە ئیرلەندا و ئیتالیا و شیللی و پیرۆ و مەکسیک بڵاوبۆوە(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل242).

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیش هونەر و پرەنسیپەکانی سوریالیزم لە ڕێگای (ئەندریە بریتۆن) گەیشتە ئەمریکا، کاری کردە سەر شاعیرانی ئەمریکا، لە 10 کانونی یەکەمی 1942 (ئەندریە بریتۆن) لە (ئوفیسی پرسی جەنگ) لە نیویۆرک کاری دەکردو چووە (نیو هاڤن) بۆ ووتنەوەی وانە لەسەر ڕەوشی سوریالیزم لەنێوان هەردوو جەنگدا، وانەکەی بووە جێگای سەرسوڕمان، کە وەک بەیاننامەی سێیەمی سوریالیزم دادەنرێت، لەوێدا کاریگەری سوریالیزمی بۆ خوێندکارە ئەمریکیەکان ڕوونکردەوە(والاس فاولي(1981)، عصر السريالية، ص105-106).

لە ساڵی 1952 بریتۆن نووسی : ((ئیشی رۆژانەی ڕوانینی خۆکرد ، لەلایەن ئێمە تێبینیەکانی بەشێوەیەکی گەورەوگران تۆمارکرد. بەڵام کۆمەڵە تێبینیەک کە تەنیا دوواتر ڕێکوپێک دەکرێن و گرنگیەکی راستەقینەیان دەبێ ، لەگەڵ ئەوەشدا راستی ئەوەیە کە ئێمە لەم سەردەمەدا لە سەرخۆشی و تاڕادەیەک سەودایی دۆزینەوەدا بەسەر دەبەین))(فیلیب سووپۆ(1997)،لە مەیدانە موگناتیسیەکان،ل35).

بەم جۆرە سوریالیزم لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بڵاوبۆوەو بیروباوڕەکانیان، کە بریتی بوون لە گەڕان بەدوای نوێخوازی و شۆڕشکردن دژی هەموو دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردەوە و خەڵکیان فێری شۆڕش و یاخی بوون کرد، خۆشیان هەموو جۆرە ئامرازێکیان بەکاردەهێنا(موريس نادو(1992)، تاريخ السريالية، ص91)، بەم جۆرە دژایەتی کردنی هەموو دابوونەریت و ئاینەکان لە جیهاندا بڵاوبۆوە، شتە بەهادارەکان لەناو کۆمەڵگا ڕەواجی نەما و گاڵتەیان پێدەکرا(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل13)، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی تەکنیک و کلێشە کۆنەکانی پێش سوریالیزم وێران بکرێن لەلایەن سوریالییەکانەوە، چونکە ئەوان ڕووبەڕووی ئەو عەقڵ و ڕەفتار و شێوازە کۆنانە دەبوونەوە کە بەلایانەوە بێکەڵک بوون(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل224)، هەردەم لەهەوڵدابوون بۆ گۆڕانکاری و شۆڕش، ئامانجیشیان دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی شوڕشگێڕبوو لە شوێنی کۆمەڵگا باوە چەق بەستووەکان، زمانی تایبەت بە خۆیان هەبوو، کە لە هەموو بنەمایەکی زمانەوانی و ڕێزمانی دوور بوو (حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل13-14).

**تەوەری چوارەم : کۆتایی سوریالیزم :**

دامەزرێنەرانی ئەم قوتابخانەیە پاش ماوەیەک وردە وردە پاشەکشەیان لێکرد، دوای ئەوەی زۆربەی زۆریان بیرو باوەڕی سۆشیالیستیان هەڵبژارد و دەستیان کرد بە خزمەت کردنی پارتەکەیان ، وبەلای سۆشیالیستەکانیان داشکاندەوە هەندێکیشیان وەک (ئارتۆ و کاریف و دیلتیل و جیرار و لمپور و ماسۆن و سۆپۆ و ڤتراک) لە بزوتنەوەی سوریالیزم دەرکران(معتصم سالەیی(1988)، سوریالیزم،ل129)، هەندێکیشیان وەک (بنجامین بیرییە، ماری لو، جۆن پێریَ) بوونە لایەنگری پارتی شیوعی ڕاستڕەو، هەندێکیشیان وەک (سلڤادۆر دالی) بووە لایەنگری سەرمایەداری، بۆیە بریتۆن و هەندێک لە هاوڕێکانی خۆی بە خیانەتکار لەقەڵەمدا، ، ئەوان مەبەستیان بوو لەهەموو بوارەکان شۆڕش بەرپابکەن، بۆیە بەشداریان لەکاری سیاسی کرد، بەڵام دواتر وازیان لە سیاسەتیش هێنا(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل13)، بەمجۆرە وردە وردە ئەم جوڵانەوەیە پوکایەوە، بەڵام ئاراگۆن دەڵێ : سوریالیزم لەو ساڵەوەی دەستی پێکرد، تاوەکو ئێستاش، تەنانەت هە تا هەتایە، هەر بەردەوام دەبێ(گۆڤاری وەرگێران،ژ.2(1997)،ل30).

## پاری دووەم : سەرهەڵدانی سوریالیزم لە باشوری کوردستان

وەک ئاشکرایە هەر ڕێبازێکی ئەدەبی، کە سەرهەڵدەدات پێشتر زەمینەی بۆ خۆشدەکرێ و کاری بۆ دەکرێ و لەخۆوە پەیدا نابێ، کەواتە هەر بزوتنەوەیەکی نوێ، کە سەرهەڵدەدات دەبێتە تەواوکەری بزووتنەوەکانی پێشەخۆی و نکۆڵی تەواو لە بزوتنەوەکانی پێشە خۆی ناکات، شتە باشەکانی لێوەردەگرێ و هەوڵی باشکردنی ئەوانەی تریش دەدات(هیمدادی حوسێن(د)(2011)،بزوتنەوەی روانگەو،ل20)، سەرەتای ڕەگ و ڕیشەی سوریالیزمیش لەناو ئەدەبی کوردیدا بۆ هەندێک لە شاعیرە کلاسیکی و شاعیرەکانی دواتر دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شاعیرە کلاسیکیانە ئاگایان لە ڕێبازی سوریالیزم نەبووە، بەڵام دەکرێ هەندێک بنەماو ڕەگەزەکانی سوریالیزم لەناو بەرهەمی هەندێک لەو شاعیرانە بدۆزرێتەوە، چونکە هەر بەرهەمێک ئەگەر بنەمایەک یان دوو بنەمای سوریالی تێدابێت ئەوا دەتوانین بەو بەرهەمە بڵێین تارمایی و سیمای سوریالی تێدایە(چاوپێکەوتن(عباس عبدوڵلا،2015/3/31)، ئەم شاعیرانەش زۆر شیعری دژی دابوونەریت و لۆژیکیان هەبووە،

شیعرەکانیان لەکاتی خۆیدا زۆر وێرانکەر بوون، لەناو خەڵکیشدا نەنگیەکی گەورەبوو، ویستویانە بەم شیعرانەیان واقیعی کۆمەڵگەی کوردستان بگۆڕن وەک سورریالییەکان، هەندێکیش لەم شاعیرە کلاسیکیانە تەکنیکی خەونیان بەکار هێناوە بۆ دەربڕینی هەست و نەستەکانیان، وەک سورریالیەکانی ئەورووپا، هەندێکیشیان دابڕانیان دروستکردووە لەگەڵ ڕەوتی پێش خۆیان، وەک (شێخ نووری، گۆران) تا ڕادەیەکیش (پیرەمێرد)، چونکە زمان و وێنە و داڕشتن و بۆچوونیان لەگەڵ پێش خۆیاندا زۆر جیاوازبووە، ئەوە لەلایەنی شیعرەوە، لەلایەنی چیرۆکیشەوە (شێخ مارف بەرزنجی) باشترین نموونەی دابڕانی چیرۆکی دروستکردووە لەگەڵ چیرۆکی پێشووتر، بەتایبەتی لەگەڵ چیرۆکەکانی سەردەمی (گەلاوێژ)دا، چونکە ئەو کاتە (شێخ مارف بەرزنجی) تەوژمی ئاگایی (تیار الوعی) بەکارهێناوە، پاش ئەویش (محەڕەم محەمەد ئەمین ومحەمەد مەولوود مەم) دێن، بەڵام لەو قۆناغەدا (مارف بەرزنجی) لە هەموویان سەرکەوتووتر بووە(عەبدوڵڵا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل84).

ئەگەر سەیری دیوانی شاعیرانی وەکو (نالی)، یان (بێکەس) یان (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) و (پیرەمێرد) و (قانع) بکەین، دەبینین هەندێک چەمکی سوریالی لەناو شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، کە بۆ سەردەمی ئەوان تازە و وێرانکەربووە و یاخیبونی تێدابووە، دژی دەسەڵات و ئایین و کۆمەڵگە و دابوونەریت و لۆژیک بووە، ئەمانەش هەموویان بنەماو پەیڕەو و پرۆگرامی سورریالیین(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل56).

ئەوەتا (عەبدوڵڵا سەڕاج) لەبارەی (نالی، مەلا خدری شارەزووری 1800 – 1872) ، دەڵێ: ((نالی لەبەر ئەوەی کە هونەرمەندێکی خەیاڵبازو ئەندێشە بەرینە بۆیە دەشێت لەلایەکەوە، زۆربەی نیگارەکانی بخرێتە پاڵ قوتابخانەی سیریالیزم. لەلایەکی تریشەوە، کە لە ڕادەبەدەر پابەندو سوێداری سروشتەو هێماکانی لە دیمەنە دەگمەنەکانی ئەوەوە دەخوازێ بۆ ئاوێتەکردن و زاخاو دانی بێ هەستی (لاشعور) خۆی، بۆیە بە سیریالیستێکی سروشتیی دادەنێم))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2013)،پەیڤستان،ل35)، بۆیە کە باسی کەرەکەی دەکات دەڵێ :

عاقڵێ بوو ناوی کەر بوو ، **قاطعی** ڕێگەی سەفەر

خۆشی سوک تر لە صەد وێڵداشی هەرزە و گێژو وێژ (نالی(1976)،دیوانی نالی،ل228).

ئەمـەش نموونـەیـەکی ئـەدەبی فۆرمالیسـتیە، یـان ئـەدەبیاتی ناماقوڵـە(هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل232)، لێرەدا گوێدرێژەکەی نالی زمانی گرتووە، قاقا قەپۆزی لـە نـالی گرتـووە و پێـی دەڵێ: نالی تۆ بەخۆت مەنازە چونکە هەردووکمان حەیوانین و جیاوازیشمان تەنها ئەوەیە تۆ گوێ کورتی و مـن گـوێ درێـژ، نـالیش بـە زەردەخەنـەوە دەسـتی گومـان بـۆ گوێیـەکانی خـۆی دەبـات(عەبـدوڵلا سەڕاج(2013)،پەیڤستان،ل37)، ئـەم وتەیـە لـۆژیکی تێدانییـە، بەتایبـەتی لـەنێو کۆمەڵگـەی کـوردی، چونکـە لەلای کورد کەر گێلترین و بێ عـەقڵترین ئاژەڵـە، کەچی لـەلای (نـالی) کـەر عاقڵـەو گەیەنراوەتـە ئاسـتی مرۆڤ وتویێژیش دەکاو وەڵامی نالیش دەداتەوە، لەبەر ئەوە نالی کەرەکەی خۆی پێ لەسـەد برادەری گێژ ویێژ باشترە (عەبدوڵلا سەڕاج(2013)،پەیڤستان،ل36).

(فایەق بێکەس)یش دەڵێ :

تووشی لافاوی عیلم بووم و بەڵام زوو دەرپەڕیم

سواری واپۆڕی جەهل بووم و بەناویا تێ پەڕیم

صەد شوکر ئۆخەی نەجاتم بوو لە باسی عیلم و فەن

نام گرن جارێکی تر بۆیە لە کەیفا هەڵپەڕیم

گەرچی تا ئێستا و توومە : تێبگەن زوو پێ بگەن

بەو قسانەم قەطعی یەن باوەڕ مەکەن ، سەگ بووم وەڕیم(بێکەس(1970)،دیوانی بێکەس،ل118).

لێرەدا بێکەس سوریالیانە واقیع ڕەتدەکاتەوە و دژی لۆژیـک و عـەقڵ قسـەدەکا و دەڵێ جـەهل لـە عیلم باشـترە و دەڵێ: گـەر پێشـتر پێم وتبن فێری زانسـت و زانیـاری بن تـا پێبگـەن بـاوەڕم پێمەکـەن وابزانن سەگ بووم و وەڕیم، ئەم شیعرە لە سەردەمی خۆیدا زۆر وێرانکەر بووە دژی لۆژیک بووە، شاعیر بەم شیعرەی ویستوویەتی واقیعی میللەتەکەی بگۆڕێ چونکە بـە تـەوس و تـەنزەوە پێیـان دەڵێ من جەهلم پێ لە عیلم باشترە ئەمەش وادەکا خەڵکەکە بیر بکەنەوە بۆچی بێکـەس جـەهلی پێ لـە عـیلم باشـترە، ئەمـەش وادەکـات خوێنـەر هـەوڵ بـدات ئـەودیوی وشـەکان بگـەڕێ بـۆ ئـەوەی لـە مەبەسـتی شاعیر بگات.

لەسـەدەی بیستەمیشـدا لـەناو ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانـدا هێنـدێ گاڵتـەو تـەنزی نووسـەران بڵاوکراوەتـەوە، وەک ئەو تەنزانەی لە گۆڤاری (زاری کرمـانجی) کـە لەلایـەن (حسـین حـوزنی موکریـانی) دەردەچـوێنرا

لەساڵی (1926 – 1932 ) لە ڕواندز بڵاوکرایەوە، ئەم گۆڤارە(24) ژمارەی لێدەرچوو، چەندین نوسینی لەژێر ناونیشانی (گەمە) بڵاوکردۆتەوە کە زۆر لە گاڵتەوگەپی سوریالی نزیک بوو(حوسین حوزنی(2002)،زاری کرمانجی،ل57).

لە زۆربەی شیعرەکانی قانعیش بنەماکانی سوریالیزم بوونیان هەیە، وەک لە شیعرێکیدا لەگەڵ بازێک قسە دەکات و، دەڵێ :

ئەی باز! ئەی مەلی باڵداری خوێن خوار

لەناو مەلەکان مەشوور بە زۆردار

ئازاری گیانی گیانداران ئەدەی

بەلای دەرد تۆ ، خۆت بەخێو دەکەی

وەڵامی باز

قانع خوێن خۆریم خەتای خۆم نییە

سروشتم وایە دەسەڵات چییە (قانع(2000)،دیوانی قانع،ل254).

ئەم گفتوگۆیەش دژی لۆژیکە، چونکە لەگەڵ باز قسە دەکاو بازەکەش وەڵامی دەداتەوە، وەک ئاشکراشە باز باڵندەیەکی بێ زمانە ئەگەر قسەبکات ئەوا دەبێتە دژی واقیع و لۆژیک، جگە لەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەهێزەکان بێ هێزەکان دەخۆن و لەناویان دەبەن چونکە سروشتی دەسەڵاتدار و بەهێزەکان ئاوایە بێ هێزەکان لەناو دەبەن، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات زۆر بە ووردی لەدوای ئەم مانا شاراوانەدا بگەڕێ.

پەندی پێشینانیش زۆربەیان تێڕوانینی سوریالیانەیان تێدایە، هێندێکیان پڕن لە تەوس دوورن لە عەقڵانیەت، بۆنمونە : قسە یا لەشێت یا لە مناڵ(جەلال مەحمود(1982)،ئیدیۆم،ل76و140)، ئەم پەندە بە تەواوی دژی لۆژیک و واقیعە و زۆر سوریالیە، چونکە لەناو کۆمەڵگادا وا باوە کە شێت و منداڵ بێ عەقڵن و بەباشی لە شتەکان ناگەن، کەچی ئەم پەندە بەدژی لۆژیک پێمان دەڵێ قسە یا لەشێت وەرگرن یا لە منداڵ، جگە لەمەش واتایەکی تریش دەگەیەنێ کە ئەویش پێچەوانەی پەندەکەیە، واتا پێمان دەڵێ قسە لە گەورەکان وەرمەگرن، ئەمەش دژە لۆژیکە.

بەکارهێنانی ڕەمزیش کە کارێکی سوریالیانەیە هەر لە کۆنەوە لەناو ئەدەبی کوردیدا بوونی هەبووە، لەم بارەیەوە مامۆستا حوسێن عارف دەڵێ: ((بەکارهێنانی ڕەمز لە چیرۆکدا پاش ساڵانی 1970 بەدواوە زۆر ئاشکراو دیارە ، وەکو بەشێک لە تەوژمی نوێخوازی هاتەناوجیهانی ئەدەبی کوردیەوە، بێ ئەوەی ئەوەشمان لە بیر بچێت کە پێش 1970 ڕەمز بەکارهاتووە لە چیرۆکی کوردیدا))(حسین عارف(1970)،چیرۆکی نوێ،ل9).

لە پەنجاکانیشدا عەبداللە گۆران لەبارەی سوریالیزمەوە دەڵێ: ((سوریالیزم دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەدەب لە تازەکردنەوەیەکی بەردەوامدابێت))(ئومێد ئاشنا(2002)،گۆران،ل79).

سەرەتای دەرکەوتنی ڕێبازە نوێیەکانی ئەوروپا لە کوردستان بە ڕێبازی دادایزم دەستی پێکرد، کاتێک وردە وردە پەیدابوو، بەڵام ئەو دادایزمەی کە لە ئەدەبی کوردیدا سەری هەڵداوە جیاوازە لەو دادایزمەی کە لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا سەری هەڵداوە، دواتر دادایزم بەفراوانی لە کوردستان بڵاوبۆوە، بەتایبەتی لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم ئەوکاتەی گروپی "وێران" دەرکەوت (عوسمان حمد(د)(2015)، ڕۆڵی گروپی وێران، ل16).

دادایزم لە ئەدەبی کوردیدا تەنیا لە بواری ئەدەب و هونەردا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لە ڕۆژئاوادا چووتە ناو ژیانی ڕۆژانەی شاعیران و هونەرمەندانیشەوە(عوسمان حمد(د)(2015)، ڕۆڵی گروپی وێران، ل16)، ئەم دادایزمی لە سەرەتادا هاتە کوردستان بە ئاشکرا لە دەقە شیعرییەکانی "لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و ئەحمەد شاکەلی و لەتیف حامید" لە گروپی (کەرکووک – کفری) 1964 – 1965 دەرکەوتووە، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەهۆی دراوسێکانەوە ئاشنایەتیان لەگەڵ سوریالیزم پەیدایکردوە، وەک عەرەبەکان و فارسەکان و تورکەکان(هیمدادی حوسێن(د)(2011)،بزوتنەوەی ڕوانگەو،ل18-19)، ئەویش لە ڕێگەی گۆڤاری (شیعر69)ی عیراقی و گۆڤاری (شیعر)ی لبنانی، ئەویش لەبەر ئەوە بووە کە نووسەرانی کورد زمانە ئەوروپییەکانیان نەزانیووە، کەواتە کارتێکردنی ئەدەبیاتی عەرەبی زیاتر بەسەریانەوە دەبینرا(عوسمان حمد(د)(2015)، ڕۆڵی گروپی وێران، ل9-16).

گروپی (کەرکووک – کفری) چەند بەرهەمێکی جوان و قەشەنگیان پێشکەش کرد، وەک (خواو شارە بچکۆڵەکەمان)ی (لەتیف هەڵمەت) و (پڕۆژەی کودەتایەکی نهێنی) (فەرهاد شاکەلی) لەگەڵ

چیرۆکـەکانی (لـەتیف حامـد)(ئەحمـەد مـەحموود(2013)،سـوریالیزم لـە شـیعر،ل132)، هـەر لـەم سـەردەمەدا چیرۆکی پاڵەوانی و پێشمەرگایەتی پەیدابوو (هیمداد حوسێن(د)(2012)،انطولوجیا،ص11).

لـەبواری چیرۆکیشـدا کاریگـەری سـوریالیزم زۆر درەنـگ گەیشـتە کوردسـتان، بـەڵام هەنـدێک نموونـەی چیرۆکـی سـوریالی و دادایـی و نامـاقووڵ و پووچگـەرایی و خـەیاڵی زانسـتی لـە ئـەدەبی کوردیـدا دەرکـەوتن، کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی شـێوازی فۆرمالیسـتی ڕۆژئاواییـان تێـدابوو، وەک (نێچیر)ی (محمد موکری) و (کۆمـەڵگای ئاسنین)ی (عەبدوڵڵا سـەراج) و(تابلۆیـەکی سوریالی) (ئەحمد محمـد ئیسـماعیل) و(چیرۆکێکـی زۆر کـورت)ی ( عـەباس عەبـدوڵلا یوسـف) و(پەتاتـە خۆرەکـان)ی (فـەرهاد پیربـاڵ)(هیمـداد حوسـێن(د)(2007)، ڕێبـازە ئەدەبیـەکان،ل233)، بـەڵام فـەرهاد پیربـاڵ پێـی وایـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی سـوریالیزم لـە چیرۆکـی کـوردی باشـوری کوردسـتان بـە بڵاوکردنـەوەی چیرۆکەکانی لەتیف حامید لە سەرەتای ساڵانی 1970 دا دەست پێدەکات(فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل271).

بەڵام ئـەوەی جێگـای ئامـاژە پێکردنـە ئەوەیـە کـە سـوریالیزم لـە سـەرەتای حـەفتاکان هاتۆتـە نـاو ئـەدەبی باشـوری کوردسـتان بەهـەردوو لقەکەیـەوە شـیعر و چیـرۆک، لـەو سـەردەمەدا زۆربـەی هونەرمەندەکان کەوتنە ژێر کاریگـەری ئـەدەبی عـەرەبی و ئـەوروپی، زۆرکەسیش شـتی سـوریالیانەی دەنووسی، بەڵام نەیاندەزانی نوسینەکانیان سوریالیە، نووسەرەکانی ئێمەش بینیـان دەتوانن بە ڕێبـازی سـوریالیزم چیـان بووێـت دەربببـڕن، بۆیـە پـەیڕەوی ئـەم ڕێبازەیـان کـرد(چاوپێکـەوتن (عەبـدوڵڵا سـەراج)2015/4/8)، بـەڵام لـە دوای سـاڵانی 1970 سـوریالیزم لـەناو دیـوانی هێنـدێک لـە شـاعیرە نوێخوازەکـان دەرکـەوت، دواتـر شـاعیرە گەنجـەکانی هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتەم وەکـو گروپـی (پێشڕەو) و شاعیرانی تر، وەک (جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵڵا، سەباح رەنجدەر، ئەنوەر مەسیفی، هاشم سەڕاج، فەرید زامدار...) برەویان بەم ڕێبازەدا و پەیڕەویان کرد، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە باشوور لە ساڵی 1991 بەشێوەیەکی فراوانتر لە ئەدەب و هونـەری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە(عوسمان حمد(د)(2015)، ڕۆڵی گروپی وێران، ل20)بـەڵام ئـەوەی کـە بەتـەواوی سـوریالیەت لـەناو بەرهەمـەکانیان ڕەنگی دایـەوە ئیشـان لەسـەرکرد چەنـد کەسـانێک بـوون کـە دواتـر هەڵوێسـتە لەسـەر بەرهـەمی دووانیـان دەکـەین لـە بەشـی سـێیەمی توێژینەوەکەمانـدا کـە ئـەوانیش (فـەرهاد پیربـاڵ و

عەبدوڵڵا سەڕاج)ن، کەواتە سوریالیزم زۆر درەنگ هاتۆتە ناو چیرۆکی باشوری کوردستان، چونکە لە سەرەتادا کە پەیدابوو ڕاستەخۆ نەهاتۆتە ناو چیرۆک، بەڵکو لە سەرەتادا تەنها کاریگەری سوریالیزم بەهۆی شێوەکاریەوە گەیشتە باشوری کوردستان، دواتر بە شێوەیەکی زۆر ڕووکەش و سەرەتایی پێی نایە ناو کولتووی کوردەواری، یەکەم هونەرمەندی نیگارکێشی کوردیش کە سوریالیزم کاریتێکردبێت و هەوڵی دابێت سوود لە جیهانی سوریالیزم وەربگرێت، (ئەنوەر توفی 1927 – 1994) یە، جگە لە (ئەنوەر تووفی)یش (دانا ڕەوف و شەماڵ عومەر و نیگار حەسیب قەرەداخی و گەزیزە) هەردەم لە هەوڵدان بۆ ئەزموونکاری و نمایشی هەندێ بەرهەمی (یۆژین و یۆنسکۆ و ستراندبێرگ و سامۆئیل بیکیت) و شانۆیی نامـاقووڵ، کاری ئەم شێوەکارانەش بە ڕەنگدانەوەی سوریالیزم دەژمێردرێن(هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل233)، بەڵام لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا سوریالیزم لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دیوانی (ئاو) و (لم نیازمە)ی (عەباس عەبدوڵڵا یوسف) سەریهەڵداوە، کە لەکۆتای سالآنی 1970 دا دەست پێدەکات، پاشانیش یەکەمین بەرهەمە شیعریەکانی (هاشم سەراج و ئەنوەر مەسیفی) لە سەرەتای هەشتاکاندا بڵاو کرایەوە سوودیان لە شێوازی سوریالیزم وەرگرتووە (فەرهاد پیربال(د)(2009)،ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل271).

بەڕای (عەباس عەبدوڵڵا) لە کوردستانی باشور لەپاش (گۆران) سێ قوتابخانەی شیعری هەبووە بەناوی (قوتابخانەی کفری، ڕوانگە، قوتابخانەی هەولێر) کە کۆمەڵە کەسێک پێی کاریگەربوون لە سەردەمێکی دیاریکراو، وەک (لەتیف هەڵمەت و غەفور صالح و ئەحمەد شاکەلی)، دواتریش کاریگەری سوریالیزم لەناو ئەدەبی کوردیدا لە پاش حەفتاکان دوای بەیانامەی (11) ئازار بەئاشکرا دەرکەوت، چونکە باری ڕۆشنبیری کوردی کەمێک بەرەو پێش چوو، هاوشێوەی بواری سیاسیش بواری ئەدەبیات بەرەو پێش چوو، دواتر پاش ماوەیەک ئینجا ئەدەبی سوریالیزم ڕاستەوخۆ گەیشتە باشوری کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێبازانە ڕێبازی جیهانین، بۆیە هەموو گەلانی جیهان سوودیان لێوەرگرتووە، گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی پێی کاریگەر بووە، بەڵام کەسێکمان نییە ڕاستەوخۆ باسی سوریالەتی کردبێت، بەڵام هەندێک شت هەیە بە بنج و بنەوانی سوریالی دادەنرێن(چاوپێکەوتن(عباس عبدوللا)،2015/3/31).

قوتابخانەی هەولێریش لە هەشتایەکان و سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی بیستەم پێکهاتبوو لە کۆمەڵە نووسەرێکی وەکو (هاشم سەڕاج و محەمەد باوەکر و ئەنوەر مەسیفی و قادر مینە و صەباح رەنجدەر(چاوپێکەوتن(عباس عبدوڵلا)،2015/3/31).

لە پاش ڕاپەڕینی (1991)یش ئازادی تا ڕادەیەکی زۆر فەراهام کرا و هەندێک لە شاعیران و نوسەرانی دوورە وڵات گەڕانەوە نیشتمان، ئەوانە پێشتر لە تاراوگەدا ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەوروپی و ڕێبازە هونەریەکانی ئەوروپا پەیداکردبوو، توانیان فۆرمی تازە بهێننە ناو ئەدەبی کوردی و گڕوتینێکی تازەیان بە ئەدەبی کوردیدا(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل55).

کەواتە لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 خاسیەتەکانی ڕێبازی سوریالیزم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و فراوان لەناو ئەدەبی کوردیشدا دەرکەوت.

ڕێبازی سوریالیزم لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا بەتێکدەر دادەنرا، بەڵام ئەوەی زۆر سەیرە سوریالیزم لە باشوری کوردستان هەر لەناو هونەرمەندە باوەکانی کوردستان بەتێکدەر دانەدەنرا، بەڵکو لە دیدگای حوکومەتی عێراق سەردەمی بەعسیش تێکدەر بوو، جگە لەمەش لە سەردەمی شۆڕشی کوردیش بە ڕێبازێکی تێکدەر دادەنرا(چاوپێکەوتن(عباس عبدوڵلا)،2015/3/31).

(عەبدوڵلا سەڕاج)یش دەڵێ ((من خۆم بە نوێنەرێکی ئەو نوێخوازانە دەزانم. لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەستم کرد بە دارشتنی ئەو چیرۆکانەی، کە لای خوێنەری ئەوسا نامۆ بوون))(عەبدوڵلا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل71).

لەتیف هەڵمەتیش واتێدەگات کە خۆی و گروپەکەی پێشڕەون لە نوێخوازی و سوریالیزم، بۆیە دەڵێ ((دیوانەکەی من خواو شارە بچکۆلەکەمان لە ساڵی (1970) بڵاوکراوەتەوە ، وەهی فەرهاد شاکەلی ساڵی 1973 ، لەم ڕووەوە ئێمە لافی ئەوە لێدەدەین کە مەسەلەی نوێگەری و سوریالیزم و عەبەسیەت و لاماقول هەر لەسەر دەستی گروپی (کفری – کرکوک) هاتەکایەوە ، دوایی تەشەنەی کرد))(ئەحمەد مەحموود(2013)،سوریالیزم لە شیعر،ل132).

کاکەمەم بۆتانیش دەڵێ : ئێمە : کاکەمەم، شێرکۆ بێکەس، حوسین عارف، جەلالی میرزا کەریم، ئەو کاتەی لەبەغدا دەژیاین لەژێر کاریگەری قوتابخانە ئەوروپیەکان دابووین کە دادائزم و سوریالیزم لەگۆڕێ بوو(ئەحمەد مەحموود(2013)،سوریالیزم لە شیعر،ل139).

لێرەدا واباشە دان بەوەدا بنێین ئەم چیرۆکانەی (فەرهاد پیربال) پاڵنەرێکی زۆر بەهێز بوون بۆ سەرهەڵدانی چیرۆکی نوێی کوردی، چونکە چیرۆکەکانی لە ڕووی ڕوخسارو فۆرمەوە چیرۆکی کوردیان هەڵوەشاندەوە و جیاوازبوون لە فۆرمی هەموو چیرۆکنووسانی تر، هەمووی یاخی بوون بوو لە شێوازە کۆنەکانی چیرۆکی کوردی، وەک کاڵتەکردن بە واقیع و ڕەتکردنەوەی واقیع(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل187).

(عەباس عەبدوڵڵا) یەکەم کەس بووە کە سوریالیانە چیرۆکی کوردی نوسیبێ، بۆخۆشی دەڵێ من یەکەم چیرۆکی سوریالی کوردیم نووسیەوە و دواتر لە ڕامان و ئەفراندن و تاو بڵاوی کردۆتەوە، چونکە دەکرێ چیرۆکێک بە سوریالیزم دابنرێت کە یەک بنەمای سوریالی تێدابێ، ئەو کات دەتوانین بڵێین خاوەنەکەی کەوتۆتە ژێر کاریگەری سوریالیزم(چاوپێکەوتن(عباس عبدوڵلا)،2015/3/31)، سوریالیزمی کوردی جیاوازی هەیە لەگەڵ سوریالیزمی ئەوروپایی، چونکە لە ڕۆژئاوا ئازادیی تاکەکەس ڕێزی لێ دەگیرێت و تاکەکەس بۆی هەیە لەهەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی یاخی ببێت و داهێنانی خۆشی بکات، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا تاکەکەس لەژێر کاریگەری دابونەریتەکانی کۆمەڵگەدایە (عوسمان حمد(د)(2015)، ڕۆڵی گروپی وێران، ل20).

## پاری سێیەم : چیرۆکی هونەری کوردی و ڕەنگدانەوەی سوریالیزم

چیـرۆک ڕەنگدانــەوەی نـاخی نووســەره لەگــەڵ دەرەوەدا، دوای ئــەوەی وێنــەی دەگیــرێ لــە چوارچێوەیەکدا قەتیس دەبێ، لە مێشکدا کارلێکی بەسەردادێ، ئەوجا هونەریانە دێتە بەرهەم، (عەبدوڵڵا سەڕاج(2013)،پەیڤستان،ل358).

سـەرەتای مێژووی چیرۆک لەگـەڵ مێژووی ئادەمیزاد دەست پێدەکات، لـەو کاتـەوە، کـە مـرۆڤ لەگەڵ دیاردەکانی سروشتدا تێکەڵ بووە، بەمـەش هـەوێنی دروستبوونی ئەفسانە و هەقایەتی کۆنی لـەلا دروسـت بـووە، ((وەک داسـتانی پاڵەوانـە خەیاڵییـەکان و ڕووداوو جـەنگی نێـوان خـوا کۆنـەکانی یۆنـان و ڕۆمـان و گەشـتی ڕۆحـی فرعەونــەکانی میسـر و مەتـەڵی ئەفسـوون و ئـەژدیهاو خێـوو دڕنـدەکانی نـاو کوردەواریمـان))(عەبدوڵڵا سـەڕاج(2013)،پەیڤسـتان،ل359)، وەک ئاشکراشـە ئەفسـانە بـە دایکـی چیرۆکـی خـەیاڵی و هەقایـەت دادەنـرێ، ئەمانـەش سـەرچاوەی چیرۆکـی کـوردین، لـە دوای ئەفسانەش چیرۆکی میللی کوردی دروست بوو، لەسـەرەتادا لـە شـێوەی هۆنراوە دەگێڕدرانـەوە(سلیم ڕشید(2012)،شێواز،ل12)، دواتریش نوسین پەیدابوو، جگە لەمەش گەلی کورد ئارەزوویـەکی سروشـتی بە سەلیقەی هەیە بۆ گێڕانەوەی مەتەڵ و داستان و چیرۆک، بۆ نمونـە ژنـان چیرۆکـی بـەرئاگردان بۆ ڕۆڵەکانیان دەگێڕنەوە، یان دەنگ خۆشەکان بە لاوک و حـەیران و قـەتارو هۆرە چیرۆکـی پاڵەوانـەکان و دڵدارەکان بۆ گوێگرەکانیان دەگێڕنەوە، دواتریش چیرۆکی مێژوویی وەک چیرۆکـی (ڕۆسـتەمی زاڵ و شانامە) پەیدا بوون(عەبدوڵڵا سەڕاج(2013)،پەیڤستان،ل359-360).

دەربـارەی ئـەدەبی کـوردیش، ئەگـەر بمانـەوێ بـەدوای نـوێ بوونـەوەی ئەدەبەکـە بگـەڕێین، ئـەوا بەشـێوەیەکی زانسـتی ئـەدەبی نـوێی کـوردی سـەرەتاکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی 1898، واتـە لەگـەڵ دەرچـوونی یەکـەم ژمـارەی ڕۆژنامــەی کوردسـتان کـە لـە دەرەوەی وڵات دەردەچـوو، ئـەم نـوێ بوونەوەیەش بەچەند قۆناغێک تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەو قۆناغـەی ئـەمڕۆ تیایداین، دەبـێ ئامـاژەش بـۆ ئەوە بکەین کە چەندین نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووس دەستیان هـەبووە لـە تازەبوونـەوەی ئـەدەبی کـوردی، لەوانــە((حاجی قـادر، پیرەمێـرد، مسـتەفا شـەوقی ، گـۆران، شـێخ نـووری ، کامــەران.. . هتد))(نەریمان خۆشناو،ڕەمز و مەغزا،ل15).

ڕەخنەگرو لێکۆڵەرەوان لەسەر سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردی دوو ڕای جیاوازیان هەیە :

ڕای یەکەم : کورد هەر لەکۆنەوە بەحیکایەت و پەندی پێشینان و لاوک و حەیران دەوڵەمەندبووە، دەکرێ ئەمانە بە بنەمای سەرهەڵدانی چیرۆک دابنرێن، بەتایبەتی چیرۆکی فۆلکلۆری(عزالدين مصطفى(د)(1985)،آراء في القصة،ص162).

ڕای دووەمیش دەڵێت : چیرۆک هونەرێکی ئەورووپیەو بێگانەیە، لە ئەورووپاوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردی(عمر معروف،بیبلۆگرافیایی چیرۆک،ل12).

ئێمە پێمان وایە چیرۆکی کوردی بنچینەکەی ئەفسانەی کوردی و هەقایەتە دەماودەمەکانی ناو کوردەوارییە، چونکە کوردانی باشور ڕاستەوخۆ لە ئەورووپاوە چیرۆکی هونەریان وەرنەگرتووە، کەواتە ((گەرای چیرۆک سەرچاوەی لە هەقایەتی کوردەواری وەرگرتووە لە تەک ئەو هونەرەی لە ئەورووپاوە گەیشتە کوردستان))(عەبدوڵلا سەڕاج(2013)، دیدابینیەکانم،ل62)، دواتر بەلێکدانی ئەم دوو لایەنە چیرۆکی هونەری نوێی کوردی لە دایک بووە، بەڵام هەر لە زووەوە (مەلا مەحموود) لە ساڵی(1858) چیرۆکی (لەیلا و مەجنون)ی نوسیوە لەگەڵ چەند چیرۆکێکی تر، ئەمەش وەرچەرخانێک بووە لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، چونکە پێشتر چیرۆک بە هۆنراوە بووە و نووسراوە، یان دەماودەم گێڕدراونەتەوە ، بەم کارەشی (مەلا مەحموود) دەبێتە یەکەم کەس کە کۆمەڵێک چیرۆکی بەیەکەوە نوسیووە، هێندێکیش دەڵێن چیرۆک لە باشوری کوردستان دوای دامەزراندنی کۆمەڵێک چاپخانەو خوێندن بە زمانی کوردی و دەرچوونی کۆمەڵێک گۆڤار و ڕۆژنامە پەیدابووە (سليم رشيد(د)(2012)،شێواز،ل18).

لە سەردەمی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا چیرۆک تا ڕادەیەکی باش هونەری بوو، بەڵام لەسەرەتای حەفتاکاندا چیرۆک بەتەواوی لە قاوغە کۆنەکەی هاتە دەرەوە و بەرەو هونەری بوون چوو، کەواتە دەرکەوتنی گۆڤار و ڕۆژنامەکان ڕۆڵێکی یەکجار گەورەیان هەبووە بۆ هێنانەکایەیی چیرۆکی هونەری کوردی، وەک (ژین، پێشکەوتن، ڕۆژی کورد، بانگی حەق، ژیانەوە)، چونکە چیرۆکیان تیادا بڵاودەکرایەوە، دواتریش (گۆڤاری گەلاوێژ) بووە وەرچەرخانێکی زۆر گەورە لە ئەدەبی کوردیدا بەگشتی و لە چیرۆک بەتایبەتی، ئەوانەی لەو سەردەمەدا ڕۆڵیان هەبووە (شاکر فتاح، عەلائەددین سەجادی، ئیبراهیم ئەحمد، ڕەشید نەجیب) زۆری تریش، هەندێک گۆڤاری وەک (پێشکەوتن، شەفەق،

هیوا)ش پێشبڕکێی چیرۆک نوسینیان ئەنجام دەدا ، ئەمەش بووە هۆی زۆربوونی چیرۆک و باشتر نووسینی و بەرەو هونەری بردنی(سلیم رشید(د)(2012)،شێواز،ل19)، لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد)یش چیرۆکی (شویش)ی (**فؤاد** تمو) بۆ یەکەمجار لەساڵی 1913 بڵاوکرایەوە(هیمداد حوسێن(د)(2012)،انطولوجیا،ص7)، ئەم چیرۆکە بە شێوازێکی میللی ساکار نوسرابوو(فواد تەمۆ(1913) ڕۆژی کورد،ل25-27).

بەڕای (فەرهاد پیربال)یش چیرۆکی (مەم و زین) کە بەدیالێکتیکی کرمانجی نوسرابوو لەلایەن (مەلا مەحمودی بایەزیدی) لە ساڵی 1856 بەسەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردی دادەنێت(فەرهاد پیربال، مەموزینی مەلا مەحموود،ل52)، چونکە (فەرهاد پیربال) دەڵێ : هەموو توخمەکانی گێڕانەوە و دیالۆگ و مەنەلۆگ و گرێچنی تێدا بەکارهێناوە، بەڵام (هیمداد حوسێن) ئەمە بەڕاست نازانێ، و ڕای وایە کە ئەم چیرۆکە کورتکراوەی مەم و زینی خانییەو بنەمای هونەری تەواوی تێدانییە(هیمداد حوسێن(د)(2010)،رەخنەی ئەدەبی،ل89)، ئێمەش ڕایەکەی (د. هیمداد)مان زۆر پێ ڕایەکی ماقووڵ و هونەریانەیە.

بەڵام (د. عزەدین مستەفا رەسول) (مەولودنامە)کەی (شێخ حوسێنی قازی 1790-1870) بە یەکەم سەرەتای ساکاری سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردی دادەنێ(عزەدین مستەفا(د)،ناوەرۆکی سیاسی و،ل7)، دوای ئەوە چیرۆکی (بۆچی جلخوارم)ی (کەریم سەعید بەگی زانستی) لە ڕۆژنامەی ژیانەوە ژمارە (15) بڵاوکراوەتەوە، لەدوای ئەمیش چیرۆکی (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب) بڵاوکرایتەوە(سلیم رشید(2012)،شێواز،ل16)، ئەم چیرۆکەی (جەمیل سائیب) چیرۆکێکی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە بوو، ڕەخنەگرتن بوو لە سەردەمی شێخ مەحموودی نەمر، کە گوایە لە سەردەمی شێخدا دزی و بەرتیل خواردن زۆر بووە ، دەکرێ ئەم چیرۆکە بەسەرەتای چیرۆکی هونەری کوردی دابنرێ(عزالدین مصطفی(1966)،الواقعیە فی الادب،ص206)، بەڵام ئەم چیرۆکە بەسوریالی حسێب ناکرێ چونکە هەموو خەونێک نابێتە سوریالی، ئەگەر خەونەکە (جوڕناو فڕنای) تێدابێت ئەوا سوریالیە، باسەکەی واقیعیە بەڵام بەخەون پەردە پۆشی کراوە(چاوپێکەوتن(عباس عبدوڵلا)،2015/3/31)، جگە لەمانەش (نورەدین زازا) و (بەدرخانیەکان)یش لە گۆڤاری ڕۆژا نو و (ڕوناهی) چیرۆکیان بڵاوکردۆتەوە(عزالدین مصطفی(1966) ،ص206).

لە ڕۆژنامەی پێشکەوتنیش 1920 – 1922دا یەکەم گرەو بۆ نوسینی چیرۆک ئەنجامدراوە، دەکرێ ئەمەیان بەسەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردی دابنرێ، بەڵام زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان لە ئەدەبی کوردی ساڵی 1925 بە سەرەتای دەرکەوتنی چیرۆکی هونەری کوردی دادەنێن، کە ئەمیش چیرۆکی (بۆچی جل خوارم)ە(ڕەووف حەسەن،سەرەتای چیرۆکی کوردی،گ.ڕۆشنبیری نوێ،ژ.69،ل15).

کەواتە چیرۆکی هونەریی کوردی تێکەڵاویە لەنێوان هەقایەتی کوردەواری و تەکنیکە نوێیەکانی ڕۆژئاوا، کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا گەیشتە کوردستان، لە ئەنجامدا چیرۆکی هونەری کوردی لەدایک بوو (عەبدوڵڵا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل62).

لە سەردەمی ئێستاشماندا زمانی چیرۆکی کوردی هەوڵی کورتبڕی دەدات و دەست بە وشەوە دەگرێت، وشەش بۆی هەیە لەهەمان کاتدا ببێتە هێماو جوانکاریی و کلیلی کردنەوەی دەرگای واتاکان (عەبدوڵڵا سەڕاج(2013)،پەیڤستان،ل295-296).

دوای ئەوەی چیرۆکی کوردی لە سەدەی بیستەمدا بەرەو نوێبوونەوە هەناگاوی نا ئیتر وردە وردە چیرۆکی کوردی سیمای تاکیەتی خۆی دۆزیەوە، وچیرۆکی زانستی و سایکۆلۆژی و سوریالیزم و (ناماقول)یش هاتە ناو چیرۆکی باشوری کوردستان(عەبدوڵڵا سەڕاج(2013)،پەیڤستان،ل360).

لە ساڵی 1979دا بەهۆی هەڵکەوتی بارودۆخی سیاسی و شارەزایی پەیداکردنی چیرۆکنووسانی کورد دەستیانکرد بەلاسایی کردنەوەی چیرۆکنووسانی جیهان لە چیرۆک نووسین، وەک (مۆپاسان و گوگۆڵ و بەلزاک و چیخۆف و هەندێکی تر لە نووسەرانی عەرەب)، بەم کارەشیان چیرۆکنووسانی کورد بوونە خاوەنی شێوازی تایبەت بەخۆیان، کە تیایدا نوێبوونەوەی کلتوور و بیر و باوەڕی تایبەتی کوردی تێدا ڕەنگیدایەوە، وەک چیرۆکەکانی (لەتیف حامید، حوسین عارف، کاکە مەم بۆتانی، سەدرەدین عارف، عەبدوڵڵا سەراج، عەبدوڵڵا ئاگرین، حەسەن جاف، ڕەئووف بێگەرد، محەمەد موکری، شێرزاد حەسەن، ڕەئووف حەسەن، ئەحلام مەنسوور، جەلیل کاکەوەیس، سەلاح عومەر، سەلام مەنمی، و.... هتد(روناک صلاح(2014)،هونەری فەتازیا،ل48-49).

له دوای ڕاپەڕین کاتێک (فەرهاد پیربال) و کۆمەڵێک ڕۆشنبیری تر لە تاراوگە گەڕانەوە لەگەڵ هێندێک ڕۆشنبیری تری ناوەوەی کوردستان توانیان هێزو تینێکی نوێ بەبەر ئەدەبی کوردیدا بکەن، بەم جۆرە لە دوای ڕاپەڕین شۆڕشێکیان لەناو ئەدەبی کوردیدا بەرپاکرد و چەند داهێنانێکی جوانیان تیادا ئەنجامدا، بەمەش ئەدەبی کوردیان لە مەنگ بوون و ڕاوەستان ڕزگارکرد، لەناو ئەم تاراوگەنشینانەی گەڕانەوە کوردستان (فەرهاد پیربال) ڕۆڵی لە هەموویان زیاتر بوو، چونکە ئەو گوێی بەهیچ شتێک نەدەدا، هەمیشە سوریالیانە تێدەکۆشا بۆ لەناوبردنی هەموو شتە بێ مانا و ناشیرینەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی، لەگەڵ ڕوخاندنی گشت دابوونەریتە دواکەوتووەکان، هەر بۆیەش گۆڤاری وێرانی دەرکرد بۆ ئەوەی لەسەر ئەو وێرانەیە دووبارە جیهانێکی جوان دروست بکات(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل126).

ئاوارەیی ئەم هونەرمەندانە کاریگەریەکی تەواوی هەبوو لەسەر ناخ و دەروون و ڕۆحی ئەدیبەکاندا، چونکە ئاوەریی بوون هەردەم کاریگەریەکی زۆری بەسەر ناخ و دەروون و ڕۆحی ئەدیبەکاندا هەیە، لە تاراوگەدا کەسی ئاوارە گەشە بە بەهرەکانی دەدات، بە ئازادیش دەنووسێ بە ئازادیش دەربڕین ئەنجام دەدات(چاوپێکەوتن (عەبدوڵڵا سەڕاج)2015/4/8)، چونکە هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە، کەواتە ئاوارەیی بوون کاریگەریەکی زۆری لەسەر دڵ و دەروونی فەرهاد پیربال هەبووە ، جگە لەمەش لە دەرەوەی وڵات بەتەواوی ئاشنا ببوو بە بەرهەمەکانی (ئەندرێ بریتۆن و سلڤادۆر دالی و رامبۆ و لامارتین و ڕۆدان)، بۆیە ڕاستەوخۆ کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەو نووسەرانە، لە دوای ڕاپەڕینی 1991 کاتێک گەڕایەوە بۆ کوردستان پرۆژەی (وێران)ی لەگەڵ خۆی هێنایەوە، بەهۆیەوە زۆرشتی وێران کرد، یەکەم بەیانیشی تیادا بڵاوکردەوە، هەتا ئێستاش هەر بەردەوامەو سێ بەیانی بڵاوکردۆتەوە(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل17-18).

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد پرۆژەی وێران ڕۆڵەی تاراوگەنشینەکانە، لەئەنجامی موعاناتی هاوبەشی ئەم نووسەرانە لەدایک بوو، چونکە ئەو نووسەرانەی لە تاراوگەدا دەژیان بە ئاواتەوە بوون ئەو ئەزموونەی فێری بوو بوون لە بواری ئەدەب بیگوێزنەوە بۆ کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیان بە هونەرمەندان و نووسەرانی ناوەوەی کوردستان کردوو گروپێکیان لە هەردوولا پێکهێنا بەناوی گروپی وێران(عوسمان حمد(د)(2015)، ڕۆڵی گروپی وێران، ل36)، لەگەڵ

گەڕانەوەی ئەو تاراوگەنشینانە بەرهەمەکانی خۆیان بڵاوکردەوە، جگە لەمەش بەرهەمی چەند نوسەرێکی بیانیشیان وەگێڕایە سەر زمانی کوردی، لەوانە (فەرهاد پیربال و ئەحمەدی مەلا) لەناوەوەش (فەرید زامدار و ئەنوەر مەسیفی و ئیسماعیل بەرزنجی و سەباح رەنجدەر)، ئەمانە کاریگەریگەریەکی زۆریان هەبوو لەسەر ئەدەبی کوردی(هیمداد حوسێن(د)(2007)، ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل233)، دوای گەڕانەوەی (فەرهاد پیربال) کتێبەکەی خۆی بەناوی (جوایەز) بڵاوکردەوە و خەڵکێکی زۆری لەدەوری خۆی کۆکردەوە(چاوپێکەوتن(عباس عبدوڵلا)،2015/3/31)، ئەم نووسەرانەی تاراوگە و ناوەوەی وڵات گۆڤارێکیشیان دەرکرد بەناوی گۆڤاری (وێران)، کە یەکەم ژمارەی لە نۆڤەمبەری 1994 لە هەولێر لێدەرچوو لەگەڵ بەیان نامەیەکی تایبەت بە گروپەکە، ئەمەش یەکەمین بەیاننامەیە دوای (ڕوانگە)ی ساڵی 1970، کە لەڕووی فۆرمەوە لە بڵاوکراوەکانی تر جیاوازبوو، لە شوێنی فۆتۆگرافی نوسەرەکان نیگارێکی شێوەکاری کە منداڵ دروستی کردبوو دانرابوو(ئەحمەد مەحموود(2013)،سوریالیزم لە شیعر،ل188)، ڕەگوڕیشەی دروستبوونی ئەم گروپەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی هەشتاکان، بەڵام لە 1992 – 1993 دامەزراوە، لە وێنەی بەرگی ژمارە (3–4) و (5)ی گۆڤارەکەش ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە باکگراوندی ئەم گروپە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان، دامەزرێنەرەکانیشی (5) کەس بوون، ئامانجیشیان نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی بوو، بەشێوەیەکی ئازاد و ڕەها(عوسمان حمد(د)(2015)، ڕۆڵی گروپی وێران، ل6–8).

ئەو ئەدیبانەی تاراوگەنشینەکان لە هەولێر وتووێژیان لەگەڵ کردبوون بریتی بوون لە (مەحموود زامدار، عەباس عەبدوڵلا یووسف، هاشم سەڕاج، ئازاد حەمە شەریف)، کەواتە بنەمای لەدایکبوونی گروپی "وێران" دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان ئەدیبانی هەولێر و ئەدیبانی ئەوروپادا دروستببوو زۆر جیاوازبوو لە بزوتنەوەکانی تر، چونکە ڕاستەوخۆ ئەم ئەدیبانە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی شەپۆلە نوێخوازییە ئەدەبییەکانی ئەوروپا، وەکو دادایی و سوریالیەکان(عوسمان حمد(د)(2015)، ڕۆڵی گروپی وێران، ل9)، بەڵام بزوتنەوەکانی تر بە ناڕاستەوخۆ کاریگەری ئەوروپاییەکانیان لەسەرە، ئامانجی ئەم کۆمەڵە گەنجەش بەشداری کردن بوو لەبەرەو پێشبردنی بیری نوێخوازی لە ئەدەبیاتی ئەو سەردەمی گەلەکەماندا و داوایان دەکرد ئازادییەکی ڕەهایان هەبێت

بۆ نوێکردنـەوەی ئـەدەب، بۆیـە دەیـان ووت: ((پێویسـتە تـا ئەوپـەڕی نوێخـوازبین، لـە نوێکردنەوەشـدا بەشێوەیەکی ڕەها ئازادبین!))(گۆڤاری وێران،1994،ژ.1،ل1).

دواتر گۆڤاری (وێران) بووە زمانحاڵی گروپەکە، لەماوەی ساڵانی (1994 تا 1997) (پێنج) ژمارەی لێـدەرچوو، ناوبـانگێکی زۆری پەیـداکرد، چونکـە گۆڤـارێکی زۆر نوێخوازبـوو هـەموو بەرهـەمێکی بەڵاونـــەدەکردەوە ئەگـــەر لەگـــەڵ بۆچـــوون و ڕەوتـــی گۆڤارەکـــەدا نەگونجایـــە(چاوپێکـــەوتن(عباس عبدوڵلا)،2015/3/31).

ئـەم گۆڤـارە یەکـەم گۆڤـارە بـە فـۆرم و تـەکنیکی تـازەوە بابەتـەکانی ڕێکخرابـێ و سـنووری تەقلیدییـەتی گۆڤـارە کوردییـەکانی دیکـەی بەزانـدبێ و بابـەتی زۆر نـوێی تیـادا بڵاوکرابێتـەوە(عوسـمان حمد(د)(2015)، ڕۆڵی گروپی وێران، ل26).

سەرنووسـەری ئەم گۆڤارە "فەرهاد پیربـاڵ" بـوو، دەسـتەی نووسـەرانیش پێکهاتبوو لـە "ئەحمـەدی مەلا، ڕزگار عەبدوڵڵا، مەهاباد قەرەداغی، عەباس عەبدوڵڵا یووسـف، نەزەنـد بـەگیخانی"، ڕاوێژکـارانیش پێکهاتبوون لە هاشـم سـەڕاج، عـەتا قـەرەداغی، دڵشـاد عەبـدوڵڵا، ئومێد مەهـدی (هندرێن)، ئـازاد حەمـە شەریف، سەلاح عومەر، نامیق عەلی قادر، گارا ڕەسـووڵ، کـەژاڵ ئەحمـەد"(گۆڤاری وێران،1994،ژ.1،ل1)، وشەی وێران لەلای ئەم گروپە بۆ سێ مەبەست بەکارهاتووە(گۆڤاری وێران،1994،ژ.1،ل1)، هـەروەک لـە مانیفێستی وێراندا هاتووە :

1ـ ئـەو وێرانـە مـاددی و ڕۆحییـەی کـە ئـەو ڕۆژانـە کوردسـتان تییـدا گـوزەری دەکـرد، چونکـە لـەو سەردەمەدا گەمارۆی ئابووری بەسەر گەلانی عێراق و کوردستانیشدا سەپێنرابوو.

2ـ وێرانکردنی ئـەو کۆشـکە ڕزیـوە موقەبایانـەی کـە گەنـدەڵکارەکان لەسـەر حیسـابی خـەڵکی ڕەش و ڕووتی ئەم کوردستانە وێرانەیە هەڵیان چنیبوو.

3ـ ئـەم وێرانکردنـەش بـوێری دەویسـت، وێرانـی داهێنـانی دەوێ، کوردسـتان ئـەو کاتـە وێـران بـوو، ئـەدەبی کـوردیش وەک ژیانـە ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و سیاسـییەکە وێـران بـوو، بـۆ وێرانکردنـی پێودانگـەکان هـەم بـۆ وێرانکردنـی پێـوەرە ئـەدەبی و هونەرییـەکان، کەواتـە نووسـەرانی وێـران دەبـێ بوێرانە لەڕووی ئەو ناعەدالەتیە کۆمەڵایەتیە بوەستنەوە کە لەناو کۆمەڵگادا بوونیان هەیە.

(گۆڤاری وێران،1994،ژ.1،ل1).

بۆ چەختکردنەوەی لەسەر ئەو داواکارانەشیان لەبەشی دووەمی مانیفێستەکەیاندا هاتووە ((ئێمە خاوەن وڵاتی وێران ، ئەخلاقی وێران، مێژووی وێران ، چێژی وێران ، ئەدەبیاتی وێران ، وێرانگە و وێرانکار، لەناو دڵی وێراندا ، بوێرانە دەمانەوێ بوێرین ئەم وێرانەیە وێران بکەین و ڕابگەینین کە نوێکردنەوە و بنیاتنانەوە لە وێرانی گوتنی شتی تازەوە ، لە وێرانی کردنی شتی نوێوە دێتە ئارا ، پێویستە بوێرین شتەکان وێران بکەین و سەر لەنوێ جیهانێکی تازەی وێران دروست بکەین))(گۆڤاری وێران،1994،ژ.1،ل1).

وێران درێژەپێدەری گروپەکانی (ڕوانگە و پێشڕەوییەکان)ی پێشخۆیەتی، چونکە زۆربەی خاسیەتەکانی ئەم دوو گروپە بە بەرهەمەکانیانەوە لەلای نووسەرانی دەبینرێن(عوسمان حمد(د)(2015)، ڕۆڵی گروپی وێران، ل36).

لە گۆڤاری وێراندا هاتووە ((پێویستە تا ئەوپەڕی نوێخوازبین ، لە نوێکردنەوەشدا بەشێوەیەکی ڕەها ئازاد بین! ، ئێمە لە سەردەمێکی نوێدا دەژین ، مرۆڤی نوێین ، هەست بە پێویستیی ئازادکردنی خۆمان دەکەین. کە خولیای داهێنانین، ناتوانین بەو ئامراز و تەکنیک و شێواز و کەرەستە و فۆرمە کۆنانە باس لە خۆمان بکەین ، ئێمە خۆمان بە هیچ ڕێبازێک یان هیچ قوتابخانەیەک نابەستیەنەوە))(گۆڤاری وێران،1994،ژ.1،ل1).

(فەرهاد پیرباڵ) واتێدەگات بەرهەمی نوێ فۆرم و تەکنیکی جیاوازی هەیە کە جییایە لە هەموو بەرهەمەکانی پێشوتر(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل122)، لێرەدا (فەرهاد پیربال) دژی وتەکەی خۆی دەوەستێتەوە لە وەستنامەکەیدا کە داوای کردووە بەرهەمی ئەو هونەرمەندانە فڕێ بدرێن کە تەمەنیان گەیشتۆتە سەروو (40) ساڵ، وا لێرەدا دانی پیادا دەنێ کە بەرهەم و داهێنان بە تەمەن نییە، ئەمەش ڕای ئێمە بوو.

## بەشی سێیەم: سوریالیزم لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیرباڵ و عەبدوڵڵا سەڕاج

### پاری یەکەم: بنەماکانی سوریالیزم لە چیرۆکەکانی(فەرهاد پیرباڵ)

### پاری دووەم: بنەماکانی سوریالیزم لە چیرۆکەکانی(عەبدوڵڵا سەڕاج)

## بەشی سێیەم : سوریالیزم لە چیرۆکەکانی (فەرهاد پیربال) و (عەبدوڵلا سەڕاج)

### پاری یەکەم : بنەماکانی سوریالیزم لە چیرۆکەکانی (فەرهاد پیربال) :

(فەرهاد پیربال) لە نووسینی چیرۆکەکانی زۆر کاری هونەری و جوانکاری سوریالییانەی ئەنجامداوە، بەم کارەشی چیرۆکەکانی تام و چێژی سوریالی دەدەنە خوێنەران، بەڵام پێویستە خوێنەر خۆی ماندوو بکات و کننە لەناو چیرۆکەکان بکات و بیان دۆزێتەوە.

لێرەدا پوختەیەک لە ژیانی (فەرهاد پیربال) دەخەینە ڕوو.

(فەرهاد پیربال) ناوی تەواوی فەرهاد کوڕی پیربال کوڕی عومەرە، لە ساڵی 1961 لە گەڕەکی (خانەقا)ی شاری هەولێر لە دایک بووە، لە نێوان ساڵانی 1967 - 1968 چۆتە سەرەتای لە قوتابخانەی (زاگرۆس) ، خوێندنی ناوەندیشی لە ناوەندی (برایەتی) لە شاری هەولێر تەواوکردوە، خوێندنی ئامادەیشی لە ساڵی 1979 لە ئامادەیی کوردستان بەشی وێژەیی تەواوکردوە، کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی لە ساڵی 1983 تەواوکردوە، لەساڵی 1984 دا کوردستان جێهێشتوە و چۆتە (ئێران، سوریا، ئەڵمانیا، دانیمارک)، پاشان لە ساڵی 1986 چۆتە فەرەنسا، ساڵی 1990 ماستەری لە (سەرچاوەکانی چیرۆکی کوردی) لە زانکۆی سۆربۆن وەرگرتووە، لە ساڵی 1994 بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە لە (مێژووی نەشونماکردنی چیرۆکی کوردی) لەهەمان زانکۆ لە فەرەنسا(نەریمان خۆشناو،ڕەمز و مەغزا،ل10).

(فەرهاد پیربال) ماوەیەک لە ئەوروپا ژیاوە، بۆیە شارەزاییەکی زۆری لە ئەدەبی ئەوروپی پەیداکردووە، بۆیە بەردەوام بەئازادانە کاردەکات و شت دەنووسێت ، چەندین فۆڕم و ناوەرۆکی تازەشی تێکەڵ بەبەرهەم و چیرۆکەکانی کردووە، چونکە پەناهەندەیی و دووره وڵاتی وا لەمرۆڤ دەکات زۆر تامەزرۆی زانست و زانیاری بێت، فەرهاد خۆشی دەڵێت : ((هەبوونی شاعیر و نووسەرەکانمان لە پایتەختە جیاجیاکانی دونیا، زەمینە خۆش دەکا بۆ ئەوەی لە هەموو کانیاوە ئەدەبیەکاندا قومێک بخۆینەوە، کە ئەوەش لە داهاتوودا بە قازانجی ئەدەبەکەمان دەشکێتەوە، بەتایبەتی بۆ هێنانەکایەی ئەدەبێکی نوێ))(سەرکەوت پێنجوێنی(2000)"تاسەی غوربەت،ل51)، هەر لەبەر ئەوەیە زۆربەی چیرۆکەکانی چیرۆکنووس باس لەو ڕووداوو کارەسات و بەسەرهاتانە دەکەن کە

بەسەر خودی خۆیدا هاتوون، یاخود لەنزیکەوە ئاگای لێیان بووە، جا ئەم ڕووداوانە لەناوەوەی کوردستان ڕوویانداب، یان لەدەرەوەی کوردستان، دەتوانین بڵێین زۆربەی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکانی (فەرهاد پیربال) ڕاستەقینەن، بەڵام بەشێوەیەکی فانتازیایی هونەری باسکراون، هەر لەبەر ئەوەشە مەغزای چیرۆکەکانی بە ئاسانی دەستەمۆ نابن، بەڵکو هەموویان توێکڵیان هەیەو داپۆشراون (نەریمان خۆشناو،ڕەمز و مەغزا،ل10-11)، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی دەقەکانی فەرهاد پیربال شیعریەت بنوێنن، شعریەتیش جەختکردنەوەیە لەسەر خودی پەیامەکە(روبرت شولز(1984)،البنوية،ص47)، چونکە شعریەت بەکارهێنانێکی تایبەتە بۆ زمان(قاسم المومنی(1999)فی قراءة النص،ص19-20)، فەرهاد پیربالیش ئەم کارەی کردووە.

(فەرهاد) دوای گەڕانەوەی بەردەوام سوریالیانە بیری دەکردەوە، تەنانەت لە قسەکردن و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەشی هەر سوریالییانە بوو(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل118)، لە گۆڤاری (وێران)یشدا کاتێک بەیاننامەی دووەمی بڵاوکردۆتەوە، تیایدا جەختی لەسەر بەرهەمی نوێ و یاخیبووانە کردەووە، تیایدا دەڵێت هەر نووسەرێک تەمەنی گەیشتە سەروو (40) ساڵ پێویستە بەرهەمەکانی فڕێ بدرێن و نەخوێندرێنەوە، بۆخۆشی داوا دەکات مادام تەمەنی گەیشتۆتە (40) ساڵ پێویستە لەمەودوا بەرهەمەکانی دوای (40) ساڵی بخرێتە ناو زبڵخانەوە، هەرلەم گۆڤارەشدا وەسیەتنامەی خۆی نووسیوە، کە تیایدا داوا دەکات گوێ لە پیرەکان نەگیرێ و ڕێگا بدرێت گەنجەکان شت بنووسن و بێنە پێشەوە، بەڵام من وای بۆ دەچم ڕاستە (فەرهاد پیربال) تەمەنی زەمەنی لە (40) ساڵ تێپەڕیوە بەڵام تەمەنی فیکری و نوێخوازی تازە لە هەڕەتی لاویدایە، بۆیە ئەو هەردەم سوریالیە و یاخیی و شۆڕشگێڕە، هەر لەم بارەیەوە(حەمە مەنتک) دەڵێت((داهێنان و نوێخوازی بە تەمەن نییە))(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل121).

دەقە تازەکانی چیرۆکنووس پڕن لە کۆد و ڕەمز و دەلالەت و فۆرم و تەکنیکی نوێ ، لەوانە: قسەکردن لەگەڵ پەیکەر، کە ئەمەش دەرچوونە لە لۆژیک، چونکە بەم کارە زمان دەبێتە ئامراز و هەم ئامانج(محمد کنوني(1997)،اللغة الشعرية،ص17).

کارێکی تری هونەری (فەرهاد پیربالّ) دانانی پەراوێزە بۆ هەندێک لە چیرۆکەکانی، وەک چیرۆکی (پەراوێزەکانی ئەوروپا)، دانانی پەراوێزیش جۆرێکە لە زیادە زانیاری و دەبێتە هۆی باشتر تێگەیشتن لە چیرۆکەکە.

هەندێک جار (فەرهاد پیربالّ) چیرۆکەکانی بەشێوەی لاکێشە دەنووسێ، وەک چیرۆکی (شیزۆفرینیا)، کە پێکدێت لە (15) گۆشە، ئەم فۆرمەش فۆرمێکی زۆر گرانەو پێویستی بە خوێنەرێکی زۆر زیرەک و کارامە هەیە، بۆ ئەوەی لە مەغزا و ناوەرۆکی چیرۆکەکە بگات.

لەبەر ئەوەی (فەرهاد پیربالّ) کاری نوێ و نوێبوونەوەی زۆری ئەنجامداوە و فانتازیایی تێکەڵ بە ڕووداوەکانی واقیع کردووە، بۆیە ئێستا خۆی بە تەنها بە قوتابخانەیەکی ئەدەبی دادەنرێ، کە پەیڕەوکەرانی زۆری هەیە(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل177).

(فەرهاد پیربالّ) توانیویەتی زۆرترین تەئویل و تەفسیر بۆ چیرۆکەکانی دروست بکات بۆ ئەوەی رەواج بەدەقەکەی بدات، خوێنەریش لەم حاڵەتەدا سەربەستە لە راڤەکردن و شرۆڤەکردن و شیتەڵکردنی دەقەکە(نەریمان خۆشناو،ڕەمز و مەغزا،ل86).

دەقی چیرۆکەکانی (فەرهاد پیربالّ) بەزۆری دوو فلیقانەین ، یان سێ فلیقانەین، چەند مەبەست و مەغزایەکیان تێدایە، زۆربەیان ڕەمزین، کاتێک چیرۆکێکی دەخوێنیتەوەهەست دەکەیت دووچیروک دخوێنیتەوە یەکێکیان دەرەکییە، ئەوەی تریان ناوەکییە، ئەمەیان دەبێتە سێبەری ئەوەی تریان(حەمە کەریم هەورامی،سیمبولیزم،ل103).

(فەرهاد پیربالّ) سوریالیانە هەندێک کاری تری هونەری ئەنجامداوە، ئەم کارانەشی بە مەبەست ئەنجام داوە ،بەم کارانەی دەیەوێ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی بکات، لەوانە :

1- بەکارهێنانی کەلەپوور، وەک ئاشکراشە ((فۆلکلۆر و کەلەپووری میللەتان.... کانگای خاوو رەسەنن بۆ توێژینەوەی مرۆڤایەتی، ئەویش نەک تەنیا بۆ ئارەزووی گێڕانەوەی چێژ وەرگرتن و فێنک کردنەوەی ناخ، بەڵکو بۆ خۆناسین و ئەنگوست خستنە سەرزارم و بینینی راستیەکان و تاراندنی ئەو مەترسیانەی کە هەڕەشە لە شادی و بوونمان دەکەن))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2013)،پەیڤستان،ل16

2ـ بەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی : چەند وشەگەلێکی ڕەسەنی کوردی دووبارە بەکارهێناوەتەوە، یان چەند وشەگەلێکی بۆخۆی ئەفراندوە و لەناو چیرۆکەکانی بەکاریهێناون، وەک

(کـــەودەن ، (زکـــار)، یەکســـەڵەف ، پییـــف ، کـــادین ، کـــەڤر ، دارکاژەکـــان)(فـــەرهاد پیربـــاڵ(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل13-63)، جاڕس، ڕەنک(فەرهاد پیرباڵ(2001)،پێنج ڕەخنە،جوایەز2،ل8و36)، (کۆزینـە، کۆتـەڵ، کۆمـار، کـەوان، کلـک،)(فـەرهاد پیربـاڵ(1993)،ئـەو هەشـت حەرفـەی،ل11)، تـاو تـاو، تـەراتێنی، تێلگـە، تاپـاز، ترکەن و ترۆڵە، نەوپیت، نەوبەهار، نەوشێواز، نـەودەم، نـەوڕەوت، نـەوبیر، نەوهـەنگاو، نـەوژەن)(فـەرهاد پیرباڵ(1993)،ئەو هەشت حەرفەی،ل13).

لە بەرکارهێنانی ئەم وشە ڕەسـەنانە (فـەرهاد پیربـاڵ) مەبەسـتیەتی بەخوێنـەری کورد بڵـێ ئێمـە لـە کەلپوور و فۆلکلۆری کوردی زۆر دەوڵەمەندین، بـەڵام هەندێک لـە نووسـەرە لێخنبیرە نوێیەکانمان لـە وشە ڕەسەنەکانی خۆمان تروندی دەبن و بێزارن و بەکاریان ناهێنن.

3. دووبارەکردنەوە : (فەرهاد پیرباڵ)وەک هۆیـەکی سـەرەکی بـۆ رونکردنـەوە و خسـتنە ڕووی ویسـت و خواستەکانی دووبارەکردنەوە بەکاردەهێنێ، وەک دووبارەکردنـەوەی ڕسـتەی پرسـیاری ((تـۆ بـۆچی هـــیچ پەتاتـــەت لـــە خـــاریج نەهێناوەتـــەوە))(فـــەرهاد پیربـــاڵ(2005)و پەتاتـــەخۆرەکان،ل59-60)، لەگـــەڵ دووبارەکردنـــەوەی وەڵامـــەکانی فەرەیـــدوون ((نـــەخێر، هـــیچ پەتاتـــەم لـــە خـــاریج نـــەهێناوە))(فـــەرهاد پیربـاڵ(2005)و پەتاتـەخۆرەکان،ل59)، کـە ئـەم تاکـە ڕسـتەیە وەڵامـە بـۆ پرسـیاری هـەموو خزمـەکانی فەرەیدون.

لە چیرۆکی (پەناهەندە)دا بەهۆی دایالۆگـەوە دووبـارە کردنـەوەی زۆری ئـەنجام داوە ((بەمەبەسـتی خستنەڕووی دیـوی نـاوەوەی کەسـانی چیرۆکـە ، واتـە دیـوی نەسـتی – لاشـعور- کەسـەکە))(حەسـەن جاف(1984)،چیرۆکی نوێ،ل87)، بەم دووبارەکردنەوەیـە جـەخت لەسـەر چەنـد شـتێک دەکاتـەوە ڕیتمێکـی مۆسـیقی لـەناوەوەی دەق دروسـتدەکات، ئـەم ڕیتمـەش دەبێتـە بەڵگـە لەسـەر ئـاوازی ئـەو هەڵچونـەی دەیـــەوێ دەری ببـــڕێ(موســـی ربابعـــة(د)(1990)،التکـــرار،ص165). ئەمـــەش چەنـــد نمونەیـــەکی تـــری دووبارەکردنەوەکانیەتی لەناو چیرۆکەکانی :

((دانمـارک ئەمەیـە : تـەنیایی ، تـەنیایی ، تـەنیایی. هۆیەکەشـی ئەمەیـە کـە وتـم (مـن تـەنیا ڕەسـمی تەنیایی دەکەم) ))(فەرهاد پیرباڵ(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل9)، بـەم دووبـارە بوونـەوەیـە پیرەژنـەکە بێزاری خۆی لە ئەوروپا دەردەبڕێ، هـەرچی لـەناو دڵیـەتی دەریدەبڕێ، چونکە دووبـارە بوونـەوە دەرخسـتنی

ئەو شتانەیە کە لەناو قولایی ناخ خۆیان مالاسداوە، وەک خۆشەویستی و قین لە هەندێک شت(شفیع السید(د)(1968)،الاتجاه الاسلوبي،ص171).

دواتر پیرەژنەکە دەڵێت ((من غەریبیی مێردە کۆنەکەم و منداڵەکانم دەکەم ، غەریبیی منداڵیی خۆم و هەرزەکاریم و گەنجێتی خۆم دەکەم. ئەوروپا غەریبیی سەدەکانی شازدە و حەڤدە و هەژدە. نۆزدەی خۆی دەکات...))(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل13)، پیرەژنەکە بەم دووبارە کردنەوەیە تایبەتمەندی ناچوونیەکی وەک چوونیەکی پیشاندەدا، چونکە هەردووکیان بەشێکن لە توخمەکانی پێکهاتەی جوانی لە هونەر، چونکە ناچوونیەکی دژەکان لە چوونیەکی جیا دەکاتەوە، چوونیەکیش تێکەڵکردنی ئەو شتانەیە کەوادیارە دانسقەن یان هاوجۆرن(محمد عبدالمطلب(1984)،البلاغة،ص215).

((تەپ ، تەپ ، تەپ ، کۆمەڵێک رۆژنامەی ئیعلانات و پڕۆپاگەندەی فڕێدایە نێو ژوورەکەیەوە))(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل14)، ئەم دووبارە کردنەوەیە مانای وشەکان وێنا دەکات، جگە لەمەش دووبارەکردنەوە هۆش و بیر ئامادە دەکات بۆ قبوڵکردنی بەدوای یەکدی هاتنێکی تری نوێ لە هەمان جۆر(احمد محمد(2002)، ثنائية الشعر،ص93).

دووبارەکردنەوەی وشەش بەوە دەکرێت بێیت توخمە چوونیەکەکان بێنی لە شوێنە جیاوازەکان دووبارەیان بکەیتەوە(مجدي وهبة(1979)،معجم المصطلحات،ص117)، چونکە دووبارەکردنەوە چەند واتایەکی بزر و نهێنی و دەروونی زۆر دەگەیەنێ(نازک الملائكة(1978)،قضايا الشعر،ص235).

خواردنی مۆز و فڕێدانی پەلکەکەی بۆسەر شۆستەکە (13) جار دووبارە کراوەتەوە .

((قەیدی چییە ؟ زۆربەی برادەرەکانم ، مەغدید و ژیلوان و عەبدوڵڵا و سامان. . هەموویان لەگەڵ پرو پیرەژنی پەنجاساڵی و شەست ساڵی دەژین ، منیش با وابکەم))(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل21)، ئەمە دووبارەیە لەگەڵ لاپەڕە 15.

باسکردنی نەهێنانەوەی هیچ پەتاتەیەک لە خاریج (18) جار دووبارە بۆتەوە .

((سێزدە ساڵان لە خاریج بژیت ، چەند پەتاتەیەک چیە لەگەڵە خۆت نەهێنیتەوە !

- سێزدە ساڵان لە خاریج بژیت ، چەند پەتاتەیەک چیە لەگەڵە خۆت نەهێنیتەوە !
- سێزدە ساڵان لە خاریج بژیت ، چەند پەتاتەیەک چیە لەگەڵە خۆت. ..
- سێزدە ساڵان لە خاریج بژیت ، چەند پەتاتەیەک چیە. ..

- سێزدە ساڵان لە خاریج بژیت ، چەند پەتاتەیەک. ..

سێزدە سالأن لە خاریج...))(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل61)، نووسەر بە دووبارەکردنەوەی ڕستە هەوڵدەدا وا لە خوێنەر بکات بەتووندی ڕابکێشرێ بۆ ناو ئەو شتەی نووسەر دەری بڕیوە(موسی ربابعة(د)(1998)، جمالیة الاسلوب،ص34)، جگە لەمەش دووبارەکردنەوە تیشک دەخاتە سەر خاڵێکی هەستیار و گرنگ لەناو دەربڕینەکاندا، گرنگی پێدانی قسەکەر دەردەخا، کەواتە دووبارە کردنەوە دەلالەتێکی دەروونی بەهاداری هەیە، ئەمەش سوودی بۆ ڕەخنەگرانی ئەدەبی هەیە(محمد مفتاح(1999)،تحلیل الخطاب،ص126).

**بنەماکانی سوریالیزم لەناو چیرۆکەکانی فەرهاد پیربالدا :**

**1. خۆشەویستی**

**(ئەو هەشت حەرفەی لە هەموو حەرفێکم خۆشتر دەوێن)**

ناونیشانی ئەم چیرۆکە سەرنجڕاکێشە و خوێنەر دەخاتە خولیای خوێندنەوەی چیرۆکەکە، چونکە خوێنەر کە ئەو ناونیشانەی بینی تامەزرۆی ئەوە دەبێ بزانێ ئەو هەشت حەرفە چین، بۆچی چیرۆکنووس خۆشی دەوێن؟

ئەم چیرۆکە پڕە لە خۆشەویستی نووسەر بۆ وڵاتەکەی (کوردستان) و ئەو پیتانەی وشەی کوردستانی لێپێکدێت، بەهۆی پیتەکانی وشەی کوردستانەوە مێژووی کۆنی کوردمان بیردەخاتەوە لەسەردەمە جیاجیاکانی مێژوو، باسی ئەو کاتەمان بۆ دەکات کە کورد فەرمانڕەوایی خۆی کردووە، باسی ئەوەشمان بۆ دەکات کە زۆر کەسایەتی کوردمان هەبووە لە مێژوودا ناوبانگیان هەبووە لە زۆر بواری زانست و زانیاری، بەلام گلەیشیان لێدەکات کە بەزمانی کوردی نەیان نووسیوە، بۆیە لە حەرفی (و) دەڵێ ((جاربەجار شیعریش دەنووسێ ، بەلام بە زمانی فارسی))(فەرهاد پیربال(1993)،ئەو هەشت حەرفەی،ل12)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کورد شاعیر و ئەدیبی زۆری هەیە، بەلام بەزمانی بێگانە بەرهەمیان نووسیوە ، دواتر نووسەر گلەیەکی تر لە کورد دەکات، کە بۆچی تا ئێستا دەوڵەتیان نییە، دەڵێت ((دوو مێژوونووسی موسڵمان ، یەکێکیان عارەب و ئەوەی تر فارس ڕێگای پێ دەگرن ، داوای هەویەی لێ دەکەن. ئەویش بەرتیلێکیان دەداتێ و تێدەپەڕێ))(فەرهاد پیربال(1993)،ئەو هەشت حەرفەی،ل12)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لەدوای ئەم هەموو سەرفیرازی و خاوەن دەوڵەتیە گەلی

کورد ئێستاکە ژێر دەستەی نەتەوە باڵادەستەکانی ترە، وەک عەرەب و تورک و فارس، لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس هەندێ دابوونەریتی کوردەواریمان بۆ دەخاتە ڕوو، لەوانە گەلی کورد حەز بە ڕەنگ و نەخش و نیگار دەکات، دەڵێ ((حەرفی (د) هەتابلێی بەفیز دڵبلّندە هەمیشە جلوبەرگی ڕازاوە و بەنەخش و نیگار لەبەردەکا. جارانیش ، لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا ، هەمیشە کڵاوێکی قووچەکی لەسەر دەنا ، بەسواری ئەسپێکەوە ، ڕمبێکی درێژی بەدەستەوە دەگرت ، بەکورتەک و شەلواری مرادخانییەوە دەچووە ڕاو : بەئانقەست بەپێش کۆشک و تەلاری داریووش پاشای هەخامەنشینەکاندا تێپەڕ دەبوو ، بۆ ئەوەی بزانن کە (گەنجی کورد) چەنیچک قۆز و جەسوور دڵبلّندن))(فەرهاد پیربال(1993)،ئەو هەشت حەرفەی،ل12)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کورد هەر لە کۆنەوە حەزی لە ڕەنگ و ڕازانەوە بووە، هەر لە کۆنەوەش پیاوی شەڕکەر و بەهێزی هەبووە و لەژێر دەسەڵاتی کەسدا نەبوون وەکو ئێستا، هەر لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس لەباسی حەرفی (د) دەڵێ ((هەتا بلێی لە دەست عارەب و تورک و فارسەکان داخ لە دڵە ، تاکو ئێستا دەیان جار لەگەڵ حەرفی (گ) و (ڤ) و (ق) بەشەڕ هاتووە. هەر لە سۆنگەی ئەم ڕقە ئەستوورەشی ، لە ساڵانی سییەکانی ئەم سەدەیەدا بوو بە کاژیک))(فەرهاد پیربال(1993)،ئەو هەشت حەرفەی،ل12)، لێرەدا چیرۆکنووس گلەیی لە گەلی کورد دەکات کە بۆچی بە پیتی عەرەبی دەنووسن، بۆچی بە ئەلفبێی کوردی و لاتینی نانوسن، بۆچی قبووڵ دەکەن عارەب و تورک و فارس حوکمیان بکەن، هەر لەناو ئەم دەقەدا باسی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردی کردووە کە دژی نووسین بوون بە پیتی عەرەبی، چونکە چیرۆکنووس زۆر داخی لەدڵدایە کە کوردستان پارچە پارچە بووە و بە بیرمان دێنێتەوە کە کاتی خۆی کورد شوانی خۆی بووە، بەڵام ئێستا خەریکی قاچاخچیەتیە لەسەر سنوورە کەرت کەرت کراوەکانی، بۆیە دەڵێ ((حەرفی (د) ئێستا لەسەر سنووری ئێران و عێراقدا قاچاغچێتی دەکا))(فەرهاد پیربال(1993)،ئەو هەشت حەرفەی،ل13)، هەر لەم چیرۆکەدا باسی حەز و ئارەزووەکانی کوردەواری دەکات کە حەزی لە ڕەنگ و شتی سارد و سوێرە، بۆیە دەڵێ ((حەرفی (س) حەز لە ڕەنگی سپی و سەوز و سوور دەکا ، حەز لە شتی سارد و سوێر ، تەنانەت چێشتیشی هەر بە سوێری و ساردی پێ خۆشە. یەکجار زۆر ساردەمەنی دەخواتەوە. خۆیشی نازانێ بۆچی؟ دەڵێ (تەبیعەتە) ))(فەرهاد پیربال(1993)،ئەو هەشت حەرفەی،ل13)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کورد هەر لە کۆنەوە هەموویان پیاوی شەڕکەر و ئازابووین، یان لە

شەڕدا بوون، یان لەناو کەژ و چۆل و چیاکاندا کاریان کردووە، بۆیە نەیانتوانیووە لە کاتی ژەمەکاندا لە ماڵەوە ئامادەبن، هەر لەبەر ئەمەش هەردەم چێشتی گەرمیان نەخواردووە، و دەڵێ ((زۆر حەز لە تەماتەو تەماشاکردنی تەراتێنی ئەسپ دەکا. هەمیشە تێلگەیەکی لەسەر شانەو کەس نازانێ بەرەو کێ دەڕوا؟))(فەرهاد پیربال(1993)،ئەو هەشت حەرفەی،ل13)، لێرەدا باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە کورد هەر لە کۆنەوە بەشی ئاوەرەبوون و دەربەدەری بووە، دەڵێ (تێلگەیەکی لەسەر شانەو کەس نازانێ بەرەو کێ دەڕوا)، هەموو کاتێک ئەم کوردە باری هەر لەسەر پشتی ولاغ بووە و ئاوارەکراوە جارێک بۆ لای قەفقاس و جارێکیش بۆ سەرووی ئەفریقیا و جارێکیش بۆ خوارووی عیراق و هەرجارە و لەسەر دەستی یەکێک لە دووژمنەکانی ئاوارەکراوە، بۆخۆشی نازانێ ئەمجارە کام لە دوژمنەکانی ئاوارەی دەکا و بۆکوێ ئاوارەی دەکا، هەر لەم چیرۆکەدا بەبیرمان دێنێتەوە کە کورد خاوەنی بەیت و بالۆرە و قەتار و حەیران و پایزە و هۆرەیە، کە ئەمانە موڵکی ئەون و ئەو دایهێناون، بۆیە دەڵێ ((حەرفی (س) دەنگێکی یەکجار خۆشی هەیە. بەیت و بالۆرەو قەتار و حەیران و پایزە و هۆرە ئەم دایهێناون))(فەرهاد پیربال(1993)،ئەو هەشت حەرفەی،ل13)، هەر لەناو ئەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس باسی دیاردەی بەخێوکردنی کۆتری نامەبەرمان بۆ دەکات لەناو کوردستان، کە کوردەکان لەکاتی شەڕدا بەکاریان هێناوە و دەڵێ ((ماوەیەکیش لەماڵەوە کۆتری بەخێو دەکرد : کۆترەکانی دەبرد لە (دیاربەکر) بەرەڵای دەکردن ، دووای سێ ڕۆژان هەموو کۆترەکان ، پێش خۆی ، دەهاتنەوە هەولێر بۆ ماڵەکەی خۆیان))(فەرهاد پیربال(1993)،ئەو هەشت حەرفەی،ل13)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کاتی خۆی لەنێو پارچەکانی کوردستان سنور نەبووە، خەڵکی بە ئاسانی هاتوچۆی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان کردووە، هەر لەناو ئەم چیرۆکەدا باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە کورد کاتی خۆی ئەندام بووە لەو کۆمەڵە پێشکەوتن خوازانەی لەناو دەوڵەتی عوسمانی سەریانهەڵداوە بۆ ئەوەی بەڵکو خوابکات بەمافی خۆی بگات، دەڵێ ((لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای ئەم سەدەیەدا پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ گەنجە کوردە ئاوارە ڕۆشنبیرەکانی ناو شاری ئەستەمبۆڵدا هەبووە ، ئەندامی (کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی) و (کۆمەڵەی نەشری مەعاریفی کوردی) بووە))(فەرهاد پیربال(1993)،ئەو هەشت حەرفەی،ل13)، لەناو ئەو چیرۆکەدا باسی ژنە نووسەری کورد (شەرەفخانی ئەردەلانی)مان بۆ دەکات، لەگەڵ ئەوەدا باسی چەند وشەیەکی نوێمان بۆ دەکات لەناو چیرۆکەکەیدا

وەک (( (نـــەوپيت)، (نەوبـــەهار)، (نەوشـــێواز)، (نـــەودەم)، (نـــەوڕەوت)، (نـــەوبير)، (نەوهـــەنگاو)، (نەوژەن)...))(فەرهاد پيربال(1993)،ئەو هەشت حەرفەی،ل13).

لـەم چيرۆکـەدا وێنـەی سـوريالی بريتييـە لـە نووسـينی مێژووی کـورد و کوردسـتان لەسـەرەتاوە تـاکو ئێسـتا لەگـەڵ وێناکردنی حـەزو و ئـارەزوو و تواناکانی گـەلی کـورد، وێنەيـەکی تـری سـورياليش ئەوەيە کە چيرۆکنووس ئەو هەشت حەرفـەی باسيان دەکات گيانی بەبـەردا کردوون و بەشـێوەيەکی سوريالی و زيندوو دێنە بەرچاوان.

**چيرۆکی (پەناهەندە)**

(پەناهەندە) بۆتە ناونيشانی چيرۆکێک کە باس لە پەناهەندەيەک دەکات، ناونيشـانەکە لـە يـەک وشـە پێکهاتووە، باسی پەناهەندەيەک دەکات، کاتێک وڵاتی خۆی جێدەهێڵێ و پەنا دەباتـە بـەر وڵاتێکی تر، ئـەم پەناهەندەيـە ڕەمـزە بـۆ گشـت پەناهەنـدەکان، کـە کاتێـک پـەنا دەبەنـە بـەر وڵاتێکـی تـر تووشـی گيروگرفتی ئێگجار زۆر دەبنـەوە، لەوانـە ديپۆرت کردنيـان و پێنـەدانی مـافی مانـەوە و گرتنيـان و زۆر کێشـەو گرفتـی تـر، کاتێـک خوێنـەر ئـەم ناونيشـانە دەبينـێ هـيچ چارەيـەکی نـامێنێ دەبـێ چيرۆکەکـە بخوێنێتـەوە بەتايبـەتی ئەگـەر کەسـێکی پەناهەنـدەبێت، (کـورديش لـەم سـەردەمی ئێسـتاماندا کـەس نييـە کەسێکی يان خزمێکی پەناهەندە نـەبێت)، کاتێک خوێنـەر ئـەم ناونيشـانە دەخوێنێتـەوە، دەيـەوێ بزانێت ئەو پەناهەندەيـە چييە و چـی بەسـەرهاتووە، چونکە ناونيشـانەکە بۆتـە ئـامرازێکی کرداری بۆ ئـەوەی پەيوەنديەکی بەرهەمدار لـەنێوان خوێنـەر و دەق بێنێتـە کايـەوە، چونکـە ناونيشـان ڕاسـتەوخۆ بەنـدە بـە ناوەرۆکەکەيـەوە(مريم فرانسيس(1998)،في بناء النص،ص150)، هـيچ خوێنـەرێک نـاتوانێ بچێتـە نـاو هـيچ دەقێکەوە ئەگەر بـەڕێگای ناونيشـانەوە نـەبێت(عبدالرزاق بلال(2000)،مدخل الى عتبات،ص23)، ناونيشـانيش نێردراوێکـی کـۆدداره لـەنێوان داهێنـەر و دەق لەلايـەک و لـەنێوان خوێنـەر و دەق لەلايـەکی تـرەوە، چونکە ناونيشان دەرگای يەکەمە بۆ چوونە ناو جيهانی وتار(خالد حسين(1421هـ)،شعرية المكان،ص368).

ئـەم چيرۆکـە لـە سـاڵی 1992 لـە پـاريس نوسـراوە، چيرۆکەکـە بـاس لـە کـوردێکی پەناهەنـدەيی دەکـات، کـە (10) مـۆز دەخـوات و پەلکـەکانی فـڕێ دەداتـە سـەر شۆسـتەکە، نـاوەرۆکی چيرۆکەکـەش دووبـارە گێڕانـەوەی ئـەم (10) مـۆز خواردنەيـە لەلايـەن گارسـۆنەکە و خـاوەن گازينۆکـەو پـۆليس و ڕۆژنامـەکان و تەلەفزيۆنـەکان، ئـەم دووبارەکردنەوەيـە فـۆرمێکی ئـەوروپی نوێيـە، چونکـە چيرۆکـی

ناوەخۆ تا ئێستا ئەم جۆرە فۆرمەی بەکارنەهێناوە، ئەم چیرۆکە گاڵتەکردنە بەوانەی دەچنە ئەورووپا و ناتوانن کولتوور و یاسا و ڕێسای ئەورووپا فێربن(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل180)، ((پەناهەندەکە ، زۆر بە تاسوقەوە ، مۆزی یەکەمی خوارد و پەلکەکەی فرێ دایە سەر شۆستەکە ، مۆزی دووەمی خوارد و پەلکەکەی فرێ دایە سەر شۆستەکە، مۆزی سێیەمی خواردوو پەلکەکەی فرێ دایە سەر شۆستەکە، مۆزی چوارەمی خوارد و پەلکەکەی فرێ دایە سەر شۆستەکە، مۆزی پێنجەمی خوارد و پەلکەکەی فرێ دایە سەر شۆستەکە ، مۆزی شەشەمی خوارد و پەلکەکەی فرێ دایە سەر شۆستەکە، مۆزی حەوتەمی خوارد و پەلکەکەی فرێ دایە سەر شۆستەکە ، مۆزی هەشتەمی خوارد و پەلکەکەی فرێ دایە سەر شۆستەکە ، مۆزی نۆیەمی خوارد و پەلکەکەی فرێ دایە سەر شۆستەکە ، مۆزی دەیەمی خوارد و پەلکەکەی فرێ دایە سەر شۆستەکە))(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل43)، چیرۆکنووس خواردنی ئەم دە مۆزەی پەناهەندەکە (13) جار دووبارەدەکاتەوە تیایدا تەنها ڕاناوە کەسیەکان دەگۆڕێ لە کەسی سێیەمەوە بۆ کەسی یەکەم و بۆ کەسی دووەم، ئەمەش چەند ماناگەلێک دەبەخشێ:

ـ چیرۆکنووس زۆر قینی لە پیسکردنی ژینگەیە، پیسکردنی ژینگەی کوردستانی مەبەستە، لەبەر ئەوەی لە کوردستاندا هەموو کاتێک پیسکردنی ژینگە دووبارە دەبێتەوە، فێرنابین ژینگە جوانەکەی خۆمان بە جوانی بهێڵینەوە، بۆیە چیرۆکنووسیش بەم شێوەیە ڕستەکانی دووبارە کردۆتەوە، تا پێمان بڵێ واز لەم نەریتە ناشیرینە بهێنن .

2ـ ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی ڕەمزیە، بەڕای ئێمە مەبەستی زۆری تێدایە ڕەنگە ئەو مەبەستە، یان ئەو ڕەمزە لەلای چیرۆکنووس خۆی وانەبێت، بەواتایەکی تر تێگەیشتنی خوێنەران لەهەر چیرۆکێکی ڕەمزی پەیوەندی بەڕادەی رۆشنبیری و پلەی مەعریفیانەوە هەیە(نەریمان خۆشناو،ڕەمز و مەغزا،ل31)، ئەم دووبارەکردنەوەیەش ڕەمزە بۆ چەند شتێک :

أ ـ زۆربەی ئەو کەسانەی دەچنە ئەورووپا بە زەحمەت مافی پەنابەریان پێدەدرێت، ئەم پێنەدانی مافەش بۆ زۆربەی پەناهەندەکان دووبارە دەکرێتەوە، پەناهەندەکە دەڵێت ((بۆچی ، من مافی ئەوەم نیە کە مۆزی یەکەم بخۆم و پەلکەکەی فرێ بدەمە سەر شۆستەکە، مۆزی دووەم بخۆم و پەلکەکەی فرێ بدەمە سەر شۆستەکە، مۆزی سێیەم بخۆم و پەلکەکەی فرێ بدەمە سەر شۆستەکە، مۆزی

چوارەم بخۆم و پەلکەکەی فڕێ بدەمە سەر شۆستەکە، مۆزی پێنجەم بخۆم و پەلکەکەی فڕێ بدەمە سەر شۆستەکە، مۆزی شەشەم بخۆم و پەلکەکەی فڕێ بدەمە سەر شۆستەکە، مۆزی حەوتەم بخۆم و پەلکەکەی فڕێ بدەمە سەر شۆستەکە ، مۆزی هەشتەم بخۆم و پەلکەکەی فڕێ بدەمە سەر شۆستەکە ، مۆزی نۆیەم بخۆم و پەلکەکەی فڕێ بدەمە سەر شۆستەکە ، مۆزی دەیەم بخۆم و پەلکەکەی فڕێ بدەمە سەر شۆستەکە !))(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل43-44).

ب ـ ئەم چیرۆکە ڕەمزە بۆ هەندێک لە پەناهەندەکانمان لە تاراوگەدا، بۆ ئەوەی کێشەکانیان بگاتە بەردەم لێپرسراوانی ئەو وڵاتانەی تیایدا دەژین ئامادەن هەر شتێک ئەنجام بدەن، تەنانەت ئەگەر زیان بە خۆشیان بگەیەنێ.

پ ـ ئەم چیرۆکە ڕەمزە بۆ تێکچوونی عەقڵی هەندێک لە پەناهەندەکان، کە بەڕاستی شێت دەبن و هۆش و عەقڵی خۆیان لەدەست دەدەن، بۆیە کاری نەشیاو دەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ زۆر کەس لە پەناهەندەکانمان تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن کاتێک چەند جارێک داوای مافی پەنابەریەتی دەکەن و پێیان نادرێت.

ج ـ پێمان دەڵێ پەناهەندەکان لە تاراوگەدا تەنانەت ئەگەر تاوانیش نەکەن دوور نییە پۆلیس هەر دەست بەسەریان بکات، ئەوەتا ژنێک کە لە چێشتخانەکە دانیشتووە شایەتی بۆ پەناهەندەکە دەدات کە ئەم کارانەی نەکردووە، بەڵام ((پۆلیسەکان ، سەرەڕای ئەوەش ، کەلەپچەیان لە دەستی پەناهەندەکە کرد و ڕایانپێچا )) (فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل46)، ئەم کارانەش لە تاراوگە وا لە پەناهەندەکان دەکەن عەقڵیان تێکبچێ.

د ـ پێمان دەڵێ ئەی کوردینە ئەو کارانەی ئێوە لە کوردستان دژی ژینگە ئەنجامی دەدەن گەر لە ئەوروپا بوونایە و بەم شێوەیە ڕەفتارتان بکردایە، ئەوا ئەوانیش بەم شێوەی خوارەوە ڕەفتاریان لەگەڵتاندا دەکرد :

1ـ پۆلیس لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکردن، دوورنەبوو سزاش بدرێن.

2 ـ هەموو ڕۆژنامەکانی وڵات بە مانشێتی گەورە لەسەرتانی دەنووسی.

3 ـ ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی وڵاتەکەش بە دوور و درێژی باسی ئەو کارە نەشیاوەتانی دەکرد.

4 ـ خۆ ئەگەر لەسەر کارە نەشیاوەکانتان بەردەوام بوونایە ئەوا بە شێتیشیان لە قەڵەم دەدان.

مەغزای ئەم چیرۆکە باسکردنە لەژیانی پەناهەندەیی کورد، کاتێک وڵاتی خۆی بەجێ دەهێڵێ و رووودەکاتە وڵاتێکی تر بێ ئەوەی شارەزایی هەبێ لە دابونەریت و چۆنیەتی ژیان لەم وڵاتە، بۆیە تووشی گیروگرفتی زۆر دەبێ، لەوانەیە ئەو کەسە هەندێک کار ئەنجام بدات کە لەلای ئێمە سەرپێچی نەبێ، بەڵام لەلای ئەوان سەرپێچیەکی گەورە بێت، لێرەدا ئەم مۆز خواردنەو پەلک فڕێدانەی پەناهەندە کوردەکە چەند واتایەکی تۆیش بەدەستەوە دەدات :

1ـ ئەم پەناهەندەیە بەئەنقەست ئەم کارەی کردووە، چونکە ماوەیەکی زۆرە لەم وڵاتە پەناهەندەیە شارەزای دابوونەریتیان بووە، بۆ ئەوە پەلکە مۆزەکانی فڕێداوەتە سەر شۆستەکە تا سەرنجی لێپرسراوانی ئەم وڵاتە بۆلای خۆی ڕابکێشێ.

2ـ ناشارەزا بووە بۆیە ئەم کارەی کردووە، یان لە ژیانی خۆی بێزاربووە .

3ـ ئەم کارەی کردووە لەبەر ئەوەی تووشی نەخۆشی دەروونی بووە و بەڕاستی شێت بووە.

ئەسکەندەر جەلال دەربارەی ئەم چیرۆکە دەڵێت ((لە ڕێگەی ئەو هەموو دوپاتکردنەوەیە چیرۆکنووس ویستوویەتی حاڵەتێکی بەراورد بداتە حاڵەتەکەی خۆی ، واتە لەنەوتراودا دەتوانین ئەوە بخوێنینەوە کە دەڵێت: ئێمە بەبەردەوامی ئەوە حاڵمانە ئەوەش مێژوومانە...))(ئەسکەندەر جەلال(1998)،فەرهاد پیربال،ل109).

4ـ ئێمە بەردەوام هەڵە دەکەین، کەچی هیچ سوودێک لە هەڵەکانمان وەرناگرین، ئەم هەموو ماناگەلەش بێگومان دەقەکە لە بێلایەنی لە (هەواڵدان)ەوە بۆ دەقێکی ئەدەبی (شیعری) دەگۆڕێ، هەر کاتێکیش دارشتن لە بێلایەنیەوە گوێزرایەوە بۆ ناوچەی ئەدەبی(محمد عبدالمطلب(1995)،قراءات اسلوبية،ص31)، بەم گوێزانەوەیە لادان دروست دەبێت، بەم لادانەش شعریەت دروست دەبێت(حسن ناظم(د)(1994)، مفاهيم شعرية،ص16)، بۆیە کاتێک خوێنەر ئەم دەقە دەخوێنێتەوە واتێدەگات شیعر دەخوێنێتەوە.

ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی سوریالی ڕەمزیە، نووسەر تیایدا مەبەستیەتی واقیعی کورد بگۆڕێ، بۆ ئەم مەبەستەش وا لە خوێنەر دەکات وڵاتی خۆی خۆشبوێت و جێی نەهێڵێت، کەواتە چیرۆکێکی خۆشەویستی سوریالیانەیە، چونکە لەم چیرۆکەدا حاڵی پەناهەندەکانی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە چ بارێکدان لە ئەوروپا، بۆیە چیرۆکنووس بەیەکجار باس لە چەند شتێک دەکات.

**چیرۆکی (پەراوێزەکانی ئەوروپا)**

ناونیشانی ئەم چیرۆکە پێکهاتووە لە دوو وشە، لەبەر ئەوەی ئەوروپا زۆر پێشکەوتووە شتێکی سەیرە لەوێ پەراوێزکردن هەبێ، چونکە پەراوێزکردن نیشانەی دوورە پەرێزی و پشتگوێخستنە، ئەمەش نیشانەی دواکەوتنە، کەواتە ئەم ناونیشانە شعریەتێکی تایبەت دەخاتەڕوو کە کاردەکاتە سەر چالاکی چڕکردنەوەی ئاماژەو کۆکردنەوەی لە شوێنێکی چڕکراودا، لەگەڵ خستنەڕووی ئەو ڕەمزانەی لە سێبەردان(محمد صابر(د)(2005)،رؤيا الحداثة،ص145)، بۆیە خوێنەر ناچار دەبێت ئەم ناونیشانە ڕاو بکات، ڕاوکردنی ناونیشان و هەڵوەشاندنەوەشی لەوانەیە ببێتە هۆی ئاشکراکردنی دەلالەتەکانی وتار و نهێنیەکانی ویست و مانای دەقەکە(خالد حسين(1421هـ)،شعرية المكان،ص368).

ئەم چیرۆکە یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە لەنێوان سالانی 1993–1999 نووسراوە، باس لە کوردێک دەکات ناوی (کوردۆ)یەو چۆتە ئەوروپا و نامۆیە بە ژیانی ئەوروپا، بۆیە ژیانی ئەوروپا ڕەفز دەکا، چونکە ئەم کەسایەتیە خۆی وادەبینێت کە لە پەراوێزی کۆمەڵگا دەژێت، لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس چەندین پەراوێزی بۆ چیرۆکەکەی بەکارهێناوە موکەڕەم تاڵەبانی لەبارەی ئەم چیرۆکە دەڵێت ((شتی نوێ لەم چیرۆکەدا ئەوەیە پەراوێز نووسینە، لە هەندێک شوێندا ژمارەیەکی داناوە و لە پەراوێزەوە زۆرتر ڕوونی کردۆتەوە، ئەمەش لە چیرۆکی کوردیدا نوێ یە))(موکەڕەم تاڵەبانی(1999)، خوێندنەوەیەکی خێرا،ل8)، دانانی ئەم پەراوێزەش لەگەڵ ناونیشانی چیرۆکەکە یەکدەگرێتەوە، لێرەدا چیرۆکنووس بە پراکتیکی و بە نووسین وێنەی پەراوێزمان نیشاندەدات، لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس تەکنیکێکی نوێی چیرۆکنووسینی بەکارهێناوە، ئەویش دانانی پەراوێزە بۆ چیرۆک، بەمەش زانیاری زیاترمان پێدەبەخشێت، کە زانیاری گشتین، لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە چیرۆکنووس باس لە دوو جۆر کلتوور دەکات، پێمان دەڵێ ژیانی ئەوروپا ئەو بەهەشتە نییە ئێمەی ڕۆژهەلاتی لە مێشکی خۆمان وێنامان کردووە، پێمان دەڵێ زۆربەی ئەو کەسانەی دەچنە ئەوروپا بەهۆی نامۆی بوونیان بە دابونەریت و کلتووری ئەو وڵاتەی بۆی دەچن ، بەدڵنیاییەوە پەراوێز دەخرێن.

کەواتە مەغزای ئەم چیرۆکە ڕەفزکردنی ژیانی ئەوروپایە، چونکە ئەو کوردانەی دەچنە دەرەوەی وڵات و نیشتمان و زێدی خۆیان بەجێ دەهێڵن، هەرگیزاو هەرگیز ئەو شوێن و پایەو کارانەیان دەستناکەوێ کە لە کوردستان بۆیان دەستەبەردەبێ، چونکە ((غوربەت چەمکێکی کۆمەڵایەتییە و لە

ڕووی کردییەوە واتایەکی دەروونی دەگرێتەخۆی و کاتێک یەکێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر پێگەی خۆی دەگۆڕێت، ئەوا ئەو حاڵەتە بەلایەوە قورس و گرانە تا ئەو کاتەی جۆرە راهاتنێک لەگەڵ ژیانی کۆمەلایەتی نوێیدا دروست دەکات))(سەرکەوت پێنجوێنی(2000)"تاسەی غوربەت،ل50)، ئەوەتا (فەرهاد پیربال) دەڵێ : لە دەرەوەی ولات ((ئێمەی بێ ولات لە سەگیش کەمترین))(فەرهاد پیربال(2001)،پێنج ڕەخنە،جوایەز2،ل36)، کەواتە لەبەرچی ولاتی خۆمان جێبهێڵین؟ و خۆمان سوک و ڕیسوا بکەین!، چیرۆکنووس پێمان دەڵێ تەماشای کوردۆی پاڵەوانی چیرۆکەکە بکەن هەمیشە لەپەراوێزدا دەژی، چونکە شارەزای کلتوری ڕۆژئاوا نییە، بۆیە هەمیشە خۆی لە پەراوێزدا دەبینێتەوە، تەنانەت لەگەڵ خودی خۆشی نامۆیە، لەم بارەیەوە شوکر سلێمان دەڵێت ((مەبەستی چیرۆکنووسمان بۆ دەردەکەوێ لە سەرەتاوە دەیەوێ دووپێوەندی کۆمەلایەتی و دووجۆر کەلتور دووجۆر تێڕوانین لە بۆتەی کەسایەتی (کوردۆ) و (بێرگێت) دا بەراوردبکات و چۆنیەتی واقیعی ژیانی ئەوروپا و ژیانی پەناهەندەی دەربخات و پێمان بڵێ بەرد لە جێگای خۆی سەنگینە، ئەوەی واش بیر لەئەوروپا دەکاتەوە کە بەهەشتێکە بۆخۆی با کوردۆی پاڵەوانی پەراوێزەکانی ئەوروپا بکاتە ئاوێنەو خۆی تێدا ببینێتەوە))(شوکر سلێمان(2000)، هەندێ پەراوێز،ل84).

یەکێک لە گرنگترین ئەو ڕەمزانەی کەلەچیرۆکەکەدا بەکارهاتووە، بریتییە لەکوردۆ ، کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، ڕەمزە بۆ ئەو کوردانەی کە ولاتی خۆیان بەجێ دەهێڵن و روو دەکەنە ئەوروپا، لەوێشدا رووبەڕووی چەندەها گیروگرفت دەبنەوە(نەریمان خۆشناو،ڕەمز و مەغزا،ل60).

مەغزای ئەم چیرۆکە لەگەڵ مەغزای چیرۆکی (پەناهەندە) زۆر لەیەکتری نزیکن، هەردوو چیرۆکەکە باسی کوردی ئاوارە دەکەن لە ئەوروپا، کە چۆن تووشی ئەو هەموو ناخۆشی و دەردەسەریە دەبنەوە.

ئەم چیرۆکە ڕەمزە بۆ خۆشەویستی ولات، تیایدا چیرۆکنووس داوامان لێدەکات ولاتی خۆمان خوشبوویت و خزمەتی بکەین و جوانی بکەین و جێینەهێڵین، هەرکەسێک ئەم چیرۆکە بە وردی بخوێنێتەوە ئەگەر بیرۆکەی جێهێشتنی ولاتیشی هەبێت لەوانەیە پەشیمان بێتەوە، لەناو چیرۆکەکەدا پیس و پۆخڵیەکانی ئەوروپامان نیشاندەدات، هەروەها ڕەوشی ئەو کەسەشمان نیشان دەدات کە کوردستانی جێهێشتووە و چۆتە ئەوروپا و لەوێدا پەراوێز بووە، ئەوەتا بێرگیت دەڵێ ((دانمارک

ئەمەیە : تەنیایی ، تەنیایی ، تەنیایی. هۆیەکەشی ئەمەیە کە وتم (من تەنیا رەسمی تەنیایی دەکەم) ))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل9)، لێرەدا چیرۆکنووس دەیەوێ پێمان بڵێت ئەوروپا ئەو بەهەشتە نییە کە ئێمەی کورد و ڕۆژهەڵاتی لەناو مێشکی خۆماندا وێنامان کردووە و بۆی دەچین، ئەوەتا بێرگیت بە کوردۆ دەڵێ ((ئەوەی تۆ ئێستا دەیبینیت ، شێوەی دەرەوەو روخسارەکەیەتی. تۆ نەتتوانیوە بچیتە بنج و بناوان و ناواخنەکەی. هەموو مرۆڤێکی دانمارکی ، بەردەوام ، لە هەموو چرکەیەکدا هەست بە تەنیایی دەکات))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل10)، کەواتە ئەوروپا کە دانمارک ڕەمزیەتی ئەو بەهەشتە نییە کە لە مێشکماندا وێنامان کردووە، ئەوروپا وڵاتی تەنیایی و دابڕان و خۆکوشتنە، ئەوەتا بێرگیت دەڵێ: ((وەک وتم هەموو ئەوروپا ، لە دەست ئەم تەنیاییە رادەکەین و کۆمەڵ پێک دەهێنین ، لە ترسی تەنیاییە باوەڕ بەیەکتر دەکەین و ژن دەهێنین و مێرد دەکەین))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل10)، لێرەدا چیرۆکنووس پێمان دەڵێ ئێمەی کورد و ڕۆژهەڵاتی ڕێزی وڵاتی خۆمان نازانین، خزمەتی ناکەین، بۆیە جێیدەهێڵین و ڕوو لە ئەوروپا دەکەین، ناشزانین لەناو ئەوروپادا چی هەیە، ئەوەتا کوردۆ لە هاتنی بۆ ئەوروپا پەشیمان بۆتەوە و دەڵێ: ((من نەمدەزانی مرۆڤی دانمارکی هێندە هەست بە تەنیایی بکات))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل10)، هەر لەناو ئەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس پێمان دەڵێ خەڵکی خودی ئەوروپا وڵاتی خۆیان جێدەهێڵن و ڕوو لە ڕۆژهەڵات دەکەن، ئێوە بۆ کوێ دەچن ئەی کوردینە؟ ئەوەتا بێرگیت دەڵێ ئێمە ((سەری خۆمان بۆ وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیا و بەتایبەتی رۆژهەڵات هەڵدەگرین))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل10)، دواتر بێرگیت درێژەی پێدەدات و دەڵێ ((تەنانەت من وای دەبینم ئەوەی هەستی تەنیایی نەبێت ، دانمارکی نییە ، ئەوروپیش نییە))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل11)، هەروەها دەڵێت ((من بۆخۆم تەنیام. زۆر بە قووڵیشەوە هەست بەم تەنیاییەی خۆم دەکەم))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل11)، هەروەها چیرۆکنووس لەم چیرۆکەیدا پێمان دەڵێ هەندێک لە پەناهەندەکان تووشی حاڵەتی دەروونی نالەبار دەبن، چونکە نە کلتوور نە دابوونەریت و نە زمانی ئەو وڵاتە نازانن کە بۆی دەچن، بۆیە تووشی تەنیایی و چەندەها نەخۆشی دەروونی دەبن، ئەوەتا کوردۆ دەڵێ ((نەزمانی ئێوە دەزانم ، نە کولتوورتان ، نە دابونەریتتان. . نە وەزیفەیەکم لەناوتان هەیە ، هەقی خۆمە تەنیا بژیم و تەنیا بمێنمەوە و هەست بە تەنیایی

بکەم))(فەرهاد پیربالّ(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل11)، چیرۆکنووس پێمان دەڵێ ئەمە حاڵی ئەو کەسانەیە کە ڕوو لە ئەوروپا دەکەن، ئەوەتا بێرگیت دەڵێ ((ئێوەی ڕۆژهەڵاتی نازانن تەنیایی و جودابوونەوە چییە ، نمونەی خۆشەویستی و پێکەوە ژیان و کۆمەڵخوازی و خێزان و تەبایین))(فەرهاد پیربالّ(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل11)، هەر لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس داوامان لێدەکات ولاتی خۆمان جێنەهێلێین سەری خۆمان هەڵنەگرین ، با لەجیاتی ئەمە لە ولاتی خۆمان ولاتێکی وەک ولاتانی ئەوروپا بۆ خۆمان دروست بکەین، ئەوەتا لە زمانی بێرگیت پێمان دەڵێ((ئێوە پێویستە ئەوروپایەکی جیاواز بۆ خۆتان دروست بکەن!))(فەرهاد پیربالّ(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل13)، دواتر درێژەی دەداتێ و دەڵێ ((ئێمە خۆمان ئەوروپای خۆمان دروست کرد ، ئێوەش ئازابن : خۆتان ئەوروپای خۆتان دروست بکەن!))(فەرهاد پیربالّ(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل13)، دیسان بێرگیت بە کوردۆ دەڵێت ((ئەگەر لە ولاتی خۆتدا بوویتایە ، هەستت نەدەکرد بەختەوەرتریت؟))(فەرهاد پیربالّ(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل14)، لەناو ئەم چیرۆکەدا جارێکی تر چیرۆکنووس (بێرگیت)ی پیرەژنمان بۆ دەکاتە ڕەمزی ئەوروپا کاتێک کوردۆ بە کچێکی جوان و شۆخ و شەنگی تێدەگات و سەفەرێکی دوورودرێژی بۆ دەکات، پاشان بۆی دەردەکەوێ ئەو کچە جوانەی لە ڕۆژنامەکەدا وێنەی بڵاوکرابۆوە تەنها پیرۆژنێکی شەست ساڵی دەموچاو چرچ و لۆچە (فەرهاد پیربالّ(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل16).

وێنەی سوریالی لەم چیرۆکەدا ئەوەیە کە کوردۆ خەون بەو کچەوە دەبینێ کە لە ڕۆژنامەدا وێنەی بینیوە ئەمەش هەمان خەون بینینی ڕۆژهەڵاتیەکانە بە ئەوروپاوە، لێرەدا وێنەی سورسیالیش ئەوەیە کە کەسێک بەتەمای شتێک بێت و شتێکی تری بێتە پێش.

چیرۆکنووس کۆتایی بە چیرۆکەکەی هێناوە بەهەمان ناونیشانی چیرۆکەکە، ئەوەش پێمان دەڵێ: ئەی ئەو کەسەی دەتەوێ خۆت بکەیتە پەناهەندە تۆ خۆت پەراوێز دەخەیت، چونکە خەڵکی ئەوروپاش خۆیان هەندێکیان لە پەراوێزدان هەروەک کوردۆ دەڵێت ((لەوە دەچێ ئێمەی جیلی گەنجی ئاوارەی ئەوروپا ، هەموومان هەر پەراوێزبین : پەراوێزەکانی ئەوروپا))(فەرهاد پیربالّ(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل21).

وێنەیەکی تری سوریالی ئەوە ڕێکەوتەیە کەوادەکات (کوردۆ) لەناو شەمەندەفەرەکەدا بکەوێتە هەمان ئەو ژوورەی کە پیرەژنەکە (بێرگیت)ی تێدایە تا دەگەنە شوێنی مەبەست سەرەڕای ئەوەی کە

کوردۆ ناشـزانێ ئـەوە هـەمان ئـەو پیرەژنەیـە کـە وێنـەی گـەنجی خـۆی لـە ڕۆژنامـەدا بڵاوکردۆتـەوە ، هەڵکەوتیش (ڕێکەوت) یەکێکە لە بنەماکانی سوریالیزم.

## 2. گاڵتە

**(پەتاتە خۆرەکان)**

ئـەم ناونیشـانە لـە دوو وشـە پێکهـاتووە وشـەی (پەتاتـە) و ڕەگـی چـاوگی (خـواردن)، بـەڵام ئـەم ناونیشـانە خـۆی لـە خۆیـدا هاندەرنییـە بـۆ خوێنـەر تـا چیرۆکەکـە بخوێنێتـەوە، چونکـە شـتێکی ئاسـاییە خـەڵکی پەتاتـە بخـۆن، لێـرەدا خوێنـەر بیـر دەکاتـەوە، کـە بـۆچی ئـەم ناونیشـانە ئاسـاییە کراوەتـە ناونیشـانی ئـەم چیرۆکـە، بۆیـە بـۆ نـاو دەقـی چیرۆکەکـە کێشـدەکرێ و ناچاردەبێـت چیرۆکەکـە بخوێنێتـەوە بـۆ ئـەوەی نهێنـی ئـەم ناونیشـانە ئاسـییە بدۆزێتـەوە، بۆیـە بەتاسـەوە چیرۆکەکـە دەخوێنێتەوە، بەم جۆرە ناونیشـان دەبێتـە هـۆی ڕاکێشـانی وەرگر و هێنـانی بـۆ خوێندنـەوەی دەقەکە، چونکە ناونیشان خوێنەر دەوروژێنێ و بۆ زۆر شـوێنی دەبـات بۆ لێکدانـەوە و دەیخاتـە نـاو گێژاوێکـی گـەورەی بیرکردنـەوە(بسام قطوس(د)(2001)، سيمياء العنوان،ص50و58)، ئەمـەش جۆرێکـە لـە فێڵکـردن و نیشانەیەکە لە نیشانەکانی داهێنانی شیعری، کە واتای لادانی شێواز دەگەیەنێ.

جگـە لەمـەش واپێدەچێت فـەرهاد پیربـاڵ سەرسـام بێـت بـە کارەکـانی (ڤـان کـۆخ)، چونکـە (ڤـان کۆخ)یش تابلۆیـەکی هـەبووە بەهـەمان ناونیشـانی (پەتاتـە خۆرەکـان)، بۆیـە فـەرهاد پیربـاڵیش کۆمەڵـە چیرۆکەکەی و ناونیشانی یەکێک لە چیرۆکەکانی ناو ناوە (پەتاتە خۆرەکان).

چیرۆکـی پەتاتـە خۆرەکـان چیرۆکێکـی سـوریالیە، چیرۆکـی سـوریالیش پڕیـەتی لـە ڕەمـز، چونکـە دەروونـی مرۆڤایـەتی شـانۆیە بـۆ چاکـەو خراپـە، گۆڕەپانێکـە بـۆ فریشـتەکان و ئەهریمەنـەکان (وجـوه واقنعـة... ئینتـەرنێت)، سـوریالیەتیش کـار لەسـەر دەروونـی مـرۆڤ دەکـات، لـەناو چیرۆکـی (پەتاتـە خۆرەکان)دا (فەرهاد پیرباڵ) دەستنیشانی هەندێک لەو نەخۆشییانەی ناو کۆمەڵگەی کوردی کردووە، تیایدا دەریخستووە کـە خـەڵکی کوردسـتان هـیچ بەتـەنگ کلتـوور و ئەرشـیف و کەلـەپووری کوردەوە نیـین(حەمـە مـەنتک(2011)سـوریالیزم،ل178-179)، جگـە لەچەنـد کەسـێکی وەک (فـەرهاد پیربـاڵ) نـەبێت، چونکـە ئەوکاتـە خـەڵک بەدەسـت نـان پەیـداکردن و برسـیەتی دەیانناڵانـد، هـەر کەسـێک یـەکێکی لـە

دەرەوەی وڵات بوایە و پارەی بۆ ڕەوان بکردایەوە ئەوا لەوپەڕی خۆشیدا دەژیا، بەڵام چیرۆکنووس کە خۆی لە دەرەوەی وڵات دەژیا کە گەڕایەوە کوردستان لەجیاتی پارەو سامان (پەتاتە)، ئەو زێڕ (بڕوانامە و دەستنووس و ئەرشیفی کوردی) لەگەڵ خۆی هێنایەوە، بۆیە توشی گلەیی دۆست و برادەرو خزمانی هاتووە(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل179).

ئەم چیرۆکە لە نێوان ساڵانی 1995-1996 لە شاری هەولێر نوسراوە، لەم چیرۆکەدا دەتوانرێ چەندین ڕەمز و مەغزای لێوەربگیرێ، ئەمەش خاسیەتێکی ئەرێنیانەی چیرۆکی تازەی کوردیمانە، چونکە چیرۆکی نوێی کوردی بەتاقە مەبەستێک ڕازی نابێت، هەموو دەقێکی ئەدەبی نەمریش چەند مانایەک لەخۆدەگرێت(تیری ایغلتون(1995)،نظریة الادب،ص156)، لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس پێنج وشەی بەڕەمز بەکارهێناو، ئەوانیش (زێڕ) و (پەتاتە) و (تاعون) و (فەریدوون)و (گوند)ە ، هەریەک لەم وشانەش بۆ مەبەستێکی تر بەکارهاتوون ، واتە لەو دیو ئەو وشانە، یان ئەم (دالانە) چەندین مەدلولی تر هەیە(نەریمان خۆشناو،ڕەمز و مەغزا،ل39).

ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی گاڵتەجاڕی سوریالیە، گەلێک جاریش شعریەت لەناو گاڵتەدا خۆی مالاس دەدات(نورث روب(2005)،تشريح النقد،ص411-413).

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس بۆ دروستکردنی واقیعێکی نوێ هانی کورد دەدات گوێنەدەنە پارەو سامان، لەبری ئەوە بایەخ بە کلتوور و ئەرشیفی کورد بدەن، ئەم کارەشی هەوڵێکی تەواو سوریالییە وشەی سەیر و سەمەرە و ڕەمزی بەکارهێناوە لەبری وشەی تر، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات خۆی ماندوو بکات بۆ دۆزینەوەی مانای شاراوەی ئەودیوی وشەکان، جگە لەمەش چیرۆکنووس ڕستەی (هیچ پەتاتەت لە خاریج نەهێناوەتەوە)(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل58)، چەند جارێک دووبارەی دەکاتەوە کە ئەویش یەکێکە لە تەکنیکە نوێیەکانی (فەرهاد پیربال)، کە پێ دەناسرێتەوە، تیایدا بە خەڵک دەڵێت ئێوە نابێت پارە و سامانتان بەلاوە گرنگ بێت، لەبری پارەو سامان با بڕوانامە و وێنە و بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکانی پەیوەست بەکورد و زمانی کوردیتان بەلاوە گرنگ بێت(حەمە مەنتک(2011)سوریالیزم،ل179-180).

مەغزا لەکۆمەڵە چیرۆکی (پەتاتەخۆرەکان)دا مەغزایەکی بزر و نادیارە، ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتەکانی چیرۆکی تازەی کوردی، هەروەک (فەرهاد پیربال) دەڵێ (هیچ خوێندنەوەیک دواین

خوێندنەوە نییە)، مەغزای ئەم چیرۆکە زۆر پەرش و بڵاوە لەناو دەقەکەدا، مەغزای چیرۆکەکەش ئەوەیە چیرۆکنووس پێمان دەڵێ :

1ـ ئێمە قەدری زانست و زانیاری و بڕوانامەی بەرز ناگرین و تەنها پارەمان لا گرنگە و هەموو شتێکیان لەلا هەر پارەیە((ئەوەتا، بابە گیان زێڕم بۆ هێناون ، یەکێک لە براژنەکانی کە مەمکی دەدایە کۆرپە لەڕەکەی پرسی : ئەم جانتایە هەمووی زێڕە باوکی هەڵیدایە : یەعنی هیچ پەتاتە لە خاریج نەهێناوەتەوە؟))(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل58) .

2. پێمان دەڵێ کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی بەکاربەرە نەک بەرهەمهێنەر.

3. پێمان دەڵێ ئێمە لە کوردستاندا هیچ بەروو بوومێکمان نییە، هەمووشتێکمان هەر خواردنە .

4. لەم چیرۆکەدا دەردەکەوێ کە خزم و کەسەکانی فەرەیدون یەکجار زۆر هەژارن ، ئەوەتا بۆ خۆی دەڵێ منداڵی براژنەکەی لەڕە ((یەکێک لە براژنەکانی کە مەمکی دەدایە کۆرپە لەڕەکەی))(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل58).

ڕەمزەکانی ئەم چیرۆکە بریتیە لە :

1. (پەتاتە) ڕەمزە بۆ پارە و بۆ سەردەمی قاتوقڕی لە کوردستاندا، بەڵام پەتاتە لەگەڵ (زێڕ)دا چۆتە نێو هاوکێشەیەکەوە کە هەرگیز هاوسەنگ نابن، چونکە دژی لۆژیکە و دژەباوە، دژە باویش ناتوانرێ بە ئاسانی نمونەی بۆ بهێنرێتەوە(بسام قطوس(د)(2001)، سیمیاء العنوان،ص147).

2ـ (زێڕ) ڕەمزە بۆ هەموو ئەو بەڵگە و دیکیۆمێنتە مێژووییانەی کورد کە (فەرهاد پیربال) لە ئەرشیفخانەو مۆزەخانە و کەلێن و قوژبنەکانی ولاتان کۆی کردوونەتەوە، ((جانتاکە وەک فەردە گەنمێک، پەیتا پەیتا ، وردە زێڕی وەک ئاردی زەردی دروشاوەی لێوە دادەرژا، پاشان پارچەی زێڕی گەورەو گەورەتر ئینجا پارچە زێڕی قەبەی بەقەد کەرپووچێک))(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل58).

3ـ (فەریدوون)یش پاڵەوانی چیرۆکەکە ڕەمزە بۆ خودی چیرۆکنووس((فەرەیدوون ئەو کاتەی گوندەکەی خۆیانی جێ هێشتبوو تاعونێکی پیس لە گوندەکەیاندا بڵاوبېۆوە، خەڵک لە خۆیانەوە دەڕشانەوە))(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل55).

4. (گوند) لەناو چیرۆکەکەدا ڕەمزە بۆ کوردستان.

5ـ (تـاعون) ڕەمـزە بـۆ بڵاوبوونـەوەی هـەژاری و بێکـاری لـەناو کوردسـتاندا ((تـاعونێکی پـیس لـە گوندەکەیاندا بڵاوبۆوە))(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل55).

لـەم چیرۆکـەدا چیرۆکنووس بـاس لـە خـەڵکی کوردسـتان دەکـات، کـە چـۆن پـارەو سـامان بـە باشـتر دەزانن لـە زانـین و شـارەزابوون لـە ڕابـردوو و مێـژووی گەلەکـەیان، لـەناو چیرۆکەکـەدا چیرۆکنووس باسـی تاعونێکی پیس دەکات کە لە گوندەکەیان بڵاوبۆتەوە کە ئـەویش ڕەمـزە بۆ گرانـی و قـاتوقڕی لـە کوردستاندا (فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل55).

لـەناو ئـەم چیرۆکـەدا چیرۆکنـووس دووبارەکردنـەوەی ڕسـتەی زۆر بـەکارهێناوە ، وەک ڕسـتەی پرسـیاری بـاوکی لـە (فەرەیـدون) ((یـەعنی هـیچ پەتاتـەت لـە خـاریج نەهێناوەتـەوە؟))(فـەرهاد پیربـاڵ(2005)،پەتاتـەخۆرەکان،ل58)، ئـەم ڕسـتەیە لـەناو چیرۆکەکـەدا (18) جـار دووبـارە بۆتـەوە، تـەنها ڕاناوەکان گۆڕدراون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خەڵکی باشـوری کوردسـتان لەبـەر گرانـی و قـاتوقڕی گەلێک زۆر حەزیان لە پارەو پوول بـووە بـۆ ئـەوەی کـاری ڕۆژانـەی خۆیـانی پێڕاپـەڕێنن، زێـڕیش ئـەو دیکۆمێنتانـەن پەیوەنـدیان بـە کـوردەوە هەیـە زۆر بەلایانـەوە گرنـگ نـەبووە ، کـە لـەناو جانتاکـەی (فەرەیدون) دەردەکەوێت، کە ((وەک فـەردە گـەنمێک ، پـەیتا پـەیتا ، وردە زێـڕی وەک ئـاردی زەردی درەوشاوەی لێوە دادەڕژا ، پاشان پارچە زێڕی گـەورە و گـەورەتر ، ئنجـا پارچـە زێـڕی قەبـەی بەقـەد کــەرپووچێک. فەرەیــدوون .... ئــەوەتا ، بابــە گیــان ، زێــڕم بــۆ هێنــاون))(فــەرهاد پیربــاڵ(2005)و پەتاتـەخۆرەکان،ل58)، لێرەدا چیرۆکنـووس گلـەیی دەکـات و دەڵـێ ((وردە وردە هـەموو خواردنێکیـان لـە پێش چـاو کـەوتبوو ، سـاڵ بـە سـاڵ زیـاتر و زیـاتر بێزییـان لـە خـواردن دەکـردەوە : تـەنیا پەتاتـەیان دەخوارد))(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل56)، لە هەموو وەرزەکانـدا لـەجیاتی زانسـت و زانیـاری هـەر خـەریکی پەتاتـە خـواردن بـوون، ((زسـتانان ئـاوی پەتاتـەیان وشـک دەکـردەوە بـۆ هـاوین))(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل56)، ئەم چەند وشـەیەی نـاو ئـەم ڕسـتەیە تـەواو سـوریالین، چونکـە دژی لۆژیک و واقیعن و دژی لۆژیکە زستان هاتۆتە جێی هـاوین و هـاوینیش چۆتـە جێـی زسـتان و ئـاویش وشـک دەکرێتـەوە، ئەمـەش وا لەخوێنـەر دەکات بـەقووڵی بیربکاتـەوە بۆ ئـەوەی لـەواتای ئـەم ڕسـتەیە بگــات، لــەم چیرۆکــەدا چیرۆکنــووس وشــەی (بەڕاســت بەڕاســتتە بەڕاســتمە بەڕاســتی) (6) جــار دووبارەکردۆتەوە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ کـە خـزم و کەسـەکانی باوەڕیـان نـەدەکرد کـە (فەرەیدون)

پارەی نەهێنابێتەوە، هەر لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس شێوازێکی تری سوریالیانەی بەکارهێناوە کە ئەمیش نوسینی شێوەکاریە، چۆنیەتی ڕۆیشتنی خزموکەسەکانی فەریدونمان نیشاندەدا کە چۆن لەناو ژوورەکەدا فەرەیدون جێدەهێڵن و دوور دەکەونەوە، ئەم دوورکەوتنەوەیان لە فەرەیدون بە شێوەی نوسینی شێوەکاری نیشان دراوە شێوەیە :

((سێزدە ساڵان لە خاریج بژیت ، چەند پەتاتەیەک چیە لەگەڵە خۆت نەهێنیتەوە !

- سێزدە ساڵان لە خاریج بژیت ، چەند پەتاتەیەک چیە لەگەڵە خۆت نەهێنیتەوە !
- سێزدە ساڵان لە خاریج بژیت ، چەند پەتاتەیەک چیە لەگەڵە خۆت. ..
- سێزدە ساڵان لە خاریج بژیت ، چەند پەتاتەیەک چیە. ..
- سێزدە ساڵان لە خاریج بژیت ، چەند پەتاتەیەک. ..

سێزدە ساڵان لە خاریج.. ))(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل61).

لەم دەقەدا جگە لەوەی نووسەر بەشێوازی شێوەکاری دەقەکەی نوسیووە، لەهەمان کاتدا هەمووی دووبارە کردنەوەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خزم و کەسەکانی فەرەیدوون زۆر دڵگران بوون لەوەی کە فەرەیدوون پارەی بۆ نەهێناونەتەوە باوەڕیان پێنەدەکرد، بۆیە هەموویان هەمان ڕستەیان دووبارە دەکردەوەو دەڕۆیشتنە دەرەوە هەر لەبەر خۆیان دەیان ووتەوە، دووبارەکردنەوەش هۆش و بیر ئامادە دەکا بۆ قبووڵکردنی یەک بەدوای یەکداهاتنێکی تری نوێ لە هەمان جۆر(احمد محمد(2002)، ثنائية الشعر،ص93-94).

وێنەی سوریالی لەم چیرۆکەدا هاوتاکردنی زێڕە لەگەڵ پەتاتەدا، بگرە پەتاتە لە زێڕیش بە بەهاتر دانراوە، وێنەیەکی تریش لە کۆتایی ئەم چیرۆکەدایە ((فەرەیدوون لەناکاو سەری هەڵبڕی ، خۆی لە ژوورێکی چۆڵ و هۆڵدا دیتەوە !))(فەرهاد پیربال(2005)و پەتاتەخۆرەکان،ل62)، لێرەدا ئەم خۆ دیتنەوەیە لە ژوورێکی چۆڵ و هۆڵدا وێنەیەکی سوریالیە و ڕەمزە بۆ ئەو کەسانەی کە خەمی نەتەوە و گەلەکەیانە و خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن بۆ دۆزینەوەی مێژوو و کەلەپووری کوردی، هەردەم خۆیان تەنها دەبیننەوە، وەک فەرهاد پیربال و چەند کەسێکی تر.

## 3. سەرسوڕمان

**چیرۆکی (شیزوفرینیا) :**

ئەم ناونیشانە نەخۆشیەکی دەروونییە، کە مرۆڤ دەکاتە خاوەنی دوو جۆر کەسایەتی، لەوانەیە خوێنەر تووشی جۆرێک لە حاڵەتی دەروونی بکات، ئەم ناونیشانە هاندەرە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێ کێ توشی شیزۆفرینیا بووە، شێوەی تووش بوونەکەی چۆنە؟ یان لەبەرچی تووشی شیزۆفرینیا بووە، بۆیە خوێنەر کێشدەکات بۆ ناو دەقی چیرۆکەکە، (عومەر پەتی) کە پسپۆڕە لەبواری دەروونزانی لە بارەی ئەم چیرۆکەوە دەڵێت ((ناونیشانی چیرۆکەکە خۆی لەخۆیدا ناونیشانێکی دەروونیە، ناوەڕۆکی چیرۆکەکە لەزۆر شوێنی دا چەندان نموونە ڕووداوی دەروونی دەخاتە ڕوو و بەرچاو ، لەوانە (لەتابلۆی –4 – ) دا هەموو هەڵسوکەوتەکانی بەختیار لەگەڵ ناونیشانی سەرەوە یەک دەگرنەوە، وای پیشان دەدات کە نەخۆشی شیزۆفرینیای هەیە))(نەریمان خۆشناو،ڕەمز و مەغزا،ل52).

چیرۆکی (شیزۆفرینا) لەساڵی 1998 بڵاوکراوەتەوەو لە (15) گۆشە پێکهاتووە، هەر گۆشەیەکیش ژمارەی تایبەتی خۆی هەیە، گۆشەی یەکەم دەمانئێرێتە گۆشەی 11 و 12 ، هەر گۆشەیەکیش بۆ دوو گۆشەی تر خوێنەر ڕەوانە دەکات تا دەگاتە گۆشەی پازدەهەم لەوێ خوێنەر بۆ گۆشەی سێیەم و دەیەم دەنێرێتەوە، ئەمەش وادەکات خوێنەر بەردەوام بگەڕێت بەدوای دەستکەوتنی زانیاری لەبارەی ڕووداوەکان و کەسەکان، چونکە خوێنەر ناتوانێ کۆتایی بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە بهێنێ، بەم شێوەیە ئەم چیرۆکە کۆتایی نایە و دەتوانین لەم چیرۆکەدا دەیەها لاکێشەی تری بۆ زیادبکەین و هەر بەردەوام بین لەسەری، ئەمەش یەکێکە لەو شێوازانەی چیرۆنووس گرتوویەتیە بەر لەو چیرۆکەدا، ئەم چیرۆکە باس لە پەناهەندەیەکی کورد بەناوی (بەختیار) دەکات دووجار لەسەر یەک ڕەفزی وەرگرتووە، ئەمەش وای لە (بەختیار) کردووە جامخانە و شوشەکان بشکێنێ، لە ئەنجامدا دەگیرێ دەبردرێتە بنکەی پۆلیس، ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی سایکۆلۆجیە، پێشتریش ئەزموونی لەو شێوەیە لە ئەدەبی کوردیدا هەبووە، وەک (من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ)ی (شێرزاد حەسەن) و (سبەینێ باوکت دێتەوە)ی (ڕەوف حەسەن) و چەند ئەزموونێکی تر(ئەسکەندەر جەلال(1998)،فەرهاد پیربال،ل109)، ئەگەر سەیری گۆشەی (6) بکەین لە چیرۆکەکەدا دەبینین ڕەمزێکی زۆر جوانی تێدایە

ئـەویش (باوەشـی دایـک)ە، کـە دوو هێمـای هەیـە، یـەکێکیان ڕەمـزە بـۆ کوردسـتان کـە حـەزدەکات بگەڕێتەوە بۆ باوەشی خاکی پیرۆزی کوردستانەکەی خۆی، دووەمیشیان ڕەمزە بۆ باوەشـی دایکی ڕاسـتەقینـە و هەسـت و سـۆزی دایکایـەتی، ئـەوەتا دەڵـێ ((پـڕ بـە دڵ حەزدەکـەم بگەڕێمـەوە باوەشـی دایکم))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل69)، لـەم چیرۆکـەدا چیرۆکنووس ڕەخنـە لـە واقیعی کورد دەگرێ، کە هـەزاران دەردەسـەری بەسـەردا هـاتووە، بـەڵام سـوودی لێوەرنـەگرتوون، وەک: برسـیەتی، گرانی، ناداداپەروەری، نەبوونی مـافی مـرۆڤ و ئاسـایش، ئەمـەش وای لـەتاکی کورد کردووە تووشـی حاڵـەتێکی دەروونـی خـراپ ببێـت و سـەری خـۆی هـەڵبگرێت بـەرەو هەنـدران، ئەگـەر لـەوێش مـافی مانـەوەی پێنـەدرا دووبـارە نەهامـەتی بەدبـەختی ڕووبـەڕووی دەبێتـەوە، ئـەم چیرۆکـە دەروونییـە، سوریالییەکانیش زۆر گرنگیان بە تیۆرەکانی فرۆید دەدا و پشتیان بـە نائاگایی دەبەست، ئەمـەش لـەم چیرۆکەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەهۆی ئەم چیرۆکەوە دەتوانین حاڵـەتی دەروونـی تاکی کـورد لـەناوەوەی وڵات و لە دەرەوەی وڵات بزانین، ئەم چیرۆکە پڕیەتی لە ڕەمز و مەغزا، لەوانە:

1ـ بەکارهێنانی دێرە شیعرێکی (نالی) کە دەڵێ :

درونى لدار الشار زور و برده

کفرمیسکی گرم الی او سرده (فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل56).

ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ کـە ئـەم شـیعرە لەگـەڵ (بـەختیار)ی پاڵـەوانی چیرۆکەکـەدا زۆر گونجـاوە، هـەروەها نـالی و شـیعرەکانی لـەلای چیرۆکنـووس زۆر گـەورە و بـەنرخن، تەنانـەت کـوردیش وەک میللەتانی تر خاوەنی شاعیری گەورەیە.

2ـ نـالیش ئـاوارە بـووە لـە وڵاتـی خـۆی وەک سـەردەمی ئێسـتامان کـە کـورد ئـاوارە دەبـن، هـەر لـە ئاوارەیش ئەم شیعرەی نووسیوە، لێرەدا چیرۆکنووس دەیەوێ پێمـان بڵـێ : تاکـەی کـورد هـەر دەبـێ بێ وڵات و ئاوارەبێ.

مـەغزای چیرۆکەکـە ئـەو شـەڕە دەروونییـە کـە لەگـەڵ پاڵـەوانی چیرۆکەکـەدا دەکرێت، کـە مـافی مانـەوە پـێ نـادەن، دوای ئـەوەی ماوەیـەکی زۆر لـەو شـوێنەدا ماوەتـەوە، بۆیـە تووشـی نەخۆشـی (شـیزۆفرینیا) بـووە، چیرۆکنـووس لـە ڕێگـەی ئـەو چیرۆکـەوە ڕەوش و بـارودۆخی کوردەکانمـان لـە دەرەوەی وڵات بۆ دەخاتەڕوو، پێمان دەڵێ چییان بەسەردێ و چی دەکەن.

بەختیار باسی حیزبەکانی کوردستان دەکات کە چۆن شەڕی برا کوژیان هەڵگیرساندووە و دەڵێ : ((ئەوان بوون چارەنووسی منیان توشی ئێرەکرد))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل73)، دیارە ئەم شەڕەش کاریگەری زۆری هەبووە بەسەر خەڵکی کوردستان و تووشی بێزاربوونی کردوون و ناچاری کردوون کە رووبکەنە هەندەران و ژیانی تاراوگەیی.

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس هەموو شتە ناشیرینەکان ڕەتدەکاتەوە کە لەلایەن تاکی کوردەوە پەیڕەو دەکرێن، ئاشکراشە هەموو شتەکان خەراپ و چاک، جوان و ناشیرین، لەخودی تاکە کەس دەست پێدەکات(یوسف عوسمان، چەند وێستگەیەک،ل95)، ((شەوێک – دوای ئەوەی بۆ دووەم جار کە لەپۆلیسی پەناهەندانەوە رەفزی بۆ هاتەوە. .. هەرچی جامخانە و دوکان و مەخزەنەکان هەبوو،. .. . بەئاسنێکی درێژ وردو خاشکرد، بۆ بەیانی بەختیار.. .. دەیوت من شتی وام نەکردووە، ئاگام لە هیچ نەبووە))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل68).

وادیارە چیرۆکنووس بە ماندووبوونێکی زۆر ئەم چیرۆکەی نووسیوە، چونکە هەر گۆشەیەکی بۆ شتێک تەرخانکردووە، بۆ نمونە گۆشەی دووەمی تەرخانکردوە بۆ شەڕی براکوژی، گۆشەی هەشتەمیشی داناوە بۆ باسکردنی هەژاری و قاتوقڕی، گۆشەی نۆیەمیش تایبەتکراوە بە مافی مرۆڤ، لەناو گۆشەی دەیەمیشدا ژیانی پەنابەرانمان بۆ ڕاڤەدەکات، گۆشەی دوازدەهەمیشی داناوە بۆ باسکردنی ئاواتەکانی نووسەر و واقیعی کوردستان، لە گۆشەی سێزدەهەمیش باسی پارتەکانمان بۆ دەکات، لەم گۆشانەدا ئەم شتانەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێ:

1. لە گۆشەی یەکەمدا دەردەکەوێت (بەختیار) کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە دەبردرێتە شەماعیە.

2. لە گۆشەی دووەمدا دەردەکەوێت کە ماڵی دایکی بەختیار زۆر هەژار بوون لەبەر هەژاری بەختیار ڕووی کردە هەندەران بۆ ئەوەی خوێندن تەواو بکات و کەمێک یارمەتی دایکی بدات، گێڕەرەوە دەڵێت : ((دایکی بەختیار هەموو بەیانییەک لە گوندەکەی خۆیانەوە بە پاص دەچووە ناو شار بۆ خزمەتکردنی ماڵە دەوڵەمەندەکان ، جلی بۆ دەشوشتن ، حەوشەو ژوورەکانی بۆ پاک دەکردنەوە ، حەفتەی سێ ڕۆژانیش سێشەمە و چوراشەمە و پێنج شەمە دەچووە شەماعیەیی هەولێر ، لەوێ فەراش بوو))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل67)، هەر لە گۆشەی دووەمیشدا دەردەکەوێت دایکی

بەختیار فەراشی شەماعیەیە لە هەولێر و باوکیشی لە شەڕی براکوژیدا بە ئەسیر گیراوە و شەهید کراوە(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل67).

3. گۆشەی سێیەمیش خۆی لە خۆیدا پڕیەتی لە غوربەت، چونکە نالیش ئەم شیعرەی هەر لە غوربەت نووسیوە، کەواتە لە کۆنەوە بەشی کورد هەر ئاوارەییە، کاتێک بەختیار گەیشتە فەرەنسا لەبیری خۆیدا بەتەمابوو کۆلێژی ئەندازیاری تەواو بکات و پارەش بۆ دایکی بنێرێتەوە (فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل72)، بەڵام ئەی خوێنەر سەیرکە تووشی چ بەڵایەک بوو.

4ـ لە گۆشەی چوارەمدا دەردەکەوێت دایکی بەختیار خەون بە بەختیارەوە دەبینێ کە شێتبووە، گێڕەرەوە دەڵێ ((شەوێک – دوای ئەوەی بۆ دووەم جار لە پۆلیسی پەناهەندانەوە ڕەفزی بۆ هاتەوە – کاتژمێر سێی بەیانی بوو ، بێ ئاگا ، لەخەو هەستایەوەو چووە دەرەوە : لەسەر شەقام ، هەرچی جامخانەی دووکان و مغازەکان هەبوو هەموویانی دایە بەر بەرد))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل68).

5ـ لە گۆشەی شەشەم دایکی بەختیار پرسیار لە عەرەبێک دەکات لەناو شەماعیەی هەولێر کە ئاوارەیە لە کوردستان – ئەگەر چاکبیتەوە، حەزدەکەی بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت؟ ئەمیش دەڵێ – پڕ بەدڵ حەزدەکەم بگەڕێمەوە بۆ باوەشی دایکم(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل69)، سەیر ئەوەیە هەمان ئەو پرسیارە لە فەرەنسا دووجار لە بەختیار دەکرێت، جارێکیان لەلایەن بەڕێوەبەرەکەوە لە بەختیاری دەکات، جاری دووەمیش پەرستارەکە هەمان پرسیار لە بەختیار دەکات و بەختیاریش بەهەمان شێوەی عەرەبەکە هەمان وەڵام دەداتەوە،

6. لە گۆشەی هەشتەمدا دەردەکەوێت دایکی بەختیار و خزم و کەسەکانی ئیرەیی بە بەختیار دەبەن کە چۆتە ئەوروپا، دەیانووت ((خۆزگە بە بەختیار؟ بەخۆی گەیشتە ئەوروپا))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل70)، نەیاندەزانی لە ئەوروپا تووشی نەخۆشی دەروونی بووە.

7ـ لە گۆشەی نۆیەمدا دەردەکەوێ کە لەناو فەرەنسادا مافی مرۆڤ فەراهام کراوە بۆیە ڕێز لە بەختیاری نەخۆش دەگرن.

8ـ لە گۆشەی دەیەمدا دەردەکەوێت کە بەختیار لە فەرەنسادا کەنناسی پێدەکەن ناو قەبرستان و ڕێڕەوەکانی پێ پاکدەکەنەوە(فەرهاد پیرباڵ(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل71)، چونکە لە چیرۆکی سوریالیدا ڕووداوەکانی بوون و گۆڕستان و شوێنی نا کۆمەڵایەتی بوونیان هەیە(السريالية و الواقعية،ئینتەرنێت).

9ـ لە گۆشەی چواردەهەم دەردەکەوێ بەختیار لەداخی ئەو پارتانەی کوردستان کە شەڕی براکوژیان بەرپاکردووە کوردستانی جێهێشتووە و توشی شیزۆفرینیا بووە، ئەوتا گێڕەرەوە لەسەر زمانی بەختیار دەڵێ ((ئەوان بوون چارەنووسی منیان تووشی ئێرە کرد))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل73).

10ـ لە گۆشەی پازدەهەمدا دەردەکەوێت ژیانی بەختیار تابلێی سەخت و دژوارە، گێڕەرەوە دەڵێ ((ڕاستە : بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە نانیان دەدایە ، بەڵام هەر ئەوەبوو ، ئیتر : تەنانەت پارەی جگەرە و پارەی پلیتی هاتووچۆشیان نەدەدایە ، هەموو ژیانی ، لە کێلۆمەتر چوارگۆشەیەکدا))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل74).

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس چەند وێنەیەکی سوریالیمان دەخاتە بەرچاو :

1ـ پێمان دەڵێ واتێمەگەن ئەوانەی چوونەتە ئەوروپا لە بەهەشتدا دەژین ، نەخێر وانییە؟ لەوانەیە تووشی شێتی بووبن، یان وەک بەندی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

2ـ شەڕی براکوژی بەرپرسی یەکەمە بۆ ئاوارەبوونی کورد.

3ـ ئەو ئاواتەی لە مێشکی کەسی پەناهەندەدایە زۆر جیاوازە لەو واقیعەی کە لە هەندەران تووشی دەبێت.

4ـ پێمان دەڵێ بوکوێ دەڕۆن ئەی کوردینە؟ بۆ وڵاتی خۆتان جێدەهێڵن؟ مەڕۆن، ئەوەتا خەڵکی تر کاتێک ئاوارە دەبن ڕوو لە وڵاتی ئێوە دەکەن، وەک ئەو عەرەبە.

5ـ پێمان دەڵێ ئاوارە هەر ئاوارەیە، جا چ لە هەندەران بێت، یان لەناو کوردستانی خۆمان بێت.

6ـ لە وڵاتی خۆمان ئێمە ئاوارە چۆن دەبینین لە وڵاتانیش ئێمە ئاوا دەبینن، ئێمە چی بە ئاوارە دەڵێین ئەوانیش هەمان ڕستە بە ئێمە دەڵێن.

**چیرۆکی (لامارتین)**

ئەم ناونیشانە پێکهاتووە لەیەک وشە، ئەویش ناوی (لامارتین)ی شاعیری گەورەی فەرەنسییە، ئەم ناونیشانە جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە، چونکە خوێنەر ئەم شتانەی خوارەوەی دێتە خەیاڵ، وەک شیعرەکانی لامارتین، ژیانی لامارتین و فەرەنسا و چەند شتێکی تر، کە پەیوەندی بە لامارتینەوە هەبێت، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات بەتاسەوە ئەم چیرۆکە بخوێنێتەوە تا بزانێت چی نوسراوە دەربارەی لامارتین، ئەم ناونیشانە ئەوندە واتادارە خەریکە هەموو دەقەکە بەجارێک بدرکێنێ، چونکە دەشێ دەقێکی تەواو لە دەربڕینێکدا کورت بکرێتەوە ، واتا بەو مانایەی کە دەشێ تاکە ناونیشانێک ناسنامەی دەق بوونی بەرجەستە بکات(هێمن عومەر(2011)،چەند دەلاقەیەک،ل43).

بەکارهێنانی (لامارتین) وەک ناونیشانێک بۆ ئەم چیرۆکە، هێمایە بۆ ئەوەی چیرۆکنووس کاریگەری لامارتینی بەسەرەوەیە، بەڵام بە هێماو ڕەمز، کە ئەمەش شێوازێکی نوێیە، چونکە وێنەی چیرۆکی نوێ نابێ وێنەی ڕاستەوخۆی واقیعی بێ(نەریمان خۆشناو،ڕەمز و مەغزا،ل67).

ئەم چیرۆکە لە ساڵی 1991 لە پاریس نووسراوە، باسی کوردێک دەکات کە لە هەندەراندا بەدوای کاردا دەگەڕێت، لەگەڵ ئەوەی ئەو کەسە بڕوانامەی دکتۆرای هەیە ، بەڵام جگە لە شیعر هیچی تر نازانێ، ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی فانتازیایە ، فانتازیاش خەون و خەیاڵبازی و وڕێنەو هەڵوسە و ڕووداوی سەیرو سەمەرەیە(عەبدوڵڵا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل52).

لە چیرۆکی (لامارتین) چەند شتێکمان دەست دەکەوێت :

1. چیرۆکنووس زۆر بە بەرهەمەکانی لامارتین سەرسام بووە.

2. قسەکردن لەگەڵ پەیکەر کارێکی سوریالییانەیە و لە دەرەوەی لۆجیک و واقیعە.

3ـ تاکو ئێستاش لە ڕۆژهەڵات بایەخێکی زۆر بە شیعر و لایەنی سۆزداری دەدرێت و عەقڵ فەرامۆش کراوە، بە پێچەوانەی ئەوروپا، کە زۆر بایەخ بە شیعر نادرێت وەک ڕۆژهەڵات.

4ـ چیرۆکنووس دەیەوێت واقیعی کوردستان بگۆڕێ و هانمان دەدا ئێمەی کوردیش ڕووبکەینە بواری تەکنەلۆژیا و چیتر خۆمان بە قافیەو شیعرەوە خەریک نەکەین.

مەغزای چیرۆکەکە ئەوەیە کە لە سەردەمی ئێستاماندا وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە زۆر بەرەو پێش چوون، لەلای ئەوان سەردەم سەردەمی پیشەسازی و

کۆمپیوتـەر و ئەنتەرنێتـە، بـەهاو رەواجـی شـیعر نـەماوە، لـەو وڵاتـە پێشـەکەوتوانە تـەنها نـرخ وپایـە دەدەنە ئەو کەسانەی پسپۆڕ و شارەزان لە بوارەکانی تەکنەلۆژیادا.

ئـەم چیرۆکـە بەشـێوازی سـەیر وسـەمەرە و گاڵتـەجاڕی نووسـراوە و بـاس لـە دواکـەوتوویی ڕۆژهەڵاتییـەکان دەکـات کـە هـەردەم خـەریکی زانسـتی زمانـەوانی و ڕەوانبێـژین، لـەجیاتی زانسـتی سـەردەم خۆیـان بـە زانسـتە کۆنـەکان خـەریک دەکـەن، ئەمـەش لـە سـەردەمی ئێسـتادا هـیچ سـوودێکی نییە، ئەم چیرۆکەی (د. فەرهاد) ئەم بەیتە شیعرەی مـەلای محەمـەدی جـەلی زادەمـان بیردەخاتـەوە کـە دەڵێ :

عیلمی تەبیعەت عیلمی خودایە

قالە و قەوەلە گشتی هەبایە

عیلمی کیمیات گەر نەخوێندوە

بەخوا نازانی خوا چی کردووە(مەلا محمدی کۆیی(1969)دیاری مەلا محمد،ل34)

ئەم چیرۆکە ڕەمزێکی تر دەنوێنێ ئەویش بێکاری پەنهاندەکانـە لـە ئـەوروپا، لـەم چیرۆکـەدا پەیکـەر قسە دەکا و دەڕوا و وەزیفەشی هەیە، کاتێک ئاژانسـەکە داوای پارەیـەکی زۆر لـە پەناهەندەکە دەکـات بـۆ بڵاوکردنـەوەی شـیعرەکانی تـووڕەدەبێ و دەڕوات، دەچێتـە لای پەیکـەری لامـارتین، بـۆی دەگێڕێتـەوە، و دەڵێت ((هەرکـە دانیشـتم و دانەنیشـتم ، لامـارتین ، لەپشـتمەوە ، بـە دەنگێکی بـەرز ، – دیاربوو دەیویست دڵم بداتەوە – وتی :

- نیگەران مەبە !
- منیش دانوشتابوومەوە ، بێ ئەوەی سەرم بەرزبکەمەوە ، لەبەر خۆمەوە وتم :
- چۆن نیگەران نەبم ؟

لامارتین ، لە پشت سەرمەوە ، بەدەنگێکی زگار و خەفەتناکەوە وتی :

- ئەوەیـە ئیتـر..!))(فـەرهاد پیربـاڵ(2005)، پەتاتـەخۆرەکان،ل36)، لێـرەدا پەناهەندەکـە لەگـەڵ پەیکـەری لامارتین قسە دەکات، ئەمەش تەواو سوریالیە، چونکە وتووێژەکە دژی لۆژیک و واقیعە.

دواتر چیرۆکنووس وتەیەک لەسەر زمانی (لامارتین) دەخاتەڕوو بۆ هەڵەی ئەو کەسانەی بەبێ ئەوەی هیچ کارێک بزانن ڕوو لە ئەوروپا دەکەن بە پەناهەندەکە دەڵێ ((تۆ لە سەرەتاوە نەدەبووایە چارەنووسی خۆت بدەیتە دەست شیعر و جوانی و نووسینەوە !

کە ئەم قسەیەم لە لامارتین بیست ، یەکسەر ئاوڕێکی تووڕەم لێی دایەوە و وتم :

- ئەدی تۆ ؟ تۆ بۆچی چارەنووسی خۆت دایە دەست شیعر و جوانی و نووسینەوە ؟

بە تووڕەییەوە وتی :

من کەر بووم))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل37)، لێرەدا (لامارتین) دان بەوەدا دەنێت کە کەربووە شیعری نووسیوە خۆی بە شتێکی ترەوە خەریک نەکردووە، چونکە بۆی ڕوون بۆتەوە نووسینی شیعر و ڕەوانبێژی لەم سەردەمەدا هیچ سوودێکی نییە، ئەم دانپیانانەی (لامارتین) وەک تۆبە کردن و دانپیانانەکەی بێکەسی شاعیرە کە دەڵێ ((شەرتە کەربم بارە گوێزم لێنێن خرەی نەیە))(بێکەس1970،ل118)، دواتر چیرۆکنووس باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک لە ئەوروپا کارێک نەکات نەمر و نەژی دەیگوزەرێنێ، ئەمەش لە گفتوگۆیەکی نێوان پەناهەندەکە و لامارتین دەردەکەوێت :

پەناهەندەکە بە (لامارتین) دەڵێ ((دەڕۆیی؟ وتی :

- ئا ، درەنگە. دەبێ بچمە سەر کار.

وتم : لەکوێ کار دەکەی ؟

وتی :

- لە هۆتێلێک.

وتم : بەشەوان ؟

وتی :

ئا. حەرەسم. شەوان پاسەوانیی هوتێلێک دەکەم))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل38).

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس پەنجە بۆ چەند شتێک درێژ دەکات کە ئەمانەن :

1. دۆزینەی کار لە ئەوروپا زۆر ئەستەمە، هەموو کەسێک دەبێت کارێک بکات.

2. زانستی ڕەوانبێژی لە ئەوروپادا لەم سەردەمەدا وەک سەردەمانی ڕابردوو سوودی نەماوە.

3. لەسەر زمانی (لامارتین) چیرۆکنووس پێمان دەڵێ ((برادەر ، من و تۆ خەڵکی سەدەی نۆزدەمین ، کەس ناماننناسێ))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل38)، ئەمەش مانای ئەوەیە خەڵکی ڕۆژهەلات گەرچی لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا بژین، بەلام لەبارەی پێشکەوتنەوە هەر لە سەدەکانی نۆزدەهەمدا دەژین، لەسەر زمانی گێڕەرەوە چیرۆکنووس دەڵێ ((لامارتین ، ماندوو ، بەرەو میترۆ ڕایەکرد. هەنگاوەکانیشی ، جار بەجار ئاوڕیان لە شوێنی پەیکەرەکەی خۆی دەدایەو و هۆن هۆن دەگریان...))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل39)، ئەمەش تەواو وێنەیەکی سوریالی سەیر و سەمەرەیە.

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس جگە لەوەی باسی پەناهەندەیەکی کوردمان بۆ دەکات کە لە ئەوروپا دەژیت، لەهەمان کاتدا بە وێنەیەکی سوریالی بەراوردکردنێکی شاراوەشمان بۆ دەکات لەنێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا، تیایدا داوا لە کورد و خەڵکی ڕۆژهەلات دەکات واقیعی خۆیان بگۆڕن و خۆیان بگەیێنە کاروانی پێشکەوتن وەک ئەوروپا، وێنەیەکی تری سوریالیش لەم چیرۆکەدا قسەکردنە لەگەڵ پەیکەری لامارتین کە ئەمەش تەواو سوریالیە.

لەم چیرۆکەدا چەندین وێنەی سوریالی تێدایە وەک ((سەری بەرزکردەوە ، تەماشای تۆپەڵە هەورێکی ناو ژوورەکەی کرد))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل33)، بوونی هەور لەناو ژووردا تەواو سوریالییە و دژی لۆژیک و واقیعە، ((هەنگاوەکانیشی جار جار ئاوڕیان لە شوێنی پەیکەرەکەی خۆی دەدایەوە و هۆن هۆن دەگریان))(فەرهاد پیربال(2005)، پەتاتەخۆرەکان،ل39)، ئەمەش وێنەیەکی تری سوریالییە و دژە لۆژیکە، چونکە هەنگاو ناگرێیت .

## پاری دووەم : بنەماکانی سوریالیزم لە چیرۆکەکانی عەبدوڵڵا سەڕاج

پـێش ئـەوەی باسـی تایبەتمەنـدی و بنـەماکانی سـوریالیزم لـەناو چیرۆکـەکانی سـەڕاجدا بکـەین، واباشە لە سەرەتادا باسی ژیانی بکەین ، بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر ئامادە بکەین بۆ چوونـە نـاو بابـەتی لێکۆڵینەوەکە.

(عەبـدوڵڵا سـەڕاج) نـاوی عەبـدوڵڵای کـوڕی نـەجمی کـوڕی مەجیـدە، لـە سـاڵی 1937 لەشـاری کەرکوک لەدایک بووە لـە کۆڵانی (سەیسـەروەر)ی سـەر بـە گـەڕەکی ئیمـام قاسـم، هـەر ئـەم کۆڵانـەش بۆتـە گۆڕەپـانی یەکـەم ڕۆمـانی خـۆی بـەناوی (هەڵکشـان بـەرەو لووتکـە)، لـەناو ئـەم ڕۆمانـەدا نـاوی ڕاسـتەقینەی دراوسـێکانی تۆمـارکردووە، خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامـادەیی لـە گـەڕەکی (گاوربـاخی) لـە کـەرکوک تـەواو کـردووە، دواتـر چۆتـە خـولی پـەروەردەیی، لەسـاڵی 1955 بـووە بـە مامۆسـتای گونـدی (هەفتـەغار)، بـۆ مـاوەی (30) سـاڵ مامۆسـتایی کـردووە، لـە سـاڵی 1985 دا خانەنشین بووە، بیست ساڵی بە وتنەوەی ئەلفوبێ و ماوەکەی تریش بەوتنـەوەی نیگـار لـە ناوەندی و سەرەتاییەکاندا بەسەربردووە، ئەم نووسەرە لەناو ئەدەبی کوردیدا بـە (سـەڕاج) ناسـراوە، لـە بنەماڵـەی بابانییەکانـە، ئـەم بنەماڵەیـە پـاش ڕوخـانی میرنشـینی بابـان هەنـدێکیان ڕوویـان کردۆتـە کـەرکووک (عەبدوڵڵا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل10).

ئەم نووسەرە خۆی بە قەرزاری نووسـەرە کوردەکـان دەزانـێ، دواتـر خـۆی بـە قـەرزاری نووسـەرە عەرەبەکان دەزانێ، لە زمانیش خۆی بە قەرزاری (محەڕەم محەمەد ئەمین) و (محەمـەد مـەولوود مـەم) و (کاکـەی فـەلاح) و (حەمـە سـاڵح دیـلان) و (کامـەران مـوکری) و نووسـەرانی گـەلاوێژ دەزانـێ، لـە تەکنیکی نوسیندا سەرسامە بە نوسینەکانی (جەبرا خـەلیل جـەبرا)، لـە داڕشـتنی نوسینیشـدا بـە (جـەمال ئـەلغیتانی)، لـە نووسـنی چیـرۆکیش بـە چیرۆکنووسـانی بـاکوری ئـەفریقیا وەک (محەمـەد زەفـزاف) و (ڕەشید بوجدرە) سەرسامە (عەبدوڵڵا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل75و83).

لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەستی کردۆتـە چیرۆک نووسـین، پێشـتریش چەنـد پارچـە شـیعرێکی لـە هەندێک ڕۆژنامـە و گۆڤاردا بڵاوکردۆتـەوە، لـە بـواری دەقـی درامیشـدا یەکـەم هۆنۆدرامـای بـە زمـانی

کـوردی نووسـیوە کـۆچیرۆکی (لاکێشـە رووناکـەکان) لـە سـاڵی 1995 بـۆ زمـانی فەرەنسـی وەرگێڕدراوە(چاوپێکەوتن (عەبدوڵلا سەڕاج)2015/4/8).

(عەبدوڵلا سەڕاج)جگە لە چیرۆکنووسین کەسێکی نیگارکێشیشە، ئەم نیگارکێشیەش لە نووسینی چیرۆکەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە ، بۆ خۆشی دەڵێ ((لەبارەی چیرۆکەکانمەوە، زۆر کەس هەستیان کردووە، کە هەوێنی هونەری شێوەکاریی تێدایە))(عەبدوڵلا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل12).

ناوەرۆکی چیرۆکەکانی (عەبدوڵلا سەڕاج) زۆربەیان (نەتەوایەتی – چینایەتی)ین، خۆی دەڵێ: ((ئەمن خۆم لە نووسەرانی دیکە بەوەدا جودا دەکەمەوە، کە (نەتەوایەتی)م پێش (چینایەتی) خستووە))(چاوپێکەوتن (عەبدوڵلا سەڕاج)2015/4/8).

(عەبدوڵلا سەڕاج) یەکەم کەس بووە لە ساڵی 1968دا وتارێکی نووسیوە و داوای کردووە کۆڕی زانیاریی کورد دابمەزرێت، دوای دامەزراندنیشی چەند وشەو زاراوەیەکی بۆ ئەم کۆڕە داتاشیوە، کە ئێستا بوونەتە باو لەناو ئەدەبیاتی ئەمڕۆی کوردیدا، وەک وشەی (کۆمەڵگا)، (کۆشیعر)، (کۆ چیرۆک)، (جێکات)، هەندێک لەم وشانەش لە چیرۆکی (کۆمەڵگای ئاسنین)دا، لە ساڵی 1973 لە گۆڤاری (بەیان)دا بەکاری هێناون، وەک: کۆستارە، گۆشەنیگا. .. تاد، نووسراوەکانی بەڵگەن بۆ ئەو وشانە(عەبدوڵلا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل112).

لە سەرەتادا (عەبدوڵلا سەڕاج) زیاتر بە زمانی عەرەبی خوێندویەتیەوە و نوسیویەتی، بەڵام ئێستا کـوردی و عـەرەبی و ئینگلیـزی و تـورکی دەزانـێ لەگـەڵ کـەمێک فنلەنـدی(چاوپێکـەوتن (عەبـدوڵلا سەڕاج)2015/4/8)، لە ساڵانی پەنجاکانەوە دەستی کردۆتە خوێندنەوەی زۆربەی ئەدەبیاتی جیهانی، لە دوای حەفتاکانیشدا ئاشنا و شارەزای ئەدەبی نوێ بووە، لە گۆڤاری (ئاداب)ی لوبنانی و گۆڤارە میسرییەکان و گۆڤاری (الكلمە) تونسی کەڵکی وەرگرتووە(عەبدوڵلا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل76-77).

هەندێ لە چیرۆکەکانی (سەڕاج) باسی سەردەمی ژیانی خۆی دەکەن کە بەڕاستی ڕوویان داوە، وەک چیرۆکی (شیوژاڵە) کە تۆمارێکی دەقاودەقی سەردەمێکی ژیانیەتی، (کانی پڵنگان)و(هەشت و نیوی بەیانی و...) و (برایم شۆراوی) خۆیی و کەسانی دیکەن، هەندێ چیرۆکی تریشی هەیە داهێنراوی خۆیەتی(عەبدوڵلا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل19)، لەسەردەمی ڕژێمی بەعسیشدا چیرۆکەکانی

(سەڕاج) گشتیان خەبات بوون دژی بەعس و داگیرکەر، بەڵام ئێستا گشت چیرۆکەکانی خەباتن دژی گەندەڵی و پێشێلکردنی دیموکراسیی.

(عەبدوڵڵا سەڕاج) لە نووسینی چیرۆکەکانی گەلێک کاری هونەری و جوانکاری ئەنجامداوە، کە تاموچێژی سوریالیانە دەدەنە خوێنەر، بەڵام ئەم کارانەی (عەبدوڵڵا سەڕاج) پێویستیان بە خوێنەری زرنگ و تێگەیشتوو هەیە، تا ئەم جوانکاریانە بدۆزێتەوە و چێژیان لێوەربگرێت، چونکە لە نووسینی چیرۆکەکانی لە یاسا و ڕێساکانی زمان و ڕێزمان توندی دەبێ و ئەم یاسایانە دەخاتە ژێر پێیەوە، ئەم کارەش بە مەبەست ئەنجام دەدات، مەبەست لێی تەنها خزمەتکردنی زمان و ئەدەبی کوردیە، بەرهەمەکانی سەڕاج زۆربەیان تەمومژاوین، لەوانەیە خوێنەری زیرەک و ڕۆشنبیریش بەتەواوی تێیان نەگات(زاهیر ڕۆژبەیانی(2008)،چیرۆکی هونەری،ل107)، بۆ خۆشی دەڵێت ((چیرۆکەکانم سرکن، وەکو ماسیی زیوین بەگوێڵی ئاو خۆیان بەدەستەوە نادەن))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل19).

(عەبدوڵڵا سەڕاج) خاوەنی شێوازی تایبەت بەخۆیەتی لە چیرۆکنووسین و ڕۆمان نووسیندا، فەنتازیا و فۆڕمالیزەی نووسین بەکاردێنێ و سوود لە بەکارهێنانی زانستە گرنگەکانی کیمیا و فیزیا و هونەری شێوەکاری وەردەگرێ(عەبدوڵڵا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل162)، لەڕووی هونەریشەوە شوێن هەڵگری ڕۆمانە نوێیەکانی نووسەرانی فەرەنسایە، بەمەش دەرگای نوێترین ڕێبازی لەسەر چیرۆکی کوردی کردۆتەوە(زاهیر ڕۆژبەیانی(2008)،چیرۆکی هونەری،ل119).

لە زۆر چیرۆکەکانی سەڕاج وشەی بیانی تێکەڵکێشی وشەی کوردی کراوە ، ئەم کارەشی لەبەر ئەوە نەبووە وشەی ڕەسەنی کوردی دەست نەکەوتبێت، وەک وشەی (Abstract)، گەلێک جاریش عەبدوڵڵا سەڕاج چیرۆکەکانی تێکهەڵکێش بەچەند دەقێکی تر دەکات، هەندێک جاریش لە بەرهەمەکانی خۆشی شت وەردەگرێت(زاهیر ڕۆژبەیانی(2008)،چیرۆکی هونەری،ل91و101).

(عەبدوڵڵا سەڕاج) گرنگیەکی زۆری بە ناونیشانی چیرۆکەکانی داوە، وشەی پڕ واتا و سەرنج ڕاکێشی بەکارهێناوە، گرنگیدانیش بە ناونیشان یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی پەخشان (بسام قطوس(د)(2001)، سيمياء العنوان،ص33)، بە تایبەتی لە دەقە ئەدەبیە نوێیەکاندا، چونکە ناونیشان بەڵگەیە لەسەر خۆی و فەزای دەق و جیهانەکەی و سروشتەکەی(محمد صابر(2002)، سيمياء الخطاب،ص166)، ناونیشانی چیرۆکەکانی سەڕاج وروژێنەر و ڕاکێشەرن، هەندێک لە ناونیشانەکان تەنها یەک وشەیە و

هەندێکیشیان لە یەک وشە زیاترە، بۆ نمونە ناونیشانی کۆمەڵە چیرۆکەکەی (لاکێشە ڕووناکەکان و ئەوانی تر) ناونیشانێکی سەیرو سەمەرەیە سوریالیانەیە سەرنج ڕاکێشە، چونکە دەکرێ پەنجەرە ڕوناک بێت ژوور ڕوناک بێت، بەڵام نەبیستراوە لاکێشە ڕووناک بێت، ئایا چیرۆکنووس مەبەستی لاکێشەی کوردەوارییە، کە لە کۆنەوە زۆر بەرکاردەهات، یان مەبەستی لاکێشەی ئەندازەییە، (ئەوانی تر) مانای چی دەگەیەنێ؟، خوێنەر لەمە ناگات تا کۆ کۆمەڵەچیرۆکەکە نەخوێنێتەوە، بۆیە دەبێ کۆ چیرۆکەکە بخوێنێتەوە تا مەبەستی چیرۆکنووس لەو ناونیشانە بزانێ، لە نووسینی ناوەرۆکی چیرۆکەکانیشی زۆر وەستایانە کاری کردووە، ئەمەش بە مەبەستی ڕاکێشانی وەرگرە بۆ ناو ئاگری دەقە برژێنەرەکانی، لەوانە :

(عەبدوڵڵا سەڕاج) هەندێک جار ڕووداوەکانی تێکهەڵکێش کردووە وەک تێکەڵکردنی ڕووداوەکانی ناو تەلەفیزیۆنی منداڵان وەک (بەرباشاتر و بەربابۆ....) لەگەڵ چیرۆکەکەیدا وەک لە چیرۆکی کڵاو(زاهیر ڕۆژبەیانی(2008)،چیرۆکی هونەری،ل93)، تێکهەڵکێش کردنی بیروباوەڕی کۆنی ئەفسانە و دەقی فۆلکلۆری و نەتەوایەتی دیکەی گەلانی جیهان وەک بەزووبەندی کاک ئەحمەدی شێخ و بەرماڵی بەسەر ئاودا دەگەڕێ(زاهیر ڕۆژبەیانی(2008)،چیرۆکی هونەری،ل95).

چۆنیەتی مەزراندنی وشە لەناو چیرۆکەکانی :

عەبدوڵڵا سەڕاج لەناو پەندی پێشینان و مەتەڵی کوردیدا گەڕاوە، چەند وشەگەلێکی ڕەسەنی کۆنی کوردی دۆزیوەتەوەو ئاوێتەی چیرۆکەکانی کردوون، مەبەستیشی ئەوە بووە بە خوێنەری کورد بڵێ ئێمەی کورد لە ڕووی زمان و وشەی کوردی زمانەکەمان زۆر دەوڵەمەندین، بەڵام بەداخەوە نووسەرەکانمان لە وشە ڕەسەنەکانی خۆمان بێزارن و بەکاریان ناهێنن، لەبری ئەوە چەندان وشەی بێگانە بەکاردەهێنن، تەنها بۆ ئەوەی پێیان بڵێن ڕاددەی ڕۆشنبیریان بەرزە، جگە لەمەش (عەبدوڵڵا سەڕاج) چەند وشەگەلێکی نوێی لە زمانی کوردیدا داهێناوە، یان دایتاشیون، ئەم کارەشی بۆ ئەوە بووە، زمانی کوردی دەوڵەمەند بکات، وەک زمانەکانی تری جیهان، ئەمەش نمونەی چەند وشەیەکن کە لەناو چیرۆکەکانی بەکارهاتوون :

أ ـ وشەی ڕەسەنی کۆنی کوردی وەک : (تۆتکە، بڕەتێنم، چورتمە، دەدەراند، دۆشاو مژە، پێلرفە، ئاشوفتە، پەڵپ، مۆلەق، گرێژنە، سورفەلی، هەڵدەگڵۆفێ، هەڕمێن، شەوارە، هێلە، حەلامات، چوار ناڵە،

هەوسـار، لرفـدان، نوخـان، کرمانـدن، پـەزەوان، دەمولەوسـە، نـەیبوێرا، ماخۆلیـان، لاسـار، چـەرموو، قاچی)(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل351-376).

ب ـ ئەو وشانەی ڕۆژانـە لـە کوردەواریدا بـەکاردەهێنرێن، بـەڵام ڕۆشـنبیران کـەمتر بـەکاریان دەهێنن، وەک: (ئاشـتەبایەک، جەلجـەلوت، تـاینی، خانگـە، نـم نـم، تـەڕی و بەچووسـتی، تیلمـە، هەنجـەت)، (موچڕکـەی شـڵەژان، کلـۆم)، (دۆشـاو مـژە، ئـەوک، بـەردو ئەسـتێ، قەلەنـدەر، ئاشـوفتە) (عەبـدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل361-363).

پ ـ وشەی نوێ، یان داتاشـراو، وەک : (کوت بـە کـوت، ئۆردیـان، مێژینـە، دیدەکێش، ئـاخگۆیی، لـەیادم خۆشـە، نیتک نیتک، ئـاخێز، پەنجـە نۆمـا، لێخنبیـر، خـۆی دەگورگاند، دەیکەمتیاراند، خـۆی دەپلێنگاند، ژوشـکاندن، ناکـات، دیـدەوەری، هەڵزۆپانـد، نەژنـەوت، مێکـوت، دەڕوانـی کـرد، کـۆچ وەرز)(عەبـدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل353-364).

عەبـدوڵڵا سـەڕاج مامەڵـەی لەگـەڵ فۆلکلـۆر و کەلـەپوردا کـردووە، بـەڵام زۆر بەکـەمی پـەنای بـۆ فۆلکلۆر بردووە، گەر پەناشی بۆ بردبێ بۆ تەوسکرن و ڕەخنە لێگرتن بووە وەک چیرۆکی (شـەوارە)، واتا سوودی لە لایەنە سلبیەکەی وەرگرتووە، بـەڵام بـەڕێزەوە مامەڵـەی لەگـەڵ کەلـەپوورە جیهانیـەکان کردووە، زۆرجاریش کەلەپوور و فۆلکلۆری تێکەڵکردووە(زاهیر ڕۆژبەیانی(2008)،چیرۆکی هونەری،ل98).

عەبـــدوڵڵا ســـەڕاج ســـوودێکی زۆری لـــە تـــەکنیکی دووبـــارە کردنـــەوە بینیـــووە(زاهیـــر ڕۆژبـەیانی(2008)،چیرۆکی هونـەری،ل72-73)، زۆرجـار چەنـد وشـەیەک، یـان چەنـد ڕسـتەیەک دووبـارە دەکاتەوە، بەم دووبارەکردنەوەیە جەخت لەسەر چەند شتێک دەکاتـەوە، لـە برگـەکانی داهـاتوودا لـەناو چیرۆکەکاندا باس لە دووبارە کردنەوەکانی دەکەین.

هەر کەسێک ناوەرۆکی چیرۆکەکانی عەبدوڵڵا سـەڕاج بخوێنێتـەوە هەسـت بـە غوربـەت دەکات، بـۆ خۆشـی دەڵێت: ((لەوەتـەی هـەم، خـۆم لەگـەڵ خۆمـدا غـەریبم، غوربـەت بۆتـە حاڵـەتێکی هەمیشـەیی لـە ژیانمـدا، وەلـێ دێوەزمـەی غوربـەتم بـەکارکردن و هونـەر بەزانـدووە. لـەوێ کـاتم پـڕە. هەسـت دەکـەم دەتوانم شتی بەسوود بنووسم))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل106).

کارە سوریالیەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج) لەناو چیرۆکەکانیدا :

وەک ئاشکرایە سوریالیزم چەند ڕەگەزێکی هەیە کە پێی دەناسرێتەوە، وەک (ئازادی و خۆشەویستی و سەیروسەمەرە و گاڵتەی سوریالی و جوانی ئافرەت... هتد، لێرەدا دەمانەوێ ئەم ڕەگەزە سوریالیانە لەناو چیرۆکەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج) بخەینەڕوو بەچەند تەوەرێک :

**چیرۆکی (نا) :**

چیرۆکی (نا) یەک وشەیە گەلێک جار بەیەک وشە لە کارە ئەدەبیەکاندا شتە ویستراوەکان چڕدەکرێتەوە، ئەمەش وادەکات زۆرترین چالاکی وەرگرتن بسەپێنرێتە سەر خوێنەر(شکری عزیز(2008)،انماط الروائیة،ص27)، ئەم تاکە وشەیە کە بەرامبەر (لا)ی عەرەبیە و (no)ی ئینگلیزیە، لە کوردیدا بە واتای ڕازی نەبوون و ڕەتکردنەوە دێت، مانای زۆر هەڵدەگرێ، لەوانە (نازانم، نازانی، ناخۆم، ناخۆی، نامەوێ، ناتەوێ، نایەوێ، نایدەمێ، ناتدەمێ، نایفرۆشم، نایفرۆشێ... هتد)، کاتێک خوێنەر چاوی بەم ناونیشانە دەکەوێ هیچ چارەیەکی نامێنێ دەبێ چیرۆکەکە بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی لەمانا ویستراوەکەی (نا) بگات، ئەمەش کارێکی سوریالیانەیە کە نوسینەکانیان مانای زۆر هەڵدەگرێ، کەواتە ئەم ناونیشانە ماناگەلێکی زۆر هەڵدەگرێت، کە لەوانەیە خوێنەر هەموو ماناکان نەدۆزێتەوە و سەری لێبشێوێ، چونکە ئەم ناونیشانە چەند پرسیارێک دەوروژێنێ و هانمان دەدات بۆ ئەوەی بچینە ناو دەقەکەو گەرمیەکەی بچێژین، بۆخۆشمان کلیلی چارەسەرەکەی بدۆزینەوە، کەواتە ناونیشانی لەم جۆرە دەقە هونەریەکەی چڕکردۆتەوە و کردۆتیە ناونیشانێکی ستراتیژی(محمد صابر(د)(2005)،رؤیا الحداثة،ص145)، ناونیشانیش ئەگەر کردەیەکی ستراتیژی بێت بەهاکەی خۆی زیاتر دەچەسپێنێ کە نائاساییە و دەست و پەنجەو وەستایی نووسەری تێدا ڕەنگدەداتەوە، هەرکاتێکیش ناونیشان بەم جۆرە بوو، ئەوا دەبێتە بەڵگە لەسەر شعریەتی ناونیشانەکە، چونکە دەشێ دەقێکی تەواو لە دەربڕینێکدا کورت بکرێتەوە لە یەک وشەداو ناسنامەی دەق بوونی خۆی بەرجەستە بکات(هێمن عومەر(2011)،چەند دەلاقەیەک،ل43).

چیرۆکی (نا) ئەم چیرۆکە باسی ساڵی 1991 دەکات ئەو کاتەی حکومەتی بەغداد فەرمانگەکانی خۆی لە کوردستان کێشایەوە و ئابلۆقەی خستە سەر باشوری کوردستان بەم ئابلۆقەیەش کوردستان کەوتە ژێر دوو ئابلۆقەوە یەکێکیان ئابلۆقەی حوکومەتی بەغدا، و ئەوەی تریان ئابلۆقەی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو، مووچەی خانەنشینەکانیش بڕدرا، یان لە کوردستان نەدەدرا، هەر

خانەنشینێک ئەگەر بیویستبوایە مووچەکەی وەربگرێت دەبوو بچێتە ئەو شارانەی لەژێر دەسەلاتی حوکومەتی بەغدا دابوون، کاتێکیش خانەنشینێکی هەژار دەچوو بۆ وەرگرتنی مووچەکەی پیاوەکانی حوکومەتی بەغدا هەولیاندەدا بە پارە بیکرن و هەلیبخەلەتێنن بۆ سیخوڕیکردن لەسەر ولات و نەتەوەکەی، ئەگەرنا پێیان دەوت جارێکی تر نەیەتەوە بۆ مووچەکەی، ئەو کاتەش لە کوردستان بێکاری لەناو خەلک بلاوبووبۆوە هەژاریش گەیشتبووە چلەپۆپە، بەلام (میرزا)ی سەربەرز بەم هەژاریەیی خۆیەوە ڕێگا بەخۆی نادا خۆی بفرۆشێت و ببێتە نۆکەری دوژمنان، میرزا ڕازیە بەهەژاریەکەی خۆی بمێنێتەوە چونکە گەل و نیشتمانەکەی زۆر خۆشدەوێ ، بۆیە لەکۆتایدا دەلێ: ((هەر ئاشتەبایەک بفرۆشم ، خۆم نافرۆشم ، بەلێ خۆم ناف ف ف رۆۆۆ... شم م م. نا... نا... ))(عەبدوللا سەراج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل352)، لە کۆتایدا دەلێ (نا... نا) پیتی (ن)یش پیتێکی گڕی مامناوەندە(ابراهیم انیس(د)(1971)،الاصوات اللغویة،ص67)، و لەناخەوە دەردەچێ بۆ ئەوەی سروشتی ئازاری قوول دەربخا ، ئەم دەنگەش (ن) باشترین دەنگە بۆ دەربڕینی هەستەکانی دلتەنگی و ئازار (حسن عباس،خصائص الحروف، ئێنتەرنێت)، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە (میرزا) تا بلێی دلتەنگ و دل بە ئازارە، (نا)ش دووبارە دەکاتەوە، هەموو دووبارەکردنەوەیەکیش هەلچوونەکانی ناو ناخی نووسەر و داخ و کەسەرەکانی بەدەردەخا، ئەمەش وا لە گوێگر دەکا ڕاستەوخۆ هەست بە ماناکەی بکات(موسی ربابعة(د)(1990)،التکرار،ص167).

ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی شۆڕشگێڕی سورریالیە پڕیەتەی لە خۆشەویستی نیشتمان، ئەوەتا (میرزا) کە پالەوانی چیرۆکەکەیە گەل و ولاتەکەی ئەوەندە زۆر خۆشدەوێ کە مال و منداللەکەی بە قوربان دەکات، کۆتایی ئەم چیرۆکەش هەمدیسان بە دووبارە بوونەوەی چەند پیتێک هاتووە وەک پیتەکانی (ف ، ۆ ، م ، ن)، لە کاتی وتنیان میرزا دەلێی دەخنکێ، چونکە ئازاری یەکجار گەلێک زۆرە، بەلام خۆشەویستی نیشتمانەکەی لەلای میرزا گەلێک لە ئازارەکانی زیاترە، بۆیە نابێتە بەکرێگیراوی بێگانە، چونکە دووبارەکردنەوە دیاردەیەکی شێوازگەری پەرەسەندووە کار لەسەر ئاستی دەنگ و دەلالەت دەکات، سەرچاوەیەکی بەهێزە بۆ شیعریەت(محمد رضا(1993)،اللغة الشعریة،ص45-46).

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس دەیەوێ واقیعی کوردستان بگۆڕێ و خەڵک فێری شۆڕشکردن بکات لەپێناو ئازادی، هانمان دەدات ئازابین نەترسین وشەی (نا) بەکاربهێنین دژی شتە ناشایستەکان دژی دز و گەندەڵکارەکان، فێرمان دەکات چاو لە (میرزا) بکەین .

وێنەی سوریالی لەم چیرۆکەدا پیاوێکی زۆر هەژار و دەست کورتی خانەنشین پارەیەکی زۆری دەخەنە بەردەست بۆ ئەوەی خیانەت لە گەل و وڵاتەکەی بکات بەڵام ئەم پیاوە ڕازی نابێت لەوکاتەی کە زۆر هەژاربوو پێویستی زۆری بە مووچەکەی بوو، بەڵام ئازادی گەل و نەتەوەکەی بەلاوە باشتر بوو، پێمان دەڵێ دەئێوەش هەستن شۆڕش بکەن دژی گەندەڵی و نادادپەروەری لە وڵاتەکەتاندا، بەدز و گەندەڵکاران بڵێن (نا).

**چیرۆکی (زیندانی) :**

چیرۆکی (زیندانی)ش ناونیشانەکەی یەک وشەیەو زۆر ترسناکە بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا، ئەم وشەیە زۆر واتادارە، ئایا مانای زیندانی کردنی یەکێکە، یان یەکێک زیندانی کراوە، یان یەکێک زیندانی بووە و ئازادکراوە، یان کەسێک زیندانی دەکرێ، یان چی لەناو زیندان ڕوودەدات، ئەم واتایانەی سەرەوە گشتیان پەیوەستن بە زیندانی جەستەییەوە، بەڵام زیندانی گیانی و ڕوحی و هۆشەکیش هەیە، وشەی (زیندانی) گشت ئەو واتایانەی سەرەوە دەگەیەنێ کە باسامانکردن، چونکە گەلێکجار چیرۆکنووس بە وشەیەک، یان رستەیەک گوزارشت لە کرۆکی چیرۆکەکەی دەکات(نەریمان خۆشناو،ڕەمز و مەغزا،ل23)، (عەبدوڵڵا سەڕاج) ئەم ناونیشانەی داناوە بۆ ئەوەی خوێنەر ڕابکێشێ بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکەی تا خوێنەر بزانێ جۆری زیندانیەکە چییە، دانانی ئەم ناونیشانە بەم هەموو واتایەوە لێڵی و ناڕوونی لەلای خوێنەر دروست دەکات، لێڵی و ناڕوونیش نهێنی شعریەتە(محمد رضا(1993)،اللغة الشعرية،ص166).

ئەم چیرۆکە باس لە شوێن دەکات، سروشتی مرۆڤیش وایە هەندێک شوێنی خۆشدەوێ و قینیشی لە هەندێک شوێنە، چونکە ((شوێنەکان پەیوەندیەکی پتەویان بە چەمکی ئازادیەوە هەیە))(یوري لوتمان(1988)، مشكلة المكان،ص62)، بۆیە لە هەندێک شوێن دڵخۆش دەبێ لە هەندێکیشیان دەپوکێتەوە(خالد حسين(1421هـ)،شعرية المكان،ص64)، هەر گۆڕانکاریەکی بەناچاری لە شوێندا بکرێت دەبێتە هۆی شێواندنی ئەو کۆدەی شوێن و مرۆڤ بەیەکتریەوە دەبەستێتەوە، شوێن ئەوەندە گرنگە

هەندێک لە بوونەوەرەکان شێوەی ئەو شوێنە وەردەگرن کە تیادا دەژین، بەندیخانەش شوێنە، بەڵام مانای تاریکی و توندوتیژی بەندیەوانەکان دەبەخشێ، یان وابەستەیە بەو ستەمەی دادوەر لە تاوانباری کردووە(مدحت الجبار(1988)،جماليات المكان،ص27)، بۆیە مرۆڤ پێی دڵخۆش نابێ و قینی لێیەتی.

ئەم چیرۆکە باس لە زیندانیەکی کورد دەکات کە لەناو زیندان دەیەوێت چیرۆکی زیندانییەکان بنووسێتەوە، بەڵام چونکە قەڵەم و کاغەزی پێ نییە هەڵدەستێ لەسەر شێوەی کۆلاج لە ڕۆژنامە کۆنەکان کە بە پیتی عەرەبی نووسراون چەند وشەیەک دەبڕێ و پاشان بەیەکەوەیان دەنووسێنێ و چیرۆکێکی نوێیان لێدروست دەکات ، زیندانیەکە بەم پیتە عەرەبیانەش هەر چیرۆکی کوردی دەنوسێ، کەواتە ئەگەر عەرەب هەرچۆنێک کۆت و بەندمان بکەن ئێمە کوردایەتی خۆمان هەر دەکەین، لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس چەند شتێکمان پێدەڵێ :

1ـ حاڵی زیندانیانی سەردەمی ڕژێمی پێشومان بۆ دەگێڕێتەوە کە چەند ورە بەرز بوون لەناو زیندانیش هەر بەردەوام بوون لەخەبات و تێکۆشان.

2ـ باسی گۆڕینی ناوی گەڕەکەکانی کەرکوکمان بۆ دەکات کە لە زمانی کوردیەوە گۆڕدران بۆ زمانی عەرەبی ((بام بە پیتی عارەبی بێت هەر دەیگۆڕمە سەر زمانی کوردی))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل353)، پێمان دەڵێ با هەر بەزمانی عەرەبی بنوسرێن ئێمە هەر کوردین و هەر کورد دەبین.

3ـ چیرۆکنووس باسی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکانی شۆڕشی کوردمان بۆ دەکات لەناو کەرکوکدا ((ژمارە (یەک)ی نووسی. نایە گیرفانیەوە. ئەمجا ژمارە دوو. .. سێ. ژمارەکان تەرەکین و چیرۆکەکەی چاوی پشکوت))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل353).

4ـ ڕزگارکردنی یەکەیەکەی شارەکانی کوردستان لە ڕاپەڕیندا کە ئەمەش ئاواتی هەموو کوردێک بوو، ئەوەتا گێڕەرەوە دەڵێ: ((ژمارە (یەک)ی نووسی. نایە گیرفانیەوە. ئەمجا ژمارە دوو. .. سێ. ژمارەکان تەرەکین و چیرۆکەکەی چاوی پشکوت))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل353)، کەواتە شارەکانی کوردستان یەکەکە ڕزگارکران لە دەروازەی ڕاپەڕینەوە دەستی پێکرد و شارێک ڕزگار کراو وبوو بە دووو بووە سێ و کوردستان زۆربەی ئازاکردا بەمەش ڕاپەڕینەکە سەرکەوت،

یەکێکیش لەو شارە کوردستانیانەی کەلە ڕاپەڕیندا ڕزگارکرا شاری کەرکوک بوو، ((لە ناکاو دەرکەی سەرفرازی کرایەوە. گشت گیرفانەکانی پڕبوون لە چیرۆک))(عەبدوڵڵا سەراج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل353)، واتا گشت شارەکان هەریەکەو چیرۆکێکی تایبەت بەخۆی هەیە لە ڕاپەڕین، بۆیە دەڵێ (گشت گیرفانەکان پڕبوون لە چیرۆک).

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس لەگەڵ ئەوەشدا باسی زیندان دەکات، بەڵام ستایشی ئازادی دەکات، باسی ئازادکردنی گشت شارەکانی کوردستان دەکات، ئەوکاتەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە ڕاپەڕیندا هەموویان ئازادکران و سەرفراز بوون، بەمەش دەرگای سەرفرازی بەسەر کورد کرایەوە.

**چیرۆکی (دوو کیلۆ T. N. T یان کەرکوک کەری کوردستانە) :**

ناونیشانی ئەم چیرۆکە زۆر تۆقێنەر و سەیرو سەمەرەیە، بەڵام پڕیەتی لە خۆشەویستی سوریالیانە بۆ کوردستان، ناونیشانەکە ترس و تۆقینی تێدایە، دوو کیلۆ T. N. T چ پەیوەندیەکی بە کەرکوک کەر و کوردستانەوە هەیە، یان کەر و کەرکوک و کوردستان چ پەیوەندیەکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە جگە لە بوونی پیتی (ک) لە پێش هەر سێ وشەکەدا؟ ئایا باسی تەقینەوەکانی ناو کەرکوکە، یان حزبەکانمان لەسەر کەرکوک پێکنایەن، یان کەرکوک پشتگوێ خراوە؟ ئەم واتایانەو چەند واتایەکی تریش وا لە خوێنەری کورد دەکات زۆر بە ووردی ئەم چیرۆکە بخوێنێتەوە، چونکە دۆزی کەرکوک لای هەموو کوردێک جێگای بایەخ و زۆر گرنگە، ئەم وشانە لەگەڵ یەکتریدا جۆرێک لە شعریەت دروست دەکەن، چونکە شعریەتی ناونیشان هەمیشە جەخت دەکرێتەوە لەسەر شیکردنەوەی شێوەی ناونیشانەکەو وێنەی ووردەکاری شعریەتی چامەکان، بۆ ئەوەی دیدی خوێنەر ڕابکێشرێت بۆ پێکهاتەی ناونیشانەکە، زۆر بە چالاکی پاش کۆنترۆڵێکی بەهێزی چاو لەسەر ئەو ناوچەیەیی کە خوێنەر وەری دەگرێت(محمد صابر(د)(2007)،إشكالية التعبير،ص61).

ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی فانتازیایی ڕەمزیە، بابەتی ڕەمزیش هەردەم مەبەستەکەی تەمومژاویەو دۆزینەوەی ماناکەی ماندووبوونێکی زۆری دەوێ، چونکە هەر دالێک چەند مەدلولێکی دەبێت و لەجیاتی مانایەک چەند مانایەکی دەبێ(نەریمان خۆشناو،ڕەمز و مەغزا،ل6)، لە چیرۆکی فەنتازیاشدا، چیرۆکنووس فەزایەکی گەورە دروست دەکات، بەهۆی ئەو ڕووداو و کارەکتەرە سەیروسەمەرانەی کە پێشکەشی دەکات، دەبێت زمان و هونەرەکانی زمان بەکاربهێنێت، کە جۆرە قەناعەت و بڕوا

پێهێنانێک لەلای خوێنەر دروست دەکات(روناک صلاح(2014)،هونەری فەتازیا،ل85)، ئەم چیرۆکە باس لە شەڕی نگریسی براکوژی دەکات، باس لە کەسێک دەکا کە ئاوارەی کەرکووکە و کوڕێکی پارتییە و یەکێکی تری یەکێتییە، سێ جار دەربەردەر و ئاوارە بووە :

1. لەسەر کوردایەتی لە کەرکووک دەرکراوە بۆ ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی.

2. لەسەر کوڕە پارتیەکەی لەناو سنوری یەکێتی دەرکراوە.

3. لەسەر کوڕە یەکێتیەکەی لەناو سنوری پارتی دەرکراوە.

بەم جۆرە ئەم پیاوە کەوتۆتە نێوان سنووری پارتی و یەکێتی، لەم چیرۆکەدا خەون و خەیاڵ تێکەڵی واقیع کراوە، تیایدا گێڕەرەوە دەڵێ ((دووربینێکی بۆ ناردم، دوگمەیەکی پێوەیە، لە پاڵ نزیک کردنەوەدا، وتوویژیش دەکەم))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل371)، ئەمەش چوونە ناو خەون و خەیاڵە، چیرۆکنووس ئەم کارەی لەبەر ئەوە کردووە، چونکە زۆر خەمبارە بەدابەشبوونی کورد بۆ دوولایەن و ئاوارەکردنی یەکتری، بۆیە بەم چیرۆکە سەیر و سەمەرەیە باری کوردستانی ئەو سەردەمەمان بۆ تۆمار دەکات، کە چۆن ئەم دوو پارتە کوڕ و باوک و خزم کەسوکاری یەکتریان کردبووە دوژمنی یەکتر، بۆیە لە کۆتایدا چیرۆکنووس زۆر بەتوڕەییەوە دەڵێ ((سێ کافەکەی کەرکوک واتا کەرکوک کەری کوردستانە هەی هەشمان بەسەری))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل372)، کەواتە سێ کافەکەی کەرکوک یەکسانە بە سێ جار دەربەدەربوونی ئەم پیاوە داماوە، ئەمەش مانای وایە لەبری ئەوەی کەرکوک ئازاد بکەین سێ جار یەکتری دەربەدەر دەکەین، بۆیە دەڵێ دەک هەشمان بەسەر، یان کە دەڵێ (کەرکووک کەری کوردستانە) ئەمە مانای وایە کەرکووک نە قوودسی کوردستانە و نە دڵی کوردستانە، بەهۆی شەڕی براکوژی بۆتە کەری کوردستان، هەر پارتە و بۆ مەرامی تایبەتی خۆی سواری پشتی دەبێت و دواتریش کە کاری پێی نەما وەک کەر بەرەڵای دەکات.

لەناو ئەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس بە مەبەست ڕستەیەکی تێکشکاندووە ((مان پێوە لکێنراوە یان دۆم و قەرەج و... !! ناوی – T. N. T. ))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل372)، چیرۆکنووس بەم کارەشی شعیریەتی لەناو چیرۆکەکەی دروست کردووە، چونکە شعریەت ئەوکاتە دروست دەبێت کە داهێنەر لە ڕێکوپێکیەوە بچێتە نارێکی(سعید حسن(د)(2004)،علم اللغة،ص140-141)، ئەم ڕستە

تێکشکێنراوە وا لەخوێنەر دەکات بیروهۆشی خۆی بخاتە گەڕ تا مانای ئەم ڕستە تێکشکێنراوە بدۆزێتەوە، ئەمەش مانای ڕستەکەیە (ناوی دۆم و قەرەجمان پێوە لکێنراوە ، یان T. N. T ).

وێنەی سوریالی لەم چیرۆکەدا کۆکردنەوەی T. N. T و کەرکووک و کەر و کوردستانە .

وێنەیەکی تری سوریالیش لە ڕێگەی دووربینەوە قسە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکات کە سەیریان دەکات ئەمەش سوریالیە و دژی لۆژیک و واقیعە .

**چیرۆکی (شەوارە) :**

(شەوارە) وشەیەکی ڕەسەنی کوردیە، ئەم وشەیە لە سەرەتادا بەو کۆبوونەوەیە دەووترا کە بۆ ئەو دایکە دەکرا کە کوڕی بووە، بۆ ئەوەی (شەوە: دڕندەیەکی ئەفسانەییە) خۆیی و کوڕەکەی نەباتەوە، بەڵام مانای تریشی هەیە، بەو کەسەش دەوترێ کە بەشەو لەبەر ڕوناکی هەستێ و چاوی نەبینێ پێی دەڵێن (شەوارە)ی کردووە، کاتێک خوێنەر ئەم ناونیشانە دەبینێ ڕاستەوخۆ کێشدەکرێ بۆ خوێندنەوەی ناوەرۆکی چیرۆکەکەو ساغکردنەوەی ماناکەی، تا بزانێ چیرۆکنووس کامە مانایانی مەبەستە، ئەمەش وادەکات شەوارە یەک مانای باوی نەبێ، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی شعریەت، شعریەتیش مانای ((هەموو ئەو شتانەیە کە باو و ئاسایی نیین، یان وەک شتە گشتیە پێوانەیە باوەکان نین))(جان کوهین(1986)،بنية اللغة،ص15).

بەم شێوەیە (شەوارە) شێوازگەری دروست دەکات،و دەبێتە وشەیەکی هونەری ، شێوازگەریش بەدوای ئەو شتانەدا وێڵە کە وتەی هونەری لە جۆرەکانی تر جیا دەکاتەوە(عبدالسلام المسدي(د)(1982)،الاسلوبية،ص41)، بە پشت بەستن بە هەڵبژاردن و لادان لەباو(محمد ساري(1998)،النص،ص32).

ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی فانتازیایی سوریالیە، چونکە واقیعێکی نوێمان بۆ وێنا دەکات، بەشێوەیەکی فانتازیی سەیرو سەمەرە باسی واقیعی ناو کوردەواریمان بۆ دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی تێرامان (التأمل) (Meditatiom)(عەبدوڵلا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل57)، شەوارە نەریتێکی کۆنی کوردەواریە لەوکاتەدا ئەنجام دەدرێ کە دایکێک کوڕێکی دەبێت خەڵکی کۆدەبنەوە لە ماڵی خاوەن کوڕەکە، گوایە بۆ ئەوەیە منداڵەکە، یان دایکەکە (شەوە) نەیانباتەوە، لێرەدا چیرۆکنووس قینی لەم نەریتەی کۆنی کوردەواریە کە (شەوارە) کردنە بۆ کوڕ، چونکە لە کوردەواریدا تەنها شەوارەیان بۆ منداڵی (کوڕ)

دەبەستا، بۆ کچان شەوارەیان نەدەبەستا، چیرۆکنووس لێرەدا پێمان دەڵێ ئەم نەریتە خۆی لە خۆیدا نەریتێکی کۆمەڵایەتی زۆر جوانە، بەڵام ئێوە ناشیرینتان کردووە، چونکە جیاوازی دەکەن لەنێوان کوڕ و کچ بۆیە نەریتێکە بۆتە نەریتێکی ناشیرین و نادادپەروەر، جگە لەمەش لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس باسی گرانی و قات و قڕیەکەی دوای ڕاپەڕینمان بۆ دەکا، ئەو کاتەی برسیەتی و بەرەڵایی و نائارامی هەموو کوردستانی گرتبۆوە، لەناو چیرۆکەکەدا دەڵێت ((کێ لەبەر ئەم فشارانە بەرگە دەگرێ)) (عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل368)، دواتر وتەیەکی ناو کوردەواری بەکاردەهێنێ کە خەڵک لە زمانی ڕۆژنەیاندا بەکاری دەهێنن ئەمیش ((ڕۆڵەی دەوێ ڕۆڵە))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل368)، دواتر باسی شەڕی براکوژیمان بۆ دەکات، چیرۆکنووس ئەم شەڕی براکوژیەمان بەگاڵتەجاڕیەوە بۆ وێنا دەکا و دەڵێ ((مەیمون ساتێک دەبینم ، دوو هۆزی مەیمون خۆیان بۆ قەلاچۆ و قڕکردن تەیار دەکەن))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل368)، ئەم سەیرو گاڵتەجاڕیە خەیاڵ و هۆشی خوێنەر بەیەکەوە دەوروژێنێ(نجوى محمود(د)(2008)،دراسات اسلوبية،ص144)، ئامادەی دەکا بۆ بیرکردنەوەیەکی قووڵ و تێڕامان، چونکە زمان بەجۆرێک بەکاردێنێ کە جیایە لە بەکارهێنانی ڕۆژانە ، ئەمەش بۆ ئەوەیە شعریەت و جوانکاری لە دایک ببێت(خالد حسين(1421هـ)،شعرية المكان،ص387)، کە ئەویش لادانی شێوازگەری لەزمانی باودا دروست دەکات(حميد الحمداني(1998)،اسلوبية،ص62)، بەشێوازێکی جیا لە دەربڕین، بەهۆی تواناکانی خودی زمان خۆیەوە(ابتسام احمد(د)(1997)،الاسس الجمالية،ص244)، بەم کارەش ((یاساکانی زمان لە دوریە ئاماژەیەکانی خۆی دەردەچن بۆ دووریەکی خوازە و وێناکردنی ڕەمزی))(مدحت الجبار(1988)،جماليات المكان،ص34)، ئەمەش جۆرێکە لە ڕێکخستن کە ئامانجی یەکەمی دانانی کاریگەریەکی گەورەیە بەکەمترین ئامراز، یان بە چڕکردنەوەی ئاماژە و بنەمای پێشبینی نەکراو، کە دەبێتە وروژاندنی سەرسوڕهێن و بیرکردنەوە (میوک.د.س(ب.ت)،موسعة المصطلح،ص23-24)، کەواتە چیرۆکنووس دەیەوێ باری شەڕوشۆڕ و نائارامی کوردستانمان بۆ بگێڕێتەوەو دەڵێت : کابرایەک کە لەو شەڕ و شۆڕە بێزارە و دەیەوێ ساتێک ئەم شەڕو براکوژیەیی لەبەرچاوی وون بێت ڕوودەکاتە سینەما بەڵکو فلیمێکی دڵخۆشکەر ببینێ، بەڵام کاتێک دەچێتە هۆڵی سینەماکە هەمدیسان فلیمی کوشتن و کوشتاری ڕامبۆ دەبینێ، بۆیە هۆڵەکە جێدەهێڵێ و دەچێتە دەرەوە، لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس پێمان دەڵێ

خەڵکی شوێنانی تر ئەگەر بیانەوێ کوشتن و کوشتار ببینن دەبێ بچنە هۆڵەکانی سینەما و بە فلیم ببینن بەڵام ئێمەی کوردی بێ دەوڵەت و بێ وڵات ((ڕۆژانە دیمەنی ڕاستەقینەی ئاوها بەخۆڕایی دەبینین! بە تەقەمەنیی زیندووشەوە!!))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل368)، بەم جۆرە چیرۆکنووس واقیعی کوردستانمان نیشاندەدات و داوامان لێدەکات ئەم واقیعە بگۆڕین و لە شوێنیدا واقیعێکی نوێ دروست بکەین، بەم کارەش چیرۆکنووس خۆشەویستی بێ سنووری خۆی بۆ کوردستان دووپات دەکاتەوە .

وێنەی سوریالی لەم چیرۆکەدا جیاوازی کردنە لە نێوان کوڕ و کچ، چونکە لە کوردەواریدا شەوارە تەنها بۆ کوڕ ئەنجام دەدرا، وێنەیەکی تری سوریالییش باسکردنی (شەوە)یە، کە چۆن دێت و منداڵان دەکوژێت.

**چیرۆکی (ABSTRACT) :**

ناونیشانی ئەم چیرۆکە وشەیەکی بێگانەیە، کە بەواتای (پوختە) دێت لە زمانی ئینگلیزیدا، ئایا (عەبدوڵلا سەڕاج) پوختەی چیمان بۆ باسدەکات، پێشتر هیچی باسنەکردووە تا پوختەکەیمان بداتێ، ئەم ناونیشانە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر هەوڵبدات بۆخۆی بزانێ ئەم پوختەیە پوختەی چییە، ئەمەش لادانە لەباو، لادانیش لەباو شعریەت دروست دەکات(روبرت شولز(1984)،البنویة،ص35)، چونکە لە شعریەتدا لەجیاتی باسکردنی شت کاریگەری شتەکە وێنا دەکرێ(جان کوهین(1986)،بنیة اللغة،ص203).

ئەم چیرۆکە (ABSTRACT)چیرۆکێکی خۆشەویستی سوریالیانەیە بۆ کورد و کوردستان، و پڕیەتی لە هێما، وەک سێگۆشە و چوارگۆشە و چەند هێمایەکی تریش کە هەموویان لەگەڵ سەروی هەست دەدوێن ((سێگۆشەی ڕەنگە سەرەکییەکان ، سێ ژمارەی پیرۆز ، هەروەها سێ (میم)ی موسا و مەسیح و محەمەد چوارگۆشەش ، لە کن تۆ ، ئاماژەی بۆ چوار ڕەگەزی مێژینەی (ئاو و باو و ئاگر و گڵ) دەکرد))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل354)، واپێدەچێت چیرۆکنووس بیەوێت کورد سوێند بدات بەو هەموو هێمایە تا یەکتری بگرن، دواتر سوێندیان دەدات بەگشت ئایینە ئاسمانیەکان و ئایینی دێرینی کورد کە زەردەشتیە تا یەکتری بگرن و لەیەکتری جیا نەبنەوە.

لە چیرۆکی (ABSTRACT) نووسـەر زۆر تامـەزرۆی ڕەنگ و هێڵ و شـێوە ئەندازیەکانـە، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە نووسـەر کوردە و کوردیش هـەر بەسـەلیقە و سروشـتی خۆی حـەزی لـە ڕەنگ و شـێوە ئەندازەیەکانـە، ئەمـە لەلایـەک، لەلایـەکی تریشـەوە نووسـەر بۆخـۆی نیگـار کێشـە، لـە چیرۆکـی (ڕەنگینکـەوان)یش ڕەنگـەکانی زۆر بـەکارهێناوە، وەک (سـپی و زەرد و پرتـەقاڵی و سـەوز و شـین و نیللی و وەنەوشـەیی)، ئەم خۆشەویستنی ڕەنگە نەریتێکی کۆنی کوردەواریـە، چونکـە گـەلی کـورد لـەناو کـەژو چیـاو گردۆلکـەکان دەژی، هـەموو ڕۆژێـک بـەرچاوی دەکـەون، کـە پـڕن لـە گـوڵ و گـوڵزاری ڕەونگاوڕەنـگ، لـەم چیرۆکـەدا چیرۆکنـووس سـوریالیانە دێوانـەیی خـۆی بـۆ کوردسـتان دەردەبـڕێ، تیایدا باسی چەند شتێکمان بۆ دەکات :

1ـ باسـی شـەڕی براکـوژی دەکـات و دەڵـێ ((نـاوی زۆرانبـازی بازنـەکانت لـەدواین پێشـەنگات نـا)) (عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل354).

2ـ داوای یەکگرتنی گشت کورد دەکات بەهێماو بە ڕەمز و، دەڵێ ((ئەوەی لە هێمای شتەکان ناگات با بیشکێنێ ، ئـەوەی دەگـات ، بـا خـەواڵوەکان ڕاگەیـەنێ ، ئەوەشـی هـەرگیز تێناگـات یـان نـاخوازێ بگاتـە ڕاستیەکان با کلک بگرێ لە ڕێزە ئاسایەکەدا))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل354).

3ـ گلەیی وگازەندە لە گەلی کورد دەکات کە بۆچی تـا ئێسـتا نەبونەتـە دەوڵـەت، دەڵـێ : ((ئەمێسـتا لـە ئایندە و پێشـوودا دوونایدوون دەکـەی))(عەبدوڵلا سـەڕاج(2007)،لاکێشـە ڕووناکەکان،ل354)، ئـەم گلەیـەش گلیەکی سوریالیانەیە لە پەرتەوازەیی کورد لە کۆنەوە تـاکو ئێسـتا، چونکـە (دونایدون) لەگـەڵ ڕابـردوو دەکرێ نەک لەگەڵ داهاتوو.

4ـ باسـی دابەشـبوونی کوردسـتان دەکـات بـۆ چـوار لـەت، و دەڵـێ: ((هـەروەها چـوار بەشـە لـەتکراوە ڕامیاریەکـەی ناخـت. بـاکور و باشـور و... هەمیشـە چـوار و چـوار...))(عەبـدوڵلا سـەڕاج(2007)،لاکێشـە ڕووناکەکان،ل354)، لێرەدا داوا دەکـات کـورد یـەکگرتووبن و ببنـە یـەک دڵ و یـەک جەسـتە، دەڵـێ : ((تۆ لەم چەندانەدا ، شەیدای بازنە بووی چونکە سەرتا و کۆتایی یەکدی گرن و دابڕانیـان نیـە وەک مارێـک کلکی خۆی بەچێژەوە بمژێ))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل354)، پێمان دەڵـێ ئـەی کوردینـە دە ئێوەش وەک بازنەبن، وادەردەکەوێ لەم چیرۆکەدا نووسـەر زۆر سەرسـامە بـە بازنـە، بازنـەی زۆر لەلا پیرۆزە، چونکـە بازنـە ڕەمـزی یـەکترگرتن و یەکبوونـە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ کـە نووسـەر زۆر

پەستە لە پەرتەوازە بوونی گەلەکەی و یەکترنەگرتنیان، بێزارە لەوەی کە بۆچی هەر پارتەو بازنەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە و بەهەموویان بازنەیەکی گەورە و گشتگیر پێکناهێنن، لەم چیرۆکەدا نووسەر داوا دەکات کورد هەمووی ببێت بەیەک بازنە یەک دڵ و بیرو ڕا، بۆیە پرسیار دەکاو دەڵێ ((بۆ بازنەکان یەکتری ناگرن؟ دەبێ خواوەندانە بە مەزنی بسووڕێنەوە... دەنا...))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل354)، کۆتایی ئەم دەقە وشەی (دەنا)یە سێ خاڵی لەدوواوە دانراوە ئەمەش کارێکی سوریالیانەیە و ئەوە دەگەیەنێ کە چەند وشەگەلێک هەیە نەینوسیوون، لەسەر خوێنەر پێویستە خۆی بیان دۆزێتەوە، وەک (هەموویان تێدەچن، دەفەوتێن، نابن بە هیچ،... هتد)، مەغزای ئەم چیرۆکە ڕوون نییە نابێ چیرۆکنووس ڕاستەوخۆ مەغزای چیرۆکەکەی ئاشکرا بکات و رای خۆی لەسەر دەرببڕێت.

وێنەی سوریالی لەم چیرۆکەدا کەرکەرت بوون و پارچە پارچە بوونی کوردە و یەکترنەگرتنیانە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی. .

**چیرۆکی (نەریمان و گوڵەندام) :**

ناونیشانی ئەم چیرۆکە پێکهاتەوە لەناوی دوو مرۆڤ، یەکێکیان نێرە و ئەوەی تریان مێیە، ئەم ناونیشانە هەر لەسەرەتاوە وا نیشاندەدات کە چیرۆکەکە خۆشەویستییەو شتێکی زۆر گرنگ تیایدا ڕوویداوە، بۆیە ناونیشانەکەی تەواو سوریالیە، چونکە خۆشەویستی یەکێکە لە بنەماکانی سوریالیزم، چیرۆکنووس بۆمانی دهگێڕێتەوە، لەبەر ئەوە کاتێک خوێنەر چاوی بەو ناونیشانە دەکەوێ ڕاستەوخۆ چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بزانێ ئەو شتە گرنگە چییە.

ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی خۆشەویستی پاک و بێگەردە، باس لە شێوەی دڵداری کردنی ناو کوردەواری دەکات، لەنێوان کوڕێک بەناوی (نەریمان) و کچێک بەناوی (گوڵەندام)ەوە، کە (نەریمان) لەبەر خۆشەویستی (گوڵەندام) وازی لە جگەرەکێشان هێناوە تا ئەو کاتەی گوڵەندام دەمرێ، ئینجا نەریمان دەستدەکاتەوە بە جگەرە کێشان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خۆشەویستی کاری مەحاڵ دەکات، لەناو چیرۆکەکە گەلێ وشەو ڕستەی سوریالیانە بەچاو دەکەون، وەک : ((ئەو ناو گەڵ پەرستە فێدار و خرۆشاو و بەئالۆشە نەبووە، کە شەرواڵەکەی، بەر لە عەشقە خۆرسکەکەی داماڵی))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل362)، ئەم چیرۆکە پڕیەتی لە باسکردنی دابونەریتی

دڵداری لە کوردەواریدا، باسی دوو دڵدار دەکات کە یەکێکیان هەژارە (گوڵەندام)، ئەوی تریشیان (نەریمان) لە چینی دەوڵەمەندە، بەڵام نەریمان ((ئەم جیاوازییە چینایەتییە، پاژنەی پێداگرت و سوورتری کرد لە ئەوینەکەیدا))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل361)، نەریمان ((جاروبار، بەیتێک ، دوو بەیتی بۆ دەهات و... ڕازاو کەفوکوڵی ناخی پێ دەهۆندەوە.. ئیتر هامشۆی ڕێگای کانی، خۆ مەڵاسدان و دیق دیق ، دزە چاوی ناوباخ و پەنای دیواران ، دیاریی شارو پەنجەگوشین ، شەونخوونی و تلانەوەو... چاوەدێری کردنی ئەستێران ، تانوپۆی ئەو ڕۆژگارەیان بۆ چنی))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل361)، ئەمەش باسکردنێکی دووردرێژی شێوازی دڵداری کردنە لە کوردستان.

دواتر ((پەیتا پەیتا ، ڕازەکەی نەریمان پەیڤ و بەیتی دەدەراند و بەو گوزەرەدا ، باڵندەی بێ ڕەنگی بەهەشت بوون ، کە ڕێز و نەوازشیان لێ دەگیرا ، داکۆکییان لێ دەکرا))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل361)، دواتر کە بەیەکتری دەگەن ((نەریمان بەناخی زەویدا ڕۆ دەچێت. ئارەقی شەرم و مچوڕکەی شڵەژان شپرزەی دەکات))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل362)، لەم چیرۆکەدا هەندێک دەستەواژەی کوردەواری بەکارهێناوە ، وەک : ((ئەرێ... حا... تۆ جگەرەیەکم بدەرێ))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل363)، ((دوکەرەکەی قەتماغەی برینە))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل364)، ئەمەش زاراوەی ناوچەی کۆیە و هەولێرە، کە لەوناوچەیەدا حەیران گۆتن باوە.

نەریمان گوێی نەداتە دابوونەریت کچە هەژارێک دەخوازێ کە لەوکاتەی هەموو خزمەکانی پێیان ناخۆشە، نەریمان ئەم کارە دەکات، چونکە گوڵەندامی زۆر خۆشدەویست ، کاتێک (گوڵەندام) داوای لە نەریمان کرد واز لەجگەرە بهێنێت وازی لێهێنا، بۆیە ((گشت دەڤەرەکە سەریان سوڕما ، کە عەشق کاری مەحاڵ دەکات))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل363).

لە کۆتایی چیرۆکە خۆشەویستیەکەشدا کە (نەریمان) هەواڵی مردنی (گوڵەندام)ی پێدەدەن دەست لەبن گوێی دەنێ و حەیرانێکی بەسۆز دەچڕێ دەڵێت :

((ئەرێ براینە برادەرینە

دەردەکم گەیشتێ

ئای لە دەردێ

های لە برینێ

دەست و پەنجەی تۆزاویان

لەهەناوم گیر کردیە دەریدینێ

ئەورۆ نازدار حەیرانم دەڕوانی کرد...

لۆ خۆی بردەوە.

گەلی براو برادەرینە

جغرەکم بگەیێنێ

دوکەرەکەی قەتماغەی برینە))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل364).

وێنەی سوریالی لەم چیرۆکەدا نیشاندانی خۆشەویستیە کە کاری مەحاڵ دەکات، هەروەها گێڕانەوە چیرۆکی خۆشەویستی نەریمان و گوڵەندام بەشێوەی سوریالی.

## تەوەری سێیەم ـ جوانی

لەم تەوەردا باسی ڕەگەزەکانی جوانی دەکەین لە هەندێک لە چیرۆکەکانی عەبدوڵڵا سەڕاج.

**چیرۆکی (ڕەنگینکەوان) :**

ئەم ناونیشانە وشەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە دوو وشەی (ڕەنگین ، کەوان)، ڕەنگ بۆ کەوان بەکارنایەت، چونکە کەوان بەزۆری یەک ڕەنگە، لێرەدا دووشتی نەگونجاو بەیەکەوە کۆکراونەتەوە، ئەمەش بەڵگەی ئەدەبیەتی دەقەکە دەسەلمێنێ، چونکە ئەمەش لادانە لە باو، واتا شتە نەگونجاو و دژەکان و تێپەڕاندنی پێشبینی نەکراو(شکری عزیز(2008)،انماط الروائیة،ص24)، ئەمەش دەبێتە گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ ژیان، بەڵام لێرەدا (عەبدوڵڵا سەڕاج) ڕەنگی بۆ کەوان بەکارهێناوە، ئایا چ کەوانێکی مەبەستە؟ کەوانی تیرهاویشتن، یان کەوانی ئایشەو فاتمان، یان کەوانەی پشتی مرۆڤی بەتەمەن، ئەم واتایانە هاندەرن بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکە.

چیرۆکی (ڕەنگینەکەوان) باسکردنی جوانی سروشتە، لە کوردەواریدا بە (ڕەنگینەکەوان) دەوترێ (تەونی ئایشە و فاتمان)، یان (پەلکە زێڕینە)، لێرەدا چیرۆکنووس باسی پەلکە زێڕینەو ئەفسانەکەیمان

بۆ دەکات، لەگەڵ باسکردنی نەریتێکی کوردەواری کە (تەڕ و وشکێن)ە، ئەم تەڕو وشکێنە لە سەردەمی کۆن لە کوردەواریدا ئەنجامدراوە.

لەم چیرۆکەدا چیرکنووس باسی حەوت ڕەنگەکەی پەلکە زێڕینە دەکات کە بەیەکەوە ڕەنگینەکەوان دروست دەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی سوریالیانە، چونکە ئەفسانەی کۆنی کوردی تێکەڵی واقیع کردووە بەناوی ئایشەو فاتمان، ئەم دیاردە سروشتییە جوانەش لە بەهاراندا ڕوودەدات، لەپاش باران بارین کاتێک خۆر کەمێک دەردەکەوێت، ئەو کاتە ڕەنگەکان لەسەر یەکتری دیمەنێکی دڵ ڕفێن دروستدەکەن.

**چیرۆکی (قومری) :**

(قومری) ناونیشانێکی یەک وشەییە بەمانای باڵندەیەک دێت، هەروەها قومری ناوی ئافرەتێکی کوردە، بۆ زانینی ئەم واتایە پێویست بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە دەکات.

ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی سوریالیە، چونکە تیایدا یاسا و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان تێکدەشکێنرێن، چیرۆکنووس دەڵێت ((لە ناخی هەر یەکێکماندا ئارەزوویەکی زگماکی هەیە بۆ تێکشکاندنی یاساو سەرپێچی کردنی ڕەوشت و پێشێل کردنی داب و نەریتی باو))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل378)، ئەم چیرۆکە باس لە جوانی کچێک دەکات کە جلێکی نەخشێندراو بە وێنەی چەند مەلێکی لەبەردایە، چیرۆکنووس ئەوەندە بەتاسەوە تەماشای کچەکە و کراسەکەی بەری دەکات وەک ئەوە وایە گوێی لەدەنگی خوێندنی باڵندەکانی سەر کراسی کچەکە بێت، دەڵێ: ((گوێم لە جریوەی پەلەوەرێکی بەختەوەر بوو کە لە خوار کەمەریەوە، دەنووکی بۆ خوارتر درێژ کردبوو))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل378)، دوای ئەوەی کچەکە دەڕوات چیرۆکنووس دڵی لەگەڵیدا دەڕوات، واتێدەگات لەگەڵ باڵندەکاندا دارستانەکەش کۆچڕەوی کرد، دەڵێ: ((دارستان و مەلەکان کۆچڕەویان کرد و لە پاش خۆیان بیابانێکیان بۆ چاوم جێهێشت))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل378)، لێرەدا بەڕای چیرۆکنووس دارستانیش کۆچڕەو دەکات، ئەمەش بیرکردنەوەیەکی سوریالیە، چیرۆکنووس بە ئاوات دەخوازێ گەنج بێتەوەو ببێتە مەلێک لەو مەلانەی سەر کراسی کچەکە ((لەو چرکەیەدا، بەکامی دڵە تەڕەکەمەوە خۆزگەم خواست قومرییەک بوومایە و لە سەرخڕاییەکی ئەو لەشە جیوەییەدا ئۆقرەم بگرتایە. ئەوسا خۆم دەمزانی لەکوێ دەنیشتمەوە و

دەنـــووکی تامـــەزرۆم لـــە چـــی دەداو چ بەســـتەیەکم دەچـــڕی))(عەبـــدوڵلا ســـەڕاج(2007)،لاکێشـــە ڕووناکـــەکان،ل378)، ئـــەم خۆزگـــە خواســـتنەش تـــەنها لەبـــەر جـــوانی ئـــەو ئافرەتـــە بـــووە کـــەوای لـــە چیرۆکنووس کردووە خۆزگە بخوازێ ببێتە مەلیک لەو مەلانەی سەر کراسی کچەکە.

لێرەدا وێنەی سوریالی گیان بەبەرداکردنی کۆمەڵە مەلێکە کە لەسەر کراسی کچێک نەخشێنراون، دڵـی پیـاوێکی بەتـەمن بـۆ کچـە جوانکـە لـە خورپـە دەدات و باسـی ئـەم خۆزگەیـە دەکـات کـە پیـر هەڵیدەکێشێ بۆ گەنجایەتی.

**چیرۆکی (تاوس)**

(تـاوس) نـاوی باڵندەیـەکی زۆر جوانـە و هـەروەها نـاوی ئـافرەتی کوردیشـە، ئایـا چیرۆکنـووس کامیانی مەبەستە بۆ زانینی مەبەستەکە پێویستە خوێنەر چیرۆکەکە بخوێنێتەوە.

ئـەم چیرۆکـە سـەراپای باسکردنە لـە جوانی ئـافرەت، کـە دەڵـێ ((کەڤاڵێکی (سیزان)یشـم لـە پـێش چاودا نییە، کە سەراسیمە و دڵەڕاوکێ بمگرێ لـە نێوان سێوی ڕووەکـی و سێوی گۆشتینی گۆنـای. دزە چـــاوێکم گرتـــە کۆنتراســـتی ڕەشـــێنە و ســـپێنەی چـــاوە مامزییـــە ســـرکەکانی.))(عەبـــدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل380)، بـەم شێوەیە چیرۆکنووس باسـی خۆیمـان بۆ دەکـات کـە چۆن سـەرنجی داوەتـە ئـەم کچـە جوانـە، ژنـیش لای سـوریالیەکان پێگەیـەکی تایبـەتی و پیـرۆزی هەیـە، چیرۆکنـووس سـوریالیانە باسـی خـۆی دەکـات، کاتێـک ئـەم کچـە جوانـەی بینیـووە هەسـتی کـردووە گەنجایەتییەکـەی بـۆ گەڕاوەتـەوە، بۆیـە دەڵـێ: ((خـۆم بەتاوسـێکی پـەڕ ڕەنگین زانـی، کـە تـاو ناتاوێـک بەغەریزە خۆی پف ف ف دەدا و لـەپڕ دەپووکێتـەوە))(عەبدوڵلا سـەڕاج(2007)،لاکێشـە ڕووناکەکان،ل380)، لەم دەقەدا چیرۆکنووس هەندێک وشەی کوردەواری بەکارهێناوە کە ڕۆژانە خـەڵکی بـەکاریان دەهێنن، وەک (تاو ناتاوێک) جگەلەمەش هەندێک وشەی وێنەیی بەکارهێناوە کە بەخوێندنـەوەی وشـەکە وێنـەی کردارەکـەمان دێتـە بـەرچاو، وەک (پـف ف ف)، خوێنـەر کاتێـک ئـەم وشـەیە دەخوێنێتـەوە بەوێنـە کردارەکەی دێتە بەرچاو، ئەمەش کارێکی سوریالیانەیە.

چیرۆکنووس دەڵێ ((تێکەڵ بەخوێنمە))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل380)، ئەمەش مانـای وایە جوان پەرستی تێکەڵ بەخوێنیەتی، ئەمـەش وێنەیـەکی سـوریالیانەیە، جگـە لەمـەش پیرێـک نیشـان

دەدات کە دڵی بۆ کچێکی چواردە ساڵی لێدەدات و گەنجایەتی خۆی دێتەوە یاد ئەمەش وێنەیەکی سوریالیە.

**چیرۆکی (لێخنبیر) :**

(لێخنبیر) وشەیەکی داڕێژراوە، لە (لیخن و بیر) پێکهاتووە، ئەم وشەیە پێچەوانەی وشەی ڕۆشنبیرە، ناونیشانێکی وروژێنەرە و کەم بەکاردەهێنرێ، بۆیە خوێنەر بە تامەزرۆوە ئەم چیرۆکە دەخوێنێتەوە تا بزانی مانای چییە، هەر لە سەرەتاوە بەهۆی ناونیشانەکەوە خوێنەر دەزانێ چیرۆکنووس باس لە کەسێکی بیر تەسک و نا تێگەیشتوو خۆپەرست و بێکەڵک دەکات، بۆیە خوێنەر دەیەوێ چیرۆکەکە بەباشی بخوێنێتەوە تا بزانێ ئەو کەسە کێییە، بەم جۆرە ناونیشانی دەق ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ دەسپێک و ناوەرۆکی دەقەکەدا دەبەستێت، زۆربەی جاریش بۆ ئەو مەبەستەیە تا مەغزاو مەدلوولەکە لەو شوێنەوە رادەستی وەرگربکرێت، جا ئەو کاتە بەهای دەق پتەوتر دەبێت کە دەسپێکەکە تەواو گرێیەکە نەکاتەوە و هێنانەوەکەی لەپێناو زیاتر تامەزرۆیی وەرگربێت و پێداگری لەسەر ناونیشانەکە بکات وەک کلیل و بابەتی سەرەکی و وەک دەروازەیەک خۆی لەدەسپێکدا بناسێنێ(هێمن عومەر(2011)،چەند دەلاقەیەک،ل43).

ئەم چیرۆکەش چیرۆکێکی سوریالیە پڕە لە خەون و خەیاڵ و فانتازیایە، فانتازیاش ((لەگەڵ خەیاڵ و وڕێنە و وەهم Fancy دا یەک دەگرن ،.... جیهانێکی سەیرو سەمەرە دادەمەزرێنن)) (عەبدوڵلا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل55)، کە پڕە لە ڕەمز، ڕەمزیش ((زۆر واتا هەڵدەگرێ و ڕەخنەگر ناتوانێ مەبەستی نووسەر ڕاستەوخۆ دەست نیشان بکات))(نەریمان خۆشناو،ڕەمز و مەغزا،ل28)، ئەم چیرۆکە ڕەمزە بۆ ئەو کەسانەی هەموو کارێک دەکەن لەپێناو ئاواتەکانیاندا، تەنیا کاری باش نەبێت، باسی ئەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێ لە هەموو دیزەیەک ئەسکووبن، بۆ دەرخستنی ئەم جۆرە کەسایەتیانە چیرۆکنووس بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە و بە پشتیوانی ئەفسانەی کۆنی کوردەواری ئەو کەسانەمان بۆ وێنا دەکات، چونکە هونەرمەند بەو گاڵتەو تەوس پێکردنە دەیەوێ ئارامی بخاتە دڵی خۆیەوە، چونکە ((هەر هونەرمەندێک بۆتاراندنی مۆتەکەی خەم و ناسۆر و بێئاکامی، پشوویەک لە گاڵتەوگەپ و تەوس و کاریکاتێردا دەخواتەوە))(عەبدوڵلا سەڕاج(2013)،پەیڤستان،ل35)، دەڵێ کەسەکە بەردی شای جاڵجاڵۆکانی دۆزیوەتەوە، جاڵجاڵۆکەش ڕەمزێکی کۆنی کوردەواریە بۆ کۆنە پەرستی و

دواکەوتن، هەر لە زووەوەش ڕەمز بەکارهاتووە بەڵام لە ئەفسانە، ئەفسانەش دوورە لە واقیع و لایەنی خەیاڵی زیاتر بەسەریدا زاڵە، بەڵام بەرزترین و دواقۆناغی ڕەمزە، وەک چۆن بەکارهێنانی (ئەژدیها) بۆ چەوسێنەر ئاواش، (جاڵجاڵۆکە) ڕەمزە بۆ دواکەوتن و کۆنینە، گەلی کوردیش مومارەسەی بەکارهێنانی ڕەمزی کردووە، بۆ نموونە (شێر) بۆ ئازایەتی بەکارهێناوە، (ڕێوی) بۆ فێڵبازی و (مار)ی بۆ نەمری، (جووڵەکەی) بۆ رەزیلی و پارەپەرستی....هتد(نەریمان خۆشناو،ڕەمز و مەغزا،ل28)، ئەم کەسە هەرکاتێک ئەم بەردە دەخاتە ناو دەمی خۆی دەبێتە زیندەوەرێکی زیانبەخش لەسەر داواکاری خۆی، یان دەبێتە زیندەوەرێکی ناشیرینی وەک (گورگ ، شێر) و دڕندە گۆشت خۆرەکانی تر، تەنها نابێتە (پەپولە) کە ڕەمزی پاکی و جوانییە، ئەم چیرۆکە سوریالیە سەیرو سەمەرەیە بۆ ئەو کەسانەیە کە ئامادەن ببنە هەر شتێک و هەرکارێک بکەن تەنها کاری باش و چاکە و جوانی نەبێت، چونکە پاڵەوانی چیرۆکەکە دەگۆڕێ بۆ زۆر ئاژەڵ کە ڕەمزی دڕندەیین، تەنها نابێتە پەپوولە کە ڕەمزی پاکی و جوانییە، وەک دەڵێ ((ویستی جوانی سروشت هەڵمژێ و... ببێتە پەپوولەیەک لە ناو پەپوولاندا. میوانداریی گولیلکە ڕەنگینەکان بکات، بەڵام کە بەردەکەی نایە ژێر زمانی، نەبووە پەپوولە!))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل377).

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس بە مەبەست گۆڕانکاری ئەنجامداوە لەنێوان ئاژەڵان و مرۆڤدا، چونکە چیرۆکنووس وای کردووە بە بەردەوام مرۆڤەکە دەبێتە ئاژەڵ، چونکە وای دادەنێ هەندێ مرۆڤ گەر بە ڕوخساریش مرۆڤ بن، ئەوە لەناخەوە هەر ئاژەڵ و دڕندەن، ئەوتا (لیخنبیر) هەرجارە و دەبێتە ئاژەڵێکی دڕندە و ناشیرین، ئەمەش دژی واقیعە و وێنەیەکی سوریالیە.

**چیرۆکی (کڵاو) :**

(کڵاو) ناونیشانێکی تاک وشەیە، زۆر مانا هەڵدەگرێت، لەوانە کڵاوی لەسەرنان، کڵاوی یاری کڵاوێن (کەڵەمستانێ)، کڵاولەسەرنان (فێڵکردن)، ئەم واتا زۆرانە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر چیرۆکەکە بە ووردی بخوێنێتەوە، چونکە وشەکە لە سیاقی هەواڵدان گۆڕاوە بۆ ئەرکی کارتێکردن(عبدالسلام المسدي(1982)،الاسلوبية،ص36).

ئەم چیرۆکە لەسەر شێوەی لێکۆڵینەوەی زانستی داڕێژراوە، چونکە لەسێ تەوەر پێکهاتووە و باسی لقێکی زانست دەکات کە کیمیایە، باس لە کەسێک دەکات کە بە ڕێگای کیمیا دەیەوێ کانزا

بێنرخەکان بگۆڕێ بۆ کانزای بەهادار بۆ ئەوەی سەرجەم ئاواتەکانی خۆی بێنێتەدی، ئەم کارەش هەر لە کۆنەوە باو بووە، زۆر کەس خۆیان پێوە خەریک کردووە، ویستویانە کانە بێنرخەکان بکەنە زێڕ، ئەم کەسایەتیەش لەم چیرۆکەدا وەک کەسەکانی پێش خۆی ئەم کارەی پێناکرێت، بۆیە ئامادەیە تەنانەت خیانەت لە وڵات و نیشتمانەکەشی بکات، چیرۆکنووس دەڵێت ((لەوانەیشە، لەپاڵ تێر بوونی ئارەزووەکانیدا، خزمەتی خولگەو ئەم و ئەو بکات))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل369)، هەروەک لە ئەفسانەکانی ناو کوردەواریدا هاتووە ڕۆژێک لەماڵی خۆیاندا کڵاوێکی ئەفسوناوی دەدۆزێتەوە، لێرەدا چیرۆکنووس ئەفسانەو خەون و خەیاڵی تێکەڵاوی واقیع کردووە، جگە لەمەش ناوی پاڵەوانی چەند فلیم کاتۆنێکی تەلەفیزیۆنیشی بەکارهێناوە، کە لەوکاتەدا نیشان دەدران، وەک (بەرباشاتر و بەربابۆ و بەربابراڤۆ و بەربازو و بەرباشاتر)، بۆیە دەڵێ: (( بەربابوو و بەربابراڤۆ و بەربازوو و بەرباکانی دی، چۆنی بوێ ئاوا دەسازێت و کۆسپ لە ڕوویدا نامینێ! بەدیواردا تێپەڕ دەکات. بەسەر بەرماڵی ئاودا دەڕوات!!))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل369)، سەیر ئەوەیە ئەم چیرۆکە بۆ گەوران نووسراوە، بەڵام باسی ئەو کەسایەتیانە دەکات کە لەبەرنامەی کارتۆنی منداڵاندا هەبوون، ئەمەش گاڵتەکردنە بە واقیع و تەواو سورپالیە، هەر لەناو ئەم چیرۆکەدا هەندێک لە بیروباوڕی ناو کوردەواری لای خۆمانمان بۆ تۆماردەکات کە گوایە بازوو بەندی کاک ئەحمەدی شێخ هیچ نایبڕێ، یان فلانەکەس بەرماڵی بەسەر ئاودا دەڕوات.

ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی گاڵتەجاڕی و سەیرو سەمەرەیە، لەهەمان کاتدا ڕەمزە بۆ ململانێی سیاسی ناو کوردەواری، بێگومان بابەتی (ڕەمز)یش بەحوکمی تەمومژاوی غەرەز و مەبەستەکانی هەڵسەنگاندنێکی وردبینانەی دەوێ، چونکە هەر دالێک تیایدا کۆمەڵێک مەدلوولی هەیە، تیایدا چیرۆکنووس لێپرسراوان تاوانبار دەکات بە گەندەڵی و گیرفان پڕکردن، بۆیە دەڵێت: ((بەشی ناوەندی چیرۆکەکە، لەوەوە دەست پێدەکات، کە دەستەیەکی مافیا، بەنهێنییەکە دەزانن و بەجەختەوە دەخوازن داگیری بکەن بۆ پتر درێژەدان بەتاوانکارییان و هەم لە پێناو پڕکردنی گیرفان و کەڵەکەکردنی ڕەسیدی دەرەوەیان))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل370)، لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس هەندێک وشە بە واتا و بەمەبەست دووبارە دەکاتەوە کە سەرجەمیان یەک واتایان هەیە، دووبارەکردنەوەش یاسایەکی تایبەتی خۆی هەیە، کە دامەزراوە لەسەر چەند بنچینەیەک لە

ئـەزمووونی نووسـەر، بۆیـە دووبارەکردنـەوە تیشـک دەخاتـە سـەر خـاڵێکی هەسـتیار و گرنـگ، کەواتـە دووبارەکردنـەوە دەلالـەتێکی دەروونـی بـەهاداری هەیـە کـە ڕەخنەسـازی ئـەدەبی سـوودێکی زۆری لێوەردەگرن(محمد مفتاح(1999)،تحلیل الخطاب،ص126-127)، وەک ((حـەزدەکـەم ، دەخـوازم ، دەمـەوێت ، نیازمــە))(عەبـدوڵلا سـەڕاج(2007)،لاکێشـە ڕووناکـەکان،ل370)، لێـرەدا دووبارەکردنـەوەی بـەکارهێناوە، دوبارەکردنـەوەش بریتییـە لـەوەی کـە هونەرمەنـد یـان نووسـەر، وشـەیەک، یـان دەسـتەواژەیەک، یـان ڕسـتەیەک بێنـێ و چەنـد جارێـک دوپـاتی بکاتـەوە، بـۆ چەنـد مەبەسـتێکی تایبـەتی، بـەو مەرجـەی هــەموویان یــەک واتایــان هــەبێت و لــە جارێکــەوە بــۆ جــارێکی تــر واتایــان نــەگۆڕێ(عــەزیز گەردی(د)(1976)،ڕەوانبێژی،ل47)، دووبارەکردنەوەی ماناش دەرخسـتنی یەکتاییە بەهۆی جۆراوجۆرەوە یـان دەرخسـتنی جـۆراو جـۆرە بـەهۆی یەکتاییـەوە(محمـد مفتـاح(1999)،تحلیـل الخطـاب،ص95)، بـەهای دووبارەکردنـەوە ئەوەیـە زەنگـی ئاوەزەکـان بـەهێز دەکـا و دەلالـەتی سـروش دروسـتدەکا(شـیماء جاسم(2005)،البناء الفني،ص136)، ئـەوەش دەبێتـە هـۆی زیـادکردنی واتایـەکی نـوێ بـۆ وتراوەکـە(جولیا کرستیفا(1991)،علم النص،ص80)، هەندێ جاریش پاشگر دووبارە دەکاتەوە وەک پاشگری (چی) لـە دوای ((سیاسـەت چی ، ماسـتاوچی ، زوڕناچی))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل370)، ئمـەش لەبـەر ئەوەیـە ڕێکـوپێکی پیتـەکان و دووبارەکردنـەوەیان لـەناو دەقی ئەدەبیـدا هەسـتی وەرگـر دەوروژێنـێ، ئەمەش وادەکات وەرگر بکەوێتـە ژێر کاریگەریەکـەی، بەم جۆرە دەنگ دەبێتـە بەشـێکی تەواوکـەر بـۆ توخمەکانی تـری شـیعریەت(صـلاح فضـل،نظریة البنائیة،ص122)، جگـە لەمـەش چیرۆکنـووس ماسـتاوچی و زوڕنـاچی لەتـەک یـەکتری داناوە، کەواتـە هـەموو ماسـتاوچیەکان زوڕنـاچین، لێرەدا چیرۆکنـووس لـەم چیرۆکــەدا باســی کوردســتانمان بــۆ دەکــات بەشــێوەیەکی ســوریالی کــە جــۆرە ئــازادی و خــۆ بـەڕێوەبردنێکیان دەسـت کـەوتووە، بـەڵام هـەر پارەتـەو دەیـەوێ ئـەم دەسـتکەوتەی میللـەتی کـورد بۆخـۆی پـاوان بکـاو خـەڵکانی تـری لـێ بێبـەش بکـات، ئەمـەش ڕەخنـە گرتنێکی هونـەری سـوریالیانەیە لـەواقیع، چونکـە هونـەر دەبـێ دەسـتپێکی دەربڕینـی ژیـان بێـت لـە داینـامیکی گۆڕاوەکـانی کۆمەڵایـەتی تێبگــات هونــەر دەبــێ بگاتــە قۆنــاغی رەخنــەگرتن لــە پێوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان(ئامــانج عوسمان(1999)،لێکدانەوەی سایکۆلۆژی،ل35).

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس ڕەخنەیەکی توند لە کۆمەڵگاکەی خۆی دەگرێ و دەیەوێ بەرەو باشتر بیگۆڕێ، بۆیە چیرۆکەکەی بەکۆتا نەگەیاندووە، کۆتایەکەی بە کراوەیی جێهێشتووە، چونکە ئەم کارە لە کوردستاندا تا ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەمەش وێنەیەکی سورریالیە بۆ باری کوردستان، چونکە ئەم پارتانە بەردەوام خەریکی ئەوکارەن کە چیرۆکنووس باسی کردووە، دەیانەوێ جەماوەری هەژار و بێدەرەتان لە بەروبوومی ئازادی بێبەش بکەن، ڕۆژێک کارەبایان نییە و ڕۆژیک نەوت و بەنزین و ڕۆژێک مووچە، گەر ئازادی و حوکومەت ئاوایە دەبا ئەو کڵاوە هەرنەبێ، دۆزینەوەی ئەم کڵاوە لەناو چیرۆکەکەدا وەک دۆزینەوەی نەوتەکەی کوردستانە، کە ئێستا لێمان بۆتە مۆتەکە و بەڵای خوا، ئەمەش وێنەیەکی تری سورریالیە.

وێنەیەکی تری سورریالی دۆزینەوەی ئەو (کڵاو)یە ، کە هەرکاتێک کەسێک لەسەری بنێت دیارنامێنێت و ون دەبێت ئەمەش تەواو سورریالییە و لە واقیعدا شتی لەم شێوەیە بوونی نییە.

**چیرۆکی (دانپیانان) :**

(دانپیانان) ناونیشانێکی تاک وشەییە، مانای زۆرە، دانپیانان بەچی؟ چی کراوە؟ کێ دانپیانان دەکات؟ چ تاوانێک ئەنجامدراوە تا دانپیانان ئەنجام بدرێ؟ دان بەچی دادەنرێ؟ لەلای کێ دانپیانان ئەنجام دەدرێ؟ بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێ ئەو دانپیانانە چییە پێویستە چیرۆکەکە بەباشی بخوێنێتەوە، چونکە ناونیشان دەبێتە هۆی ڕاکێشانی وەرگر و هێنانی بۆ خوێندنەوەی دەقەکە، ناونیشان خەیاڵی خوێنەر دەوروژێنێ و بۆ زۆر شوێنی دەبات بۆ لێکدانەوە، یان دەیخاتە ناو گێژاوێکی گەورەی بیرکردنەوە(بسام قطوس(د)(2001)، سیمیاء العنوان،ص50)، ئەمەش جۆرێکە لە فێڵکردن و نیشانەیەکە لە نیشانەکانی داهێنانی شیعری، کەواتای لادانی شێواز دەگەیەنێ، کەواتە ناونیشان وەک شیعر بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات بۆ گشت خوێنەران، بۆیە دەبێ خوێنەر لەسەر و لەژێر و لەپێش و پاشی ناونیشان بگەڕێت بۆ واتا بزرەکان(بسام قطوس(د)(2001)، سیمیاء العنوان،ص63و66)، چونکە ناونیشان پەیامێکی تایبەتی کەسی داهێنەرە، لەدوای ماندوبونێکی زۆر هاتۆتە کایەوە، بۆیە هەردەم هاندەرە بۆ تێڕوانین و دووبارە خوێندنەوە.

ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی فانتازیایی سورریالیە، چونکە دەبێتە جیهانی تێڕامان (التأمل Meditation)، پەنابردنە بەر فانتازیاش: ((ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ پێکانی ئەو نیازە، کە دەشێ لە بارودۆخێکی

ئاسایی و لەناو سیمبەندی کۆمەڵایەتییدا، بەو شێوە راستەقینەیە دەرنەبڕدرێ کەواتە فانتازیا، هەم تەکنیکە و هەم تانوپۆی بەرهەمەکە دەچنێ، بۆ ئەوەش، پشت بە تێکەڵکردنی سەیرو چاوەڕوان نەکراو دەبەستێ لە نێوان واقیعی دەرەوەو ژوورەوەدا))(عەبدوڵلا سەڕاج(2013)،دیدابینیەکانم،ل57–58)، بەم جۆرە فانتازیا (( واقیع شیتەڵ دەکات و لەبێخەوە پاڵپێوەنەرەکان (motives) دیاری دەکات و بەمەش هاوسەنگێتی نێوان (ئاگایی) و (نائاگایی) رادەگرێ))(عەبدوڵلا سەڕاج(2013)،پەیڤستان،ل16)، لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس شەڕی نگریسی براکوژی نێوان کوردانی باشورمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو کاتەی بەیەکتر کوشتن نەدەوەستان ئاژەڵان و باڵندەکانیشیان دەکوشت، زۆر بەووردی باسی دەلاڵخانە و دەورووبەری مزگەوتی (شێخە ڕەشکە) و منارەی خانەقامان بۆ دەکات و دەڵێت: ((دەستیان بەکلاو و مێزەرەکانیانەوە گرت نەبادا لەو چلکاوەی بەر پێیان مەلە بکەن. پاقلە فرۆشان و بێکاران و قۆڵبڕان، هەموو چاویان بەو حاجی لەقلەقەوە بوو، کە شەهید کرابوو))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل365)، هەرکەسێک کاتی خۆی ئەو شوێنەی بینیبێ دەزانێ کتومت وەکو خۆی وێنای کردووە، چلکاوەکانی، پاقلە فرۆشەکان، بێکارەکان، قۆڵبڕەکان، باسی ئەو سەردەمە دەکات کە کەس نەیدەتوانی بە ئازادی تەنانەت قسەش بکات بۆیە دەڵێ ((دەک دەستی بشکێ ئەوەی... پاشماوەکەی بەمەلاشوویەوە مایەوە، کە ئاوڕی دایەوە وەک ئەوان نەبادا گوێچکەیەک خۆی بۆ دەمودوی هەڵخستبێ))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل365)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو سەردەمە کەس نەیتوانیوە بە ئازادی قسە بکات و ڕای خۆی دەرببڕێت، لەم چیرۆکەدا مێژووی کوشتنی حاجی لەق لەقێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەسەر منارەی مزگەوتی خانەقا لەشەری براکوژیدا کوژراوە لە ڕۆژی 1994/5/22، لەناو ئەم چیرۆکەدا زۆر وشەی کوردی ڕەسەنمان بیردەخاتەوە، وەک (سۆرفلی ، ددان کەلۆس ، هەڵدەگلۆفێ ، هەڕمێنە)(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل365)، چیرۆکنووس ئازارەکانی ناودڵی خۆی دەردەبڕێ کاتێک باسی باوکە لەق لەقەکە دەکات کاتێک دەبینێ مێیە لەقلەقەکە کوژراوە، و دەڵێ ((بەرز بۆوە... بەرزبۆوە... بەرزبوو، لەچاوان ون بوو. تاوا... تا... وا... یە... وە. بووە بەشێک لە ئاسمانی ئەو هەولێرە کەونە... ئاسمان... ئاس... مان. مان. ن ن ن... مان و نەمان ن ن ن... ))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل366)، لەم دەقەدا چیرۆکنووس 17 جار پیتی (ن)ی بەکارهێناوە، ئەمەش نیشانەی دڵتەنگی نووسەرەکە دەگەیەنێ بەم ڕووداوە، چونکە پیتی

(ن) لەناخەوە دەردەچیٚ، بۆ ئەوەی سروشتی ئازاری قووڵ دەربخا، باشترین دەنگیشە بۆ دەربڕینی دڵتەنگی و ئازار(حسن عباس، خصائص الحروف،ئینتەرنێت).

ئەم چیرۆکە باس لە بکوژی حاجی لەقلەقەکەی سەر منارەی مزگەوتی خانەقا دەکات، ئەم بکوژە بە منداڵی باوکی مردووە و دەستی کردۆتە ئیشکردن، ڕۆژێک کە لە ئیشکردن گەڕایەوە بۆ ماڵ دەبینیٚ دایکی لەگەڵ کابرایەک سێکس دەکات، دایکی کە تازیە بار بووە و جلی ڕەشی لەبەردابووە جلە ڕەشەکەی تا سەر ناوکی هەڵکردووە و کابراش جلێکی سپی لەبەربووە و لەناو لینگی دایکی دایە، ئەم دیمەنە ڕەش و سپیە دەبێتە گرێیەکی دەروونی، بۆیە هەموو دیمەنێکی بەمجۆرە کاری تێدەکات، ڕۆژێک لەسەر قەڵات دادەنیشیٚ و حاجی لەقلەقەکە دەبینیٚ و یەکسەر دیمەنە ڕەش و سپیەکەی دایکی و کابرای دێتەوە بەرچاو و گوللەیەکی پێوە دەنیٚ و دەیکوژیٚ، دواتر دەدرێتە دادگای ئاژەڵان.

ئەم ڕووداوە تاوانێکی گەورەبوو لە مێژووی شاری هەولێر کرا، چونکە ئەم حاجی لەق لەقە ساڵانە لە دوورترین شوێنی دنیاوە دەهاتەوە شاری هەولێر بۆ سەر ئەم منارەیە، لەویٚ هێلکەی دەکرد و دەیتروکاند و ژیانێکی نوێیان دروست دەکرد، بەشاری هەولێری دەگووت تۆ لەدێر زەمانەوە لانکەی ژیان بوویتە، بۆیە من هەموو ساڵێک بۆ لای تۆ دەگەڕێمەوە، دیمەنی هێلانەی ئەم لەق لەقە و بێچوەکانی جوانییەکی زیاتریان بە دیمەنی قەڵا کۆنەکەی هەولێر و گەڕەکی خانەقا دەدا، هەرکەسێک سەردانی هەولێری بکردایە و لەوێش بچووبایە سەر قەڵا، ئەوا ڕاستەوخۆ دیمەنی لەق لەقە کەو هێلانەکەی بەسەر منارەکەوە دەبینی، بەڵام بەداخەوە ئەم باڵندە جوانە ئەمکدارە بۆ هەولێری نیشتمانی بووە قوربانی شەڕی براکوژی نێوان کوردان.

ئەم چیرۆکە بەشێوەی گێڕانەوە نوسراوە، لە پێشەکیەکی کورتی یەک دێری و دیمەنی کۆتایی و دیمەنی ناوەڕاست و دیمەنی سەرتا پێکهاتووە، تیایدا چیرۆکنووس ناشیرنیەکانی ناو کۆمەڵگەمان نیشان دەدات و هەوڵی گۆڕینی دەدات، کە ئەمیش شەڕی براکوژی بوو کە ئەوسا لەئارادابوو.

ئەم دەقە زۆر سوریالیە، چونکە تاوانبارەکە لەلایەن ئاژەڵانەوە دادگایی دەکریٚ، شێر دەبێتە دادوەر و دوو پڵینگیش دەبنە یاریدەدەر، منارەی خانەقاش کە بێگیانە دەبێتە شایەد، لێرەدا چیرۆکنووس سوریالیانە گاڵتە بە دادگای مرۆڤ دەکات بەگشتی، لەبەر ئەوەی لەناو کۆمەڵی مرۆڤدا دادپەروەری تەواو نییە، گاڵتەش بە یاسای دادوەری کوردستان دەکات بەتایبەتی، چونکە ئەگەر لە کوردستان

یاسا هەبووایە ئەوا دەبوو بکوژی ئەم حاجی لەقلەقە بدرێتە دادگا و مرۆڤ دادگایی بکردایەو سزای بدایە، بەڵام چونکە لە وڵاتەکەماندادادپەروەری تەواو نییە ، بۆیە مرۆڤ ئەو کارەی نەکرد کە دەبوو بیکردایە ، ئەوەتا شێر و پڵنگ ئەو کارە دەکەن و دادوەرن، جگە لەوەش شتێکی تری گرنگیش دەگەیەنێ، ئەویش ئەوەیە : بەرپرسەکانی ئەم وڵاتەی ئێمە هەم دادوەر و هەم یاسا شکێنن.

کاتێک منارە شایەدی دەدات دەڵێت : ((ئەم زەلامە لەو بەرزیەوە چاوی لەچی دەگێڕا؟ عەودالّی چی بوو؟ هەتا فەرامۆشی خۆی بە خوێنی ئەم حاجیە میوانە بداتەوە : منی منارە سەرم لە ڕەفتاری مرۆڤ دەئاوسێ))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل366)، لێرەدا منارەی بێگیان سەری لە ڕەفتاری مرۆڤ دەئاوسێ، چونکە کەس سەریی لە کردەوەی ناشیرین و دڕندەی مرۆڤ دەرناچێ ، ئەمەش کارێکی سورياليە.

لەم شایەتیەدا منارەکە باسی کۆنی مێژووی هەولێر و قەڵاو منارە کۆنەکان دەکات کە چەند کۆنن و لەکەیەوە لانکەی شارستانی بوون، ئەم باسەشی لە منارەکەی مزگەوتی خانەقاو لە منارەی شێخی چۆلی بیستووە ((شایەتیی مێژوو دەدەم و لە مەنارە دێرینەکەی تەکمەوە بیستوومە، کە ئەوەی بەدوای ((ئاوی زیندگی)) دا دەگەڕا، مەیی دۆزییەوە))(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل366)، دوای ئەم شایەتی دانە تاوانبارەکە بە سێ ساڵ عەزابی ویژدان سزا دەدرێت، ئەمەش زۆر سورياليە چونکە وڵاتێک یاسای تێدا نەبێت حەتمەن ویژدانیشی تێدا نییە، چونکە ئەگەر ویژدان هەبووایە ئەم حاجیە میوانە نەدەکوژرا ، چونکە لەلایەک میوانە و لەلایەکی تریش باڵندەیەکی بێ تاوانە.

کەواتە هەڵوێست وەرگرتن لەلایەن چیرۆکنووسەوە سیمایەکی دیاری هەیە، ئەویش هەوڵدانە بۆ گۆڕینی ئەم عەقڵیەتە دواکەوتوەی وڵاتەکەمان کە شەڕی براکوژی هێناوەتە کایەوە، لێرەدا چیرۆکنووس بە تێکەڵکردنی ڕووداوێکی واقیعی و وێنەیەکی سوريالی کە (دادگای ئاژەڵان)ە چیرۆکێکی هونەری پڕ لە ئیستاتیکای دروست کردووە.

لەم چیرۆکەدا شێر و پڵنگ دادوەرن ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کاتە دادگاکان لەلایەن دەسەڵاتدارە بەهێزەکان بەڕێوە دەچوون، یاساکان هیچ بەهایەکیان نەبووە، بۆیە شێر سەرۆکی دادگایە، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە شێر بە بکوژی حاجی لەقلەقەکە دەڵێ (هەی دڕندە)(عەبدوڵلا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل366)، کە ئەمەش تەواو سورياليە و شتێکی سەیرە و پێچەوانەی

لۆژیکە ئاژەڵ بە مرۆڤ بڵێ هەی دڕندە، دواتر بکوژەکە کە دەبینێ شێر و پڵنگ دادگایی دەکەن، دەڵێت : ((باشە ، بۆ من حەیوانم لە دادگایەکی ئاوهادا دادگایی بکرێم؟!)) (عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل366)، لە وەڵامدا شێری دادوەر دەڵێت: ((تۆ لە حەیوانیش کەمتری... تۆ دڕندەی... زەردەخەنە و قاقای پێکەنینی ورچ و ڕێوی و کەمتیار و چەقەڵ و کەر و مەیموون، هۆڵەکەی پڕکرد، تەنانەت هەر دوو پڵنگی یارمەتیدەریش بەشدارییان تێدا کرد.))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل366)، ئەم ووتوێژەش شتێکی سەیر و سەمەرە و فانتازیایە، فانتازیاش شتی سەیروسەمەرە و عەنتیکەیە بۆیە سەرنجی نوسەر و شاعیری سوریالی ڕادەکێشێ(چاوپێکەوتن(عباس عبدوڵڵا)،2015/3/31)، لەم چیرۆکە فانتازیەدا شێر دادوەرە و ڕێوی و کەمتیار و چەقەڵ و کەر و مەیمون پێدەکەنن و منارەش کە بێ گیانە شایەتی دەدات و تەمەنی خۆی باسدەکات کە چەند کۆنە و لە قەلەڕەشیش کۆنترە، تاونباریش مرۆڤە، ئەم چیرۆکە گاڵتە ئامێزە پڕیەتی لە جوانی و ناشیرینی، جوانییەکەی بێزاری دەربڕینی چیرۆکنووس و خەڵکی هەولێرە دژی کوشتنی ئەم لەق لەقە، هەروەها لەگەڵ ئەم بێزاری دەربڕینە نووسەریش بێزاری لە دژی شەڕی براکوژیش دەردەبڕێت، و ناشیرینییەکەشی ئەوەیە ئەم باڵندە بەستەزمانە کوژراوە و شەڕی براکوژی دروست بووە، کەواتە ئەم چیرۆکە پڕیەتی لە سەیر و سەمەرە و گاڵتەجاڕی، ژیانی مرۆڤیش پڕیەتی لە شتە سەیرو گاڵتە ئامێزەکان، هەرکەسێکیش گاڵتەجاڕی تێبگات ئەوا لە ژیانیش دەگات(میوک.د.س(ب.ت)،موسوعة المصطلح،ص51و18و16)، کەواتە شتە سەیرەکان و گاڵتەجاڕیەکان زمانی نهێنی پەیوەندی کردنە لەنێوان نوسەرو خوێنەر(نجوى محمود(د)(2008)،دراسات اسلوبية،ص143)، ئەویش جۆرێکە لە دەربڕین، وا لەخوێنەر دەکات ئەوەندە زیرەک بێت بزانێ لەناو دەربڕینەکەدا واتایەکی تری شاراوەی تێدایە(نجوى محمود(د)(2008)،دراسات اسلوبية،ص143).

لەکۆتایی ئەم چیرۆکەدا شێر سزای تاوانبارەدا بەسێ ساڵ عەزابی ویژدان و نەفرەت لەخۆکردن، ئەمەش وێنەیەکی سوریالیە، چونکە شێر سزای مرۆڤ دەدات بە عەزابی ویژدان، سەیروسەمەرە لێرەدایە مرۆڤەکە کە بکوژی حاجی لەق لەقە ویژدانی لەکوێ بوو تا عەزابی بدات؟، ئەو سەردەمەی چیرۆکەکە باسی دەکا کێ ئاگای لە ویژدان بوو؟، ئەگەر ویژدان هەبووایە شەڕی برا کوژی نەدەبوو، وێنەیەکی تری سوریالی ئەوەیە : شێر دڕندەیە و ڕاهاتووە لەسەر کوشتنی ئاژەڵ و

ئازاردانی جەستەیی، بەڵام سزایی جەستەیی بۆ بکوژەکە دانەنا، لەبری ئەوە سزای ویژدانی دانا کە ئەمەش دووبارە وێنەیەکی سوریالی جوانمان نیشان دەدات، جگە لەمەش چیرۆکنووس لەناو ئەم چیرۆکەدا لەسەر زمانی بکوژی حاجی لەق لەقەکە باسی سەردەمی ڕژێمی بەعسمان بۆ دەکات کە چۆن گەنجانی کورد لە سەربازیدا ڕایان دەکردو پسولەی فەوجە سوکەکانی جاشیان وەردەگرت بۆ ئەوەی نەگیرێن.

**چیرۆکی (بچووکبوونەوە) :**

بچووکبوونەوە ناونیشانێکی سەیرو سەمەرە و سوریالیە، مانای زۆرە، بچووکبوونەوە لەبەر چی؟ بچووکبوونەوە بۆچی؟ کێ بچووکبۆتەوە؟ بەچی بچووکبۆتەوە؟ ئەمانە هەموویان پێویستیان بە وەڵامەو دەبێ خوێنەر خۆی لەناو چیرۆکەکەدا بیاندۆزێتەوە، چونکە زۆرجار وارێک دەکەوێ کە ناونیشان لە سەرەتای دەقەکە، یان ناوەراست، یان کۆتایی دەقەکەدا دەدۆزرێتەوە، وەکو گرێیەک دەبێتەوە، جا لەو سۆنگەیەوە ئەگەر خودی ناونیشانەکە هێمادار بوو ئەوا لەنێو ناواخنی دەقەکەدا لای وەرگر روونکردنەوەیەک بۆ ئەو هێمایە بەرجەستە دەبێت و دەبێتە هۆی تێگەیشتنی تایبەت بۆ وەرگرەکە(هێمن عومەر(2011)،چەند دەلاقەیەک،ل43)، دەبێ ئەوەش بزانین بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی پڕ لە واتا بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەو شتەی دەیخوێنیتەوە شیعرە و هیچی تر نییە(علي جعفر(د)(ب.ت)،في الحداثة النص،ص24)، ئەوەش وا لە خوێنەر دەکات چیرۆکەکە بخوێنێتەوە.

چیرۆکی (بچووکبوونەوە) ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی سوریالی فانتازیای گاڵتەجاڕیە ، فانتازیاش ((خەیاڵبازی و خەون و زیندەخەون و Day Deeaming وڕێنە و هەڵوەسەیە و رووداوی سەیر و سەمەرەو UNCANNY سەربردەو داستانی پاڵەوانی نەبەزی دێرینمانە لەگەڵ جیهانی ناماقووڵ و نادیار و ئەفسانە و تەلیسم و ئەفسوونی جنۆکە و فریشتە و خێو و تارماییە))(عەبدوڵلا سەراج(2013)،دیدابینیەکانم،ل52)، فەنتازیا دەکرێ لەناو چیرۆک و ڕۆمان هەبێ، بەتایبەتی لەناو چیرۆکی سوریالیدا، چونکە چیرۆکی سوریالی ماقولیەت و لۆژیکی تێدا نییە(چاوپێکەوتن(عباس عبدوڵلا)، 2015/4/6)، ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە، ڕەخنەگرتنێکی سوریالیانەیە لە واقیعی کوردستان، بەتایبەتی لە ساڵی 1992 بەدواوە، ئەو کاتەی لێپرسراوانی کوردستان دەستیانکردە فرۆشتن و ئاودیوکردنی ئامێری بیناکاری و ئاوەدانکردنەوە بۆ ئێران و تورکیا، نووسەر زۆر سوریالیانە وێنەی ئەو

ڕۆژگارەی کێشاوە و کە باسی لێپرسراوێکی بچکۆلانە دەکات کە ئاوات دەخوازێت بۆی بکرێت ئەو ئامێرانەی دەیەوێ ئاودیویان بکات بچووکببنەوە و بچنە ناو پاکەتی جگەرەوە تا گومرگ نەدات، گێڕەرەوە لەسەر زمانی شاکەس دەڵێ ((ئەمێستا گوێنادەمە پشکنین و پاسەوانانی سنوور ، چونکە هەر لە (شۆفەڵ) و (کۆمپا) و (تانکەر) و هەر ئامێرێکی دی نزیک بوومەوە وێردەکانم خوێندەوە ، دەسبەجێ بچووک دەبنەوە، بەجۆرێک دەیانپەستمە ناو پاکەتی جگەرەکەک و گومرگ نادەم و..))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل356)، ئەمە باسی بەرپرسێکی بچووکە کە پسولەی ڕێپێدانی وەرگرتووە بۆ ئەوەی شۆفەڵ و کەلوپەلی تر ئاودیوی ئێران بکات، گوایە بەهۆی پسولەکەیەوە گورمرگ نادات، بەلام کاتێک ویستی شوفڵێکی شارەوانی ببات و ئاودیوی بکات، بینی لێپرسراوێکی لە خۆی بەهێزتر شۆفڵەکەو ئەویشی ڕامالی و بچووکی کردنەوە، تا وای لێکردن ئەوەندە بچووکبونەوە لەسەر نینۆکی پەنجە گەورە خۆی و شۆفڵەکە جێگایان بۆوە ((درەنگ هەستی بەوە کرد کە خۆی و شۆفەڵەکە وا بچووک دەبنەوە و بچووک دەبنەوە! تا ڕادەیەک لەسەر نوخانی پەنجە کەڵە جێگەیان بۆوە))(عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)،لاکێشە ڕووناکەکان،ل356).

وێنەی سوریالی لەم چیرۆکەدا ڕەخنەگرتنە لە واقیعی ئەوسای کوردستان، ئەم چیرۆکە پڕیەتی لە وێنەی سوریالی و شتی سەیرو سەمەرە و باوەڕ پێنەکراو، لێرەدا چیرۆکنووس بێزاری خۆی لە فرۆشتن و ئاودیوکرنی ئەو هەموو کەلوپەلانەی کوردستان دەردەبڕێت، کە لێپرسراوەکان لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1992 ەوە بە گەرورە و بچووکیانەوە دەستیان کردە ئاودیوکردنیان بۆ ئێران و تورکیا ئەمەش ڕەخنەگرتنێکی گاڵتە ئامێزی سوریالیانەیە بۆ ئەم لێپرسراوانە ، چیرۆکنووس ئەم چیرۆکەی بۆ ئەوە نووسیوە تا واقیعی کوردستانی پێ بگۆڕێ ، ئەمەش یەکێکە لە بنەماکانی سوریالیزم.

وێنەیەکی تری سوریالی لەم چیرۆکەدا بچووکبوونەوەی کەلوپەلەکان و کردنە ناو پاکەتی جگەرەیە وەک بچووکبوونەوەی شۆفڵ و ئامێرەکانی شارەوانی ، کە ئەمەش شتێکی تەواو سوریالی و دژە لۆژیکە.

# ئەنجام

ئەنجامەکان

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

1. ڕێبازی سوریالیزم ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەیە، ئاواتیەتی لە هەموو بوارێکدا شۆرش بەرپابکات، بۆ ئەوەی مرۆڤ ئازادبێ و لە ژێر زوڵم و زۆرداری مرۆڤی تر بێتە دەرەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم ڕێبازێکی مرۆڤ دۆستە، چونکە هەموو کارەکانی تەنها لە پێناوی مرۆڤە.

2. ڕێبازی سوریالیزم لە دوای سالانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە بە ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای وەرگێڕانەوە گەیشتۆتە باشوری کوردستان و کاریگەری خستۆتە سەر ئەدیبان و نووسەرانی ناو گروپە نوێخوازەکان.

3. لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 ەوە سوریالیزم ڕاستەوخۆ گەیشتۆتە باشوری کوردستان لە ڕێگای نووسەرانی نیشتەجێی ئەوروپا وکاریگەری کردۆتە سەر ئەدەبی کوردی بەگشتی و چیرۆک بەتایبەتی، زۆر لە ئەدیب و هونەرمەندەکانمان پێی سەرسام بوون، تاوەکو ئێستاش کاریگەری هەر بەردەوامە. .

4. ئەم ڕێبازە چەند تایبەتمەندیەکی هەیە، لەوانە (پشت بەستن بە خەون و خەیاڵ، کارە ناواقعیەکان و نووسینی خۆکار و گوێنەدان بە دابوونەریت و ئایینەکان، شۆڕشکردن دژی زمانی باو، لێڵی و ناڕوونی لە دەربڕیندا).

5. فەرهاد پیربال لە چیرۆکەکانی زۆرجار وشە و ڕستەکان دووبارە دەکاتەوە، چونکە ئەو شتەی باسی دەکات لە ژیاندا زۆر دووبارە دەبنەوە، جگە لەمەش چیرۆکنووس سوودێکی زۆری لە فۆلکلۆر و کەلەپوری کوردی وەرگرتووە، زۆر وشەی ڕەسەنی کوردیشی بەکارهێناوە، گەلێک جاریش ئەو دەیەوێت دەری ببڕێت دەیاهوێتە ناو توێکڵەوە، بۆیە پێویستە خوێنەر زۆر بە ووردی بیان خوێنێتەوە تا لە مەبەستی چیرۆکنووس بگات.

6. چیرۆکەکانی فەرهاد پیربال ئەوانەی کە توونەتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەمان زۆربەیان باسی ئاوارەبوون و پەناهەندەیی دەکەن، خوێنەری چیرۆکەکانی هەست دەکات ئەم نووسەرە وڵاتەکەی خۆی زۆر خۆشدەوێ، بۆیە خەڵکی هاندەدات وڵاتی خۆیان جێنەهێڵن و خۆیان نەخنە ئاوارەیی.

7. عەبدوڵڵا سەڕاج لەناو چیرۆکەکانیدا چەند وشەگەلێکی ڕەسەنی کوردی بەکارهێناوە، زۆرجاریش بۆخۆی وشەی نوێی داهێناوە، جگە لەمەش لە نووسینی چیرۆکەکانی سوودێکی زۆری لە مەتەڵ و پەندی پێشینان و فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە.

8. چیرۆکەکانی عەبدوڵڵا سەڕاج لێوان لێون لە ڕەمز و هێما، هەر ڕستەیەک لە ڕستەکانی زیاتر لە مانایەک دەبەخشن، خوێنەر بە ئاسانی تێیان ناگات ، بۆیە پێویستە زۆر خۆی ماندوو بکات و ئەودیو وشەکان بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی لە واتاکان بگات، چونکە خوێنەر کاتێک ئەم چیرۆکانە دەخوێنێتەوە وادەزانێ شیعرە، شیعریش مانای زۆرە.

# سەرچاوەکان

**لیستی سەرچاوەکان**

قورئانی پیرۆز

سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :

1. ئەحمەد مەحموود عەبدوڵلا(2013)، سوریالیزم لە شیعری کوردیدا ، دوای راپەرین1991، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
2. ئومێد ئاشنا(2002) (کۆکردنەوەی)، گۆران (نوسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی گۆران، چ 1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.
3. تیری ئیگلتۆن(2004) ، شیکردنەوەی دەروونی، و. سەلاح حەسەن پاڵەوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .
4. جەبار ئەحمد حسێن (2008)، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق (1950 – 1970)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان– سلێمانی، چ1 .
5. جەلال مەحمود علی(1982)، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپی حسام.
6. حەسەن جاف (1984)، چیرۆکی نوێی کوردی.
7. حەمە کەریم هەورامی، بزوتنەوەی سیمبۆلیزم چەند نموونەیەک لە ئەدەب و هونەری سیمبۆلیزمی.
8. حەمە مەنتک(2011)، سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس – هەولێر ، چاپی یەکەم .
9. حسین عارف(1970)، لێکۆڵینەوەی تەکنیکی چیرۆکی نوێ، بەغدا.
10. حوسین حوزنی موکریانی(2002)، گۆڤاری زاری کرمانجی: کۆکردنەوەی کوردستان موکریانی، دەزگای موکریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

11. حوسێن عارف(2005)، ڕوانگە یاران و نەیارانی، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
12. ڕەزا سەیدحسێنی(2006)، قوتابخانە ئەدەبیەکان، و.حەمە کەریم عارف، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم.
13. ڕێباز عەزیز(2009)، فێربوونی سەرکەوتوو، چ1 ، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
14. زاک مارتین(2009)، بەهێزکردنی توانا گیانی و دەروونیەکان، و.قادر حەسەن علی، چ 2، چاپخانەی گەنج، سلێمانی .
15. زاهیر ڕۆژبەیانی(2008)، چیرۆکی هونەریی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ2، چاپخانەی خانی (دهۆک) .
16. سەلیم ڕەشید ساڵح (د)(2012)، شێواز لە کورتە چیرۆکی نوێی کوردیدا 1990 – 2000، چ1 ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر .
17. سیگمۆند فرۆید، پێنج وانە لە دەروونشیکاریدا ، و.صباحی مەلا عەولا، خانەی چاپ و بالاوکردنەوەی ئاوێر.
18. شکری عزیز الماضی(د)(2010)، تیۆری ئەدەب، و.(پ. ی. د) سەردار گەردی، چ1 ، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
19. عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)، بەرەو . ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ1 ،سلێمانی.
20. عەبدوڵڵا سەراج(2013)، پەیڤستان، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک.
21. عەبدوڵڵا سەڕاج(2013)، دیداربینییەکانم، چ1 ، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
22. عەبدوڵڵا سەڕاج(2007)، لاکێشە ڕووناکەکان و ئەوانی تر، بڵاوکراوەی ئاراس، چ1 ، هەولێر.

23. عەزیز گەردی(د)(1976)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

24. عەلائەدین سەجادی(1978)، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغداد.

25. فەرهاد پیربال(د)(2005)، پەتاتەخۆرەکان (کۆمەڵە چیرۆک)، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی چالاکییەکانی هاموون .

26. فەرهاد پیربال(2009)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چ3 ، چاپخانەی شڤان.

27. فرانگ. س کابرێز(2009)، دەروونزانی رەفتار بۆ بەرەو لوتکەی کامەرانی، و. سۆران خورماڵی، چ4 ، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

28. قانع (2000)، دیوانی قانع، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپخانەو ئۆفسێتی سەرکەوتن، چ3 .

29. کامل حسن عزیز البصیر(1983)، رەخنەسازی (مێژوو پەیڕەوکردن)، چ1، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد .

30. کەریم شەریف قەرەچەتانی(د)(2007)، سایکۆلۆژیای گشتی، چ2 ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

31. کەریم شەریف قەرەچەتانی(د)(2008)، چۆنیەتی سەعیکردن و خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە، چ1، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی .

32. کەریم شەریف قەرەچەتانی(2009)، سایکۆلۆژیای گەشە (منداڵ و هەرزەکار)، چ1 ، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

33. کەمال مەمەند میراودەلی(1977)، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا)، زانکۆی سلێمانی.

34. مـالكم برادبـری و جـێمس ماكفـارلن(2008)، مـۆدێرنیزم 1890 – 1920، و.بـەهزاد حـەوێزی، دەزگـای توێژینـەوە و بڵاوكردنـەوەی موكریـانی، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات (هـەولێر)، چ1.

35. محەمەد عەبدولكەریم ئیبراهیم(2012)، پێكهاتـەی زمـانی شـیعری لـە ڕوانگـەی ڕەخنـەی ئەدەبیی نوێوە، لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی ژمارە(151)، چاپخانـەی حـاجی هاشـم – هەولێر.

36. محەمەدی مەلا كەریم(1970)، كۆكردنەوەی دیوانی بێكەس، چاپخانەی شەفیق، بەغدا.

37. عمر معروف بەرزنجی، لێكۆڵینەوەی بیبلۆگرافیایی چیرۆكی كوردی، 1925 – 1996.

38. نـالی(1976)، دیـوانی نـالی، لێكۆڵینـەوە و لێكدانـەوەی مـەلا عەبدولكـەریمی مـودەریس و فاتح عبدالكریم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا .

39. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو ، ڕەمز و مەغزا لە چیرۆكەكانی فەرهاد پیربالْدا.

40. هـاوژین صـلیوە(د)(2013)، ڕەهەنـدی دەروونـی لـە شـیعرەكانی لـەتیف هەڵمـەت دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ1 ، هەولێر.

41. هیمداد حوسین(د)(2010)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنـەی ئـەدەبی نـوێی كـوردی ، چاپخانـەی باز، هەولێر، چ2.

42. هیمـداد حوسـێن(د)(2007)، ڕێبـازە ئەدەبییـەكان، دەزگـای توێژینـەو و بڵاوكردنـەوەی موكریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس – هەولێر، چ1.

43. هیمـدادی حوسـێن(د)(2011)، بزووتنـەوەی ڕوانگـە و شـاعیرانی حـەفتا و هەشـتاكانی هـەولێر، لـە بڵاوكراوەكـانی یـەكێتیی نووسـەرانی كـورد – لقـی كـەركووک، چ1، چاپخانـەی كارۆ.

44. یوسف عوسمان حەمەد، چەند وێستگەیەكی سایكۆلۆژی، سـەنتەری ڕونـاكبیری هـەتاو، چ1، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک.

45. مەلا محمدی كۆیی(1969)، دیاری مەلا محمدی كۆیی، چ4 ، چاپخانەی هەولێر .

**نامەی ئەکادیمی بەزمانی کوردی :**

1. روناک صلاح علی(2014)، هونەری فەنتازیا لە چیرۆکی نوێی کوردیدا بە نموونەی چیرۆکەکانی "سابیر ڕەشید"و"شێرزاد حەسەن، نامەی ماستەر، نامەیەکە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەدەی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر کراوە .

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەزمانی کوردی :**

1. ئاسۆ ئەحمەد، چەند ساتێک بێداری لە ئاست خەونەکانی نامۆیێک دا، گۆڤاری کاروان، ژمارە 69 ، تشرینی یەکەم و دووەمی 1988، ساڵی حەوتەم.
2. ئامانج عوسمان حەمەد، لێکدانەوەی سایکۆلۆژی بۆ ئیستاتیکا، گۆڤاری رامان، ژمارە 39، 5 ی ئەیلوولی 1999 .
3. ئەسکەندەر جەلال، فەرهاد پیربال و شەش چیرۆک کە بۆنی غوربەتیان لێدێ ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە 199 ، 1998.
4. ئیبراهیم حەمەڕەش، مانیفێستی داداخوازانی بەرلین ، گۆڤاری وەرگێران، وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات، ژمارە 1 ، هاوینی 1997.
5. بەهات قەرەداخی، گەمەی نێوانی هۆش و بێ هۆشی، کاروان، خولی ڕاپەڕین، ژمارە 10 ، گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و رۆشنبیریی یە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات، 1994.
6. تاریق کارێزی، ڕێبازە نوێیەکانی هونەر و رەوتی داهێنان لە شێوەکاریدا، گۆڤاری کاروان، گۆڤارێکی رۆشنبیریی مانگانەیە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات، ژمارە 107، کانونی دووەم 1997، ل 41.
7. حسن هنرمندی (د)، پێشەوای سوریالیزم (گیووم ئاپۆلینەر)، و. لەفارسیەوە ، کۆسار فەتتاحی، گۆڤاری وەرگێران، وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات، ژمارە 2، دیسەمبەری 1997 .

8. حسن هنرمندی (د)، یاخی بوونی دادایزم، و. لەفارسیەوە، کۆساری فەتتاحی، گۆڤاری وەرگێڕان، وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات، ژمارە 1، هاوینی 1997.

9. خەسرەو میراودەلی، تێڕوانینی فەلسەفی بۆ نەست، گۆڤاری ئاینده، ژمارە 69، تشرینی دووەمی 2006.

10. لەتیف هەڵمەت ، لە دادایزمەوە تاوەکو سوریالیزم ، رەخنەی چاوەدێر ، ژمارە 206 ، دووشەممە 2010/3/29.

11. لەتیف هەڵمەت ، لە دادایزمەوە تاوەکو سوریالیزم ، رەخنەی چاوەدێر ، ژمارە 205 ، دووشەممە 2010/3/15 .

12. رەووف حەسەن، سەرەتای چیرۆکی و کوردی و جیاوازی نێوان یەکەم چیرۆکی و دووەمیان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە 69.

13. رضا سید حسینی(د)، ریبازی دادایزم، و. لەفارسیەوە، مستەفا مەعرووفی، گۆڤاری وەرگێڕان، وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات، ژمارە 1، هاوینی 1997.

14. سەرکەوت پێنجوێنی، تاسەی غوربەت لە شیعری نوێی کوردی تاراوگەدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 48، حوزەیرانی، 2000.

15. سەعید محمد نووری، دەروازەیەک بۆ سایکۆلۆژیای نووستن و خەوبینین، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە 152 ، 2010/1/15.

16. شوکر سلێمان، هەندێ پەراوێز بۆ پەراوێزەکانی ئەوروپا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 48، حوزەیرانی 2000.

17. شویش، فواد تەمۆ، گۆڤاری ڕۆژی کورد ژمارە (1)، ژمارە (2) 1913.

18. عزەدین مستەفا رەسول(د)ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەلایەتی چیرۆکی کوردی، گۆڤاری کاروان ژمارە (19).

19. فەرهاد پیربال، ئەو هەشت حەرفەی لە هەموو حەرفێکم خۆشتردەوێن، گۆڤاری کاروان، ژمارە (4) خولی ڕاپەڕین، گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و رۆشنبیرییە وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات، حوزەیرانی 1993.

20. فەرهاد پیربال، پێنج ڕەخنەی بچکۆلە نۆڤلێتی زار و مارەکان، جوایەز 2، بڵاوکراوەی ئاراس ، چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر 2001.

21. فەرهاد پیربال(د) ، مەم و زینی مەلامەحمودی بایەزیدی یەکەم چیرۆک لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ، گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی ژمارە (1) ، بەرگی یەکەم.

22. گۆڤاری وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات، ژمارە 2، دیسەمبەری 1997 .

23. گۆڤاری وێرانی داهێنان ژمارە (1 ، 2 ، 3) ، نۆڤەمبەری 1994.

24. عوسمان حمد خضر دەشتی(پ. ی. د. )و م. ی. زاهیر ئیسماعیل سەعید، ڕۆڵی گرووپی (وێران) لە شیعری نوێخوازی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە – بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان – گۆڤارێکی ئەکادیمییە زانکۆی کۆیە دەری دەکات، ژمارە 35، چاپخانەی شەهاب – هەولێر، ئازار 2015.

25. فیلیب سووپۆ، لە مەیدانە موگناتیسیەکاندا : francois jonquet، و. لە فارسیەوە، ئیبراهیم گەردی، گۆڤاری وەرگێڕان، ژمارە 2.

26. لوقمان باپیر، سوریالیزم و زمان، ژیانێکی متبووی ناو وشە، نووسەری نوێ، گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر دەریدەکات، ژمارە 63، ئاداری 2013.

27. معتصم سالەیی، سوریالیزم، گۆڤاری روشنبیری نوی، ژمارە 118، حوزەیرانی سالی 1988، ل 128.

28. نالە حەسەن، قوتابخانەی سوریالیزم و سیگمۆند فرۆید، گۆڤاری هەنار، گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، ڕووناکبیرییە، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی مانگانە دەریدەکات، ژمارە 46، سالی چوارەم دیسەمبەری 2009.

29. هێمن عومەر خۆشناو، چەند دەلاقەیەکی ئێستێتیکای دەقی چیرۆکی کوردی، گۆڤاری ئاینده، ژماره 95 ، ئازاری 2011.

30. ویلیەم فیڤەر، لە ماڵئاوایی دووا کەڵەگای سوریالیزم دا (سلڤادۆر دالی)، و. لەئینگلیزیەوە ، ئیبراهیم حەمەڕەش، گۆڤاری وەرگێڕان، وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات، ژمارە 2 ، دیسەمبەری 1997.

31. حسین هنرمندی (د)، پێشەوای سووریالیزم (گیووم ئاپۆلینەر)، و. لەفارسیەوە، کۆسار فەتتاحی، گۆڤاری وەرگێڕان، وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات، ژمارە 2 ، دیسەمبەری 1997.

32. کامینیۆس ئەربێرتۆس، سوریالیزم، و. لەئیسپانیەوە، محەممەد کاکەیی، گۆڤاری وەرگێڕان، وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات، ژمارە 2 ، دیسەمبەری 1997.

33. موکەڕەم تاڵەبانی، خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ چیرۆکی پەراوێزەکانی ئەوروپا، ڕۆژنامەی برایەتی پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژمارە 150 ، هەینی 1999/10/22.

34. عبدالمطلب عبدالله، پرۆسەی نوسینی شیعر و ئازادی زمان، گۆڤاری کاروان، گۆڤارێکی رۆشنبیریی مانگانەیە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریدەکات، ژمارە 114، ساڵی 1998.

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی :**

1. ابتسام احمد حمدان(د)(1997)، الاسس الجمالية للايقاع البلاغى فى العصر العباسى، دار القلم العربى، حلب.

2. ابراهيم انيس(د)(1971)، الاصوات اللغوية ، ط4 ، مكتبه الانجلو المصرية ، القاهرة .

3. إبراهيم فتحى(1986)، معجم المصطحات الأدبية، المؤسسة العربية للناشرين المتحدين، طبعة التعاضديه العمالية للطباعة و النشر، صفاقس، تونس .

4. أبـو حامـد محمـد الغزالـي(ب.ت)(ت 505هــ)، تهافـت الفلاسـفة، تحقيـق، د. سـليمان دنيـا، دار المعارف، القاهرهة، مصر.

5. ابو حامد محمد الغزالي(ب.ت)(ت 505هـ)، إحياء علوم الدين، دار المعرفة، بيروت، ج3.

6. احسان عباس(1978)، اتجاهـات الشـعر العربي المعاصـر، المجلس الـوطنى للثقافـة و الفنـون و الأدب، الكويت، ط1 .

7. أحمد أنور سيد أحمد الجندى(1983)، المعارك الأدبية، مكتبة الانجلو المصرية، ط1.

8. أحمد محمد طه الباليساني(2013)، التفكير و نظرية المعرفة: مكتب التفسـير للنشـر و الاعـلان، هولير.

9. احمد محمد ويس(د)(2002) ، ثنائيـة الشـعر و النثر فى الفكر النقدي – بحـث فى المشـاكلة و الاختلاف، منشورات وزارة الثقافة، الجمهورية العربية السورية، دمشق .

10. الأدب المقارن، مناهج جامعة المدينة العالمية (بكالوريوس)، مناهج جامعة المدينة العالمية.

11. أدونيس، الصوفية و السوريالية(2010)، دار الساقي، بيروت - لبنان، ط4 .

12. أرنولد هاورز(1984)، الفن و المجتمع عبر التأريخ، ج1 ، ط2، المؤسسـة للدراسـات و النشـر، بيروت .

13. أسامه الشمخاني(2006)، الطرق على آنية الصمت/ دراسه نقدية في شـعر محمـود البريكـان، سلسله الدراسات2، منشورات بابل، ط1 .

14. اسماعيل حقي الخلوتي(ت 1127هـ)، روح البيان، دار الفكر، بيروت، ج4.

15. أمين صالح(2010)، السوريالية في عيون المرايا، دار الفارابي بيروت و دار الفراشـة الكويت للنشر و التوزيع، ط2.

16. اندرية بروتـون(1978)، بيانـات السـوريالية، ترجمـة، صـلاح برمـدا، وزارة الثقافـة و الارشـاد القومى، دمشق.

17. بسام قطوس(د)( 2002)، تمنع النص متعة التلقي (قرأة مـافوق الـنص)، مـن إصـدارات اللجنـة الوطنية العليا لاعلان عمان عاصمة للثقافه العربية، ط1 .

18. بسام موسى قطوس(2001)، سيمياء العنوان، مكتبة كتانة، ط1، وزارة الثقافة، اربد، الاردن.

19. تبويب مارك شورد و جوزفين ماينر و جوردن ماكنزي(2005)، النقد(اسس النقد الادبى الحديث)، ترجمة، هيفاء هاشم، مراجعة، د. نجاح العطار، وزارة الثقافة،ط2 ، دمشق .

20. تيرى ايغلتون(1995) ، نظرية الادب، ترجمة، ثائر ديب، منشورات وزارة الثقافة، سوريا .

21. جاستون باشلار(1980)، جماليات المكان، ترجمة، غالب هرسة، كتاب الاقلام(1)، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الحرية للطباعة، بغداد .

22. جان كوهين(1986)، بنية اللغة الشعرية، ترجمة، محمد الولي و محمد العمري، ط1، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء .

23. جميل نصيف التكريتي(د)(1990)، المذاهب الادبية، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ط1.

24. جوليا كريستيفا(1991)، علم النص، ترجمة، فريد الزاهي، مراجعة، عبدالجليل ناظم، ط1، دار توبقال و دار البيضاء، المغرب .

25. حسن ناظم(د)(1994)، مفاهيم الشعرية، ط1، المركز الثقافي العربي، بيروت.

26. حميد الحمداني(1998)، اسلوبية الرواية / مدخل نظري، منشورات دراسات سيمائية، ط1 ، مطبعة النجاة الجديدة ، الدار البيضاء .

27. خالد حسين حسن(1421هـ)، شعرية المكان في الرواية الجديدة / الخطاب الروائي لادوار الخراط نموذجا ، مؤسسه اليمامة الصحفية، كتاب الرياض/83 .

28. روبرت شولز(1984)، البنوية في الادب، ترجمة، حنان عبود، اتحاد الكتاب العرب، دمشق .

29. سالم أحمد الحمدانى(د)(1989)، مذاهب الأدب الغربي و مظاهرها في الأدب العربي، مطبعة التعليم العالي، موصل .

30. سعيد حسن بحيرى(د)(2004)، علم اللغة النص/ المفاهيم و الاتجاهات، مؤسسة المختار للنشر و التوزيع، القاهرة .

31. سيجموند فرويد(1962)، تفسير الأحلام ، تبسيط و تلخيص، الدكتور نظمى لوقا، كتاب الهلال .
32. شفيع السيد(د)( 1968)، الاتجاه الاسلوبي في النقد الادبي، دار الفكر العربي، القاهرة .
33. شكرى عزيز الماضى(د)(2008)، انماط الروائية العربية الجديدة، سلسلة عالم المعرفة .
34. شكرى محمد عياد(د)(1993)، المذاهب الأدبية عند العرب و الغربين، عالم المعرفه .
35. صلاح فضل، نظريهة البنائية في النقد الأدبي، ط 3، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد .
36. عبدالرزاق بلال(2000)، مدخل الى عتبات النص/ دراسة في مقدمات النقد العربي القديم، افريقيا الشرق، المغرب و لبنان .
37. عبدالخالق سلمان جميان(2005)، الشعر المنثور عند امين الريحاني، رساله ماجستير ، كليه التربيه ، جامعه الموصل .
38. عبدالسلام المسدى(د)(1982)، الاسلوبية و الاسلوب، ط1، الدار العربية للكتاب .
39. عبدالعزيز عتيق(د)(1972)، في النقد الادبي ، ط2، بيروت .
40. عزالدين اسماعيل(2004)، الأدب و فنونه – دراسة و نقد، دار الفكر العربي، ط9، القاهرة .
41. عزالدين مصطفى رسول(د)(1966)، الواقعية في الادب الكردي، بيروت .
42. علي ابن الجعد(1990)، مسند ابن الجعد، تحقيق، عامر احمد حيدر، ط1، مؤسسة نادر، بيروت.
43. علي جعفر العلاق(د)(2002)، الدلالة المرئية – قراءات فى شعرية القصيدة الحديثة، ط1 ، دار الشروق، الاردن .
44. على جعفر العلاق(د)(1986)، في حداثه النص الشعري، ط1، دار الحداثة للطباعة و النشر و التوزيع، لبنان.
45. علي جعفر العلاق(1982)، الشعر و التلقي – دراسات نقدية، ط1، دار الشروق للنشر و التوزيع، عمان .

46. عمر محمد الطالب(1993)، المذاهب النقدية(دراسة و تطبيق)، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة الموصل، دار للكتب للطباعة و النشر.

47. فائق مصطفى احمد(د) و عبدالرضا على(د)(1989)، في النقد الادبي الحديث(منطلقات و تطبيقات)، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة الموصل، العراق، ط1، دار الكتب للطباعة و النشر.

48. فردينان آلكية(1978)، فلسفة السريالية، ترجمة، وجيه العمر، منشورات وزارة الثقافة و الارشاد القومي، دمشق .

49. قاسم المومنى(1999)، في قراءة النص، ط1، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، دار الفارابي للنشر و التوزيع، الاردن .

50. كارل غوستاف يونغ(1997)، جدلية الآنا و اللاوعي، ترجمة، نبيل محسن، ط1، دار الحوار للنشر و التوزيع، اللاذقية – سورية .

51. لطيف محمد حسن(د)(2012)، جدلية الحيات و الموت فى شعر ابي قاسم الشابي، دار الزمان للطباعة و النشر و التوزيع، ط1، دمشق/ سوريا .

52. مالك بن انس(2004)، الموطأ، تحقيق، محمد مهدى الاعظمى، مؤسسة زايد بن سلطان للاعمال الخيرية، ط1، أبوظبى، الامارات ، ج 5 .

53. مجدى وهبة و كامل مهندس(1979)، معجم المصطلحات العربية في اللغة و الادب، ط2 ، دار الكتاب اللبناني، بيروت .

54. محمد رضا مبارك(1993)، اللغة الشعرية في الخطاب النقدي الشعري– تلازم التراث و المعاصرة، ط1 ، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد .

55. محمد صابر عبيد(د)(2007)، إشكالية التعبير الشعري كفاءة التأويل، تجربة في القرأة الجمالية، وزارة الثقافة الاردنية، ط1، دمشق .

56. محمد صابر عبيد(2002)، سيمياء الخطاب الشعري من التشكيل الى التأويل(قراءاة فى قصائد من بلاد النرجس)، اتحاد الادباء الكورد، ط1 ، مطبعة هاوار/ دهوك .

57. محمد صابر عبيد(2005)، رؤيا الحداثة الشعرية– نحو القصيدة العربية الجديدة (قرأة في الانموذج الاردني)، امانة عمان، ط1، عمان – الاردن .

58. محمد عبدالمطلب(1984)، البلاغة و الاسلوبية– دراسات ادبية، الاهيئة المصرية العامة للكتاب ، القاهرة .

59. محمد عبدالمطلب(1995)، قراءات اسلوبية في الشعر الحديث، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة .

60. محمد فتوح احمد(د)(1978)، الرمز و الرمزية في الشعر المعاصر، ط2 ، دار المعارف، القاهرة .

61. محمد كنونى(1997)، اللغه الشعرية – دراسة في شعر حميد سعيد، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد .

62. محمد بن محمد بن عبدالرزاق الزوبيدي(ب.ت)، تاج العروس من جواهر القاموس، تحقيق، مجموعة من المحققين، دار الهداية ، ج6.

63. محمد مفتاح(1999)، تحليل الخطاب الشعري، النادي الادبي الثقافي، جده، المملكة العربية السعودية.

64. مدحت الجبار(1988) ضمنه جمالية المكان مجموعة المؤلفين، جمالية المكان في مسرح صلاح عبدالصبور، ترجمة، سيزا قاسم دراس، ط2 ، دار قرطبة، الدار البيضاء .

65. مريم فرنسيس(1998)، فى بناء النص و دلالته/ محور الاحالة الكلامية، وزارة الثقافة السورية، دمشق .

66. موريس نادو(1992)، تاريخ السريالية، ترجمة، نتيجة الحلاق، مراجعة، عيسى عصفور، وزارة الثقافة، دمشق .

67. موسى ربابعه(د)(1990)، التكرار فى الشعر الجاهلي، مؤتة للبحوث و الدراسات، مج 5 .

68. ميشيل كاروج(1973)، أندرية بروتون و المعطيات الأساسية للحركة السريالية، ترجمة، إلياس بدوي، منشورات وزارة الثقافة، دمشق .

69. میوک. د. س(ب.ت)، موسوعة المصطلح النقدی، المفارقة و صفاتها، ترجمة، عبدالواحد لؤلؤة، دار المؤمون، بغداد .

70. نازک الملائکة(1978)، قضايا الشعر المعاصر، ط5 ، دار العلم للملاين، بيروت .

71. نجوى محمود صابر(د)(2008)، دراسات اسلوبية و بلاغية، دار الوفاء الاسكندرية، ط1 .

72. نظام الدين الحسن بن محمد النيسابوری(ت850هـ)(1416هـ)، غرائب القرآن و رغائب الفرقان، تحقيق، الشيخ زكريا عميرات، دار الكتب العلمية، ط1، بيروت، ج2.

73. نعمان بن محمود بن عبدالله الالوسي(ت 1317هـ)(1981)، جلاء العينين في محاكمة الاحمدين، قدم له على السيد صبيح المدني، مطبعة المدني .

74. نورث روب فراي(2005)، تشريح النقد، ترجمهة و تقديم، محى الدين صبحى، وزارة الثقافه، دمشق .

75. هربر ريد(1986)، حاضر الفن، ت، سمير علي، ط2 ، دار الشؤون الثقافية العامة، العراق، بغداد .

76. هيمداد حسين(د)(2012)، انطلوجيا القصة الكردية، مراجعة، عادل مجيد گرمیانی(د)، مطبعهة الثقافة، أربيل .

77. والاس فاولی(1981)، عصر السريالية، ترجمة، خالدة سعيد، دار العودة، بيروت.

78. يوری لوتمان(1988)، مشكلة المكان الفني، ترجمة، سيزا قاسم دراس، ضمن كتاب جماليات المكان مجموعة المؤلفين ، ط2 ، دار قرطبة ، الدار البيضاء.

**نامەی ئەکادیمی بەزمانی عەرەبی :**

1. شيماء جاسم(2005)، البناء الفني فی شعر ابي العتاهية، رسالة ماجستير بإشراف أ. د. احمد شاكر غضب، كلية التربية – جامعة بغداد .

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەزمانی عەرەبی :**

1. ابوبكر العيادي(2014)، قرن من السريالية، تجليات الحياة اليومية فی الفن، مجله الثقافية، العدد 482 .

2. عزالدين مصطفى رسول(1985)، آراء فى القصة الكردية، عشرون قصه كرديه ، منشورات مجله كاروان (1)، بغداد .

3. محمد ساري(1998)، النص/ علم النص اشكالية التعريف، مجله الاقلام، العدد 3 ، السنه 33.

4. موسى ربابعه(د)(1998)، جمالية الاسلوب فى رواية (مجرد 2 فقط)، مجله الاقلام، العدد (3) ، بغداد .

**سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزی :**

1. Browder Clifford (1967) Andre Breton : Arbiter of Surrealism. Geneve : libairie Doroza.

2. Hopkins , David (2004) DADA and Surrealism: A Very short Introduction , Oxford : Oxford university press.

3. Hopkins , David (2004) DADA and Surrealism: A Very short Introduction , Oxford : Oxford university press.

4. Jackaman , rob (1989) The Course of English Surealist Poetry Since The 1930s. Lampeter : The Edwin Mellen Press.

5. Browder Clifford (1967) Andre Breton : Arbiter of Surrealism. Geneve : libairie Doroza.

**سەرچاوە بە زمانی فارسی :**

1. سيماداد(1390)، فرهنگ اصطلاحات ادبی، چاپ پنجم ، انتشارات مرواريد، تهران .

**نامەی ئەكاديمی بەزمانی فارسی :**

1. مهتاب نسائی(1387)، تأثیر یافته هـای روان شناسـی در مكتب سوررئال (سوررئاليسم) با تكيه بر آثار رنه ماگريت،پايان نامه كارشناسی ارشد، دانشكده هنر و معماری /گروه پژوهش هنر، دانشگاه ازاد اسلامی، واحد تهران مركزی .

**چاوپێکەوتن :**

1. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (عەبدوڵلا سەڕاج) ڕۆژی چوارشەم 2015/4/8.

2. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (عەباس عەبدوڵلا یوسف) ڕۆژی سێشەم 2015/3/31.

**ئینتەرنێت :**

1. المـذاهب الفنيـة الحديثـة (المدرسـة الدادائيـة و المدرسـة السـريالية) www. founoune. allahmontada. com.

2. قحطـان بيرقـدار، وجهـة النظـر الإسـلامية حـول السـريالية ، literature-language.net www. alukah/

3. المهندسة لينا بؤغوصيان شراباتي، امسيهة تشكيلية(سلفادور دالى و السـريالية)، قدمتها ضـمن البرنامج الثقافى لكنيسة القديسة تيريزيا ، 12/4/ 2007 ، www. pdffactory. com.

4. تاريخ السرياليهة ، literature-language/ www. alukah. net.

5. المدرسة السريالية ، www. yomgedid. kenanaonline. com.

6. فهد عامر الاحمدي، العبقرية السريالية ، www. alriyadh. com.

7. قحطان بيرقدار ، تقنيات السريالية و اجوابها www. alukah/ literature-language. net.

8. قحطان بيرقدار : وجهة النضـر الإسـلاميهة حول السـريالية www. alukah/ literature- language. net.

9. قحطان بيرقدار، المدرسة السريالية في الغربwww. alukah/ literature-language. net .

10. www. khatab38. wordpress. com.

11. وجوه و اقنعة. . مزج من رمزية و سريالية و واقعية ، www. alghad. com.

12. السريالية و الواقعية تمتزجان فى قصص عبده خال ، www. addustour. com.

13. حسن عباس ، خصائص الحروف العربية www. google. com .

Abstract

Surrealism is a literary approach that its first appearance dates back directly to the period followed the First World War, in France. This literary approach soon extended to all over Europe, then to the whole world including Kurdistan. Thus, this study is devoted to consider this approach.

This study is titled (Surrealism in the Kurdish short story: The works of Ferhad Pirbal, and Abdulla Saraj from 1990 to 2000). It comprehensively considers the approach of Surrealism as one of the contemporary literary approach, and examines its impact on Kurdish short story in the south of Kurdistan; restrictedly, in the works of two Kurdish short story writers (Pirbal and Saraj) from 1990 to 2000.

This study starts with an introductory section, embodies three Chapters, states the most significant concluding points, and ends with a list of references to be followed by both English and Arabic version of the abstract.

Chapter One introduces the theoretical aspects of surrealism; namely, the concept, the characteristics, and its elements. It consists of three sections:

Section one identifies the concept of Surrealism.

Section two elaborates on the characteristics, elements, and the objects of Surrealism.

Section three considers the sources of Surrealism and the Surrealistic imagery.

Chapter two illustrates the appearance of surrealism and the factors of its appearance in Europe and south of Kurdistan. It comprises three sections:

Section one demonstrates the appearance of Surrealism in the West, and indicates the factors that lead to this appearance.

Section two considers the appearance of Surrealism in the south of Kurdistan, and determines the factors and the reasons that encouraged the appearance of it there.

Section three is particularized to the appearance of Kurdish short story, and identify the reflection of Surrealism in the Kurdish short story in the south of Kurdistan .

Chapter three examines Surrealism in some selected short stories by Ferhad Pirbal, and by Abdwla Saraj. It consists of two sections:
Section one is associated with the principles of Surrealism in Pirbal's stories through indicating the principles of it in some selected stories.
Section two is devoted to figure out the principles of Surrealism in Saraj's some selected stories.

زانكۆى سەلاحەدين – هەولێر
Salahaddin university-Erbil

# Surrealism in The Kurdish Short Story: The Works of (Ferhad Pirbal , and Abdullah Sarraj) From 1990 to 2000

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Education Salahaddin University- Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for The Degree of Master of Arts in Kurdish Literature

By
**Shaxawan Bawaddin Karim**
B.A. Kurdish Language and Literature

Supervised by
Asst. Prof. Dr. Sulim Rashid Salih

Erbil, KURDISTAN
August 2015